# دیالۆگ

ژماره (٤) (گوڵان-٢٧٢٢) (نیسان-٢٠٢٢)

گۆڤارێکی ئەدەبی هزری ڕۆشنبیریی وەرزییە،
ناوەندی ڕۆشنبیریی و هونەری دیالۆگ دەریدەکات

سەرنووسەر:

زاهیر شکور
٠٧٧٠١٥٨١٤٤٠

بەڕێوەبەری نووسین:

موعتەسەم موحەمەد
govaridialog@gmail.com
٠٧٧٠١٣١٤٧٢٢

هەموو ئەو بابەتانەی بڵاودەکرێنەوە:
- گوزارشت لە بۆچوونی نوسەرەکانیان دەکەن.
- مافی گۆڤارەکەیان بەسەرەوەیەو دەتوانێت
بەکاریانبهێنێتەوە.

**دیزاین:** ئومێد محەمەد

**تیراژ:** ٥٠٠ دانە

**نرخ:** ١٥٠٠ دینار

**چاپ:** چاپخانەی تاران

هەواڵنامەی کتێب

# پێڕست


لەسەر ڕاخەری مەرگە ، سۆشیال دیموکرات..................موعتەسەم نەجمەدین..................٦
لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی................................د. یوسف گۆران......................١٨
کۆتایی ئەفسانەی شۆلۆخۆڤ..............................و: سەباح ئیسماعیل.................٣٨
چەمکی ئەنتولۆژیا و دۆزی ناسنامە........................عەلی شێخ عومەر......................٥٠
دۆستۆڤسکی ...................................................ئا: زاهیر شکور......................٦٦
دیجلە و فورات لەنێو داستان و ئایینەکاندا................موعتەسەم سالەیی.................٨٤
شارو بینین شارو ئاوەز.....................................لەتیف فاتیح فەرەج.................٩٥
بڵاوکراوەی نوێی نوسەرانی کەرکوک......................................................١٠٣
فەلسەفە و پرسی پەرگیری................................و: موعتەسەم موحەمەد شوانی.....١٠٨
ئەم هونەرمەندە بناسە: فایەق ڕەسوڵ.....................................................١٢٦
ڕۆمانی خۆڵمێشی تەرمی کتێبێک ..........................زاهیر زەنگەنە....................١٢٨
سیمناتیک ستراکچەری لێوانلێو لە وێنەی شیعری...........و: عەبدولرەحیم سەرەڕۆ...........١٤٢
محەمەد ئەمین عەسری گۆتەنبەرگی کورد و یەکەمین کتێبی دەنگی..عەبدولستار جەباری..................١٤٦
حەقیقەتی عەقڵی عەرەب....................................نزار محەمەد.......................١٥٥
مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی شەهید لەپێناوی مێژوودا...........................................١٧٢
ڕق و ڕقی پیرۆز...........................................هێمن مەولود.......................١٧٦

كتيّب هوالتأملى

# سەروتار

یەکێک لەنیشانەکانی گەشەی شار لەڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەوە، بوونی شانۆی زۆر و بڵاوکراوەی زۆر (ڕۆژنامە، گۆڤار، کتێب) و کتێبخانەی زۆر و بوونی تیپی مۆسیقا و سەما و گۆرانی و بوونی ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و کەناڵی تەلەفزیۆنی و بوونی سینەمایە، بوونی چالاکی وەرزشی فراوان و بوونی گۆڕەپانی وەرزشی (ستادیۆم) جۆراوجۆر و گرنگیدانی هاوڵاتیانە بەوەرزش بەفراوانی، بوونی توێژێکی فراوانی خوێندەوارە و کردنی خوێندنەوەیە بەکولتور و نەریت.

هەر شارێک ئەم دیاردانەی تێدا نەبێت لەڕووی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتییەوە بەشارێکی پێشکەوتوو دانانرێت، هەمیشە و بەدرێژایی مێژوو فەرمانڕەواکان ئەگەر خەڵکانێکی ڕۆشنبیر و هونەر دۆست و وەرزش دۆست نەبووبن گرنگییان بەو بوارانە نەداوە، لەم شارەی ئێمەش بەتایبەتی ئەو لایەنانە گرنگییان پێنادرێت، ڕەنگە خوێنەر بڵێت چۆن ئەوە نییە بەردەوام لە تەلەفزیۆنەکانەوە بەرنامەی وەرزشی و هونەری و گۆرانی و بەرنامەی ڕەنگاوڕەنگ دەبینین؟ ئەوانەی لەکەناڵەکانەوە دەیان بینین زیاتر بەرنامەی سیاسین لەبەرگی وەرزشی و هونەری و ڕۆشنبیریدا و هەرکات کاریان پێیان نەما ڕادەگیرین و بەئاسانی نامێنن.

ئاستی ڕۆشنبیری میللەتی ئێمە لەو ئاستەدا نییە لەهەڵبژاردنەکاندا دەنگ بەکەسانی ڕۆشنفکر و هونەر دۆست و وەرزش دۆست بدەن بۆئەوەی دەسەڵاتێکمان هەبێت خەمی یەکەمی بەرز کردنەوەی ئاستی ڕۆشنبیری خەڵکی بێت، لەبواری پەروەردەشدا دواکەوتنێکی بەرچاو بەدیدەکرێت لەپێگەیاندنی تاکی ڕۆشنبیر و خوێنەوار بەواتا ڕۆشنبیرییەکەی، کاتێک ئەوەش نەبوو، پێویستە ڕۆشنبیران خۆیان شان بدەنە بەر دروست کردنی توێژێکی فراوانی ڕۆشنبیر و هونەر و وەرزش دۆست، شان بدەنە بەر بڵاوکردنەوەی ڕۆشنبیری کۆمەڵایەتی بۆ نەهێشتنی جیاوازی چینایەتی، جیاوزی نێوان نێر و مێ، جیاوازی نێوان هەژار و دەوڵەمەند، جیاوازی نەتەوەیی و ئاینی و مەزهەبی، شار بەوشێوەیە پێش دەکەوێت و دەبێتە بەشێک لەشارستانیەتی سەردەمیانە، ئەوە خەمی خۆمانە و بەنوسین و بەکۆڕ و سیمینار و گفتوگۆی شارستانیانە دەتوانین بیکەینەوە بەسیمای شارەکەمان، وەک سیاسیەکانمان یەکگرتوو نابن لەپێناوی بەرژەوەندی شارەکەمان و وڵاتەکەماندا با ئێمە یەکگرتوو بین، یەکڕابین، دەست لەناو دەست بنێین و هەوڵەکانمان بۆ بەرەو پێش بردنی شارەکەمان پەرە پێبدەین، ئەو ئەرکە لەسەر هەموومانە و ناکرێت خۆمانی لێبکەین بەکەڕەی شەربەت.

گۆڤاری دیالۆگ دەیەوێت لەژمارەی داهاتویدا دۆسیێەک لەبارەی چۆنێتی کردنەوەی کەرکوک بەشار و چۆنێتی گەشەپێدانی ڕۆشنبیری و ڕووحی پێکەوە ژیان و چاندنی ڕووحیەتی خەمخۆری بۆ کەرکوک لەناخی کەرکوکیەکاندا بکاتەوە، چاوەڕوانی بابەتەکانی ئێوەی ئازیز دەکەین بۆ ئەو دۆسیێیەیە.

# لە سەر ڕاخەری مەرگە

## سۆشیال دیموکرات



موعتەسەم نەجمەدین

هەواڵنامەی کتێب



## پێشەکی

کوردستان، وەک زۆربەی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دوو ڕەوتی هزری سیاسیی گرتەئامێز، ڕەوتی نەتەوەیی کلاسیکی کە سەرچاوەکەی بۆ ئێمەی کورد، لەدوو ڕێگاوە هاتووە، کاریگەرییەکانی شەپۆلی بیری نەتەوەیی ئەوروپی، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە گەیشتبوونە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر بونیادنانی بیری نەتەوەیی کوردی هەبووە، دووەم دنیابینی و ئەزمونی تورکەکان لەبونیادنانی ڕەوتی هزری و سیاسیی نەتەوەیی، کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر گەڵاڵەبونی بیری نەتەوەیی لای ڕوناکبیرانی کورد هەبووە. لەو دەمەدا بەشێک لەو ڕووناکبیر و کەسایەتییە سیاسی و سەربازیانەی نزیکبوون لەتورکیا، ئەم ڕەوتە هزریە دەبێتە خولیایان و زۆر بەوردی کار بۆ دامەزراندنی بیری نەتەوەیی کوردی دەکەن، هاوکات لەسەردەمی شەڕی جیهانی یەکەمدا بەشێک لەو ڕوناکبیرانە هەوڵی دابینکردنی پاڵپشتی نیودەوڵەتی بۆ پرۆسەی ڕزگاری نەتەوەیی و دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردی دەدەن. ئەم ڕەوتە هزریە سەرەتا لەجوڵانەوەکەی شێخ مەحمودەوە شکڵ وەردەگرێت و دەبێتە پراکتیک. دواتر دەپەڕێتەوە بۆ بنەماڵەی بارزانی. گرفتی سەرەکی ئەم ڕەوتە ئەوەیە هەر لەسەرەتای دروستبونیەوە سروشت و پێکهاتەی خێڵەکی گیان و جەستەی کۆنترۆڵ دەکات، بۆیە تا ئەمڕۆش نەیتوانیوە خۆی لەقەیران و پارادۆکسەکانی بیری خێڵەکی ڕزگار بکات و ڕەوتێکی نەتەوەیی مۆدێرن و پێشکەوتوو دابمەزرێنێت، هەر ئەمەیش هۆی سەرەکی ئەوەیە کە ناتوانێت ببێتە نوێنەری سەرتاسەریی میللەتی کورد. ئەم ڕەوتە دواتر لەدوای مەرگی شێخ مەحمودەوە دەگوازرێتەوە بۆ بنەماڵەی بارزان و دواتریش مەلا مستەفا وەک هێمای ئەم ڕەوتە سیاسیە دەردەکەوێت. لەپرۆسەی دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کوردستاندا لەساڵی ١٩٤٦ ڕووناکبیرانی چەپ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن و ئەم ڕەوتە دەکەنە حزبێکی سیاسی نەتەوەیی.

لەگەڵ ئەوەی هەر لەبونیادەوە، پارتی، وەک حزبێکی نەتەوەیی، دروشمی ڕزگاریی نەتەوەیی و نیشتمانیی کوردستانی بەرزکردبوەوە و ئەم پرسەی کردبووە ئامانجی سەرەکی، بەڵام لەهەناویدا هەڵگری کۆمەڵێک پارادۆکسی هزری و سیاسی بووە. پێکهاتەی پارتی و ئامانجی ئەو گروپانەی دەبنە بەشێک لەپێکهاتەی سیاسی و دنیابینی هزریان، تەواو ناکۆک و دژ بەیەکبوون.

پارتی لەو دەمەدا لەسێ ڕەوتی هزری و سیاسی جیاواز دروست دەکرێت، (باڵی بارزانی کە نوێنەرایەتی خێڵەکی و ڕەوتی کلاسیکی نەتەوەیی دەکرد، باڵی مارکسی: پێکهاتبوون لەئەندامانی پێشووی حزبی شۆڕش، باڵی ڕووناکبیرانی نەتەوەیی کە هەڵگری دنیابینی ماویزم بوون، برایم ئەحمەد ڕابەرایەتیانی دەکرد).

لەساڵی ١٩٦٤ بەجیابوونەوەی باڵە چەپەکەی ناو پارتی بەهەردوو ڕەوتی ماویەکان و مارکسیە سۆڤێتیەکان کە

## سۆشیال دیموکرات

کوردستان، وەک زۆربەی کۆمەڵگاکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست، لەسەرەتای سەدەی بیستەمەوە دوو ڕەوتی هزری سیاسیی گرتەئامێز، ڕەوتی نەتەوەیی کلاسیکی کە سەرچاوەکەی بۆ ئێمەی کورد، لەدوو ڕێگاوە هاتووە. کاریگەرییەکانی شەپۆلی بیری نەتەوەیی ئەوروپی، لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەیەمەوە گەیشتبوونە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و کاریگەری لەسەر بونیادنانی بیری نەتەوەیی کوردی هەبووە

بەزۆری لەمەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستاندا چڕ ببونەوە، بناغەی دامەزراندنی ڕێکخراوێکی چەپی کوردی لەدایک دەبێت. هەر لەسەرەتای جیابونەوەیان بەرەی مەکتەبی سیاسی خۆیان وەک ڕەوتێکی هزریی سیاسیی نوێ پێناسە دەکرد. لەو دەمەدا، لاوانی ڕوناکبیری کورد، بەشێکی زۆریان کەوتبوونە ژێر کاریگەری بیری چەپ بەهەردوو فۆرمە جیاوازەکەیەوە، ڕەوتی مارکسی لینینی ستالینی، ڕەوتی (ماوتسی تۆنگ)ی چینی. ئەمە لەگەڵ ئەوەی ئەم دوو ڕەوتە هەر لەناو پارتیەوە ناکۆکی و کێشە لەنێوانیاندا هەبووە. بەشێوەیەکی گشتی باڵەکەی هەمزە عەبدوڵلا خۆیان وەک ڕەوتی مارکسی لینینی سۆڤێتی نمایش دەکرد و باڵەکەی برایم ئەحمەدیش وەک ماویەکانی کوردستان خۆیان پێناسە دەکرد، ئەم واقیعە تا کۆتایی هەفتاکانیش بەردەوام بوو. لەگەڵ هەموو ئەو ناکۆکی و جیاوازیی بیرکردنەوە و دنیابینیەدا تا دامەزراندنی کۆمەڵەی (مارکسی ـ لینیی) بەبیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ لەساڵی ١٩٧٠ بەفەرمی برایم ئەحمەد سکرتێری مەکتەبی سیاسی بووە.

### چەپی کوردی

لەبارە گشتیەکەیدا هەردوو ڕەوتی هزری مارکسی، لەجەوهەردا، سروشیان لەشۆڕشی ئۆکتۆبەری ڕوسییەوە وەرگرتووە، بەڵام لەبونیادا لەژێر کاریگەری ڕەوتی سۆسیالستیی عەرەبی و فارسیدا فۆرمەلەبوون. بیری مارکسیزم بناغەی ڕوحی و جەستەیان بووە.

لەدوای شەڕی جیهانی دووەم و قوڵبوونەوەی ناکۆکی نێوان هەردوو ڕەوتی هزری سیاسی ڕوسی و چینیەکان لەکوردستانیش وەک تەواوی وڵاتانی جیهان ڕەنگیدایەوە، ئەم دوو ڕەوتە هزریە بەپراکتیکی لە سەر زەوی دروستبوون. مارکسیزم بەبیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ و مۆدێلی مارکسی لینینی ستالینی، یان فۆرمی سۆڤێتی، هاوکات لەگەڵ ئەوەی هەردوو ئەم ڕەوتە یەک سەرچاوەی هزری و سیاسیان هەبووە و لەهاوشانی یەکتردا بەردەوامبوون لەکار و چالاکیی سیاسی و هزری و تا ئاستێک نەیارەکانیشیان، بەتایبەتی لەبواری هزری و

سیاسیدا یەکبوون، بەڵام لەواقیعدا لەهیچ کات و ساتێکدا لەگەڵ یەکتر تەباو گونجاو نەبوونە.

هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە کۆمەڵە لەگروپی ماویەکانی کتێبخانەی بیری نوێ لەبەغداد وەک ڕەوتێکی هزری سیاسی نوێ و جیاواز لەپارتی و وەک ناوکی دامەزراندنی حزبێکی چەپی کوردی (پارتی پێشڕەو) خۆی نمایش دەکرد. ئەم ڕەوتە لەو دەمەدا جگە لەوەی وەک پێویستیەکی نیشتمانی و نەتەوەیی کاری بۆ دەکرا، هاوکات زەمینەی نێودەوڵەتی و هەرێمایەتیشی هەبووە. لەناوچەی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقیادا وەک پرۆسەیەکی ڕزگاری نیشتمانی دەبێتە ئەجندای گەلانی ژێر دەستەی داگیرکەران. بەهۆی سروشتی شۆڕشگێڕیی ئەم ڕەوتە و خێرایی پێشکەوتن و بەهێزبوونی لەگۆڕەپانی خەباتی ڕزگاری و نیشتمانی کوردستاندا، بەبەردەوامی لەلایەن پارتی بەتایبەتی و زۆربەی لایەنە سیاسیەکانی عێراقیشەوە دژایەتی کراوە. جەوهەری ئەم دژایەتیەش لەوێوە سەرچاوەی گرتوە کە بەبەردەوامی هەوڵی ئەوەیان داوە ئەم ڕەوتە هزری و سیاسیە وەک ئینشیقاق و لادانێک لەپارتی و ڕەوتی خەباتی نەتەوایەتی وێنا بکەن و بە ڕاشکاوی ڕەتیبکەنەوە. لەڕاستیدا یەکێتی لەسەرەتای دروستبونیدا وەک ڕەوتێکی هزری سیاسی جیاواز لەڕەوتی کلاسیکی نەتەوەیی خوڵقا و ئەو مێژووە بەهەموو کەموکورتی و باشیەکانیەوە بەشێکە لەمێژووی نەتەوەیی کورد، ڕەنگە کۆمەڵێک لەسەرکردە و کەسایەتی وەک هەموو شۆڕش و بزوتنەوە ڕزگاریخوازەکانی جیهان



مستەفا بارزانی

ڕۆڵ و کاریگەری گەورە و بەهێزیان هەبوو بێت لەبونیادنان و پێشخستنی، هاوکات کۆمەڵێک سەرکردە و کادری هەلپەرست و گەندەڵیشی گرتوەتە خۆی، بەڵام لەواقعدا ئەم ڕەوتە هزریە دەرئەنجامی پێویستی زەمەن و سەردەمی خۆیەتی و واقیع و ڕەوڕەوەی خەباتی ڕزگاری خوڵقاندویەتی، بۆیە ئەم مێژووە جگە لەمیللەتی کورد موڵکی هیچ کەس و لایەنێک نیە و شەرعیەت بەکەس نادات لەئەمڕۆدا وەک میراتگری ئەو مێژووە لەسەر جەستە و گیانی سەفا بکات.

ئەم ڕەوتە لەدروستکردن و داهێنانی کەسێکی تایبەت نیە، ئەمە جگە لەوەی لەم ڕێگایەدا بەهەزاران کەسی تێکۆشەر بونەتە قوربانی و گیان و ماڵی خۆیان بەختکردوە، ڕەنگە لەپرۆسەی بونیادنان و گەیاندنی ئەم ڕەوتە بەلوتکەی هێز و لەقۆناغی پاشەکشێیشیدا تا ئەمڕۆش زیاتر قوربانیەکان لەڕیزی تێکۆشەر و چینی خوارەوەی کۆمەڵگا بووە، نەک سەرکردە و خاوەن دەسەڵاتەکان. ئەوەی مایەی سەرنجە ئەو ڕاستیە تاڵەیە لەبەرامبەر هەموو ئەو تەشهیر و شێواندنەی



ئیبراهیم ئەحمەد

نەیارانی یەکێتی بەسەر یەکێتیاندا سەپاندووە، بەدرێژایی مێژوو وڵامدانەوە و بەرگریکردنی یەکێتیەکان لەخۆیان زۆر لاواز و بێ کاریگەر بووە.

یەکێتی نیشتمانی، لەیەکەم ساتەکانی خوڵقانیەوە، بناغەیەکی هزری و سیاسیی هەبوە و هاوکات سروشی لەتەواوی گۆڕانکاریەکانی گۆڕەپانی خەبات و تێکۆشانی گەلانی جیهان و پێشکەوتنەکانی بواری هزری و سیاسی ئەو سەردەمە وەرگرتووە، بەتایبەتی کە لەماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٥ تا ١٩٧٥، جیهان بەگشتی لەبواری هزری شۆڕشگێڕیدا لەدایکبوون و داهێنانی زۆر گەورە و فۆرمی نوێ و دنیابینی نوێی لەخۆگرتووە.

لەو دەمەدا بەشێک لەسەرکردە و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی پارتی کە زۆرینەی ڕەهای چەپەکانی ناو پارتی بوون، لەپارتی جیابوونەوە و کاریان لەسەر دامەزراندنی ڕەوتێکی هزریی سیاسیی نوێ کردووە، بەڵام هەر لەو ساتەوە وەک سروشت و سایکۆلۆجیای هەموو خۆرهەڵاتیەک و کوردێک، بارزانی و سەرکردایەتیەکانی نزیک لەهزر و بیروباوەڕی ئەو و کۆمەڵێک لەڕوناکبیرانی کلاسیکی و نەتەوەییەوە زۆر بەتوندی دژایەتی دەکران و ڕێگای بەردەوامبونیان لەخەبات لەشاخەکانی کوردستان لێگرت و ناچاریان دەکەن شاخەکانی کوردستان بەجێبهێڵن و بگەڕێنەوە ژێر دەسەڵاتی حکومەتی عێراق. لێرەوە شەڕی ناوخۆ و تیرۆری سیاسی لەنێوان شۆڕشگێڕانی کورد بووە دیاردە و ڕۆژ بەرۆژ زیاتر تەشەنەی دەکرد.

هەواڵنامەی کتێب

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٧٠ بۆ ماوەی شەش ساڵ بەرەی جیابوەوە لەپارتی کە هەڵگری دوو توخمی جیاوازی هزری چەپ بوون لەمشتومڕ و ململانێ و ڕکەبەرایەتیدا بوون بۆ دامەزراندنی ڕەوتێکی هزری نوێ. لەو دەمەدا هەردوو ڕەوتی هزری چەپی سۆڤیەتی کە دواتر بەگروپی عێراقچیەکان ناو دەردەکەن و گروپی ماویەکان، لەشەڕ و ململانێیەکی سیاسی زۆر توندا بوون.

باڵی هەمزە عەبدوڵلا لەناو پارتیدا بەرەی ڕەوتی مارکسی لینینی ستالینی بوون، لەگەڵ ئەوەی بۆ ماوەیەک بەهۆی گوشارەکانی بارزانیەوە پاشەکشێیەکی بەرچاو دەکەن، بەڵام دواتر جارێکیتر، بەبێ هەمزە عبدوڵلا دەکەونەوە جوڵە بۆ بونیادنانەوەی ئەو ڕەوتە چەپە مارکسیە. لەکۆتایی شەستەکاندا ڕەوتی ڕۆژنامەی نور وەک نەوەیەکی نوێی ڕەوتی مارکسی لینینی خۆیان نمایش کرد. ئەم گروپە دنیابینی و هزری تایبەت بەخۆیان هەبووە، لەبواری سیاسیدا خاوەن ئەجندایەکی سیاسی ڕوون بوون، بەڵام ئەمانیش دواتر بەدامەزراندنی کۆمەڵە و باڵادەستبوونی ماویەکانی کورد جارێکیتر پاشەکشێ دەکەن. لەدوای دامەزراندنی کۆمەڵە بەسێ ساڵ جارێکیتر گروپێک لەلاوانی چەپ و لەهەناوی کۆمەڵەدا دەبنەوە هەڵگری بیروباوەر مارکسی لینینی ئاراستەی سۆڤیێتی، ئەم گروپە کە ئەو دەمە پێکهاتبوون لەفوئاد قەرەداغی و هاوڕێکانی بەهۆی سەپاندنی بیروباوەڕی ماویزمەوە بەسەر ڕێکخراوەکەدا لەساڵی ١٩٧٣ جیابونەوەی خۆیان لەکۆمەڵە ڕادەگەیەنن. لێرەوە کۆمەڵە بەتەواوەتی دەبێتەوە بەڕەوتێکی ماوی عەیار بیست و چوار.

## ماویزم لەکوردستاندا

لەکۆتایەکانی شەستەکانی سەدەی بیستەمدا دوو گروپی ماوی لەکوردستاندا دروستببون، یان دەکرێت بڵێن

سۆشیال دیموکرات

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٤ تا ١٩٧٠ بۆ ماوەی شەش ساڵ بەرەی جیابوەوە لەپارتی کە هەڵگری دوو توخمی جیاوازی هزری چەپ بوون لەمشتومڕ و ململانێ و ڕکەبەرایەتیدا بوون بۆ دامەزراندنی ڕەوتێکی هزری نوێ

ماویەکانی کوردستان بەئاشکرا ببون بەدوو بەشەوە، گروپی گۆڤاری ڕزگاری و گروپی کتێبخانەی بیری نوێ لەبەغداد.

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٠ ناکۆکی و ڕکەبەرایەتی نێوان ڕەوتە هزریەکانی بەرەی مەکتەبی سیاسی زۆر قوڵ دەبێتەوە. بەشێوەک دەرئەنجام لێکترازان و جیابونەوە دەخولقێنێت. لەو دەمەدا ناکۆکیەکان تەنیا لەنیوان هەردوو ڕەوتی هزری چەپدا نامێنێتەوە، بگرە خودی ڕەوتی ماویەکانیش بۆخۆیان ناکۆکی و نەگونجان لەنێوانیاندا دروست دەبێت. باڵی گۆڤاری ڕزگاری بەڕابەرایەتی نەوشیروان مستەفا و باڵی کتێبخانەی بیری نوێ بەڕابەرایەتی شەهید شیهاب بەشێوەیک ناکۆک دەبن لەدامەزراندنی کۆمەڵەدا کە سەرەنجام باڵەکەی نەوشیروان مستەفا بە تەواوەتی پەراوێز دەخەن.

لەساڵی ١٩٧٠ کۆمەڵەی مارکسی لینینی بەبیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ لەشاری بەغداد بەنهێنی دادەمەزرێت. ئەم ڕێکخراوە، بەڕەهایی، لەگروپی کتێبخانەی بیری نوێ دروستببوون. بەئاشکرایش گروپی گۆڤاری ڕزگاریان پەراوێز خست و دەرئەنجام نەوشیروان مستەفا و بەشێک لەهاوبیرانی کوردستان بەجێدێڵن و ڕوو دەکەنە هەندەران.

لەئازاری ١٩٧٠ بەدروستبوونی ڕێکەوتنێکی سیاسی لەنێوان بارزانی و حکومەتی بەعسدا باری چەپەکانی کوردستان زۆر گران و پڕ لەئاستەنگ دەبێت. لەو ماوەیەدا بەشێک لەچەپەکان بەناچاری دەگەڕێنەوە ناو پارتی. لەماوەی نێوان ساڵی ١٩٧٣ و ١٩٧٤ کۆمەڵە پاشەکشێیەکی بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، ململانێی فکری و لاوازی دنیابینی سیاسی و هزری بوونە هۆکاری دابەشبوون و ناکۆکی لەنێوان ئەندامانی کۆمەڵەدا. لە٩/٢٢/ ١٩٧٥ کۆمەڵێک لەسەرکردایەتی کۆمەڵە کە پێکهاتبوون لەشەهید شەهاب و هاورێکانی لەلایەن ئێرانەوە دەستگیر دەکرێن و لەسەر بنەمای ڕێکەوتنی جەزائیر ئەم سەرکردانە تەسلیم بەحکومەتی عیراق دەکرێنەوەو لە٢١/ ١١/ ١٩٧٦ لەگرتوخانەی ئەبو غرێب لەسێدارە دەدرێن. ئەم ڕووداوە


لینین

پشتی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە دەشکێنێت. گروپی کتێبخانەی بیری نوێیش بەتەواوەتی لاواز دەکات. لەو دەمەدا بەوەی نەوشیروان مستەفا لەدەرەوەی وڵات دەبێت، گروپێک لەهاوڕێکانی شەهید شیهاب بەسەرکردایەتی شەهید ئارام زۆر بەخێرایی دەکەونەوە خۆیان بۆ سەرلەنوێ بونیادنانەوەی ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە. بۆ ئەم مەبەستە کۆمیتەی هەرێمەکان دادەمەزرێنن و دەکەونەوە چالاکی.

لە١/٦/ ١٩٧٥ یەکێتی وەک ڕێکخراوێکی نیمچە بەرەیی ڕاگەیەندرا، لەگەڵ ئەوەی ڕەوتی ماویەکان و بیرو باوەری ماوتسی تۆنگ بووە بناغەی سەرەکی دامەزراندنی یەکێتی، هاوکات وەک بناغەیەک بۆ دامەزراندنی پارتی پێشڕەو کاری بۆ دەکرا، بەڵام لەڕیزەکانی یەکێتیدا چەندین بیرو باوەڕ و دنیابینی هزری جیا لەمانیش هەبوون. بەگەڕانەوەی مام جەلال و نەوشیروان مستەفا گروپی گۆڤاری ڕزگاری دەبنە خاوەن و میراتگری کۆمەڵە.



لەبارە گشتیەکەیدا یەکێتی لەکرۆکدا وەک ڕەوتێکی هزری جیاواز و لەسەر بنەمای ڕەتکردنەوەی عەقڵیەتی خێڵەکی و فۆرمی میراتی سیاسی عەقڵیەتی نەتەوەیی کلاسیکی دامەزراوە، لەسەرەتای دامەزراندنیدا بەیەک ئاواز و هاوشێوە لەگەڵ تەواوی ڕەوتە هزری و سیاسیە شۆڕشگێڕە چەپە ماویەکانی ئەو دەمەدا خۆی داڕشتوەتەوەو و دامەزراوە، دیارترین ئەو بزوتنەوە و ڕەوتانەی کە ڕاستەوخۆ کاریگەریان لەسەر بونیادی هزری و سیاسی و ڕێکخراوەیی یەکێتی هەبووەو و هاوکات یەکێتیش وەک بەشێکی چالاکی ئەو خێزانە کار و بەشداری خەباتی چینایەتی و نەتەوایەتی کردووە، بزووتنەوە ماوییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەوروپا بووە، لەوانە بەتایبەتیش بەرەی میللی ڕزگاریی فەلەستین و بەرەی ڕزگاریخوازی ئەریتیریا و سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێرانی و پڵنگە ڕەشەکانی ئەفریقیا و.. هتد. بەو واتایەی لەو دەمەدا ئەم فۆرمە هزریە تەنیا شوناسی یەکێتی نەبووە، بگرە دەیان بزوتنەوە و ڕێکخراوی ڕزگاریخواز، بەتایبەتی لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەمریکای لاتین و ئەفریقیا و ئاسیا و هاوشێوەی واقیعی کوردستان هەڵگری هەمان دروشم و فۆرمی هزری و سیاسی و ڕێکخراوەیی ماوی بوون. ئەم فۆرمەی بزوتنەوەی هزری و سیاسی جیهانی لەو دەمەدا ببوە قوتابخانەیەکی تایبەت و لەلایەن زۆربەی تێکۆشەرانی جیهانەوە کار بۆ پێشخستن و گەشەکردنی دەکرا.

لەنێوان ساڵانی ١٩٦٧ تا ١٩٧٥ پەیوەندی نێوان ماوییەکانی کوردستان و ڕەوتی ماویزم لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی بەرەی میللیی ڕزگاریی فەلەستین و سازمانی ئینقلابی حزبی تودەی ئێران کە زۆر هاوکاری یەکتر بوون، ئەوەندە فراوان بووە، لەوێنا گشتیەکەیدا زۆرجار وەک بەرەیەکی هزریی سیاسی دەرکەوتوون.

## بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بۆ چی؟

لەڕاستیدا گرتنەبەری ڕێگای ماوتسی تۆنگ و هەڵگری دروشمی مارکسی لینینی بەبیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بڕیارێکی هەڕەمەکی و بێ بەرنامە و بێ بنەمای کۆمەڵێک سەرکردەی سیاسی ئەو دەمە نەبووە، بەڵکو چەندین بنەمای هزری و سیاسی و هۆی گرنگ و بەهێزی هەبووە. بەرجەستەکردنی بیروباوەڕی ماویزم لەو دەمەدا بۆ گەلانی جیهانی سێیەم هەڵبژاردەیەکی لۆجیکی و واقیعی بووە، بۆیە لەم پرسەدا کورد بەتەنیا نەبووە، بگرە زۆربەی ڕەهای ئەو گەل و نەتەوانە بووە کە لەقۆناغی خەباتی ڕزگاریدا بوون و شۆڕشی درێژ خایەن تەنیا ڕێگای بەدەستهێنانی ڕزگاری و ئازادی بووە بۆیان. سروشتی ئابوری و کۆمەڵایەتیی جیهانی سێیەم کە کارل مارکس بەشێوازی بەرهەمهێنانی ئاسیایی ناوی دەبات لەڕێباز و بەرنامەی کاری ڕێکخراوەیی و سیاسی سۆڤێتیەکاندا نەبووە. لەم بوارەدا چین وەک وڵاتێکی جیهانی سێیەم لەگروپی وڵاتانی بەرهەمهێنانی ئاسیایی تۆمارکرا بوو، لەڕووی واقیع و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و ئابوری و سروشت و سایکۆلۆجیای کۆمەڵایەتییەوە تایبەتمەندی خۆی هەیە، هەر ئەمەیش هۆی ئەوەیە کە تا ئەمڕۆش چینیەکان بانگەشە بۆ تایبەتمەندی سۆسیالستی چینی دەکەن. لەو دەمەدا بەوەی زۆربەی وڵاتانی جیهانی سێیەم، بەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستیشەوە، لەڕووی پێکهاتە و واقیعی کۆمەڵایەتیەوە سروشت و فۆرمێکی جوتیارییان هەبووە، هاوکات دەسەڵاتە دیکتاتۆریەکان لەم وڵاتانەدا ئەوەندە پێیان داکوتابوو بەهیچ ڕاپەڕین و چالاکیەکی سیاسیی خێرا و لەناکاو نەدەڕووخان. ئەم دوو هۆیە کاریگەری سەرەکیان هەبوو لەسەر بەرجەستەکردنی بیروباوەڕی ماویزم، چونکە بەواقیعی شۆڕش لەم وڵاتانەدا درێژخایەن بووە و هاوکات شۆڕش و خەباتی سیاسی لەگوندەکانەوە دەستی پێکردووە و سەریهەڵداوە، نەک وەک وڵاتانی خۆرئاوا کە گەیشتبونە ئاستێکی زۆری پێشکەوتن، لەقۆناغی پیشەسازیدا بوون و شار ناوک و ناوەندی سەرەکی ڕاپەڕین و خەباتی ڕزگاری بووە بۆیان. ئەمانە و چەندین هۆیەکی دیکەیش کە دەرئەنجامی گەڵاڵەکردنی ئەزمونی گەلان و خوێندنەوەی واقیعیانە بۆ پرسی شۆڕش و خەبات لەم وڵاتانەدا، هۆکاری ڕووکردنە بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بوون لەلایەن چەپەکانی کوردستان و چەپەکانی ئەم ناوچەیەوە.

لەساڵانی ١٩٧٦ تا ١٩٧٨ لەو دەمەدا (دینگ شیاو بینگ شۆڕش و ڕاپەڕینێکی نوێی بۆ بەرجەستەکردنی گۆڕانکاری

جەوهەری لەبیرو بۆچونەکانی ماوتسی تۆنگ بەرپا کرد، جیهانی شۆڕشگێرانی ماویزم بەگشتی توشی هەژانێکی گەورەی بیروباوەڕ و هزری سیاسی بوون، لەراستیدا نەئەو دەمە و نەدواتریش ڕووناکبیران و سیاسەتمەدارانی کورد نەیانتوانی خوێندنەوەیەکی لۆژیکی و دروست بۆ گۆڕانکاری و بیروباوەڕەکانی (دینگ شیاو بینگ) بکەن. لەو دەمەدا ئەو گۆڕانکاریانەی چین وا خوێندنەوەی بۆ دەکرا لەلایەن زۆربەی ڕەهای شۆڕشگێڕەکانی ماویەوە کە ئەو ڕووداوە کودەتا و ڕەتکردنەوەی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگە، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو گۆڕانکاریانە تەنیا پێشخستنی بیروباوەڕی ماو و هاوڕێکانی بووە، بەڵگەیش بۆ ئەمە تا ئەمڕۆیش چینیەکان شۆڕشەکەی ماوتسی تۆنگ بەقۆناغی یەکەمی شۆڕش و گۆڕانکاریەکانی چین تۆمار دەکەن، لەدوای (دینگ شیاو بینگ)یش چالاکی و بیرو هزر و دنیابینی (شی جین بینگ)یش وەک قۆناغی سێیەمی شۆڕشەکەی (ماو) وێنا دەکەن. لێرەدا مەبەستمە بۆچونێکی تایبەتی خۆم بڵێم ڕەنگە تا ئەمڕۆش بۆ تێکۆشەرە دێرینەکانی کورد گران و نامۆ بێت، ئەویش ئەوەیە، کورد هەڵەی مێژوویی کرد کاتێک بڕیاریدا لەفۆرمی چینیەکان دووربکەوێتەوەو بە بێ بەرنامە و هیچ بنەمایەکی زانستی سیاسی و هزری ڕوویکردە سۆشیال دیموکرات.

## دەستبەرداربوون لەبیروباوەڕی ماویزم

لەساڵانی سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە یەکێتی بەهەردوو باڵە سەرەکیەکەیەوە (کۆمەڵە و شۆڕشگێڕان) دیاردەی قەیرانی هزرییان لێدەردەکەوێت. ئەم قەیرانە لەواقیعدا تا ئەمڕۆش بەردەوامە. پاشەکشێی بیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ بەهۆی شۆڕشەکەی (دینگ شیاو بینگ)ەوە لەلایەک و دەرئەنجامی ئەو پێشکەوتن و گۆڕانکاریانەی لەکۆتایی حەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەسەر ئاستی

سۆشیال دیموکرات

لەساڵی ١٩٩٢ یەکێتی یەکەم کۆنگرەی خۆی دەبەستێت و لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵە وەك ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی بەبیروباوەڕی ماوتسی تۆنگ هەڵدەوەشێنێتەوە. هاوکات سۆشیال دیموکرات وەك شوناسی ئایدیۆلۆجیی نوێ بەرز دەکاتەوە و دەیکاتە دروشمی کۆنگرە و دوای کۆنگرەیش چەندین ساڵە ئەم دروشمە دەڵێتەوە

جیهان بەرجەستەببوون، زۆربەی ڕێکخراو و حزبە ماوییەکان لەوڵاتانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و جیهانی سێیەم دەستبەرداری بیروباوەڕی ماویزم بوون. لەم قۆناغەوە یەکێتیش ناڕاستەوخۆ لەبیروباوەڕی ماوی پاشەکشە دەکات، بەڵام ئەم پاشەکشەیە ڕاناگەیەنێت. دەرئەنجامی ئەو بۆشایی و پاشەکشەیە چەندین گروپ و دەستەی مارکسی لینینی دروستبوون، لەوانە کارگەران و ڕێکخراوی بەرزە و ...هتد، بەڵام بەهێزترینیان ئاڵای شۆڕش بووە.

## ئاڵای شۆڕش
## نەوەی چوارەمی ڕەوتی هزری مارکسی لینینی

ئەم ڕەوتە هزریە لەگەڵ ئەوەی ڕیشاڵێکی مێژوویی لەخەباتی ڕزگاری نەتەوەیی کوردیدا هەبووە، بەڵام لەم قۆناغەدا زۆر کامڵتر و بەهێزتر دەردەکەوێت. من بۆخۆم ئاڵای شۆڕش بەنەوەی چوارەمی ڕەوتی مارکسی لینینی ئاراستەی سۆڤێتی دەبینم. ئەم ئاراستەیە کە لەسەردەمی گروپی ڕۆژنامەی نوردا بەوەی بۆچونیان ئەوەبووە کە پێویستە کورد لەگەڵ عێراقدا ڕێکبکەوێت و لەبەرەی وڵاتانی دۆستی یەکێتی سۆڤیەتدا بێت، ناوی عێراقچییان بەسەردا دەسەپێت، بەڵام ئاڵای شۆڕش کە بەسەرۆکایەتی مەلا بەختیار لەساڵی ١٩٨٤ دادەمەزرێت، هەر لەسەرەتای دامەزراندنیەوە تا کۆتایهاتنیان هیچ پەیوەندیەکیان لەگەڵ ڕژێمی بەعسدا نیە، بەڵکو زۆربەی کادرانیان ئەو دەمە دژی دانوستان بوون لەگەڵ بەعسدا.

لەکۆتایی هەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا، بەتایبەتی دوای ڕاگەیاندنی ڕووخانی یەکێتی سۆڤیەت و جەمسەری سۆسیالستی، یەکێتی بەتەواوەتی لەبیروباوەڕی مارکسی لینینی بەهەردوو ڕەوتەکەیەوە پاشەکشە دەکات. لەو دەمەدا نەوشیروان مستەفا بەموحازەرەیەک لەشاخ باس لەپیرۆسترۆیکا و گۆڕانکاریەکانی جیهان و پاشەکشەی بیری چەپ و مارکسیزم دەکات، ئەم موحازەرەیە لەجەوهەردا ئاماژەیەک بووە بۆ دەستبەرداربوونی یەکێتی لەبیروباوەڕی مارکسی لینینی بەهەردوو ڕەوتە سۆڤێتی و چینیەکەیەوە، هەر ئەمەیش هۆی سەرەکی ئەوەیە کە دواتر تاڵەبانی بڕیاری هەڵوەشاندنەوەی کۆمەڵە دەدات، بیروباوەڕی یەکێتیش دەگۆڕێت بۆ سۆشیال دیموکرات، هیچ کەسێک لەسەرکردەکانی کۆمەڵە ناڕەزایی دەرنابڕن و بڕیارەکە، وەک خۆی، جێبەجێ دەکرێت.

## سۆشیال دیموکرات لەدایکبوون وکۆتایی

لەساڵی ١٩٩٢ یەکێتی یەکەم کۆنگرەی خۆی دەبەستێت و لەم کۆنگرەیەدا کۆمەڵە وەک ڕێکخراوێکی مارکسی لینینی بەبیروباوەری ماوتسی تۆنگ هەڵدەوەشێنێتەوە. هاوکات سۆشیال دیموکرات وەک شوناسی ئایدیۆلۆجیی نوێ بەرز دەکاتەوە و دەیکاتە دروشمی کۆنگرە و دوای کۆنگرەیش چەندین ساڵە ئەم دروشمە دەڵێنەوە، بەڵام ئەوەی جێگای سەرنجە لەو دەمەوە تا ئەمڕۆ کە زیاتر لە سی ساڵە، یەکێتیی نەیتوانیوە بیروباوەڕ و پرنسیپەکانی سۆشیال دیموکرات لەکۆمەڵگای کوردیدا بسەپێنێت، بگرە لەدوای

هەواڵنامەی کتێب



ماو تسی تۆنگ

ئەو هەموو ماوەیەش تا ئەمڕۆ نەپێناسەیەکی ڕوونی بۆ سۆشیال دیموکرات هەیەو نەکادرەکانیشی لەسەر بنەمای ئەم بیروباوەرە پەروەردە کردووە. لەڕاستیدا نەگونجانی سۆشیال دیموکرات لەگەڵ واقیعی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردیدا لەلایەک و نەگونجانی لەگەڵ بەرژەوەندی سەرکردایەتی سیاسیی کوردیدا هۆی سەرەکی ئیفلیجبوونی ئەم بیروباوەڕەیە. لەمەیش زیاتر لەئەمڕۆدا دەرئەنجامی پاشەکشێی بیرو باوەڕی سۆشیال دیموکرات لەسەر ئاستی جیهان و بەتاڵبونەوەی کاریگەریەکانی دەوڵەتی ڕەفای ئەورووپی بەهۆی قەیرانی ئابووری جیهانی و قوڵبوونەوەی کێشە و گرفتەکانی بەردەم فۆرمی سەرمایەداری لیبرالیزم ئەم بیر وباوەڕە بەتەواوەتی ستۆک و بێ کاریگەربووە. ئەمڕۆ لەسەر تەرمی سۆشیال دیموکرات لەئەوروپا و وڵاتانی سەرمایەداری لیبراڵی بیرو دنیابینی پۆپۆلیستی و ڕەوتی ئابووری نەتەوەیی نوێ سەما دەکەن. ئەم دوو فۆرمە بەهۆی پێویستیی پرۆسەی بەرگریکردن لەڕوخان و پاشەکشێی ئابووری و سیاسی وڵاتانی ئەوروپی و ئەمریکا و ڕووبەڕوو بوونەوەی قەیرانی ئابووری جیهانی، لەبرەودان. قوڵبوونەوەی قەیرانی دارایی ئەورپی و گۆڕانی بۆ قەیرانێکی ئابووری و بەرجەستەبوونی سیاسەتی تەقەشوف، سەرەنجام کۆتایی بەفۆرمی دەوڵەتی خۆشگوزەرانی ئەورووپی هێنا. ئەمڕۆ باسە سیاسیەکان زیاتر لەسەر مۆدێلی دیستۆپیای وڵاتانی ڕۆژئاوایە.

بڵاوبوونەوە و زیادبوونی بێکاری و هەژاری لەتەواوی وڵاتە پێشکەوتوەکان و بەرجەستەبوونی گۆڕانکاری لەستراکچەر و شێوازی کار و پیشەدا، پێویستی داهێنان و نوێبوونەوە دەکاتە ئەرکی وڵاتانی پێشکەوتوو. لە توێژینەوەیەکدا کە لەساڵی ٢٠١٨ لەسەکۆی دافۆسی ئابووری بڵاوکراوەتەوە، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە ئەمڕۆ بەتەنیا لەئەمریکا نزیکەی ١،٤ ملیۆن هەلی کار بەهۆی تەکنۆلۆجیای نوێوە لەناوچوون.

گۆڕانکاریەکانی دونیا، لەدۆخی ئەمڕۆ و لەڕابردووشدا، مرۆڤایەتی دەباتە دۆخێکی تەواو جیاوازەوە. بەها و پرنسیپەکانی ئازادی و دادپەروەری و یەکسانی و سەربەستی و دیموکراسی، سەروەری، خێزان،...هتد، بەگشتی گۆڕانکاریی جەوهەریان بەسەردا دێت، ئەم گۆڕانکاریانەن دەبنە هۆی کوشتنی گیانی هەموو هزر و ئایدیاکانی سەدەی بیستەم، بەسۆشیال دیموکراتیشەوە.

# لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی

## پوختە دەروازەیەکی تیۆری

هەواڵنامەی کتێب



د.یوسف گۆران

**بەرایی**

هەرچەندە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەک بوارێکی مەعریفی لەڕووی مێژووییەوە کۆن نییە و بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام حەزی مرۆڤ و بیرکردنەوە لەزانین و پێشبینیکردنی ئایندە، بەهۆکاری جیاواز، زۆر کۆنە، ڕەنگە سەرەتاکەی بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی زیرە ک (homosapiens) بگەڕێتەوە، کاتێک ئەم بوونەوەرە نوێیە بەرەبەرە لەپرۆسەی بەکارهێنانی مێشک لەبەڕێوەبردنی ژیاندا چەندین پرسیاری نوێی لەسەر مێژووی ئێستا و ئایندەی خۆی و کۆمەڵگاکەی دەکرد. ئایندەبینیش، چ وەک ترس و خەم و دڵەڕاوکێ چ وەک حەز، بەشێکی ئەم پرۆسە مرۆڤانەیە بووە. بەم شێوەیە چیرۆک و داستان و شارستانیەتە دێرینەکان، چەندین ئاماژەی جیاواز و بەهێزی بۆ بیرکردنەوەی مرۆڤ لەئایندەی خۆی و کۆمەڵگاکەی تێدایە. بەڵام سەرباری جیانەبوونەوەی بیرکردنەوەی ئایندەیی لەمرۆڤ، بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەک بوارێکی زانستی (نەک زانست) زۆر نوێیە و سەرەتا وەک بوارێکی هزری و کردەیی تایبەت دەرکەوت (سەربازی و تەکنەلۆژی)، پاشان بۆ زۆربەی بوارەکان تەشەنەی کرد. لەئێستادا لەزۆربەی بوارەکانی پلاندانان، ستراتیژی، ئابووری، تەکنەلۆژی، پێداگۆژی، تەندروستی و ژینگە... هتد، بەکاردێت و سوودی لێوەردەگیرێت. دەوڵەتان، کۆمپانیاکان و زانکۆکان، چەندین پەیمانگا و سەنتەری لێکۆڵینەوەی تایبەتیان بەم بوارە دامەزراندووە.

ئەم لێکۆڵینەوەیە تایبەتە بەلایەنی تیۆریی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و ئەو میتۆدانەی کە لەم بوارەدا بەکاردێن، هەوڵدەدات سەرباری ناساندنی بوارەکە لەڕووی تیۆری و میتۆدەوە، تیشک بخاتەسەر ئەو کێشە و جیاوازییانەی کە ئەم بوارە لەبوارە نزیکەکانی خۆیەوە هەیەتی؛ ڕوون بکاتەوە.

**تەوەری یەکەم: چەمکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

**بەشی یەکەم: پێناسەی چەمکی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی**

**أ. گەشەسەندنی مێژوویی چەمکەکە**

لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەمێژووی گەشەسەندنی خۆیدا بەچەندین شێوە و ناو و دەستەواژەی جیاواز ئاماژەی پێدراوە کە دیارە هەندێکیان بەقۆناغی گەشەسەندنەکە پەیوەستن و هەندێکیشان بەبوار و شوێن و کەسی بەکارهێنەرەوە تایبەت بوون.

پێش هەزاران ساڵ و لەسەرەتای دەرکەوتنی (بیرکردنەوە لەئایندە)، ئەم بوارە پشتی بە هەندێک ئامرازی خورافی و جووڵەی ئەستێرەکان دەبەست و بۆ دیاریکردنی ئایندەی مرۆڤ و کۆمەڵگەکان بەکاری دەهێنا، بوارەکەش بەئەستێرەناسی (تنجیم – Astrology) دەناسرا، بەڵام پاشتر لەقۆناغی تردا ئەم بوارە زۆرتر بەواقعی کرا و وشەی (prophecy) کەبەرامبەر (تنبؤ، نبوءة)ی عەرەبییە و (نبي)یش بەو کەسانە دەگوترا کە توانای پێشبینی کردن و ئاگادارکردنەوەیان هەبووە (٥ / ٢٥).

قۆناغی دووەمی گەشەسەندنی ئەم بوارە، بەدەرکەوتنی بیری لۆژیکی و میسالی (Utopia) دەست پێدەکات کە زۆربـەی جار هاوتەریب لەگەڵ قۆناغی پێشوو کاری دەکرد. ئەم قۆناغە بەئاشکرا لەکۆمارەکەی ئەفلاتووندا دیارە، بۆچوونەکانی ئۆگەستین و تۆماس مۆر، پاشتریش کۆندەرسێ و مارکس و کارەکانی لیۆناردۆ داڤنشی... هییتر، بەشێوەی جیاواز بیرکردنەوە لەئایندە و هەندێکجاریش گۆڕینی دەردەخست (١٠/١٠). بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەسەرەتای سەدەکانی ناوەڕاستدا و بەهۆی باڵادەستبوونی بیر و ئایدیۆلۆژیای حەتمیەت (determinisim) بەرامبەر بـەڕووداوەکـانی جیهان (ڕابـردوو، ئێستا و ئایندە)، بیرکردنەوە لەپرسەکەی سست کرد. ئەم ئایدیۆلۆژیایە پێی وایە سەرجەم ڕووداوەکـان بەهۆکاری دیاریکراوەوە حەتمین و هۆکارێکی لەدواوەیە و مرۆڤیش بەو پێیە ڕۆڵی لەگۆڕینیدا نییە، چونکە مرۆڤەکان لەچارەنووسێکی دیاریکراو و زەمەنێکی تەواو جێگیر و داخراودا دەژین. دەرئەنجامی ئەم هۆکارانە، بیرکردنەوە لەئایندە و هەوڵی گۆڕینی لاوازی و سستی تەواوی پێوەدەرکەوت.

لەکۆتاییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و پاش کەڵەکەبوونی چەند سەدەیەک لەگەشەسەندنی زانستەکانی فیزیا، ماتماتیک و گەردووناسی و پاش گەشەسەندنی تەکنەلۆژیا و بەرفراوانبوونی تواناکانی هزری و پراکتیکیی مرۆڤ، بواری بیرکردنەوە و گۆڕین و دروستکردنی ئایندە وەک کایەیەکی مەعریفی دەرکەوت.

پرسیارەکانی زانستی فیزیا دەربارەی گەردوون و کات، دارشتنی میتۆدی زانستی تایبەت بەمێژووی کات لەبارەی دروستبوون و گەشەسەندن و کۆتاییهاتنی، ڕەهەندێکی زانستیی گرنگی بەخشییە ئەم بوارە و لەبۆچوونەکانی



تۆماس مۆر

هەرچەندە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەك بوارێکی مەعریفی لەڕووی مێژووییەوە کۆن نییە و بۆ ناوەڕاستەکانی سەدەی بیستەم دەگەڕێتەوە، بەڵام حەزی مرۆڤ و بیرکردنەوە لەزانین و پێشبینیکردنی ئایندە، بەهۆکاری جیاواز، زۆر کۆنە، ڕەنگە سەرەتاکەی بۆ دەرکەوتنی مرۆڤی زیرە ك (homosapiens) بگەڕێتەوە

(کات)ی بازنەیی داخراو ڕزگاری کرد، بوارێک کە پێشتر فەلسەفی بوو و پێیوا بوو کات بەشێوەی یەک ئاڕاستە، ڕابردوو، ئێستا و ئایندەیە و بەم هەنگاوە پاڵپشتێکی تیۆریی بەهێز بۆ خوێندەوە و گۆڕینی ئایندە هاتە ئاراوە(٧/٥).

سەرەتای سەدەی بیستەم کە تیایدا زانست و تەکنەلۆژیا بەفراوانی گەشەی کرد، بەسەرەتای هەوڵی بەزانستیکردنی بواری ئایندە دەژمێردرێت، لەم سەردەمەدا وشەی (forecast - پێشبینی) بۆ هەموو بوارەکانی لێکۆڵینەوە لەئایندە بەکار دەهات (٢٨/٥).

ساڵی ١٩٠١، کاتێک چ. گ. ویلس کتێبی (پێشبینییەکان - Anticipations)ی کە پاشتر بەناوی ئاشکراکردنی ئایندە (The Discovery of the Future)ی بڵاوکردەوە، بەساڵی ڕاستەقینەی لەدایکبوونی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی هەژمار دەکرێت، بەتایبەت دوای ئەو وانەیەی لە١٩٠٢ لەپەیمانگای شاهانەی بەریتانی پێشکەشی کرد، تیایدا بەئاشکرا داوای لەئەکادیمیستان کرد لەڕووی ئەکادیمییەوە لەم بوارە تازەیە بتۆژنەوە، بەڵام ئەم بوارە تانزیکەی ٥٠ ساڵ پاش داواکەی ویلس، بەشێوەیەکی کارا بەئەکادیمی نەکرا (٢٩/٤). جێی ئاماژەیە ویلس بۆ لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان لەساڵی ١٩٣٢دا، وشەی نوێی (oresightF)ی (ئایندەبینی، دووربینی) بەکارهێنا (٣/٢).

مێژووناس و زانای بواری حکومڕانیی ئەڵمانی؛ پرۆفیسۆر ئۆسیپ. ک. فلێختمان، یەکەم کەس بوو دوای شەڕی دووەمی جیهانی، لێکۆڵینەوەی ئایندەیی هێنایە بواری ئەکادیمییەوە. فلێختمان بۆیەکەم جار دەستەواژەی زانستی ئایندەیی یان ئایندەناسیی (futurology) بەکارهێنا. ئایندەناسی لای فلێختمان بەسیستمێک لەمەعریفەی ڕێکخراو کە تایبەتە بەبابەتێکی دیاریکراو، پێناسەکرا (٦٩/٩). ساڵی ١٩٥٧ فەیلەسوف و سەرمایەداری فەڕەنسی؛ گاستون بیرگەر، بۆ یەکەمین جار وشەی (prospective)ی لەم بوارەدا بەکار هێنا کە بەمانای (کارتێکەر لەئایندە)ش دێت. بیرگەر پێی وابوو ئەم بوارە تەنها هەوڵی بینینی ئایندە نادات، بەڵکوو کاریش بۆ ئایندە دەکات. ئەم زاراوەیە تا ئێستاش لەنێو فەڕەنسییەکاندا باوە. پاشان لەساڵی ١٩٦٠دا ئایندەناسی فەڕەنسی؛ بیرتراند د.جۆڤنێل، زاراوەی (futuribles – ئایندەتۆژینەوەیی) بەکارهێنا، گۆڤارێکیشی بەوناوە وەشاند. جۆڤنێل پێی وابوو ئایندە پێشتر دیاری نەکراوە و نەزانراوە، بەم پێیە چەندین مەودا و جۆری جیاواز بەئایندە خرایە بەردەم دەوڵەتان، دەرئەنجامی کۆتایی ئایندەکانیش بەدەست تیۆەردانی مرۆڤەوە پەیوەستە (٦٩/١٠).

لەکۆتایی شەستەکانیشدا گۆڕانکاریی بەرچاو لەبەکارهێنانی چەمکی نوێ بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندەکان (futures studies) ڕوویدا، بەبەکارهێنانی بەشێوەی (کۆ). هەردوو بیرمەند جەیمس داتۆر و ئەلینورا ماسینی، پێداگری و جەختیان لەسەر بەکارهێنانی ئەم دەستەواژەیە دەکرد و وەک هەڵوێستێکی فەلسەفیش بۆ فرەیی ئایندە

و هەمەچەشنبوونی ناساندیان و لێیان دەڕوانی. ئەم زاراوایە ساڵی ١٩٧٣ بەدامەزراندنی (یەکێتی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندە) زیاتر چەسپا. پەیڕەوانی ئەم دەستەواژەیە (Futures studies – لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی)، وەک بوارێکی فرەپسپۆڕی ناساند کە چەندین پسپۆڕی جیاواز، خوێندن، فەلسەفە، ئابووری، مێژوو، سایکۆلۆژیا، کۆمەڵناسی لەخۆ دەگرێت و مامەڵە لەگەڵ چەندین ئایندەدا دەکات.ئەمڕۆ سەرباری فراوانیی بەکارهێنانی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی، هێشتا هەندێک زاراوەیتر بەکار دەهێنرێت، بۆ نموونە؛ وشەی دید یان دووربینین (foresight) کە لەسەرەتای سەدەی بیستدا بەکار دەهات و ئێستاش بەکار دەهێنرێت. پێناسەی دید یان دووربینین (foresight)، لای دەنیس لۆڤێرج پێشبینیکردنە لەڕووی پراکتیکی و چەندایەتییەوە (١٢/٢)، واتە شێوازێکی پراکتیکیی پێبەخشیوە. کارکەرانی بواری پلاندانان و ستراتیژی، خۆیان بەنزیک لەم دەستەواژەیە دەبینن و پێیان وایە قووڵایی و فراوانیی زیاتر بەکارەکانیان دەدات. بەڵام بەشێوەیەکی گشتی هەردوو دەستەواژەی لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی (futures studies) و دووربینین (foresight)، لەئێستادا لەڕووی پراکتیکەوە بۆ یەک مەبەست بەکاردێت.

سەرباری ئەوەی ئەم بوارە لەقۆناغی دروستبوونەوە پرۆسەیەکی ناڕوون بوو، بەڵام لەئێستادا، بەپێی ڕوانینی هەندێک زانا، چەندین خەسڵەتی لەخۆگرتووە، گرنگترینیان: فرەدیسیپلینی، ئاڵۆزی، جیهانی، پێوانەیی (نۆرماتڤ)، زانستی، هاوبەشیپێکار و بەشدارییپێکەری (١٣٢/٧).

پێش خستنەڕووی پێناسەی لێکۆڵینەوەی ئایندە یان ئایندەیی، گرنگە سەرەتا ئاماژە بەوە بکرێت کە سەرباری بوونی ئیشکالیەتی زۆر لەسەر ناونانی بوارەکە، لەنێوان لێکۆڵینەوەی ئایندەیی یان ئایندەناسی (futurelogy) یان دید و دووربینین (foresight) یان (futuribles)... هتد، لەم توێژینەوەیدا (لێکۆڵینەوەی ئایندەیی) کراوەتە بنەمای ئەو توێژینەوانەی کە لە(ئایندە) دەکۆڵنەوە، ئەمەش لەسەر چەند بنەمایەک:

١. ساڵی ١٩٧٣ کاتێک ناولێنانی بوارەکانی تایبەت بەئایندە زۆر و فراوان بوو، فیدراڵیەتی جیهانی بۆ لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، بۆ کۆکبوون لەسەر ناوێکی یەکگرتوو، ڕاپرسییەکی جیهانیی لەنێو پسپۆڕانی بوارەکەدا ئەنجامدا کە تیایدا زۆرینە لەسەر (لێکۆڵینەوەی ئایندەیی) کۆک بوون (٧٠/١٠)، لەوساوە تا هەنووکە لەنێو چەمکەکانی دیکەدا زیاتر برەوی پێ دراوە.

٢. لەلایەنی زمانەوانییەوە، (لێکۆڵینەوەی ئایندەیی) ڕەنگدانەوەی ئەو دۆخەیە کە ئەم بوارە پێیداتێدەپەڕێت کە لەباشترین حاڵەتدا بەمیتۆدی زانستی یان بوارێکی مەعریفی دەستنیشان کراوە و نەگەیشتووەتە ئاستی بەزانستی بوون وەک زانستێکی دیاریکراو.

٣. ئەم دەستەواژەیە کە بەشێوەی (کۆ)یە، ڕەنگدانەوەی کرانەوەی زیاتری بواری ئایندەنۆڕییە لەهەر چەمکێکی

دیکەی هاوتای کە زیاتر نزیک بێت لەمێژووی گەشەسەندنی دەستەواژەکە و لەخۆگری گۆڕانکاریی گەورەیە بۆ فرەچەشنی ئایندە (prular future).

**ب. ناساندنی چەمك:**

سوهەیل عینایەتوڵایی نووسەری پاکستانی، باوەڕی وایە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، لێکۆڵینەوەی ڕێکخراوەییە (systematic) بۆ ئایندەیەکی خوازراو (preferred) و گریمانە بۆ کراو (probable) و ئەگەرەکان (possible) کە تیایدا دیدی جیهانی و ئەفسانەکانیان (myths) لەهەر جۆرێکی ئایندەکاندا جەختی لەسەر کراوتەوە (٣٨/٤).

زانای ئەمەریکی ئیدوارد کۆرنش دەڵێت: (ئەو زانستەیە کە چاودێری (رصد)ی گۆڕانکاری لەدیاردەیەک دەکات و هەوڵی دەستنیشان کردنی ئەگەرە جیاوازەکانی لەئایندەدا دەدات، ئەمەش بەخستنەبەردەستی هاوکاری بۆ دۆزینەوەی ئەگەرە نزیکەکەیان (٨٣/٥).بەڵام پێنتی مالاسکا کەمێک جیاوازترە و پێی وایە لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بوارێکی عەقڵانیی بەهادارییە (rational_value field)، بەو شێوەیەش لەگەڵ سەرجەم زانستە سروشتییەکان لـەوەدا ناکۆکە کە ئەوان ئامانجی بێلایەنیی بەها (valueneutralism) یان هەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەی ئایندەیی؛ بێلایەن نییە و ئامانجی ناساندن و دەستەبەرکردنی ئایندەی هەیە (١٣/٩).

تیۆمۆ کواساش وای بۆ دەچێت کە ئەم بوارە بەشێکە لەبیرکردنەوەی ستراتیژی کە لەدید و پێشبینی و عەقڵانیەتی بەهاکان پێکهاتووە (١٥/٩).

بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بەبوارێکی ئەکادیمی مەعریفیی فرەدیسیپلین بۆ دیراسەکردنی سەرجەم پسپۆرییە زانستییە جیاوازەکان پێناسە بکرێت، بەچاودێریکردنی ئایندە لەلایەنە خوازراو و پێشبینیکراو و گریمانەییەکان و بەئامانجی دیاریکردنی ئایندەیەک یان زیاترکردنی ئەلتەرناتیڤ (بديل)ەکانی ئایندە.

**بەشی دووەم: ئیشکالیەتی پەیوەندیی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بەبوارە زانستییەکانی ترەوە:**

بەهۆی نوێیی دەرکەوتنی بواری لێکۆڵینەوەی ئایندە وەک بوارێکی ئەکادیمی- مەعریفی، ئەم کایەیە لەگەڵ هەندێک بواری زانستیی دیکەدا تێکەڵە و هەندێک جاریش ئیشکالیەتی میتۆدی و زانستیی دروست کردووە. لێرەدا هەندێک لەو بوارە نزیکانە دەخەینەڕو و:

**أ. لێکۆڵینەوەی ئایندەیی لەنێوان زانست و کایەی زانستید ا:**

هەرچەندە زانای ئەڵمانی؛ ئۆسیپ، لەشەستەکاندا ئایندەناسیی وەک زانست ناساند کە بـە(futuorlogy)ی نـاوبـردووە، پێی وابـوو کە تەنها جیاوازییان لەگەڵ زانستەکانی دیکەدا ئەوەیە بێلایەن نییە، بەڵکوو مەبەستدارە (٣٠/٥). بەڵام تاکوو ئێستێا بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

لەلایەن کۆمەڵگەی زانستییەوە وەک زانستێکی سەربەخۆ نەناسێنراوە. زانست لەسادەترین پێناسەیدا، بەپێی فەرهەنگی ئۆکسفۆرد، لێکۆڵینەوەی پێکهاتە و هەڵسوکەوتی بوارەکانی فیزیا و سروشت و کۆمڵگەیە لەڕێگای چاودێریکردن و بەئەزموونکردنەوە (تجربة)(١٢/١٠٥٠). لەم پرۆسەی دیراسەکردنەدا، یاسای زانستی گشتی و بێلایەن دەدۆزرێتەوە کە توانای ڕاستینەی خۆی دەپارێزێت، لەهەرکات و شوێنێکدا کە جێبەجێ دەکرێت. واتە ڕاستییە ئەزموونکراوەکانی زانست (یاسای زانستی) لەهەمان دۆخی خوازراودا، ئەنجا م و شێوازێکی ڕەهای هەیە و نەگۆڕە.

بەڵام گەر بەراوردێکی نێوان زانست و کایەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بکەین، دەبینین:

١. زانست بوار و دیسیپلینی تایبەت بەخۆی هەیە، لەبەرامبەردا کایەی لێکۆڵینەوەکانی ئایندە تایبەت نییە، فرەبوار و فرەدیسیپلینە.

٢. ڕاستینەییەکانی زانست (یاسا)، بەتایبەت زانستە سروشتییەکان و فیزیا، ڕەها و گشتگیر و دارِنراو (موجەڕەد) و ئەزموونکراوە، بەبەراورد لەگەڵ کایەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی کە کراوەیە بەسەر سەرجەم ئەگەرەکانی ئایندەدا و پێشتر تاقی نەکراوەتەوە.

٣. ڕادەی دڵنیابوون لەپێشبینی کردن بۆ یاسا تاقیکراوەکانی زانست زۆر بەرزە، چونکە لەهەموو کات و شوێنێکدا هەمان دەرئەنجامی هەیە، لەبەرامبەردا لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی بەهۆی بوونی ئیرادەی مرۆڤەوە؛ دەرئەنجامی دڵنیاکەرەوە و جێگیری بۆ ئایندە نییە، بەمەش بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی زیاتر لەزانستە کۆمەڵایەتییەکان نزیکترە نەک زانستە سروشتییەکان و فیزیاوە، بەڵام تەنانەت لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتییەکانیشدا جیاوازە کە فرەدیسیپلین و بواری پسپۆڕیی هەمەچەشنە.

بەم شێوەیە سەرباری بەکارهێنانی هەردوو بوار بۆ میتۆدی زانستی، بەڵام تاکوو ئێستا جیاوازیی تەواو لەنێوان ئەم دوو بوارەدا هەیە و ناکرێت لێکۆڵینەوەکانی ئایندەیی وەک زانستێکی تایبەت بناسرێن، لەم قۆناغەی ئێستای گەشەسەندنیدا دەکرێت وەک بوارێکی ئەکادیمی – مەعریفی تەماشا بکرێت.

## ب. پلاندانا ن و ستراتیژ و شیکردنەوەی سیاسی و لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرباری بوونی نزیکی لەشێوەی کاری پلان داڕێژەران و ئایندەناسان، بەڵام جیاوازیی بنەڕەتی لەنێوانیانیشدا هەیە.

لەڕووی ماوەی زەمەنییەوە، پلاندانان، گەر ستراتیژییش بێت، لە ٢٠ ساڵ تێناپەڕێت، لە ماوەی ١–٥ ساڵ کاری سەرەکیی خۆی دادەڕێژێت، بەڵام لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان ماوەیان فراوانە و لە ٥ زیاترە و لە ٢٠ تا ٥٠ ساڵیش دەڕوات، تەنانەت هەندێکی بۆ ١٠٠ ساڵ زیاترە(٤/٤٠).

لەڕووی میتۆدی مامەڵەکردن لەگەڵ ئایندە و ئەگەرەکانیدا، پلاندانان زیاتر کار لەسەر دەستنیشانکردنی

هەوڵنامەی ئێستا

سیناریۆ دەکات کە لەنێویاندا سیناریۆی خوازراو هەڵدەبژێرێت و کاری بۆ دەکات، بەڵام زۆربەی جار سەرجەم سیناریۆکان نزیک و پەیوەستی یەکن. بەپێچەوانەوە، میتۆدی کارکردنی ئایندەناس زیاتر کراوەیە بەتەنها، خۆی بەسیناریۆ باوەکانی ئێستا نەبەستۆتەوە، بەڵکوو هەوڵی دروستکردنی ئایندەی ئەلتەرناتیڤ دەدات کە زۆر لەسیناریۆ باوەکانی پلاندارێژەران جیاوازترە (٩/١٦-٢٩).

پلان و پلانی ستراتیژی؛ زیاتر کار بۆ بەدەستهێنانی ئایندە دەکەن وەک شێوەیەک لەکۆنترۆڵ و قۆرخکاریی ئایندە، بەڵام ئایندەناس لەلێکۆڵینەوەی ئایندەیی ئەوەندەی گرینگی بەدروستکردنی ئایندەی جیاواز یان فرەئایندەیی دەدات، کەمتر خەمی قۆرخکردنیەتی.

پلاندانان و ستراتیژیەت ئەرکێکی پراکتیکییان هەیە بەوەرگێڕانی دیدێکی دیاریکراو بۆ جێبەجێکردنی بەکردەیی، ستراتیژیست یان پلاندارێژەر بەبێ بوونی دیدێکی ڕوون بۆ ئایندەی کورت یان درێژ، ناتوانێت هەنگاوی پراکتیکی دابڕێژێت، بەڵام ئایندەناس بەدیاریکردنی دیدێک و بژاردەیەک، بەشی سەرەکیی کارەکەی تەواو دەبێت و ئیتر کاری داڕێژەر و ستراتیژیستەکانە بۆجێبەجێ کردنیان.

سەبارەت بەبواری شرۆڤەی سیاسییش، ئەم بوارە جەخت لەسەر شیکاری مەبەستێتی سیاسەتێکی دیاریکراو دەکات و پرسیار لەسەر کۆی گوتار و چوارچێوەی بڕیاردان ناکات. بەپێچەوانەوە، ئایندەناسی و بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی، لەڕێگای خستنەڕووی کێشەکان و مەسەلە تازە دەرکەوتووەکان و پرسیار و سیناریۆ و ئایندەی ئەلتەرناتیڤەکانەوە، هەوڵی گواستنەوە و گوزەرکردن لەئێستاوە بۆ ئایندەیەکی تەواو جیاواز دەدات، واتە کۆی سیستمەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە.


مارکس

بەدەرکەوتنی بیری لۆژیکی و میسالی (**Utopia**) دەست پێدەکات کە زۆربەی جار هاوتەریب لەگەڵ قۆناغی پێشوو کاری دەکرد. ئەم قۆناغە بەئاشکرا لەکۆمارەکەی ئەفلاتووندا دیارە، بۆچوونەکانی ئۆگەستین و تۆماس مۆر، پاشتریش کۆندەرسێ و مارکس و کارەکانی لیۆناردۆ داڤنشی

## تەوەری دووەم: چوارچێوەی چەمکی (conceptual framework) لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی

### - ڕەهەند و چوارچێوە

یەکێک لەو ڕەخنە توندانەی کە بەردەوام ئاڕاستەی بواری لێکۆڵینەوەکانی ئاینده دەکرێت، ئەوەیە کە بونیادێکی بەهێزی تیۆری بۆ چەمکەکان نییە و چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی نییە بۆ ناسینەوە و فێربوونی. ڕەخنەگرانی، بەتایبەت ئەوانەی گومانیان لەزانستی بوونی بوارەکە هەیە، پێیان وایە کە لێکۆڵینەوەکانی ئاییندەیی بەهۆی نەبوونی چوارچێوەیەکی چەمکی (مفهوم) بەهێز و نەبوونی کایەیەکی (حقل) تایبەت بەخۆی نەک بەپسپۆڕییەکانی دیکە، بەبوارێکی زانستی و مەعریفی ئەژمار ناکرێت.

بۆ دەرخستنی ئەو هەوڵانەی بۆ تیۆرەکردنی ئەم بوارە و زانینی ئەو تەکنیک و پرنسیپ و میتۆدانەی ئاییندەناسان لەم بوارەدا بەکاریان هێناوە، ئەم تەوەرە دەکەینە دووبەش: یەکەمیان تایبەتە بەڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوە ئاییندەییەکان و بەو میتۆدانەی لەم بـوارەدا سـوودی لـێ وەرگیراوە، دووەمیش تایبەتە بەچوارچێوە چەمکییەکەی بوارەکە.

### بەشی یەکەم: ڕەهەندەکانی لێکۆڵینەوەی ئاییندەیی و میتۆدی بەکارهاتوو (شیکردنەوە، ڕاڤەکردن، پێشبینیکردن، ڕەخنەگرتن و پێکەوەیی بوون):

ئاییندەناسان و بڕیاردەران و هەموو ئەوانەی لەبواری بیرکردنەوە و کارکردن بۆ ئاینده کاردەکەن، ڕەهەند و میتۆدی کارەکانیان تا ئاستێکی زۆر سوودیان لەو میتۆدە زانستییانەی کە پێشتر هەبووە؛ وەرگرتووە کە پێنج جۆر لەخۆدەگرێت:

#### ۱. ڕەهەند و بیری شرۆڤەیی

سوود وەرگرتن لەشێوازی لێکۆڵینەوەی شرۆڤەیی (شیکاری)، لەپرۆسەی دروستکردنی ئاییندەدا گرنگ و پێویستە. ئاشکرایە بۆ داڕشتنی هەر پرۆژەیەکی ئاییندەیی، سەرەتا داتا و زانیاری کۆ دەکرێنەوە و بەشێوەی جیاواز تۆمار دەکرێن (input)، پاشان میتۆدی شیکردنەوە بۆ پۆلێنکردنی داتا و زانیارییەکان دەست پێدەکات کە ئامانجی سەرەکیی دیاریکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانە (trends). لێرە کەسی شرۆڤەکار هەوڵی وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی سەرەکی دەدات: دۆخەکە چۆن دێتە پێشچاو و چییە؟ (whats ?seem to be hapeening). وەڵامی ئەم پرسە و بەدواداچوونی گرنگە و پێناسەی کارەکەی ئاڕاستەی ئەو کەس و لایەنە دەکات کە بابەتەکەیان لاگرنگە و کارەکەیان بۆ دەکات (۱۱/۹-۱۲).

#### ۲. ڕاڤەکرد ن (تەفسیر – interpretation):

میتۆدی ڕاڤەیی، هەوڵی تێگەیشتن و دۆزینەوەی لایەنە شاراوەکانی ڕووداو و ئاڕاستەکان و گرێدانیان بەیەکەوە دەدات، لەڕێگای ئاشکراکردنی لایەنە واتایی و قووڵەکانی داتا و شیکردنەوەکان، لێرە پرسیاری سەرەکی: لەڕاستیدا چی ڕوو دەدات؟ (whats really happening?) کە گرنگە

وەڵامی ڕوونی هەبێت. میتۆدی سەرەکی ئایندەناس لێرە دۆزینەوەیە، ئەوەی عینایەتوڵڵایی پێی دەڵێت توێ قووڵە هۆکارییەکان (causel layered analysis) دروستبوونی ڕووداوەکانە کە بۆ چوار توێی سەرەوەی ڕووکەش (litany): هۆکاری کۆمەڵایەتی، گوتار و جیهانبینی، تا ئەفسانە. ناسینی ئەم توێیانە تەنها لەشێوازدا نییە، بەڵکوو لایەنی زەمەنییشی تێدایە و پەیوەستە بەقووڵایی و مەودای کارتێکردنیانەوە. بەکارهێنانی ئەم میتۆدی ڕاڤەکردنە بۆ دانانی چوارچێوەیەکی تێگەیشتن بۆ مەسەلەکانی بەردەست و وەڵامدانەوەی پرسیارەکەی سەرەوە، گرنگە (١١/١١).

### ٣. ئایندەبینی (پێشبینیکردن ـ prospective)

ڕەهەندی ئایندەبینی و پێشبینیکردن، هەوڵی پەرەپێدان و دروستکردنی ئایندەیەکی ئەلتەرناتیڤ دەدات، لەڕێگای پێشنیارکردنی ڕێگەچارەی نوێ بەبەکارهێنانی تەکنیکی جیاواز، وەک: سیناریۆ، تەکنیکی دیڵفی، گێژەڵووکەی زەینی، پەنێڵ و... هتد، بەڵام باوترینیان سیناریۆسازییە.

زۆرجار دروستکردنی سیناریۆ و دیاریکردنی لایەنە جیاوازەکانی هەر سیناریۆیەک، کار و ئامرازی سەرەکی ئەم میتۆدەیە.

ئاشکرایە دروستکردنی سیناریۆ ئەوەندەی بەسوودە، دەکرێت هێندەش مەترسیدار بێت، بەتایبەت ئەگەر زانیاری و داتای تەواو یان پسپۆڕیی نەبێت، یان بەوردی ئامانجی پرۆژەکە لەبەرچاو نەگرێت. دوورکەوتنەوە لەئامانج یان پێشکەشکردنی سیناریۆی ناواقعی، دەرهاویشتەی ئەو کەموکوڕییانەی پێشەوەیە.

بەکورتی: لەڕەهەندی پێشبینیدا هەوڵی هاندان دەدات بۆ گەڕان بەدوای بیرکردنەوە و ئەڵتەرناتیڤی نوێ و بەپێچەوانەی بیری باوی دامەزراوەکە و دۆزینەوەی ئەوەی کە ڕەنگە ڕوو بدات و باشترین بژاردەش دەخاتە بەردەم دامەزراوەکە یان پرۆژەکە.

### ٤. میتۆد ی ڕەخنەیی

ڕەهەند و میتۆدی ڕەخنەیی، بەهیچ شێوەیەک کار لەسەر پێشبینیکردنی ئایندە ناکات، بەڵکوو جەخت لەسەر ناڕوونی و نادیاریی (undifine) ئێستا و ئایندە دەکات. ڕەخنەگەرایی پێیوایە دونیابینیی ئێستامان بەردەوام لاواز و شایستەی کارتێکردنە و تێکشکانە (fragile)، چونکە دەرئەنجامی سەرکەوتن یان زاڵبوونی گوتارێکی مەعریفییە بەسەر یەکێکی دیکەدا. لای لایەنگرانی ئەم میتۆدە، گوتاری مەعریفی باو بەم شێوەیە لەمێژوودا لەڕووی ئەپستمۆلۆجییەوە دروستبوون و بەردەوام زاڵبوون و دابڕانی گوتاری مەعریفی لەئارادایە.

ڕەهەندی ڕەخنەیی لەلێکۆڵینەوە ئایندەییەکان، پاش پۆست بونیادگەرایی گوڕی وەرگرت. ئامانجی سەرەکی ئەم میتۆدە، تەنگەتاوکردنی پەیوەندییە دەسەڵاتدارییەکانی ئێستایە بەڕەخنەگرتن و نیشاندانی دابڕانە مێژووییە جیاوازەکانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی و بیر و بەهاکانە، سەرەنجام هاندانیان بەرەو گومانکردن لەشێوەی ئێستای

سیستمەکان و ناپارێزراوی و ناجێگیرییان، بەمەش بوارێک و ئامادەییەکی مەعریفی بۆ ئامادەسازیی (استحضار – evoking) ئایندەیەکی ئەلتەرناتیڤ و جیاواز فەراهەم دەکات. ئاشکرایە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە لەلێکۆڵینەوە ئایندەییەکان، ئامادەیی فیکری لای ئایندەناس دروست دەکات بۆ گومانکردن لەئێستا و ئایندە باوە باڵادەستەکان و ئاسۆی بیرکردنەوە لەئایندی جیاواز و سیناریۆی جیاواز؛ فراوانتر و ئازادتر دەکات.

**٥. میتۆدی پێکەوەیی (تشارکي)**

لەمیتۆد و ڕەهەندی پێکەوەییدا، ئامانجی دیاریکراوی خاوەن بەر ژەوەندی یان پرۆژەکە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەکۆکردنەوەی ئایندەناسەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان بۆ دروستکردنی دیدێکی پێکەوەیی بۆ ئایندە. هەوڵی سەرەکی لێرە، گەشەپێدانی پێشبینییەکانە بۆ ئەگەر و خوازراوەکان لەسەر بنەمای خاوەن بەرژەوەندی.

ئایندە و خاوەندارێتی لێرەدا بۆ ئەم کەسانە کە گرنگی پێدەدەن و ئامادەسازیی بۆ دەکەن کە لەئێستاوە (وەبەرهێنان)ی تێدا بکەن، بەڵام وەک بوارێکی ناجێگیر ئـەم ئایندەیە بـەردەوام پێویستی بەپێداچوونەوە و لێپێچینەوە هەیە، چونکە ئەگەر وانەبێت، هیچ کات توانای دروستکردنی دیدێکی تەواوکار (متكامل) بۆ ئایندە دەستەبەر ناکرێت (٤/٤٢).

ڕەهـەنـد و میتۆدەکانی لێکۆڵینەوەی سـەرەوە، هەریەکەیان خەسڵەت و شێوازی کارکردنی خۆیان هەیە، بەڵام ئـەوەی لێرەدا ئاماژەی پێکرا، ڕەهەند و گرنگی بەکارهێنانیانە لەبواری لێکۆڵینەوەی ئایندەییدا. هەروەها کەسی ئایندەناس (futurest) گرنگە ئاگاداری سەرجەم ئەم میتۆدانە بێت، چونکە بەکارهێنانی میتۆدەکان لەلێکۆڵینەوەکان بەپێی پرۆژەکان و بابەتەکان و مەودای زەمەنییان؛ دەگۆڕدرێت.

## بەشی دووەم: چوارچێوەیەکی چەمکی (conceptual framework) بۆ لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

ئایندەناسان و لێکۆڵیارانی بواری توێژینەوەی ئایندەیی بۆ پڕکردنەوەی لایەنی مەعریفی، هەوڵێکی زۆریان بۆ دروستکردنی چوارچێوەیەکی تیۆری بۆ ئەم بوارە نوێیە داوە، بەم پێیە لەحەفتاکانی سەدەی ڕابردووەوە چەندین چوارچێوەی تیۆرییان لەم ڕووەوە بەرهەم هێناوە. لێرە بواری خستنەڕووی سەرجەم چوارچێوەکان نییە، بەڵام دەکرێت ئاماژە بەگرنگترینیان بکرێت کە بریتین لە: چوارچێوەی پرۆسێسی ئایندەیی داتۆر (dator)، کە بنەماکەی لەساڵی ١٩٧٩دا داڕێژراوە، هەروەها چوارچێوەی شەش کۆڵەکەیی (پایەیی – pillars)ە کە دەرکەوتنی بۆ ساڵی ٢٠٠٣ دەگەڕێتەوە (٤/٤٥)، لێرەدا بەکورتی هەوڵی ڕوونکردنەوەیان دەدەین:

### ١. چوارچێوەی شەش کۆڵەکەیی (pillars)

ئەم چوارچێوەییە لای زۆرینەی لێکۆڵەرانی بواری ئایندناسی بەکار دێت و دەکرێت وەک بوارێکی تیۆری بۆ

هەواڵنامەی کتێب


ئەفلاتوون

یەکێك لەو ڕەخنە توندانەی کە بەردەوام ئاڕاستەی بواری لێکۆڵینەوەکانی ئایندە دەکرێت، ئەوەیە کە بونیادێکی بەهێزی تیۆری بۆ چەمکەکان نییە و چوارچێوەیەکی ڕێکخراوی نییە بۆ ناسینەوە و فێربوونی. ڕەخنەگرانی، بەتایبەت ئەوانەی گومانیان لەزانستی بوونی بوارەکە هەیە

پرۆسەی ناساندن و دروستکردنی دید بەکار بهێنرێت، هەروەها وەک بوارێکی پراکتیسیش سوودی لێوەرگیراوە. ئەم پایە و کۆڵەکانەش بریتین لە: نەخشەکێشان – داڕشتن (mapping)، پێشبینیکردن (anticipation)، کاتدانان (timing)، قووڵبوونەوە (deepening)، دروستکردنی ئەلتەرناتیف، گوزەرکردن (transformation). ئەم شەش کۆڵەکەیە دەکرێت وەکیەک پرۆسەی یەک لەدوای یەک مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت، بۆ دەرخستنی کۆی پرۆسەی تیۆری ئایندەناسی و دیراسەکردنی بابەتەکانی، هەروەها دەکرێت لەڕووی پراکتیکەوە بەجیاش بۆ بابەتێکی دیاریکراو مامەڵەیان لەگەڵدا بکرێت.

**یەکەم: نەخشەکێشان**

ئەم پایەیە لەسەر بنەمایەکی سادە داڕێژراوە کە بەستنەوەی مێژووە بەئێستاوە و بەرەوئایندە و خوێندنەوەی ڕووداو و ئاڕاستەکان لەسەر بنەمای چاودێریکردنی ئاڕاستە مێژووییەکان کە بوونیان لەئێستادا هەیە یان نا و کاریگەرییان بۆ ئایندە چییە؟ لێکۆڵەر لێرەدا ئەرکە سەرەکییەکەی ئەوەیە بزانێت لەکوێوە هاتووین؟ ئێستا لەکوێین؟ بۆ کوێ دەڕۆین؟ بەدیراسەکردنی ئەو ئاڕاستە و دیاردانە، بۆمان دەردەکەوێت کە چشتێکی مێژوو لەئێستادا بەردەوامی هەیە و ڕەنگە بۆ ئایندەش بمێنێتەوە، هەروەها چ ئاڕاستەیەک دابڕان یان لاوازیی تێدایە و بەرەو نەمان دەڕوات، بەم شێوەیە ئایندە لامان ڕوونتر دەبێت و دەتوانین خۆمانی بۆ ئامادە بکەین.

ئەگەر ئەم پرنسیپە لەسەر ئاستی خوێندنەوەی ئاڕاستە باوەکانی ئێستای جیهان جێبەجێ بکەین، دەبینین لەئێستادا پێنج ئاڕاستەی سەرەکی جیهانی لەئارادایە کە بریتین لە: ١. گەشەسەندن: باوەڕ بەتەکنەلۆژیای زیاتر، باوەڕبوون بەعەقلانیەت، مرۆڤ ناوەندی جیهانە. ٢. ڕووخان: پێیان وایە مرۆڤ گەیشتۆتە دواسنووری توانای خۆی و بەڵکوو تێیپەڕاندووە، کارەساتی ژینگە و ئەتۆمی دروست کرد ووە. ٣. گەیا (gais): بەمانای ڕوانین بۆ زەوی وەک ڕۆحێک و بوونەوەرێکی گەورە و باخێک کە تیایدا

کولتوورەکان؛ گولەکانیەتی، پێویستی تەکنۆلۆژیای کۆمەڵایەتی بۆ چاککردنەوەی ئەو کارەساتانەی کە دروستمان کردووە، لەڕێگای هاوبەشی زیاتری ژن و پیاو، مرۆڤ و سروشت، مرۆڤ و تەکنۆلۆژیا. ٤. بەجیهانیبوون: نەهێشتنی بەربەستەکانی نێوان کولتوورەکان و مرۆڤەکان لەڕێگای بازاڕی ئازاد و جووڵەی ئازادی سەرمایە و نەهێشتنی دۆگمایی و ئایدۆلۆژیا. ٥. گەڕانەوە بۆ ئایندە: گەڕانەوە بۆ کاتە سادەکان، ئەو کاتانەی دابەشبوونی چینایەتی ڕوون و سادەتر بوو، ئەو کاتەی تەکنۆلۆژیا کەمتر زیانبەخش بوو، ئەم ئاراستەیە پێیوایە مرۆڤەکان ڕێگاکانیان ونکردووە. بۆ ڕوونکردنەوەی نەخشەی ئایندەی ئەم کۆڵەکەیە، گرنگە شرۆڤەی کارلێکی نێوان ڕابردو و ئێستا و ئایندەی هەریەکێ لەو ئاراستانەی سەرەوە یان هیی تر، بۆ دیاریکردنی ئایندەیەکی نوێ بکرێت. بەکورتی: ئەم کۆڵەکەیە بەوتەی عینایەتوڵڵا، لەسەر بنەمای بەهەندوەرگرتنی قورسایی مێژو و گوشاری ئێستا و ڕاکێشان بەرەو ئایندە دارێژراوە.

**دووەم: پێشبینی کردن**

ئەم پرنسیپە بەگشتی سوودی لەمیتۆدی شرۆڤەیی بابەتە تازەداهاتووەکان (المستجدة) وەرگرتووە. شرۆڤەی تازەداهاتووەکان؛ هەوڵی ناساندنی ئەو ناوچە و شوێنانە دەدات کە نیشانە و ئاماژەی ئامێزی دیاردەی نوێن (bellweather)، هەروەها دۆزینەوەی هەل و ئەگەرە نوێیەکان. بابەتەکانی وەک ئایا لەئایندەدا دەرمانخانەی زیرەک دەبێتە بەشێک لەجەستەمان؟ خواردنی گۆشت دەبێتە نایاسایی؟ نانۆتەکنەلۆژی چۆن جەستەمان دەگۆڕێت؟ تەمەنمان چەند درێژ دەکات؟ ئایا لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەبێتە بەشێک لە پرۆگرامەکانی خوێندنی زارۆکان؟ ئەمانە و دەیان بابەتی سیاسی، ئەمنی، ئابووری و تەکنەلۆژی... هتد، لەخۆ دەگرێت.

**سێیەم: کاتدانان**

ئەم کۆڵەکەیەش جەخت لەسەر کاتدانان بۆ ئایندە دەکات (timing the future) و میکانیزم و قۆناغ و شێوازەکانی گۆڕانی کردۆتە ئامانج. لێرەدا باس لەچەندین شێواز و میکانیزمی گرنگ بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ کات و ئایندەدا دەکرێت، کە لێکۆڵەرانی ئەم بوارە گرنگییان پێداوە کە بریتین لە:

– ئایندەی ڕاستەهێڵیی (linear) یەک ئاراستەیە: لەگەشەسەندنی بەردەوامدایە و ئەگەر بەکارایی کار بکرێت، فەراهەم دەبێت. نووسەرە دیارەکانی ئەم بۆچوونە، ئۆگەست کونت (١٨٧٥) و هێربەرت سپنسەر (١٩٠٣)ن.

– ئایندەی بازنەیی: لێرەدا ئایندە بازنەییە، سەروخوارە، ئەوەی ئەمڕۆ لەسەرەوەیە، ڕەنگە سبەی لەخوارەوە بێت، ئەوانەی لەخوارەوەن، بەهۆی خۆنەگونجاندنیان لەگەڵ ئەمڕۆ، بەرهەمی ژینگەی دوێنێن و زۆر بەئەستەم خۆیان لەگەڵ مەرجەکانی ئەمڕۆ نوێ دەکەنەوە. ئیبن خەلدوون، شپینگلەر، سوماشین؛ لەدامەزرێنەرانی هزریی ئەم ئاراستەیەن. بەپێی ئەم

میتۆدە، وڵاتان و میللەتان و دامەزراوەکان لەنێوان دووجەمسەردا دەجووڵێنەوە: ناوەندێتی و ناناوەندێتی (سێنترالی و ناسێنترالی)، مۆدێرنێتە و ئایین، دەسەڵاتی مەدەنی و سەربازی. لێرەدا ئەگەر توانای زانینی جووڵەی بەندۆلەکەمان هەبێت، ئەوسا دەتوانین ستراتیژێکی کارا بۆ ئایندە دابڕێژین.- ئایندەی پێچخواردوو (حەلەزۆنی – spiral): لێرەدا زەمەن پێچاوپێچە، واتە لەلایەک یەک ئاڕاستە و پێش وەچووە و لەلایەکی دیکەوە بازنەیی و داخراوە. بەبوونی سەرکردەی هاندەر و کاریزمایی، دەکرێت ئایندە دروست بکرێت. ڕاستە ڕابردوو دۆگمایەکە بەسەر ئێستادا و کێشەسازە بۆی، بەڵام نابێت بەتەواوی دوور بخرێتەوە، پێویستە بکرێتە بەشێک لێی بۆ بەهێزکردنی گیانی ئاڕاستەکردنی ئایندە. گرنگترین بیرمەندی ئەم میتۆدە، فەیلەسووفی هیندی؛ (پرابهات. ر. سارکار)ە.

– ئایندە زۆرجار لەلایەن کەمینەیەکی داهێنەرەوە دروست دەکرێت: ئەو کەمینەیە دەکرێت کەمینەیەکی ئابووری، تەکنەلۆژی، کۆمەڵایەتی، کولتووری و سیاسی بێت. ئەم کەمینانە لاسایی ڕێوشوێنە کۆنەکان ناکەنەوە، بەپێچەوانەوە ڕێگای نوێ دەگرنە بەر و خەڵکانی دیکەش دوایان دەکەون، بەم شێوەیە ئایندەی جیاواز و فرەئایندەیی دروست دەبێت. کاتێک گەشەپێدانی بەردەوام جێی کەمینەی داهێنەر دەگرێتەوە، دەرئەنجامەکان زۆر زیاتر و گەورەتر دەبن. دیارترین تیۆرسێنەکانی ئەم میتۆدە، (ئارنۆڵد تۆینبی) و (ڤیلفریدۆ پاریتۆ)ن.

– زۆر سەردەمی مێژوویی دیاریکراو هەیە کە کاری چەند کەسێکی کەم، کاریگەریی گەورە دروست دەکات: ئەو سەردەمانە ئەو کاتەن کە ڕێوشوێنە کۆنەکان چیتر بێسوودن، ئەوەی بۆ دوێنێ سەرکەوتوو بوو، ئەمڕۆ بێکەڵکە. ئێمە ئێستا لەو دۆخەدا دەژین. ئەم میتۆدە لای زۆربەی ئایندەناسان بۆ قۆناغی گوزەرکردن (پەڕینەوە) پەسەندە. گرنگترین کەسانی ئەم بوارە: ئەلڤین تۆفلەر، ئۆلیڤەر مارکلی، جیمیس داتۆر، پرابهات . ر. سارکار و زۆرێکی دیکەن.

**چوارەم: قووڵکردنەوەی ئایندە** (deepening the future)

گرنگترین میتۆد کە لێرەدا بەکار دەهێنرێت، شیکردنی توێژاڵەکان (ڕەهەندەکان)ی هۆکارە (causal layered analysis) (٥٠/١). ئەم میتۆدە هەوڵی چاڵکردن و قووڵکردنەوە و دەرخستنی بەرەو ئایندە دەدات. ئەم میتۆدە لەچوار ڕەهەندی سەرەکی پێک دێت:

یەکەمیان: ڕووکەشی (litany)، یان ئەوەی بەئایندی (ڕۆژ دوای ڕۆژ) ناسراوە. لێرە مامەڵە لەگەڵ شت و داتا ئاساییە ڕۆژانەییەکاندا دەکرێت و مەودای ئایندەیی زۆر کورتە، وەک شیکردنەوەی ڕۆژانەی هەواڵەکان.

دووەم: توێژاڵی هۆکاری کۆمەڵایەتییە، ڕەهەندێکی قووڵە، گرنگی بەهۆکار و بزوێنەرە ئابووری، کۆمەڵایەتی، سیاسیی ڕووداوەکان دەدات و شییان دەکاتەوە، هەروەها لەڕووی زەمەنییەوە لەهیی یەکەم درێژخایەنترە.

سێیەم: توێژاڵی قووڵترە کە گوتار و جیهانبینی (worldview) کەسەکانە. ئەمە ئەو وێنە گەورەیەیە کە باس لەپاڕادایمەکان دەکات و ژێرخانی بیرکردنەوە و ئیدراکمان پێک دەهێنێت و دەمانجوولێنێت.

چـــوارەم: ئەفسانە و چیرۆکەکانە (myths)، کە لەقووڵترین شوێنی ئیدراکماندایە و ناسنامەشمان ڕەنگدانەوەی ئەم ئەفسانە و چیرۆکانەیە.

ئاشکرایە توێژاڵەکانی یەکەم و دووەم زۆرتر دیار و ئاشکران، بەڵام سێیەم و چوارەم ناڕوونن، لەشیکردنەوەشدا کەسی دەرەکی بەئەستەم دەتوانێت پەی بەڕەهەند و ئاستی سێیەم و چوارەم ببات.

بۆ دروستکردنی دیدێکی قووڵ بۆ بابەتێکی دیاریکراو، دەکرێت سوود لەهەر چوار توێژاڵەکەی شرۆڤەکردن وەربگیرێت . بۆ نموونە؛ ئەگەر بابەتێکی (پەیوەست بەدابەزینی ئاستی خوێندن) شرۆڤە بکرێت، دەکرێت قسە لەسەر ڕاهێنان و پەرەپێدانی توانای مامۆستایان بکرێت بەچارەسەر بۆ توێژاڵ (ڕەهەند)ی یەکەم. لەئاستی دووەمیـشدا گۆڕینی سیستمی خوێندن، پێداگۆجی بەچارەسەرێکی قووڵتر سەیر دەکرێت. لەئاستی سێیەمیشدا باس لەبەهێزکردنی ڕۆڵی خوێندکار دەکرێت و مامۆستا چیتر نەبێتە ناوەندی پڕۆسەی خوێندن، واتە گۆڕینی پارادایم و بیرکردنەوەی باو بۆ مامۆستا و خوێندکار. لەئاست و توێژاڵی چوارەمیشدا، بیر و باس لە ئەفسانە و چیرۆکە باوەکانی ئەم بوارە بکرێت. بۆ نموونە؛ گوزارەی (مامۆستا هەموو کاتێک باشتر و زیرەکترە لەخوێندکارەکانی و... هتد)، لەبەرامبەردا چیرۆک و ئەفسانەی بونیادنەری نوێ دروست دەکرێت. بەم شێوەیە بەگرێدانی سەرجەم ئەم توێژاڵ و ئاستانە، دەتوانرێت چارەسەری قووڵ و دوورمەودا (ئایندەیی) بۆ کێشەکان بدۆزرێتەوە.

هەولنامەی کتێب

لەمیتۆد و ڕەهەندی پێکەوەییدا، ئامانجی دیاریکراوی خاوەن بەر ژەوەندی یان پرۆژەکە ڕۆڵی سەرەکی هەیە لەکۆکردنەوەی ئایندەناسەکان و خاوەن بەرژەوەندییەکان بۆ دروستکردنی دیدێکی پێکەوەیی بۆ ئاینده. هەوڵی سەرەکی لێرە، گەشەپێدانی پێشبینییەکانە بۆ ئەگەر و خوازراوەکان لەسەر بنەمای خاوەن بەرژەوەندی.



داڤنشی

## پێنجەم : دروستکردنی ئەڵتەرناتیڤ

لەم پرنسیپەدا گرنگترین میتۆدی بەکارهاتوو، سیناریۆیە. میتۆدی سیناریۆسازی کە ئێستا (حاضر) لەبەردەم چەندین ئایندەی جیاوازدا دەکاتەوە، ئاستی ناڕوونیی ئایندە گەمارۆ دەدات و مەترسییەکانی بەزانین و ناسینی کەم دەکاتەوە، سەرەنجام ئامادەکاریی عەقڵی بۆ پێشبینیی ئایندە پەرە پێدەدات.

بۆ دارشتنی سیناریۆش، چەندین تەکنیکی جیاواز هەیە: یەکەمیان فرەچەشنە، دووەمیان دوو گۆڕاو (متغیر)، سێیەم کە وەک سیناریۆی نموونەیی دەناسرێت و باس لەبەردەوامیی گەشەسەندن دەکات، چوارەمیان دارمانی ئێستایە، پێنجەمیان بەردەوامبوونی دۆخەکەیە، شەشەم گوزەرکردنە بەرەو دۆخێکی نوێ. تەکنیکی دیکەش پەیوەستە بەرەهەندی جیاوازەوە: سیناریۆی خوازراو (ئەوەی دەمانەوێت)، سیناریۆی رەتکراوە (نامانەوێت)، سیناریۆی تێکەڵە لەنێوان خوازراو و رەتکراودا، رەهەندی کۆتاییش (سیناریۆی دوور)ە.

## شەشەم : گوزەرکردن بەرە و ئایندە

لەم قۆناغەدا، ئایندە خەریکە بەرەو بژاردە خوازراوەکانمان چڕدەبێتەوە. لێرەدا سێ میتۆدی سەرەکیی کارکردن هەیە : میتۆدی دیدگەیی (visioning)، میتۆدی پەخشکردن (backcasting)، میتۆدی تێپەڕاندن (transcened) ( (٤/٤٨-٥٨).

## میتۆدی دیدگەیی

دید و بەدیدگاییبوون لەبواری لێکۆڵینەوەی ئایندەییدا، مەسەلەیەکی ژیانییە. دیدەکان؛ کەس و گرووپەکان هان دەدات لەچوارچێوەی (ئێستا) دەربچن و بیر لەئەگەرەکانی ئایندە بکەنەوە، هەروەها پێیان دەڵێت کەی پێویستە ئامانجە کورتمەوداکان بکرێنە قوربانی ئامانجە دوورمەوداکان.

بۆ پێشخستن و گەشەپێدانی دید، سێ رێچکەی سەرەکی هەن: شیکردنەوە لەرێگای سیناریۆوە، شیکردنەوە لەرێگای پرسیارەوە، شیکردنەوە لەرێگای وێناکردنی داهێنانەوە (creative visualization).

لەمیتۆدی شیکردنەوە لەرێگای سیناریۆدا، سەرەکیترین بابەت؛ سیناریۆی خوازراوە کە پێمان باشە و پەسەندە و هەوڵی بۆ دەدەین، ئەم سیناریۆیە لێرەدا دروستکەری سەرەکیی دیدەکەیە.

سەبارەت بەمیتۆدی دید لەرێگای پرسیارەوە، لێرەدا چەندین پرسیار ئاراستەی خۆمان دەکەین، بەوەڵامدانەوەیان؛ وێنای ئەو دیدەمان بۆ گەڵاڵە دەبێت. بۆ نموونە؛ دەپرسین: پێویستە رۆڵی خوێندنی باڵا لەبازاڕی کاردا چۆن بێت؟ پەیوەندیی لەگەڵ بازاڕی کاردا چۆن بێت؟ چ جۆرە پێداگۆجییەک ئەوکارە دەکات؟ مامۆستاکانی پێویستیان بەچی دەبێت؟ شێوەی لێوەرگرتنی خوێندکار چۆن بێت؟ ئەم پرسیارانە و هیی دیکەش، دیدێکی ئایندەییمان بۆ گەڵاڵە دەکەن و بەئامانجی سەرەکیمان دەمانبەستێتەوە.

میتۆدی سێیەم کە وێناکردنی داهێنانە، لێرەشدا جەختکردن لەسەر ئایندەی خـوازراو؛ کاری سەرەکییە کە تێایدا داوا لەکەسەکان دەکرێت چاویان دابخەن و خۆیان بـەرەو ئایندە بـەرن، چەند پرسیاری سەرەکی لەکەسەکە دەکرێت، بۆ نموونە؛ چەند ساڵ لەپێشەوەی ئێستادایت؟ کوردستان چۆن دەبینیت؟ پەیوەندیی هێزە ناوخۆییەکان چۆنە؟ سەروەری یاسا و دادی کۆمەڵایەتی لە چ ئاستێکدایە؟ ئاشکرایە پرسیارەکان بۆ ئەوەیە کە (ئەو ئایندەیەی خوازراوە، بەوێناکردن) ببینرێت، زیاتر گفتوگۆیە لەگەڵ حەز و بیرە شاراوەکانی کەسەکە. لەکۆتاییدا دوای وەڵامدانەوەی پرسیارەکان، نەخشەیەکی گریمانەیی دیدەکەمان لاگەڵاڵە دەکات.

### میتۆدی پەخشکردن (back casting)

ئەم میتۆدە لەلایەن (ئەلیس بۆلدین)ەوە ساڵی ١٩٩٥ گەشەی پێدرا، دوای دروستبوونی دیدێک بۆ ئایندە سەبارەت بەبابەتی دیاریکراو، قۆناخی پەخشکردن واتە گواستنەوەی دیدەکان بۆ ئەو ئایندە خوازراوەی کە دیاری کراوە. دەستپێکردنی ئەم پرۆسەیە، پێویستی بەدانان و جێبەجێکردنی پلانێک و تەرخانکردنی بودجەیەک دەبێت. لێرەدا گرنگە ئاماژە بەوە بکرێت کە مەرج نییە ئایندەی خـوازراو ئایندەیەکی باش بێت، بەڵکوو بۆ ئایندەی خراپیش دەکرێت جێبەجێ بکرێت. بۆ نموونە؛ کاتێک بمانەوێت بزانین بۆچی و چۆن گەیشتینە ئەم دۆخە ناپەسەندەی ئێستا؟ بەلێکۆڵینەوە لەو دۆخ و سیناریۆیانە دەبێت کە ئێمەی گەیاندە ئێستا کە ئایندەیەکی نەخوازراوە بۆ ئەو ڕابردووە.

### میتۆدی تێپەڕاندن (transcened)

ئەم میتۆدە بەشێوەیەکی تایبەت بۆ ئەو دۆخە دانراوە کە دیدەکان بەریەک دەکەون یان دژ بەیەک دەبن، واتە دوو دیدی بەهێز لەیەک کایەدا کار دەکەن، تووشی بەرکەوتن دەبـن. کـاری سەرەکی لێرەدا ئەوەیە هـەردوو دیدەکە پێویستە سازش بۆیەک نەکەن، بەڵکوو بەپێچەوانەوە لەڕێگای گێژەڵووکەی زەینییەوە ئەڵتەرناتیڤێکی نوێی داهێنەرانە کە هەردوو دیدەکە لەخۆ بگرێت، بۆ تێپەڕاندنی دۆخەکە دروست دەکرێت.

٢. چوارچێوەی چەمکی ڤۆرۆ بۆ لێکۆڵینەوەکانی ئایندە (foresight)

ئەم چوارچێوەیە لەبنەڕەتدا لەلایەن (میتبێرگ هۆرتن) و (سـلاوتـەر)ەوە دانـراوە، بـەڵام ساڵی ٢٠٠٣ لەلایەن جۆزێف ڤۆرۆوە گەشەی پێدرا. بەپێی ئەم چوارچێوەیە، پرۆسەی ئایندەناسی لەچوار قۆناغی سەرەکی پێک دێت: (تێکردن ـ داخڵکردن) (input)، خودی پرۆسەی کار لەسەر ئایندەناسی (forsight work)، قۆناغی بەرهەم (output)، دوا قۆناغیش ستراتیژە (٨/١١).

**قۆناغی (تێکردن ـ داخڵکردن) (input)**

لەم قۆناغەدا داتا و زانیاریی پێویست لەسەر بابەتەکە کۆدەکرێتەوە. لێرەدا چەندین تەکنیک بەکار دێت وەک دەلفی و پانێل کە ئامانجی سەرەکی کۆکردنەوەی زۆرترین ڕا و داتا و زانیارییە، بۆ ئەوەی وەک سلاوتەر دەڵێت: (ئایندەی نزیکمان لادروست بێت). لێرەدا ژینگەی کێشەکە، واتە سەرجەم زانیاری و پەیوەندی و دۆخ و... هتد، دیراسە و ڕووپێو دەکرێت کە هەندێک بەڕووپێوی ستراتیژی ناوی دەبەن، هەندێکیش تەنها چەمکی ڕووپێوی ژینگەیی بۆ بەکار دەهێنن.

**قۆناغی کاری دووربینیکردن (foresight work)**

لەم قۆناغەدا پرۆسەی دروستکردن و داڕشتنی دووربینی (ئایندەبینی) گەڵاڵە دەکرێت، خودی پرۆسەکە لەنێوخۆدا بەسێ قۆناغدا: (شیکردنەوە، شرۆڤە و پێشبینی)دا تێدەپەڕێت.

لەقۆناغی شیکردنەوەدا، بەسوود وەرگرتن لەو داتا و زانیارییانەی کۆ کراونەتەوە و داخڵ کراون، هەوڵ دەدرێت وەڵامی پرسیارە سەرەکییەکەی ئەم قۆناغە بدرێتەوە: (چی ڕوودەدات؟) لێرە هەوڵی دەربازبوون لەو شڵەژانە دەدرێت کە بەهۆی داتا و زانیارییە فراوان و هەندێکجار دژبەیەکانەی کە لەبەردەم شرۆڤەکاردا دەبێت و هەنگاوێکی سەرەتاییش بۆ داڕشتنی ڕێسای بچووک دەنرێت. تەکنیکە بەکارهاتووەکان لێرەدا شرۆڤەی ئاڕاستەکان و ڕێکخستنی کاریگەری یەکتربڕ و.. . هتد، دەبن.

بەشێوەیەکی گشتی شرۆڤەکردنەکە باس لەکێشە سەرەکییەکانی کۆمەڵگە دەکات کە پێشینەی هەیە، بەڵام گرنگە لێرەدا توانای جیاکردنەوەی ئاڕاستەکانی هەبێت، هەروەها توانای ناساندنی گەورەبوونی ئاڕاستەیەک کە بەرەو ڕەوتی سەرەکی (mainstream) دەڕوات و ناساندنی بەریەککەوتنی ئاڕاستەکانی هەبێت. دوورنییە لەشرۆڤەکەدا هەڵسەنگاندنی ئاڕاستەکان بەرەو لاوازبوون یان نەمانی ئاڕاستەیەک بڕوات، دیارە سەرجەمیان پەیوەستن بەقەبارەی داتا و زانیارییەکان و پسپۆڕی و توانای شرۆڤەکردنی زانستییەوە.

لەقۆناغی ڕاڤەکردندا کە پاش شیکردنەوە دێت، پرسیارەکە دەگۆڕدرێت بۆ پرسیاری وردتر و سنووردارتر: (لەواقعدا چی ڕوودەدات؟) بەدوورخستنەوەی هەندێ ئەگەری قۆناغی پێشوو، لێکدانەوەی قووڵتر بۆ هۆکارە جیاوازەکان و خوێندنەوە، وەڵامێکی جیاوازمان دەست دەکەوێت. قووڵبوونەوە و میتۆدی ڕەخنەگرتن و شرۆڤەی توێژاڵەکانی هۆکار و بیرکردنەوەی سیستماتیکی، هێمای سەرەکی ئەم قۆناغەن.

قۆناغی پێشبینیکردن کە دواهەمین قۆناغی ئایندەبینی و دووربینییە. لێرەدا پرسیاری سەرەکی (ڕەنگە چی ڕوو بدات؟) لەم قۆناغەدا، تەکنیکەکانی سیناریۆسازی و بەدیدگاکردن (visioning) و پێوانەیی (normative) بەکاردێن و تاقی

دەکرێنەوە، بۆئەوەی لەکۆتاییدا ئایندەکان لەسەرجەم ڕووەکانی خوازراو، ئەگەری و گریمانەیی وێنا بکرێت. بەکۆتاییهاتنی پێشبینیکردن، قۆناغی کار و دووربینی کۆتایی دێت.

قۆناغی سێیەم، دەرچە و بەرهەمە (output). لەم قۆناغەدا ئەرکی ئایندەناس دەگۆڕدرێت بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە سەرەکییە: چی پێویستە بکرێت؟ واتە دوای دروستکردنی دیدێک و وێنایەک بۆ جێبەجێکردنی ئەو دیدە، گرنگە وابکرێت بەپراکتیکیش جێبەجێ بکرێت، بەوەی لەسەرەتادا بزانرێت کە پێویستە چی بکرێت. تەکنیکەکانی وۆرکشۆپ و نمایشکردن (پرێزنتەیشن) و ئامادەکردنی ڕاپۆرت، چەند میتۆدێکی کاری ئەم قۆناغەن.

قۆناغی ستراتیژ، دوا قۆناغی پرۆسەی دووربینیکردنە. پاش ئەوەی وێناکردن و بژاردە خوازراوەکان بەڕوونی ئامادەدەبن، لەستراتیژدا جێبەجێ دەکرێن. ئەم قۆناغە، وەڵامی ئەم دوو پرسیارە سەرەکییە دەداتەوە: (ئێمە چی دەکەین؟ چۆن دەیکەین؟) دیارە گرنگە لێرەدا ئاگامان لەوەبێت کە پێویستە دووبارە هەڵسەنگاندنەوەی بەردەوام بۆ ئامانجەکانمان لەنێوان قۆناغی داخڵکردن (چوونەنێو – input) و بەرهەمدا (دەرچە – output) بکرێت، ئەمەش بەمەبەستی دڵنیابوون لەدوورنەکەوتنەوە لەئامانجەکان. ئەو تەکنیکانەی لێرەدا بەکار دێن زۆرن، لەوانە گەشەپێدان و پلانی ستراتیژی، وۆرکشۆپ و سیمینار.

## ئەنجام

دوای ئەم گەشتە کورتە بەنێو مێژووی بیرکردنەوە لەئایندەناسی لای مرۆڤ، دەرکەوتنی کایەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەک بوارێکی مەعریفی، پاشان ئاکادیمی و خستنەڕووی بنەما تیۆرییەکانی ئەم کایە نوێیە و ئەو میتۆد و تەکنیکانەی تیایدا بەکاردێن، دەکرێت چەند دەرئەنجامێک بەدەست بێنین:

١. ئاراستەی بیرکردنەوە لەئایندە زۆر کۆنە، بۆ سەرەتاکانی دەرکەوتنی مرۆڤی عاقڵ دەگەڕێتەوە و شارستانیەتە دێرینەکان و کۆمەڵگەکان تا کۆتایی سەدەی نۆزدەهەم بەشێوە و تەکنیکی جیاواز گوزارشتیان لێکردووە. بەڵام تەنها دوای دەرکەوتنی زانستە نوێیەکانی وەک فیزیا، ماتماتیک و گەشەکردنی نوێی تەکنەلۆژیا، قۆناغی ڕاستەقینەی لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەستی پێکرد.

٢. لەسەرەتای دەرکەوتنی ئەم کایە نوێیەدا، پرسیار لەسەر بەزانستی بوون و بەئەکادیمی بوونی وروژێنراوە، بەڵام هەر زوو وڵاتان پاش کۆتایی شەڕی دووەمی جیهانی، بەهۆکاری پراکتیکی (سەربازی و تەکنەلۆژی و ئابووری)، گرنگییان بەم بوارە نوێیە داوە و دامەزراوەی تایبەت و بودجەیان بۆ تەرخان کرد.

٣. لەشەستەکانی سەدەی ڕابردووەوە، پاش پەسەندکردنی وەک بوارێکی ئەکادیمی، سەرەتای داڕشتنی بناغەی تیۆری بۆ ئەم کایە مەعریفییە دەست پێکرا. ئەم پرۆسەیە تائێستا بەردەوامە و تەواو نەبووە، بەڵام بنەمای

هەولێرنامەی کتێب

گرنگی بۆ دارێـژراوە. ئامانجی سەرەکی تیۆریزەکردنی ئەم بوارە، دوورخستنەوەیەتی لەو ڕەخنانەی کە پێیان وابوو ئەم بوارە یارییەکی (ترف) فیکرییە و بنەمای تیۆری و میتۆدی دیاریکراوی کارکردنی نییە و بۆیە لەڕووی پراکتیکییەوە فێربوونی ئەستەمە.

٤. بیردۆزەکانی ئەم بـوارە، هەوڵی زۆر دەدەن کە ئەم کایەیە بەلایەنی پراکتیکییەوە ببەستنەوە. بەپێی بیردۆزەکان، پرۆسەی بیرکردنەوە و پلاندانی ستراتیژی، چ لەئاستی وڵاتـان یان دامـەزراوەکـان یان کۆمپانیا و کەسەکان، بێ بواری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی و دووربینی کردن؛ ناتەواو و کەموکورتن و بەڵکوو ڕەنگە نەزۆکیش بن.

٥. لای وڵاتان و کەسەکان و دامـەزراوەکـان، بەهۆی ئاڵۆزیی ڕۆژگـاری ئـەمڕۆوە، بـەرزبـوونـەوەی ئاستی نارِوونی و مەترسی لەئێستا و ئایندە، لێکۆڵینەوە ئایندەییەکان وەڵامدانەوەیەکی عەقڵانی و هێمنانە و ئەکادیمیانەن بۆ کەمکردنەوەی ئاستی مەترسییەکان و ڕوونکردنەوەی زیاتری ئەگەر و بژاردەکان، سەرئەنجام بەخشینی بڕێک لەئارامی و دڵنیایی و باوەڕ بەرامبەر بەخوێندنەوە و دروستکردنی ئایندەشە.

### سەرچاوەکان

1. ARIEL, AMELIA, FORSET STYDU; A CAUSAL LAYERED ANALYSIS, JOURNAL OF FUTURES STUDIS, JUNE 2010, VOL14, NO4.. https; jfsdigital.org/wp.

2. Dennis loveridge. Foresight, the art and science of anticipating the future ..first published 2009. New york.

3. DIRD MEISSER, LENID GOKHBERG AND OTHERS. SCIENCE, TOCHNOLOGY AND INNOVATION POLICY FOR THE FUTURE..MOSKOW 2013.

4. Inayatullah, sohail, futures studies, theories and methods. https://www.researchgate.net/publication/281595208

5. JENNIFER M GIDLEY. A FUTURE, A VERY SHORT INTRODUCTION., OXFORD, 2017.UNITED KINGDOM, FIRST EDITION.

6. JENNIFER M GIDLEY, GLABAL KNOWLEDGE FUTURE, INTERNATIONAL REVIW, JUNE 2012, VOL.9.NO 2. http;//jstor.org.terms.

7. Masisi, elenoro Barbara. The relationship between futures studies and social science, http;//abuot.jstor.org/terms.

8. SLAUGHTER A RICHARD. NEW THINKING FOR A NEW MILLENNIUM.USA, CANADA.FIRST PUBLESHED 1996.

9. TUOMO KUOSA PRACTISING STATEGIC FORESIGHT IN GOVERNMET, SINGAPOR. 2011, FIRST EDITION.

10. Wendell bell. Foundations of futures studies. new york 2009.fifth edition.

11.Voros, joseph. A generic foresight process framework, foresight journal vol.6, no 4, pp,102004 .21–. http;//www.emaraldinsight.com/fs.htm

12. Oxford advance learners dictionary, oxford university 1997, fifth edition, p1050.



# کۆتایی ئەفسانەی شۆڵۆخۆف

نووسینی: د. جەودەت هۆشیار
وەرگێڕانی: سەباح ئیسماعیل

بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی ڕۆمانی «دۆنی ئارام» کە ساڵی ١٩٢٨ز دراوەتە پاڵ میخائیل شۆلۆخۆڤ، بووە ڕووداوێکی ئاوارتەی زۆر سەیر لەئەدەبی ڕووسیدا. ئەو ڕۆمانە ڕۆمانێکی داستانیی مەزنە، ڕاستگۆیانە و بەقووڵی وێنای ژیانی گەلی قەوقاز لەدەڤەری دۆن دەکات، پێش و کاتی یەکەمین جەنگی جیهانی و بەرخودانی پاڵەوانانەی هێرشی بەڵشەڤی لەماوەی شەڕی ناوخۆییدا کە دوای شۆڕشی ئۆکتۆبەر ١٩١٧ز ڕووی دا.

ئەم ڕۆمانە کارەکانی سوپای سووری بەربەری لەبەرامبەر دانیشتووانە قۆزاقەکان و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکیاندا و کۆچپێکردنیان و پاکتاوی جەستەیی سەرکردە و ڕووناکبیرەکانیان ڕسوا دەکات. هەڵبەت نووسەرێکی بەلشەڤی نەیدەتوانی ڕۆمانی وا بنووسێت، بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی نووسەری ڕۆمانەکە تەواو دژ بەوەیە لەکارەکانی نووسەرانی ڕووس لەو سەردەمەدا باو بوو، لەپیاهەڵدان بەقارەمانێتیی سوپای سوور لە لەناودانی دوژمنانی شۆڕش.

ڕۆمانەکە هەڵدانە بەسەردەمی تزاردا، لەکاتێکدا هەڵمەتی ستالینیزم بۆ سەر شارەزایانی ژیاندیتەی (مخضرم) سەردەمی تزار توند بووەوە و دادگایی کردن بەتۆمەتی دژایەتیکردنی ڕێژیمی بەڵشەڤی و سیخوڕیکردن و وێرانکردنی ئابوورییەکەی.

باشە چۆن نووسەرێکی گەنجی بێناوی بەڵشەڤی دەتوانێت ڕۆمانێکی وا دژ بەشۆڕش بنووسێت؟ ئەی چۆن ڕێژیمی بەڵشەڤی ڕێگەی بڵاوکردنەوەیدا؟ چما شۆلۆخۆڤ بەڕاستی نووسەری ئەم ڕۆمانەیە؟ ئەی نووسەری ڕاستەقینەی کێیە؟ ئەم مەتەڵانە جێگەی سەرسووڕمانن، بەدرێژایی نەوەد ساڵی ڕابردوو ژمارەیەکی زۆر لەتوێژەرانی ڕووس و بیانی هەوڵیاندا وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە.




دۆنی ئارام

ئەم ڕۆمانە کارەکانی سوپای سووری بەربەری لەبەرامبەر دانیشتووانە قۆزاقەکان و دەستگرتن بەسەر ماڵ و موڵکیاندا و کۆچپێکردنیان و پاکتاوی جەستەیی سەرکردە و ڕووناکبیرەکانیان ڕسوا دەکات. هەڵبەت نووسەرێکی بەلشەڤی نەیدەتوانی ڕۆمانی وا بنووسێت، بۆچوونی ئایدیۆلۆژیی نووسەری ڕۆمانەکە تەواو دژ بەوەیە لەکارەکانی نووسەرانی ڕووس لەو سەردەمەدا باو بوو، لەپیاهەڵدان بەقارەمانێتیی سوپای سوور لە لەناودانی دوژمنانی شۆڕش



## پرۆژەی ڕۆمانێکی مەزنی نووسەرێکی پرۆلیتاری

شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ بەرەو پێشچوونی سروشتیی ئەدەبی ڕووسیی وێران کرد، ئەویش بەپەیڕەو کردنی پرانسیپی «بەحزبی بوونی ئەدەب»، یاخود بەمانایەکی دیکە ئابلووقەی ئـەدەب لـەچـوارچـێـوەی بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانی حزبی بەڵشەڤیدا. بەڵشەڤییەکان ڕێنمایی یەکلاکەرەوەیان بەسەر ئەدەبدا سەپاند، ئیدی ئەوی لـەدەرەوەی ئەم چوارچێوەیە بیری بکردایەتەوە و بینووسیایە ستەمی لێ دەکـرا، ئەمەش بـووە هۆی کۆچی دیارترین نووسەرانی ڕووس بۆ وڵاتانی ئەوروپا و ئەمریکا. ئەوەیشی لەناوەوە مایەوە، دەبوو لەگەڵ ئەو واقعە نوێیە هەڵبکات و شتێک بنووسێت سەرسامیی، یاخود بێدەنگیی دەسەڵاتی بەدەست بهێنایە.

حزبی بەڵشەڤی پێویستی بەڕۆمانێکی مـەزن بـوو لەئاستی «جەنگ و ئاشتی»ی لیڤ تۆڵستۆی، بەو مەرجەی دانەرەکەی بەڵشەڤی و لەنێوەندی پرۆلیتاری بێت. بەدرێژایی دەیەیەکی تـەواو لە تەمەنی ڕێژیمی بەڵشەڤی تاقە نووسەرێکی بلیمەتی پرۆلیتاریی هەڵنەکەوت، وێڕای ئەو هەموو وۆرکشۆپە (داهێنانانەی) یەکێتیی نووسەرانی پرۆلیتار سازیاندا بۆ فێرکردنی نووسینی ئەدەبی بۆ ئەوانەی ئـارەزوویـان لێیە. بەڵام ئەم وۆرکشۆپانە نوشوستی گەورەیان هێنا. لەهەمان کاتدا نووسەرانی ڕووس لەتاراوگە کاری ئەدەبیی نایابیان بڵاودەکردەوە. ئەمەش بەڵگەی بەپیتیی ئەدەبی ڕاستەقینەی ڕووسی و هەژاری و کلۆڵیی ئەدەبی پرۆلیتاری بوو.

لـەمـاوەی جەنگی ناوخۆییدا لـەنـاوچـەی دۆن، نووسەرێکی ناسراوی قەوقازی لەسوپای سپی ئەفسەر بـوو بەدیل کەوتە دەست جەنگاوەرانی سوپای سوور. ئەو ئەفسەرە جانتایەکی



مەیدانیی هەڵگرتبوو، دەستنووسی ڕۆمانێکی قەبەی تێدا بوو، بەناونیشانی «دۆنی ئارام».

بەڵشەڤییەکان وەکو هەموو جارێک نەریتیان بوو ژیانی دیلەکان نەپارێزن، زۆری نەبرد گوللەبارانیان کرد. دەستنووسی ڕۆمانەکە خرایە بەردەست نووسەری قەوقازیی کۆمۆنیستی ناسراو ئەلیکساندەر سیراڤیمۆڤیچی نزیک لەکرملین، درکی کرد ڕۆمانێکی لەبەردەستە هێزێکی هونەریی دەگمەنی لەخۆ گرتووە. بەڵام ئەستەم بوو بەناوی نووسەرە ڕاستەقینەکەیەوە، یاخود بەناوی سیراڤیمۆڤیچ خۆیەوە بڵاوبکرێتەوە، تەنانەت ئەگەر ڕۆمانەکە لەسانسۆریش دەرچوو. کەواتە چار چییە؟ ڕۆحی کڵپەسەندووی سیراڤیمۆڤیچ دنەی دەدا و بەپێویستی دەزانی ڕێگە لەبەردەم ئەم کتێبە مەزنەی دەربارەی قەوقازەکانی دۆنە تەخت بکرێت. لەمەدا تەنیا نووسەرێکی تازەکاری پرۆلیتاری دەتوانێت ئەم هەڵوێستە ڕزگار بکات.. شۆڵۆخۆڤ نزیک بوو لەسیراڤیمۆڤیچەوە (دەڵێن گوایا کوڕی ناشەرعیی خۆی بووە)، تەواو باش بوو بۆ ڕۆڵی نووسەرێکی تازەکاری بلیمەتی بەڵشەڤی. ئەمەش تەواو هاوئاواز بوو لەگەڵ ئاواتەکانی نووسەرانی پرۆلیتاری و بۆچوونە ئایدیۆلۆژییەکانی حزبی دەسەڵاتدار.

سیراڤیمۆڤیچ بڵاوکردنەوەی ڕۆمانەکەی خستە بەردەم بەرپرسە بەڵشەڤییەکەی ڕۆشنبیری، تاکو ڕۆمانەکە بەناوی شۆڵۆخۆڤەوە بڵاوبکرێتەوە، بەو مەرجەی بۆ ئەم ڕۆڵە ساز و ئامادە بکرێت، بەڵام ئەوەشی پێگوت کە شۆڵۆخۆڤ تەنانەت خوێندنی سەرەتاییشی تەواو نەکردووە، بەرپرسەکە وەڵامی داوە: «باشتر».

شۆڵۆخۆڤ توانای ئەوەی نەبوو شتێکی بەهادار بنووسێت، بۆیە ڕوو لەکۆمەڵێک لە(نووسەرانی تارمایی) نرا ئامادەکاریی بکەن بۆ دەرخستنی نووسەرێکی بلیمەتی تازەکار.

لەبەراییدا سێ وتار بەناوی شۆڵۆخۆڤەوە بڵاوکرانەوە، پاشان دوو کۆمەڵە چیرۆک، ئەوانیش «چیرۆکەکانی دۆن» ساڵی ١٩٢٥ و «دەشتی ئازۆڤ» ساڵی ١٩٢٦.

نووسەرانی تارمایی بەئەنقەست ئەم دوو کۆمەڵە چیرۆکەیان لەچەندین کۆپلە لەدەستنووسیی ئەسڵیی ڕۆمانی «دۆنی ئارام» و لەکارە بڵاوکراوەکانی نووسەری ڕاستەقینەی ڕۆمانەکە، نووسەری مەزنی قۆزاخ فیۆدۆر کریۆکۆڤ پڕکردەوە، بۆ ئەوەی وا دیار بدات ئەو ڕۆمانەی دواتر بەناوی شۆڵۆخۆڤەوە بڵاودەکرێتەوە، گەشەسەندنێکی سروشتیی شێوازی بێت. کەچی ئینجاش ئەو دوو کۆمەڵە چیرۆکە پێکدژی و هەڵەی گەورەیان تێدا بوو، ناکرێت نووسەرێکی گەورەی قەوقازیی وەک فیۆدۆر کریۆکۆڤ هەڵەی وا بکات.

## پرسیار و گومان

یەکەمین واتەوات دەربارەی درۆنوێنی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی ڕۆمانەکە لەساڵی ١٩٢٨دا دەرکەوت. نووسەر لەم بەشەدا باسی ڕووداوەکانی



یەکەمین جەنگی جیهانی و شەڕی ناوخۆ لەنێوان هەردوو سوپای سپی و سوور لەناوچەی دۆندا دەکات. بەڵام لەگەڵ هەڵگیرسانی یەکەمین جەنگی جیهانیدا تەمەنی شۆلۆخۆڤ نۆ ساڵ و لەگەڵ کۆتاییهاتنی شەڕی ناوخۆدا چواردە ساڵ بوو، نەدەکرا و ناکرێت زانیاریی لەسەر ئەو ڕووداوانەی بەو قۆناغەوە پێوەستن هەبێت. سەرەڕای ئەوانەش، شۆلۆخۆڤ هیچی دەربارەی بزاڤی سپی و سەرکردەکانی نەدەزانی، لەکاتێکدا ڕۆمانەکە وردەکاریی ئەتنۆگرافیی دەگمەن و زانیاری وردی لەسەر کۆمەڵگەی قۆزاخ تێدان.

شۆلۆخۆڤ ئینتیمای بۆ قۆزاق نەبوو، نە بەخوێن، نە بەپەروەردە، تەنیا خەڵکی دەڤەری ڕیزان بوو. لەسێی سەرەتایی وازی لەخوێندن هێنا، لەکاتێکدا نووسینی ڕۆمانێکی وا پێویستی بەشارەزایی لەژیان و ئاستێکی دیاریکراوی فێرکردن هەیە. بۆیە زۆرێک گومانیان لەتوانای کەسێکی نیمچە نەخوێندەوار دەکرد هێشتا تەمەنی بیست و یەک ساڵە، بتوانێت کارێکی ئەدەبیی وا گەورە بەم قووڵاییە سایکۆلۆژیە بنووسێت.

شۆلۆخۆڤ ئەو توانایەی نەبوو پشت بەتێبینیی کەسێنیی ببەستێت، یاخود لێکۆڵینەوەی کارە مێژووییەکان بکات (تا ڕادەیەک لەو کاتەدا هیچ یەک لەوانە نەبوون). شۆلۆخۆڤ کتێبی نەدەخوێندەوە و کەسێک ڕۆژێک لەڕۆژان نەیبینی کتێبێکی بەدەستەوە بێت. سەرسووڕمان داماندەگرێت ئەگەر زانیمان لە»دۆنی ئارام«دا یانزە هێڵی گێڕانەوە و هەزار کاراکتەری ڕۆمان هەن لەنێویاندا ٣٥٠ یان بەناوی ڕاستەقینەی خۆیانەوەن لەژیاندا، ئەمەش کارێکی نەکردە و ناواقعییە.

ناکرێت ڕۆمانێکی داستان ئامێزی وا یەکەمین ڕۆمانی نووسەرێکی تازەکار بێت، نیمچە نەخوێندەوار، تەنانەت ئەگەر بلیمەتیش بێت، ئاخر هیچ بلیمەتێکیش ناتوانێت ژیانی قەوقاز وەسف بکات و شەڕە سەربازییەکان بەهەموو وردەکارییەکانییەوە لەدیدی جەنگاوەرێکی قۆزاقییەوە لەڕیزەکانی سوپای سپی، وێنە بگرێت. نووسەرێکی بلیمەتی وەک لیف تۆلستۆی نەیدەتوانی ڕۆمانی «شەڕ و ئاشتی» (١٨٦٩ز) بنووسێت، ئەگەر بەخۆی لەشەڕی قرمدا بەشداریی نەکردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا نووسینی ئەم ڕۆمانە داستان ئامێزە پانزە ساڵی خایاند. ئەم ڕۆمانەش یەکەمین کاری ئەدەبیی ئەو نەبوو، بەڵکو سێیینەی «منداڵی» ١٨٥٢، «هەرزەکاری» ١٨٥٤، «لاوی» ١٨٥٧ پێشی کەوتبوو.

### بەندوباوە ئابلووقەی شۆلۆخۆڤ دەدەن

بەندوباوی بەهێز هەبوو دەیگوت، شۆلۆخۆڤ لەڕەوشێکی نادیاردا دەستی بەسەر دەستنووسی ڕۆمانێکی ئەفسەرێکی سپی نەناسراودا گرتووە، لەلایەن بەلشەڤیکەکانەوە گوللەباران کراوە. سیراڤیمۆڤیچ بەرگری لەشۆلۆخۆڤ کرد و گوتی: «ئەو بەندوباوانە بوختانی بێمانان، لەئیرەیییەوە دێت بەلاوێکی بلیمەت».

ئەو واتەواتانەی شۆلۆخۆڤیان ئابلووقە دابوو ژیانیان لێکرد بەدۆزەخ. لەساڵی ١٩٢٩دا شۆلۆخۆڤ داوای لەدەسەڵاتی سۆڤیەت کرد سنووریک بۆ ئەو واتەواتانە دابنرێت، ئەوەبوو بەفەرمانی ستالین لیژنەیەک پێکهێنرا بۆ پێداچوونەوە بەپرسی خۆکردنە خاوەنی شۆلۆخۆڤ بۆ رۆمانی «دۆنی ئارام».

لیژنەکە بەسەرپەرشتیی ماریا ئۆلیانۆڤای خوشکی لینین بوو، هەروەها هەر یەک لە سیراڤیمۆڤیچی نزیک لەکرملین و چەند نووسەرێکی بەرچاوی لەخۆ گرت. دەبوو شۆلۆخۆڤ بەپەلە دەستنووسی رۆمانەکە بداتە لیژنەکە، کاتێک دەستنووسە ئەسڵەکە بەخەتی دانەری راستەقینەی نووسرابوو، شۆلۆخۆڤ ناچار بوو کۆپیی رۆمانە ئەسڵەکە بکات و دەستنووسێکی پێشکەش بەلیژنەکە کرد دەرکەوت لە لایەن سێ کەسەوە لەبەری گیراوەتەوە (شۆلۆخۆڤ و ماریای هاوسەری و خوشکی هاوسەرەکەی).

دەستنووسە ئەسڵەکە بەپێی رێنووسی کۆنی رووسی نووسرابوو، لەکاتێکدا دەستنووسە لەبەرگیراوەکە بەپێی رێنووسی نوێ بوو و لەگواستنەوەدا هەڵەی پێکەنینهێنەری تێدا کرابوو، بۆ نموونە، لەئەسڵەکەدا وشەی سپێکتەر «رەنگەکانی شەبەنگ» شۆلۆخۆڤ لەم وشەیە تێنەگەیشتبوو، لەبری ئەوە نووسیبووی (سکێپتەر)، کە وشەیەکە هیچ مانایەکی نییە. هەڵەی لەم بابەتە لەکاتی لەبەرگرتنەوەدا زۆر کراون لێرەدا بواری ناوهێنانیان نییە. زۆربەی ئەندامانی لیژنەکە گومان دایگرتبوون، تەنانەت ئەلکسی تۆڵستۆیی ئەندامی لیژنە بۆ دەرەوەی مۆسکۆ سەفەری کرد و ئامادە نەبوو. چەندێک یەکێک لەئەندامانی خانەوادەکەی پرسیاری لێ بکردایا کێ دانەری «دۆنی ئارام»ـە؟ بەپێکەنینەوە وەڵامی دەداوە: بێگومان میشکا نییە (ناوی کورتکراوەی میخائیلە). هەندێک دەیانگوت هەڵوێستی ئەلکسی تۆڵستۆی لەئیرەییەوە




دۆنی ئارام

یەکەمین واتەوات دەربارەی درۆنوێنی لەگەڵ بڵاوکردنەوەی بەشی یەکەمی رۆمانەکە لەساڵی ١٩٢٨دا دەرکەوت. نووسەر لەم بەشەدا باسی رووداوەکانی یەکەمین جەنگی جیهانی و شەڕی ناوخۆ لەنێوان هەردوو سوپای سپی و سوور لەناوچەی دۆندا دەکات



دێت. ڕاستی شۆڵۆخۆڤ لەدۆخێکدا بوو جێگەی ئیرەیی نەبوو، لەژێر سێبەری ترسی هەمیشەییدا لەئاشکرا بوون دەترسا. بەدرێژایی ژیانی لەدڵەڕاوکێ و خەمۆکیدا بوو. پێدەچێت ئەم ترسە وای لێ کردبێت هەموو ژیانی سەرخۆش و ئالوودە بێت.

لیژنەکە نەیتوانی بەئازادی کاربکات، ئەمەش لەسۆنگەی ئەو فەرمانەی لەلایەنێکی بالاوە پێیان گەیشت، شۆڵۆخۆڤ بەدانەری ڕۆمانەکە دابنرێت. لەهەمان کاتدا ڕۆژنامەی پراڤدای ئۆرگانی حزبی دەسەڵاتدار نووسیبووی: «ئەوی بوختان بۆ شولۆخۆڤ بهۆنێتەوە دوژمنی دەسەڵاتی سۆڤیەتە». ئەوەش ئاگادارکردنەوەیەک بوو بۆ هەموو ئەوانەی قەناعەتیان بەوە نەبوو شۆڵۆخۆڤ دانەری ڕۆمانی دۆنی ئارامە. ئیدی ئەوانی گومانیان هەبوو بێدەنگ بوون، بۆ خۆ دوورخستنەوە لەدادگایی کردنیان وەک دوژمنی ڕێژیمی ئێستا، بەپێی مادەی ٥٨ لەیاسای تاوانی سۆڤیەتی. ئەو مادەیەی بڕیار لەسەر حوکمدان بە دە ساڵ زیندان دەدات بۆ هەر یەکێک دژی دەسەڵاتی سۆڤیەت بێت.

هەر سێ بەرگی یەکەمی ڕۆمانەکە بەسێ ساڵ نووسران، واتە نووسینی هەر بەرگێک لە ٥٠٠ لاپەڕ پێکهاتووە، نزیکەی ساڵێکی خایاند، لەکاتێکدا بەرگی چوارەم و دوا بەرگ پتر لە دە ساڵ دواکەوتن، چونکە هەندێک هێڵی گێڕانەوە تەواو نەکرابوون، شۆڵۆخۆڤ تیا مابوو، نەیدەزانی چی بکات، بۆیە وازی لێ هێنا.

ئەوەبوو (نووسەرانی تارمایی) کاراکتەری ئەرێنیی بەڵشەڤیان لەسوپای سوور خستە ناو ئەم بەشەوە. لەچاپەکانی دواییشدا ڕۆمانەکە بێبەزەییانە درێنرا و (پاک کرایەوە)، بۆ ئەوەی ئاراستەی سیاسیی بگۆڕن، بەپێی داخوازییەکانی ئەوکات، سەرەڕای پاشکۆیەک لەژێر ناونیشانی «نوێنەرانی گەل لای ستالین»، بەڵام ئەمە نەبووە هۆی ئاڵۆزیی ناکۆکییەکان و دەرکەوتنی کەلێن و دوورکەوتنەوە لەکۆنتێکستی (سیاق) ڕۆمانەکە. ئەم خستنەسەرانە وەک دومەڵیان لێهات بەڕوخسارەوە.

### بەرەو هەڵهێنانی مەتەڵی «دۆنی ئارام»

دۆزی خۆکردنە خاوەنییەکەی شۆڵۆخۆڤ بۆ ڕۆمانی دۆنی ئارام سەرلەنوێ لەحەفتاکانی سەدەی بیستدا سەریهەڵدایەوە، بەڵام ئەمجاریان لەفەرەنسا. ساڵی ١٩٧٤ لەپاریس کتێبێک لەلایەن توێژەری ڕووسی ئەیرینا تۆمۆشیڤسکایاوە بەناونیشانی «مەتەڵی دۆنی ئارام» بڵاوبووەوە. ئەلیکساندەر سۆڵجنتسین پێشەکیی بۆ نووسیبوو، تێیدا دەڵێت: «ڕۆمانی دۆنی ئارام بەتینێکی هونەریی وا نووسراوە ناکرێت بگەین پێی، مەگەر دوای چەندین ئەزموونی نووسەرێکی ڕاهاتوو، شارەزاییەکی زۆری لەنووسینی گێڕانەوەدا هەبێت. لەماوەی چل و پێنج ساڵی دواییدا شۆڵۆخۆڤ نەیتوانی دووبارەی بکاتەوە، نەئەم ئاستە هونەرییە باڵایە، نەیش ئەو شێوازە خێرایە».

هەواڵنامەی کتێب



ئەو توێژەرە لەمیانەی شیکردنەوە و بەراوردی ئەو دەقە بلاوکراوەیەی ڕۆمانەکە ساڵی ١٩٢٨ بەو دەقە بڵاوکراوانەی دواتر، دەریخست جیاوازییەکی گەورە هەیە ئاماژە بەگۆڕین و شێواندن و لادان و خستنەسەری دەقە بنەڕەتییەکە دەکات، لەگەڵ دەرکەوتنی کەلێنی ڕوون پێشتر تێیدا نەبوو، ئەمەش بووە هۆی وێرانکردنی ڕۆمانەکە و پەلوپۆ برینی. ئەو توێژەرە گەیشتە ئەنجامێک ئەوەیە، دەقە بنەڕەتییەکەی ڕۆمانەکە بۆ نووسەری قۆزاقی فیۆدۆر کریۆکۆڤ دەگەڕێتەوە. سۆڵجنتسینیش لەسەر ئەو قەناعەتە بوو کە «دۆنی ئارام» لەدانانی کریۆکۆڤە. سۆڵجنتسین هێندە سەرسام بوو بەم نووسەرە، کردی بەیەکێک لەپاڵەوانانی ڕۆمانی «بازنە سوورەکە». هەروەها لەڕۆمانی «دورگەکانی کۆلاک» باسی کردووە.

ڕۆی میدفیدیڤی توێژەر لەکتێبەکەیدا «ژیانی میخائیل شۆلۆخۆڤ» ساڵی ١٩٧٥ لەپاریس بڵاوبووەوە و وەرگێڕدرایە سەر زمانی فەرەنسی، لەژێر ناونیشانی «دۆنی ئارام بەرەو کوێ دەڕوات؟» پشتگیری لەقسەکانی تۆمۆشیڤسکایا دەکات. میدفیدیڤ دەڵێت: «



پێکدژییەکی بەرچاو لەنێوان ئاستی هونەری و فەلسەفیی دۆنی ئارام و کارە ئەدەبییەکانی تری دراونەتە پاڵ شۆلۆخۆڤ هەیە».

دوای هەڵوەشانەوەی یەکێتیی سۆڤیەت بواری فراوان لەبەردەم توێژەراندا ڕەخسا هەموو ئەوانەی داپۆشرابوون و بێدەنگیان لێ کرابوو، ئاشکرا بکرێن، لێکۆڵینەوە شیکارییەکانی دواتری ژمارەیەک لەباشترین توێژەرانی ڕووس سەلماندیان «دۆنی ئارام» تا سەر ئێسک ڕۆمانێکی سپییە و لەلایەن نووسەرێکی سپییەوە نووسراوە، ئەویش فیۆدۆر کریۆکۆڤە (١٨٧٠–١٩٢٠).

دواتریش دەرکەوت کارەکانی تری شۆلۆخۆڤ «زەویی بەیار» و «لەپێناو نیشتماندا بجەنگن» و «چارەنووسی ئادەمیزاد» لەدانانی «نووسەرانی تارمایی»ن.

## چۆن شۆلۆخۆڤ لەبەردەم نووسەرانی ئەورووپادا خۆی ڕسوا کرد؟

کۆمەڵەی نووسەرانی ئەورووپا، کە لەڕیزەکانیدا پتر لە ١٥٠٠ نووسەری لە ٢٦ وڵاتی ئەورووپیدا هەبوو، لەنێویاندا نووسەرانی وڵاتانی سۆشیالیستیش، لە ٥–٨ ی ئابی ساڵی ١٩٦٣دا کۆنفرانسێکی لەلینینگراد بەناونیشانی «گرفتەکانی ڕۆمانی هاوچەرخ» بەست، گەورە ڕۆمان نووسانی ئەورووپا تێیدا بەشدار بوون، لەنێویاندا ژمارەیەک لەوانەی خەڵاتی نۆبڵی ئەدەبیان وەرگرتبوو.

شاندەکەی سۆڤیەت کە زۆرترین ژمارەی لەخۆ گرتبوو، ٣٥ نووسەری لەگەورە نووسەران و ڕەخنەگرانی سۆڤیەتی لەخۆ گرتبوو (ئیلیا ئیرنبێرگ، ئەلیکساندەر تفاردۆڤسکی، بۆریس سۆچکۆڤ، یوری نجێبین، یوری بۆندارۆڤ، کۆنستانتین سیمۆنۆڤ، یوری تریڤنۆڤ،

دۆنی ئارام




دەستنووسە ئەسڵەکە بەپێی ڕێنووسی کۆنی ڕووسی نووسرابوو، لەکاتێکدا دەستنووسە لەبەرگیراوەکە بەپێی ڕێنووسی نوێ بوو و لەگواستنەوەدا هەڵەی پێکەنینهێنەری تێدا کرابوو، بۆ نموونە، لەئەسڵەکەدا وشەی سپێکتەر «ڕەنگەکانی شەبەنگ» شۆلۆخۆڤ لەم وشەیە تێنەگەیشتبوو، لەبری ئەوە نووسیبووی (سکێپتەر)، کە وشەیەکە هیچ مانایەکی نییە.

ڤاسیلی ئەکسیۆنۆڤ) و ژمارەیەک لەبەرپرسانی ڕۆشنبیریی ئەوکات. بەسەرپەرشتیی ئەندامی مەکتەبی سیاسیی حزب لیۆنید ئیلیچۆڤ. ڕۆژنامە سۆڤێتییەکانی ناوەند، بەتایبەت «ڕۆژنامەی ئەدەبی» ڕاپۆرتی تەواوی لەسەر کارەکانی کۆنفرانس بڵاودەکردەوە، هەروەها چاوپێکەوتن لەگەڵ دیارترین ڕۆمان نووسانی ئەورووپی، تەلەڤزیۆنی فەرمییش دیمەنی زیندووی لەناو کۆنفرانسەکە و پوختەی قسەکانی ڕۆمان نووسە سۆڤیەتی و بیانییەکانی بڵاودەکردنەوە.

لەدالانی کۆنفرانسەکەدا باسی ئەوە دەکرا (ڕازگری ئەدەبی سۆڤیەتی) میخائیل شۆلۆخۆڤیش بەشداریی کۆنفرانسەکە دەکات.

شۆلۆخۆڤ دەیان ساڵ لەشارۆچکەی ڤیشینسکایای باکووری ڕۆستۆڤ دوورە پەرێز دەژیا، لەشوێنە گشتییەکاندا دەرنەدەکەوت و تێکەڵی ناوەندە ئەدەبییەکان نەدەبوو، بەدەگمەن نەبوایا پێشوازیشی لەهیچ نووسەرێک، یاخود ڕۆژنامەنووسێک، یان میوانێکی بیانی نەدەکرد. هەر یەک لەو نووسەرە گەورانەی چاویان پێ کەوتووە، یان سەردانیان کردووە، زۆر پەشیمان بووەتەوە و لەبەرامبەر ڕۆمان نووسێکی «بلیمەت» نائومێد بووە کە ئالوودەی خواردنەوەی ڤۆدگا و کۆنیاک بووە و زۆربەی کات بەدمەست بووە، لەسەر مێزەکەشی هیچ کاغەزێک، دەستنووسێک، کتێبێکی بەرچاو نەکەوتووە.

شۆلۆخۆڤ ئەندامی لیژنەی ناوەندیی پارتی کۆمۆنیستی سۆڤیەت بوو، بەڵام توانای ئەوەی نەبوو گوتارێک شایان بەنووسەرێکی مەزن بێت ئامادە بکات، کەسانێک هەبوون ئەو گوتانەیان بۆ دەنووسی لەم بۆنە و لەو بۆنەدا دەیخوێندنەوە. جارێکیان، دوای ئەوەی لەیەکێک لەکۆنفرانسە حزبییەکاندا گوتاری خوێندەوە، نامەیەکی بۆ ئەندامی لیژنەی ناوەند لیۆنید ئیلیچۆڤ نووسی، تێیدا هاتبوو: «چەپڵەکەت لەگەڵدا بەشدەکەم، من بەو سیفەتەی گوتارەکەم خوێندووەتەوە، تۆش بەو سیفەتەی ئامادەت کردووە».

لەبۆنەیەکی دیکەدا، شۆلۆخۆڤ ئامادەی کۆنفرانسێکی حزبی بوو، نیکیتا خرۆشۆڤ کە سەرۆکایەتیی دانیشتنەکەی دەکرد، بانگی کرد گوتارێک لەکۆنفرانسەکەدا بخوێنێتەوە، شۆلۆخۆڤ دەشلەژێت، لەگەڵ ئەوەشدا سەرکەوتە سەر دوانگەکە (منبر) و زمانی گیرا. پاشان زمانی تێکەڵ بوو و هەندێک کلێشەی ئایدیۆلۆژیی دەربارەی حزبیبوونی ئەدەب و ئەدەبی پرۆلیتاری گوت، بێ ئەوەی شتێکی تازە و جیاواز لە پڕوپاگەندەی سۆڤیەتی بڵێت.

لێ ئەوی لەکۆنگرەی نووسەرانی ئەورووپی لەلینینگراددا ڕوویدا هەرگیز چاوەڕوانکراو نەبوو. ڤاسیلی ئەکسیۆنۆڤ باسی ئەم کۆنگرەیەی لە یەکێک لەو وانانەیدا کردووە ساڵی ١٩٨٢ دوای کۆچکردنی بۆ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لەزانکۆی جۆرج واشنتۆن دای، تێیدا هاتووە:



«لەدالآنەکانی کۆنگرە وا بڵاوبووەوە کە شۆلۆخۆڤ گەیشتووەتە لینینگراد و گوتارێکی گرینگ دەربارەی گرفتەکانی ڕۆمانی هاوچەرخ دەخوێنێتەوە. نووسەرانی ئەوروپا بەتاسەوە چاوەڕوانی ئامادەبوونی «ڕازگری ئەدەبی سۆڤیەتی» و گوێگرتن لەگوتارە حەکیمانەکەی و زانینی بۆچوونی لەبارەی چارەسەری ئەو گرفتانەوە بوون. لەنێوان خۆیاندا بەشێوە نیگەرانییەک دەیانپرسی: دەبێت بەڕاست شۆلۆخۆڤ ئامادە ببێت؟».

ئەندامانی شاندی سۆڤیەتی دەیانزانی شۆلۆخۆڤ گەیشتووەتە لینینگرادو لەژوورەکەی لەئوتێل «ئەستۆریا» پاڵی لێداوەتەوە بێبەزەییانە ڤۆدگا هەڵدەقوڕێنێت و هەموو تیمی لیژنەی ناوەندیی حزب ناتوانن قایلی بکەن واز لەخواردنەوە بهێنێت. ناکرێت لەپشت مایکرۆفۆنەوە بوەستێت، چونکە حەتمەن بەلادا دێت و دەکەوێت.

نووسەرانی بەشداربووی سۆڤیەت لەکۆنگرەکەدا دەیانزانی یاوەرانی شۆلۆخۆڤ بەئاوی سارد دەیشۆن،

هەواڵنامەی کتێب



تاکو بێتەوە خۆی، پاشان لە لەبەرکردنی جلی ڕێک و شیاو یارمەتی دەدەن و تاکو هۆڵی کۆنگرە لەگەڵیدا دەچن. هەموو ئەمانە تەنیا لای شاندەکەی سۆڤیەت زانراو بوو، نووسەرانی بیانی بەمەیان نەدەزانی، زۆربەیان بەپڕوپاگەندەی سۆڤیەتی کە خەرمانەی مەزنی و بلیمەتیی دەخستە سەر بەناو ڕازگر، فریویان خواردبوو.

ئاخیریەکەی لەدوا ڕۆژی کۆنگرەکەدا شۆلۆخۆف لەسەر ستەیج دەرکەوت. ئامادەبووان هەناسەیان لەبەر برا و کپیی تەواو هۆڵە فرەوانەکەی گرتەوە، بەشێوەیەک گوێت لەگیزەی مێشێک دەبوو. هەمووان بەئارامیی دانیشتبوون، گوێیان هەڵخستبوو. ئاخۆ نووسەری (بلیمەت) چی دەڵێت؟ شۆلۆخۆف (وەکو لەتۆماری دانیشتنەکانی کۆنگرەدا هاتووە) گوتی:

«ئامادەبووانی **بەڕێز**، هاوڕێیان

ئێستا کەشی لینینگراد زۆر گەرمە، بەڵام لەمۆرمنسک ساردە. بەڵام پێتان دەڵێم، تەنانەت گەر ئەم کۆنگرەیە لەمۆرمنسکیش ببەسترێت، ئەوا ئێوە هەست بەگەرمی دەکەن، لەگەرمیی دڵمان و باش میوانداریی ڕووسی و سۆڤیەتی.

هاوڕێیان:

هەرچی تایبەتە بەڕۆمانەوە، ئەوا ئەم پرسە شایانی گفتوگۆکردن نییە، ڕۆمان هەر ئامادەیە.. لەڕابردوووشدا ئامادە بوو، لەئایندەشدا ئامادە دەبێت.. سوپاس بۆ ئێوە»

بەم ئاوایە خراپیی کارڕایی دەسەڵاتی سۆڤیەتی ئەنجامی پێچەوانەی هەبوو، لەبری کەشاکێکی ئەرێنی (إنطباع إيجابي) لەبارەی ئەدەبی سۆڤیەتییەوە جێبهێڵێت، نووسەرانی ئەوروپا گەڕانەوە وڵاتەکانیان، بۆچوونی خراپیان بەرامبەر شۆلۆخۆف لا دروستبوو، ئیدی بڕوایان بەپڕوپاگەندەی سۆڤیەتی نەدەکرد. لەکۆتاییدا، وێڕای گەلێک هۆکاری دی، وای لێهات زۆربەی زۆری ئەم نووسەرانە هەڵوێستی نادۆستانە هەمبەر ڕێژیمی سۆڤیەت وەربگرن. گەلێکیان دواتر وەک بەرگریکاری نووسەرانی ئازادیخوازی سۆڤیەت دەرکەوتن، ئەوانی حوکمی زیندانیان بەسەردا درابوو، یاخود ڕەگەزنامەی سۆڤیەتییان لێ سەندرابووەوە، وەک (ئەلیکساندەر سۆڵجنتسین، جۆزێف برۆدسکی، ئەندرێ سینیاڤسکی، یولی دانیاڵ، ڤاسیلی ئەکسیۆنۆڤ) هەروەها شەرمەزارکردن و دژوەستانەوەی ڕێکارە ستەمکارانەکان دژیان.

**المصدر:** د. جودت هوشيار. الك□تاب الروس تحت المطرقة البلشفية. دار سائر المشرق. ٢٠٢٢

لێکۆڵینەوە



# چەمکی ئەنتۆلۆژیا و دۆزی ناسنامە

هەواڵنامەی کتێب



عەلی شێخ عومەر

شیعر ئەگەر وەک پەیامێک لادان بێت لەجیهانی ریالیزمی، بەشێک بێت لەفێگەرەکانی ئیستاتیکا، ئەوا لەئاست کەم وکوری دیاردەکانی دەرەوەی خۆیدا، جیهانێکی فانتازی لەنامۆبوون فەراهەم دەکات، دەرگایەک بەرووی حەزو خوازەکانیدا دەکاتەوە، بۆ گەیاندنی مەبەستەکانی بۆشاییەک لەناو نەست و خەونەکانیدا پڕدەکاتەوە، پاژێک لەئەزموونەکانی پێ خەنیدەکات، شاعیر لەرێگای کێشانی وێنەی شیعرییەوە دەتوانێ ئاماژە بەناکۆکی بدات، گوزارشت لەهەڵوێست و بیرکردنەوەی سەردەمێکدا بکات، داکۆکی لەو دەنگە نزم و بەرزانە بکات کە هەست دەورژێنێ، بەدوای خۆیدا پرسیار بەجێدەهێڵێت، پاشینەی رۆشنبیری، هەڵمژین و پەخشکردن دەکاتە جێکەوتی دەرکەوتەکانی نووسین، بەجیاکردنەوەی رەنگەکان، بەدواچوون و داگەران، پۆلینکردنی هەستەکان، بەدوایی خۆیدا دەهێنێ، بەراشکاوی لەپیادەرۆی گێرانەوەدا سنوور و ریتم و جیهانی هۆنراوە، رەهەندەکانی مانا و گووتاری شیعری دیاریدەکات، شاعیر دەتوانێ مەبەستەکانی لەنێو شیعردا نیشان بدات، «ئەی شیعر ئەگەر دونیا نیشان ناداتەوە، ئەگەر جیهان پانتاییەکی وەدەرنراوە لەشیعر، شاعیر (خودی قسەکەر) چۆن و بەچ شوناسێکەوە دەچێتە ناو ئەو ئەزمونەو لێیدێتە دەرەوە(١)، «شیعری ناسنامە»(٢)، یەکێکە لەشیعرە جوانەکانی «مارف عومەر گوڵ»ی شاعیر، ئەم هۆنراوەیە لەساڵی (١٩٨٧ز)دا نووسیوە، بەرایی هەر لەناونیشانەکەیەوە دەمنخاتە بەر دیدگای داوایەک، وشەیەکە داوایەکە بەبارتەقای جیهانێ قورسە، داوایەکی فرە رەهەندە، هەڵگری چەندها خواستی جیاوازە، تراژیدیایی دەنگێکە لەکانگای ناخەوە دێ، داوایی جیابوونەوە لەویتر یان لەوەی بەرامبەر دەکات، مادام جیابوونەوە سەرتای بوونە، بوونیش هەڵگری ناسنامەیە، دوالیزمەی بوون و ناسنامە، هەبوونی یەکێکیان سەلماندنی ئەوی تریانە، راساندنی یەکێکیان، پەنجە نۆمایە بۆ ناسینی ئەویتر، ناسنامە چەند هاوشێوەبوون لەئامێزدەگرێت ئەوەندەش دەرکەوتەکانی جیاوازی بوون ئاشکرا دەکات، ناسنامە لێرەدا لەرێگای بەرامبەرەوە بەبەراوورد لەنێو جۆری ئەو پەیوەندییەدا، سنووری خۆی دەکێشێت، درێژە بەگەشەپێدانی خۆی دەدات، دابران رەتدەکاتەوە، ئیمێل دۆرکایم گووتەنی «شوناس لەرێگەی نەشونماکردنی کۆمەڵایەتییەوە پێکدێت»(٣)، لەئاستێکی دیکەدا ناسنامە یان شوناس پرسیارێکە رووبەرووی وەرگردەبێتەوە، لەشوێن خۆیدا رایدەگرێت، ئەگەری گەران و خۆدۆزینەوە بەدوایی خۆیدا دەهێنێ، دۆزینەوەی خاڵی بەیەکگەیشتن لەنێوان شاعیرو وەرگر، لەپەرچەڤە کردنی خەمەکانەوە سەرچاوەدەگرێ، شاعیر دەتوانێ لەرێگای خەمەکانییەوە تێبگات، ئاوێزانی گرنگی شیعرەکەیمان بکات هاوسمان دەڵێت «گرنگی شیعر خۆی رێکخستنی خەمەکانی جیهانە»(٤)، ئاراستەکردنی وەرگر و بەشداریکردنی لەکرانەوەی دەق لەگەڵ پرۆسەی

هەڵکڕاندنی مانادا، هەوڵێکی ئاوێتە بوونە، گەیشتنە بەمانای چەمکەکانی خەم و نەهامەتی، پێشهاتەکانی خەم تەنیا نییە لەنێوان پێکهاتەی دەق و خوێندنەوەی وەرگردا، بەڵکو لەنێو کردەی پەیوەستبوون و یەکبووندا، بەشدارێکی ئەکتیڤە لەنووسینەوەی سەرلەنوێی دەق و گرێدانی ناو دەقە بەدەرەوەی دەق، بەم ئاقارەشدا، دەق خۆی لەدەسەڵاتی تاکە کەسی ڕزگار دەکات، خاڵی بەیەکگەیشتن لەتەک وەرگردا مسۆگەر دەکات، بەمەش هەنگاوی داگەڕانێک، نزیکبوونەوەیەک لەگەڵ دەقە شیعرییەکەدا مەیسەردەکات، لەبەرایییەوە ئەمە بەشێکە لەکۆپلەی یەکەمی شیعری «ناسنامە»

## ناسنامە

**لەزمانی باڵدار ناگەم**

**بەڵام ئەگەر هێلانەکەی لێ ڕووخابێ ... حاڵی دەبم**

**لەگریانی مناڵ ناگەم**

**بەڵام ئەگەر مەمکی دایکی بەیەکجاری لێ بڕا بێ ... حاڵی دەبم**

**لەهاژەی باو بۆران ناگەم**

**بەڵام ئەگەر بەسەر کولبەی ئاوارانا تێ بپەڕێ ... حاڵیی دەبم**

شاعیر لەڕێگای زمانەوە لەدووتوێی گرتەیەکەوە هەڵدەستێ بەکێشانی وێنەیەک کە دەبێتە بنەما بۆ جوڵاندنی وێنەکانی دیکەی هۆنراوەکە، شاعیر بەتواناوە ڕەنگی هەستەکانی پەخشدەکات، تێیرادەمێنێ و گوێ قوڵاغیان دەبێت، لەم ساتەوەختەدا، وەک ئەلتەرناتیڤێک دەتوانێت هەستی بینین بکاتە هەستی بیستن، ئەم ئالوگۆرە لەخۆڕا نەهاتووە، بەڵکو هەوڵێکە بۆ گەیاندنی پەیامێکی ئاماژەدار، کاردانەوەی کردەیەکی نەویستراو و نەگونجاوە، بۆ ئەم مەبەستەش شاعیر نکۆڵی ناکات لەبەکارهێنانی زمانێکی بازنەیی تا بەردەوامی بدات بەلێکدانەوەی تێڕامانێک کە بەکارەساتەوە بارگاوی کراوە، بەمەش دەتوانێ جیاوازی لەپرینسیپەکانی مانای شیعریدا دروستبکات، وێنەو ستایلێکی جیاواز فەراهەم بکات، هەر لەچەمکەکانی خەمەوە هەتا گەیاندنی مەبەست لەڕاییکردن و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نیشتیماندا، بەمانا فراوانەکەی هەماهەنگییەک لەگەڵ بژێویدا دروستدەکات، تەنگژەی بوون و ناسنامەی تێدا دیسپلێن دەکات، نەبوونی زمانی لەیەکگەیشتن بانگشەیەکە، فاکتەری□کی بەهێزی جوڵەپێکردنی هەستە بەرامبەر بەئەویتر، زمان وەک پەیامێک واتای جیاواز دەگەیەنێت، مانای جیاواز دەبەخشێت، پشت تێکردن لەدیالۆگی ڕاستەوخۆ، لابردنی زمان، گۆڕینی بۆ زمانی وێنە، یەقدانەوەی هەستێکی درک پێکراوە لەنێو نەستی شاعیردا لێکدانەوەیەکی ئاشناو تەبا وەردەگرێت، هاوشێوە بوونێک، خەمێک، لەجیاوازی زمان، لەجیاوازی مرۆڤ و باڵندە گەورەتر بەیەکەوە گرێدەدات، لەوێنەیەکدا کۆیان دەکاتەوە، جیاوازی ناکات لەدابەشکردنی خەمەکان،

لەکێشانی ئەو وێنانەی کە لەزاکیرەدا فۆرمات ناکرێت، لەسکێچی وێنەی شیعریدا، درک کردن بەنەهامەتی، یەکبوونی زمانی خەم، گواستنەوەی کارەسات، خۆی لەناوەخندا کۆدیتایە، هەڵگری پەیامێکە، کار لەسەر ڕۆنان و سڕینەوەی جیاوازییەکان دەکات، شاعیر لەکاتی ئاساییدا، تێناپەڕێ تا دیار هەوێنی نادیار بگرێتەوە، بەڵکو هەموو نادیارێک بەدیارێک دەستنیشان دەکات، نادیارێکیش ڕەتدەکاتەوە، ئەمەش بەپێی تێزی هیگڵیی «هەموو دیاریکردنێک نەفیکردنیشە»(٥)، بەڵام کاتێ لەهاوکێشەی کۆتاییدا، دەبینین سڕینەوەی ناسنامە، هەڕەشە مانەوە و تەنگەژەی بوونی بەدواوە دێت، شاعیر لەڕێگای پەرچەڤە کردنی خەم و ئازارەکانیەوە بەوەی لەزمانی خەم دەگات، هەستی تێگەیشتن و حاڵیبوون لەگەڵیاندا دابەشدەکات، بەزمانی خەم، تراژیدیای شکست لەسێ ئاستی وێنەدا تۆمار دەکات، ئاستی یەکەم: هەڵکەندنی پێگەو وێرانکردنی شوێنە، سڕینەوەی ناسنامەیە، لەنێوبردنی مۆرک و سەقامگیریە، بەدەرئەنجام پەرتەوازەی و ئاوارەیی دەخاتەڕوو، ئاستی دووەم: تەواوکەری پاژی یەکەمە بەزەوتکردن و وەستاندنی هۆیەکانی بژێوی ژیانەوە بەندە، ڕادەست بوونی نەوەکان و ئایندەی نیشتیمانی دایکە بۆ مردنێکی لەسەرخۆ وێناکراوە، سڕینەوەی ناو ناسنامەیە، لەئاستی سێهەمدا: باو باران وەک کۆدێک بەکارهێنراوە، پەیامێکە بۆ دڵرەقی، بەکارخستنی هێزێکی کوێری سروشت، ئاوێتە کردنی هێزی سروشت، توانەوەی لەنێو زوڵم و زۆری هێزی ستەمکاران، بەدەرخستنی جۆرێکە لەدیوە نەرێنییەکەی ژیان، پیادەکردنی ئەو دیوە قێزوەنەی ڕامیاریە کە لەکردەی داگیرکارییدا وشک وتەڕ بەیەکەوە دەسووتێنێت، جگە


مارف عومەر گوڵ

لەزمانی چەک و بەرژەوەندی، لەهیچ زمانێکی دیکە حاڵی نابن، نەچریکەی باڵندە لەکاتی وێرانکردنی هێلانە، نەگریانی ساوایەک بۆ شیری دایک کردەکەیان ڕاناگرێت، لەسەرجەم ئاستەکانی کردەی دابڕاندا درێغی ناکەن لەوەی، باڵندە لەهێلانە، ساوا لەمەمکی دایکی، سڤیل لەماڵ و حاڵیان بکەن، گەر لەگۆشەیەکی گشتگیرییەوە داگەڕانی بۆ بکەین، لەنێوان هەر یەک لەهێلانە و مەمک وەک خوازە لێکچواندنێک هەیە، بەجۆرێک لەجۆرەکان، بەنیشتیمان هەژمارکراوە، هەریەک لەباڵندە و ساوا و هاووڵاتی، هەر سێکیان بێ جیاوازی لەئەنجامگیریدا، دەچنە خانەی بێ لانەوە، یان ئاوارەوە، ئەم دەرئەنجامەش ئەوە دەسەلمێنێ، لەفەرهەنگی ڕامیاری داگیرکردندا، هەر لەباڵندەوە بیگرە تا ساوا، ئینجا هاووڵاتی بێ گوناه، چۆن لەژێر ناسنامەی یاساکانی دەوڵەتدا، بێ جیاوازی دەچەوسێنەوە، چۆن بەبەرچاوی جیهانەوە، بەئاشکرا هەوڵی سڕینەوەو دابڕانی ناسنامەیان لەگەڵدا دەدرێت، باڵندە بەناسنامەی هێلانەوە، ساوا بەناسنامەی مەمکی دایکییەوە، سیڤیل بەناسنامەی ماڵ و خاکەوە، گرێدانی ئەم ڕووداوانە بەدیاردەکانی سرووشتەوە، وەک هاژەو باوبارانەوە، ڕێپێدانێکی شەرعییە بەئاسایی کردنەوەو بەسروشت کردنی دۆخکە، کە لەسیستەمی جیهانیدا بەپیادەکردنی دروشمی بەرەنگار بوونەوەی هاوبەش، پاراستنی بەرژەوەندی هاوبەش دەناسرێت، مانەوەی دەسەڵات دەپارێزێ، لەنەخشەی جوگرافیادا چەسپاندن

و وێناکردنی سنوورەکان، بەهێڵی سوور کێشراون، ئەمەش بەمانای وەستان و چەقین و تێنەپەڕین دێت، ئەم دۆگمابوونەو پیرۆزکردنەی سنوور، بەهیچ ڕێسا و پێوانەیەک ناچێتە ژێر ڕکێفی هیچ یاسایەکی مرۆیی، لەکاتێکدا دەسەڵاتی چەوسێنەر بۆ پاراستنی سنووری خۆی، ئەو مافە بەخۆی دەدات، گشت ڕێگایەکی نامرۆیی بگرێتە بەر، هەر لەکوشتن و دەربەدەری و بەدیلگرتن و ..هتد، لەهەمان کاتدا، لەدەرەوەی خۆی ئەو مافە گەر بەهەرەمەکیش بێت، لەباڵندەیەک یان لەغەریزەیەکی سروشتی ساوایەک قەدەغە دەکات، داکۆکی لەسنووری غەریزەکانی مانەوە بەشێکە لەناسنامە، جا ئەو بوونەوەر هەر چیی بێت، گەر باڵندە بێت یان ساوا یان مرۆڤی کامڵ، هەر ڕۆحە مافی ژیانێکی ئاسوودەیان هەیە، بێگومان وشەی باڵندە، یان ساوا وەک ئاماژەیەک، یان پێوەرێک بەکارهێنراوە، تا لەو ڕێگایەوە بەرتسکردنەوەی ماف و قەوارەی ئازادییەکان بخاتە ڕوو، ئەو مافە سروشتیانە چەند بچووک و بێ بەهاشبن، لەپاراستنی شوێندا لای دەسەڵات مانای یاخیبوون بەدەستەوە دەدات، ئەگەر پێدراوەکانی شوێن، هۆکارێک بن بۆ سەقامگیری و پاراستنی سنوور و ناسنامە، ئەوا دەرهاویشتەکانی لەقکردنی شوێن بەناچاری ناشوێن بەرهەمدەهێنن، سنوورەکانی ناسنامە کاڵدەکەنەوە، دیاردەکانی ئاوارەبوون تۆخ دەکەنەوە، ساڵ لەدوای ساڵ دیاردەکانی ئاوارەبوون زیاتر دەکەن، دەبنە زۆرینە، دیاردەی زۆرینە بەمانا باوەکەی، هەمیشە

قـەوارەی ئاسایی بوون و نۆرماڵ بوون وەردەگرێت، پێچەوانەی کەمینەیە کە خۆی لەتایبەتمەندیدا دەبینێت، لەم بارەدا تراژیدیای جیابوونەوەی زۆرینەو کەمینە، درزێک لەخەسڵەتی گۆڕینی ناسنامەدا فەراهەم دەکات، جگە لەهێمای کەسایەتی، هێمای نەتەوایەتیش هەڵدەگرێت، جیابوونەوەی بەزۆرەملێ، هەڵکەندن لەزێد و نیشتیمان، دابڕانـە لەشوێن، لـەڕابـردوو، لەشارستانییەت، گەڕانەوەیە بۆ ناشوێن، بۆ ئۆردوگای زۆرەملێ، هەوڵدانە بۆ زەوتکردنی ناسنامە، ئاوارەبوونە، مێژوو لەقۆناغێکی شکستدا، چۆن دەیەوێت ناسنامەمان لێ زەوت بکات، بەهەمان شێوەش دەیەوێت زەوییمان لێ بسێنێ، ئەمەش کاتێ ئایدولۆژیایی ناسیۆنالیزمی توندرەو، ڕاسیزم دەردەکەوێت، گەشە دەکات، تەنیا خۆی دەبینێت، ئاوارە بەرهەم دەهێنێت، بەرهەمهێنانی ئاوارە بوون، چەکێکە نەیارەکانی پێدەترسێنێ، هەم قەرەبووی گومانێک دەکات تەنگەژەی ناسنامەی خۆی پێ دەشارێتەو، ڕووخساری ئـاوارە، دەنگێکە لەگوێی ڕاسیزمدا، سـەدای تاوانێکی گـەورە دەکـات، داوای گێڕانەوەی مافێکی ڕەوادەکـات، داوای ناسنامە دەکات کە هێمای شوێن و نەتەوەیە، دابەشبوونی ناسنامە و دەنگی ئـاوارە لەنێوان خەمی ئێستای ئامادە و خەونی ڕابـردووی بەرەنگاری بوون، کەسێکی ئەرێنی لەفیداکاری و کەسێکی نەرێنی لەڕادەست بوون بەچارەنووسێکی نادیار فۆرمۆلە دەکات، پرسێک زەق دەکاتەوە، چیبکەن باشە، چۆن بیر لەناسنامە نەکەنەوە، بیر لەتێکچوونی پەیوەندی بەشوێن و زێد نەکەنەوە، ئەی سنوور، ناکرێت بیر لەسنوور نەکەینەوە، سنوور دنیای دابەشکردووە بۆ نیشتیمان و نانیشتیمان، بۆ ناسنامەو ئاوارە، شوێن و ناشوێن، بوون و نەبوون، دەنگ و بێدەنگی، بۆ زمان و نازمان، بۆ مافدار و بێ ماف، مارف عومەر گوڵ وەک ماف پەروەرێک، شاعیر و یاساناسێک، چاک دەزانێت لە چ دەرگایەک دەدات، چیی دەبیستێت، بە چ زمانێک دەدوێت، چۆن لەزمانی باڵندە، منداڵی ساوا، لەڕەشماڵی ئاوارەکان حاڵی دەبێت، بەرگە دەگرێت خەمیان لەگەڵدا دابەش دەکات، چۆن لەتکردنی سەقامگیری پارادۆکسێک بەرهەم دەهێنێت، ئاوارەیی و ڕەهەندەکانی خەمی لێدەکەوێتەوە، بەرامبەر بەشوێن سروشتییە لەڕەهەندەکانی خەمەوە داکۆکی لەناسنامە و لەدیاری کردنی سنووربکات، وەک ئەمەک مێژوویەکی ڕوونـاک تۆماربکات، زۆردار بەگومان و بەقەیرانی ناسنامەوە، سروشتییە داکۆکی لەمرۆڤ و ناسنامەکەی نەکات، ڕق وکینە لەدەرگا قێزەونەکەی مێژووەوە، ئایندەیەکی تاریک لەدنیایی ڕامیاریدا تۆماردەکات.

**ئاخر چی بکەم**
**کە نینۆکم بەگڕ پەنجەکانما بچێت**
**کە ددانم لەدەم و لێو یاخی دەبێ**
**کە برژانگم بەناو چاوما دەشکێتەوە**
**نازانم بۆ دادەنیشم دەستەو ئەژنۆ؟**

ئیتر بۆمبا بارانی ئەم دڵەم مەکەن
با ئەستێرەی خۆشەویستیم
لەشەوی ساماڵ و گەشما لێم نەتۆرێ
قیبلەنۆمایەکم هەبێ لەدڵمایە
با ڕێگەی خۆم لێ نەگۆرێ

شاعیر لەپەرەگرافەکانی سەرەتایی شیعرەکەیەوە، چەمکی تێگەیشتنی باو لەژێر هەل و مەرجی تایبەتیدا، حاڵیبوونی خۆی بەیان دەکات، بەڵام لێرەدا بەپێچەوانەوە، «نازانم» دەکاتە دەسکەلای خۆی، بەدیوێکدا ڕادەستبوونی خۆی ڕادەگەیەنێت، نازانێت چی بکات، چۆن ڤیزەی پەڕینەوەی وەرگرت، لێی دانیشت، نازانێت چی بکات، ڤێگەری ئەم ئاراستەیە چیی بوو دەنگ و هەڵوێستی شاعیری گۆڕی، لەپشت هەر دەقێکی ئاشکرای هۆنراوەدا، دەقێکی شاراوە هەیە، لەبنەرتدا پەیوەندییەکی دیالێکتی لەنیوان دەقی گوتراو و دەقی شاراوەدا هەیە، خوێندنەوەی هەر دەقێک دەقێکی نادیاری لەپشتە، سێبەرەکەی وێزەی خوێنەر بەرنادات، بەمەش بوونی جەستەی هۆنراوەکەی بۆ چەند دەنگێکی جیاواز پۆلین دەکات، ڕوونی ئایدیافۆن بەئاشکرا دیارە، چۆن گوزارشت لەخۆی دەکات، ئەمەش وادەکات، ڕەوتی هۆنراوەکە بەشێوازی بەدوای یەکداهاتندا نەشونما بکات، جیاوازی دروستبکات، پاشینە و زەمینەی کێشانی وێنە لێرەدا، پتەوکردنی پێکهاتەی مشتومڕ و ململانێ لەنێوان گشت و بەشدایە، ئەم ململانیە ئاسایی نییە، هەڵگری کۆمەڵێ ڕەهەندی جیاوازە بەوەی لەناو خۆدایە، هەوێنی ڕووداوێک نییە، پاشینەی نەبێت، ڕێساکانی گەمەکردن تێدا نادیارە، بڕیاردان دەربارەی تێزەکانی دژوارە، بەوەی کردەی هەر جوڵەیەک، لێکدانەوەیەک، بڕیار وەرگرتن هەر لایەکیان، بەدژایەتی خۆی و ئەویتر

شاعیر لەڕێگای زمانەوە لەدووتۆی گرتەیەکەوە هەڵدەستێ بەکێشانی وێنەیەك کە دەبێتە بنەما بۆ جوڵاندنی وێنەکانی دیکەی هۆنراوەکە، شاعیر بەتواناوە ڕەنگی هەستەکانی پەخشدەکات، تێپڕادەمێنێ و گوێ قوڵاغیان دەبێت، لەم ساتەوەختەدا، وەك ئەلتەرناتیڤێك دەتوانێت هەستی بینین بکاتە هەستی بیستن، ئەم ئاڵوگۆڕە لەخوڕا نەهاتووە



چەمکی ئەنتۆلۆژیا

دەوەستێتەوە، مێملایەتی هەر لایەکیان، مێملایەتییەکە خۆی دەگرێتەوە، بەهەردوو سەر زیانەکان بۆ خۆی دەگەڕێتەوە، شەری دوانەی من و ئەوە، خود و بابەتە، تاک و کۆیە، پەنابردن بۆ خودئاگایی ئاوێتەکردنی لەناو خەیاڵدا، بایەخدانێکە لەناو وێنە و فەرهەنگی شیعریدا، ڕیاڵ دەشکێنێ و پێگەیەکی ناتەبا بەرجەستە دەکات، لەبونیادی درامادا خاڵی وەرچەرخانە، لەنیوان من و ئەودا، خود و بابەتدا، لێکترزانی دەنگە، لەیەکتر نەگەیشتنە، لەڕێرەوی گشتیدا، تەوەری ئەم نالەبارییە گۆڕان و کارەسات دروست دەکات، ئاراستەی دەنگەکان بەلایەکی تردا دەبات، گەر بەپێی لێکدانەوەی ئاسایی باوی زماوانییەوە بێت، بۆ نموونە دوانەی (پەنجەو نینۆک، دەمولێو و دان، چاو و برژانگ) گەر تەواوکەری یەک نەبن، دەبێ هاوکار و ئاشنای یەکبن، بەڵام ڕێبازی پاساو هێنانەوە، مۆتیڤە لەسەر تەوەری پەیوەندی شاعیر بەدەرکەوتەکانی دەرەوەی خۆی، کاتێ لەسۆنگەی ئەوەی دەستی بەسەردا ناشکێت، بەبەشێکی خۆی دەزانێت، ئەوەی شاعیر چاوەڕوانی نەدەکرد ئەوە بوو کە ڕوویدا، بەشێک لەجەستەی خۆی دژی خۆی بوەستێت، ململانی لەتەکدا بکات، ئەمە جگە لەوەی چەند لادانە لەزمان و مانای باو، جێی پرسیارە، لەڕووی میکانیزمی جوول□ە و فەلسەفەوە پاردۆکسێ فەراهەم دەکات، بەڵام بەهەمان ڕادەش نزیک بوونەوەیە لەزمانی شیعری، زمانی شیعری چەند لەزمانی باو دوور دەکەوێتەوە لەخودی شیعر نزیک دەبێتەوە، دەق کاتێ دەتوانێت بەئەرکی خۆی هەستێت کە پێوەرە هونەرییە باوەکان بشکێنێت بەگووتەی ئایزەر « ئەدەبی بەتاڵ و بۆش دەبێت گەر هاتوو خۆی بەشتە باوەکانەوە بەستەوە کە پێشتر هەبوون»(٦) بۆیە ئەگەر لەگۆشەنیگای تەرزی ڕیزکردنی ئەندامەکانی جەستەوە بەدواچوونێک لەڕستەکاندا بکەین، دەبینین پێچەوانەیە لەخوارەوە بۆ سەرەوەی بەشێکی جەستە ڕیزکراوە، شێوازی ئەم ڕیزکردنە هەرمەکی نییە، لەخۆڕا نەهاتووە، شاعیر لەوێنەیەکدا هاوشێوە بوونێک لەنێوان بەشێک لەجەستەی خۆی بەبزوتنەوەی نیشتیمانی جەستەی کوردی هەژمار دەکات، شاعیر لەوێنەکەی ناخی خۆیدا جەستەی وەک ئەلتەرناتیڤی جەستەی بزوتنەوەی کوردی بەرجەستە دەکات، مێژوویەک دەخاتەڕوو، چۆن ڕەگەزەکانی جوڵاندنەوەی تووشی قەیران هاتووە، چۆنیش لەنێو تاکەکانیدا بەپێچەوانەی ویستەکان دەجوڵێتەوە، پاژ لەدوای پاژ لەخوارەوە بۆ سەرەوە یەقدەداتەوە، هاوپێچ ئەنەلۆگێک لەتەک ڕووداوە نەویستراوەکانی دەرەوەی خۆیدا فەراهەم دەکات، گەر پەنجە بنەمایەک بێت بۆ جوڵاندنەوە و ئاماژەپێکردنی مەبەستێک، نینۆک دەرهاویشتەیەکە خراوەتە سەر پەنجە، میکانیزمی ئیشکردنەکەی ئاراستەیەکی سروشتییە لەناوەوە گەشەدەکات بۆ دەرەوە، بەڵام کردەی بەگژاچوونەوە وەک هێمایەکی دژە سروشت ئاماژەی بۆ

کراوە، هەڵبەت بەبێ فشاری هێزێکی دەرەکی مەحاڵە ئەم کردەیە پێچەوانە بکرێتەوە، ئاراستە لەدەرەوە بگۆڕێت بۆ نـاوەوەی خۆی، خۆی بخوات، ئەم بەگژاچوونە و خۆخۆرییە لەجەستەی کورد بووندا، تا کوێ بڕدەکات، تا کەی لەژێر فشاری دەرەکیدا دژ بەیەک کاردەکەن، کار بەوەندەوە ناوەستێت، شاعیر لەخوارەوە بۆ سەرەوە بەشێکی تر لەجەستە دەخاتە ڕوو وەک گشت باس لەدەم و لێو دەکات، یاخی بوونی دان لەدەم و لێو دەرخەری تەشەری بەشە لەگشت، تێکدانی ڕووکـارە جوانەکانی ناسنامەی جەستەیە، لەگەڵ هاتنەڕیزی کەرەستەکانی گەیاندن و گفتوگۆدا یەکنایەتەوە، قسە و گووتار دروست ناکەن، دوا شتی ئەو ڕیزبەندییە ئاوەژووە، شاعیر دێتە سەر ئەندامی چاو واتا بینین و تیڕوانین، برژانگ وەک بەشێک لەبری ئـەوەی وێناو دیـدە ڕوون بکاتەوە و ڕێکیبخات، کەچی ڕۆڵـی تێکدەر دەبینێ، بەناویدا دەشکێتەوە، دەیەوێت کوێری بکات، چاو جگە لەوەی قیبلەنومای جەستەیە ڕێگایەکە بۆ بیرکردنەوە و تێڕامان و هەڵسەنگاندن، جیاکردنەوەی هەڵوێستە، نەگونجاندنی پەنجە و دەم و لێو و چاو لەگەڵ بەشەکانی نینۆک و دان و برژانگ ، گەر بەدیوێکی فراوانتردا گەڕانی بۆ بکەین، دەکرێ جێکەوتی ئەم هەڵوێستە درامییە، بەئاشکرا وێنەی شڵەێکی ڕامیاری تێدا بشۆینەوە، بەپشتبەستن بەساڵی نووسینی شیعرەکە، بەدووری نازانین، کاریگەری بەشێک لـەشـەری بـرا کـوژی لـەسـەر بـێـت، باس لەبەگژاچوونی برا بەرامبەر بەبرا دەکات، جەستە لەبری گونجاندن و یەکبووندا چۆن لەنێو دژەوابوونێکدا، لەنێو هاوکێشە سیاسیەکاندا، ڕێڕەوە دروستەکان دەشکێننەوە، جێکەوتی چ نووشستیەکی پر لەئازار لەویژدان و جەستەو ناسنامەی شاعیردا دەڕوێنن، بوون بە چ کارەساتێک درز دەخاتە نێو ناسنامەوە تا دەستەوسان بەدیارییەوە دانیشێت، هیچت پێنەکرێت، شاعیر جەستە وەک یادخەرەوەیەک دەکاتەوە، پێدراوەکانی جیهانی دەرەوە، مێژووی سەردەمێکی نالەباری شۆرشی شاخ لەنێو ناخی خۆیدا دەبینێ، بەسەر نیشتەمەنی ئـەو خەونانەدا دەچێتەوە کە متمانەی تەواوی پێی هەبوو، خۆی تێدا دەبینی و بوونی دەسەلماند، لەپڕ بەکردەی دژاوەبوونێک، بەراووردێک، نغرۆ دەبن و دەبنە دژ، ئەمەش تووشی شۆکیدەکات، کلیلی تێڕامانێک دەرگـای حیرسێک دەکاتەوە، ئـەوەی تاکە دەنگ دابـەش دەکـات، دەنگی نـاوەوەیـە، هێزەکەیەتی کە لـەم قۆناغەدا شوێنی هەڵبژاردنی تێدا نەماوە، ڕێڕەوەکە ئاوەژووبۆتەوە، ئەژیندای بەردەست وەک لەپێشتر شاعیر لەڕیزبەندییەکە ئاماژەی پێداوە لەبەشێک لەخوارەوەی جەستەوە بۆ سەرەوە دەجولێ، واتا یەکەمجار جووڵە پێکردن، دوای گفتوگۆ، ئینجا تێڕامان و بینینە، لەکاتێکدا بەلۆژیک و بەڕیزبەندی جەستە دەبـوو لـەسـەرەوە بۆ خـوارەوە شۆڕبێتەوە، واتا پێش هەموو شتێک دەبوو تێڕوانین و بیرکردنەوە بێت، ئینجا گفتوگۆو دیالۆگ، لەکۆتاییدا

فرمانی جووڵەپێکردن بێت، پرسیاری مارف عومەر گوڵی شاعیر پرسیاری ناچارییە، دەڵێت (نازانم بۆ)*، ئایا لەنەزانینە، یان هۆکاری بژێوی و ئابوورییە، یان دەستێوەردانی ئەوانەی دەرەوەی سنوورن، فۆبیا و لەنێوچوون، خۆراگری و ناسنامە، مانەوە کاریگی وادەکـەن، هەمیشە بزاوتی کـوردی ڕێگای پێچەوانە بگرێتەبەر، ئەمەش پێچەوانەی سەرەتایە کە دەیووت «حاڵی نابم»، لێرەش بەهەمان شێوە چۆن لەسەرەتادا خەمەکان کۆیانی دەکردەوە، ئێستاش لەدواجاردا ئاواش لەجەستەی هۆنراوەکە دەبنەوە، شاعیر دەرگایەکی دیکە دەکاتەوە پرسیار دەکـات، دەڵێت «چیبکەم»!، واتا ئەگەری ڕێگای تر هەیە بیگرێتەبەر، گـەڕان بـەدوای ڕێگایەکی دیکەدا دەربازبوونە لەواتەواتەی نێو خود، لەپێکهاتەکانی ماڵی شیعرییدا تەواوکەرێکی هەستیارییە میلان کۆندێرا لەشوێنێکدا دەنووسێت «هەستی تاکە کەسی لەسەر بنەمای یادەوەری دامەزراوە یادەوەری خۆی لەسەر بنەمای زمان ڕادەوەستـێ»، ئەوە ئەزموون و یادەوەرییە وادەکات شاعیر پێداچوونەوە بکات، ئەوە جیاوازی پێدراوەکانی فاکتە پرسیاری نوێ فۆرمۆڵە دەکات و بەراوردی لێدەکەوێتەوە، سۆراغی وەڵامی نوێ دەکەن، سەرنج بدەن چۆن لەقۆناغی یەکەمدا، شاعیر بـەدوای دیاریکردن و دۆزیـنـەوەی ناسنامەدا وێڵە، لەقۆناغی دووهـەمـدا چـۆن وەرچـەرخـانـێ ڕوودەدات بەئەگەری ونبوون و درزتێکەوتنی ناسنامە چۆن لەگەڵ

قۆناغی یەکەمدا پارادۆکس فەراهەم دەکـات، لەنێوان دۆزینەوە و ونبووندا بەشێوەیەک لەشێوەکانی دڵنیایی بـەڕاشـکـاوی لـەسـەر تــەوەری تـرس و دڵەڕاوکییدا دەخولێتەوە، پەیوەندی شاعیر بەیادەوەرییەکانیەوە گرێدەدات کە ڕووماڵی ئـاوەزی کـردوە ڕەنگ و ڕووی گرتووە، لەنێو ئەم گێژەنەدا، شاعیر لەودیو پەردەی ئـەزمـوونـەوە



داكۆكی لەخۆی دەكات، دەنگی ڕاستەقینەی خۆی ئاشكرا دەكات، دەنگی خۆشەویستی بەرز دەكاتەوە، دەگەڕێتەوە بۆ دڵ چیتر نایەویت پەرت بكرێت گەر پێشتر شاعیر لەڕیچكەی دڵەوە خەمەكانی دابەش كردبێت، لەئێستادا وەک كاردانەوەیەک، هێزێک دەخاتە بەریان و كۆیان دەكاتەوە، كۆكردنەوەی داتاكانی هەست وەرچەرخانیان لەخاڵێكدا، سەرتاپای هاوكێشەكە لەئەگەرەكانی هەستەوە دەگۆڕێت بۆ پرینسیپەكانی خۆشەویستی، دەروشانەوەی ئەم خۆشەویستییە، جوانییەكی تر دەخاتە نێو هەستی هاوبەش وگرێدانی بەبوونەوە، بەڕێگای هاوبەشەوە، وێنە كێشانی زەمینەیەكی دیار، یان شەوێكی ساماڵ ئەو هێزەیە كە یارمەتی شاعیر دەدات ئاوڕ لەڕابردوو نەداتەوە، خۆی بەبەشێک لەو دونیایە بزانێت كە چاوێک دەنووقێنێ بەیەقینەوە لەئاوێتەبووندا چاوێكی گەشتر بكاتەوە، چاوێک بەشێک نا، سەرجەم ڕەنگەكان لەخۆبگرێ، هیچ ڕەنگێ نەتۆرێنێ، بیرۆكەی بینین و نەبینین، گەڕانەوەو لێبوردن، دینەمۆی ئەو چالاكەیەیە كە هێز دەداتە شاعیر، پەیام و پەیوەندی ئەو و نیشتیمان پتەو دەكات، لەهەمان كاتدا تەشەرەیەكە لەوانەی سوود لەناكۆكیەكان دەبینن، بەقازانجی خۆیان دەیشكێننەوە، قیبلە نومای دڵ دەتوانێ ئاراستەی قازانج بەلای خۆیدا بشكێنێتەوە، خۆی لێنەگۆڕی، ئاوڕدانەوەی بۆ دڵ تەواوكۆیی خەیاڵێیكە، لەڕوونیدا ساماڵی عەشقێكە، پاشەڕۆژ لەنێویدا دەدروشێتەوە، دڵنیای بۆ خۆی و نەتەوەكەی ڕۆشندەكاتەوە، چیتر تاریكی ناتوانێ ڕێگای لێبگۆڕی، لەلایەكی دیكەوە، كاتێ شاعیر لەكات و شوێنی نوێدا پێكهاتەی وێنەكان دەگێڕێتەوە، ئاوێتەیان دەكات، پەیوەندییەكی نوێ لەنێوان دڵ و بۆمبا بارانكردن كە لێكەوتی گرتەیەكی پڕ توندوتیژی دەرەوەی خۆیەتی لەلایەک، ئەستێرەی خۆشەویستی لەشەوی ساماڵدا، لەلایەكەی ترە كە گرتەیەكە تەژییە بەهێمنی، بەوێنەیەكی ڕۆمانسیانەی سروشت، ڕەنگدانەوەی ناوەوەی خۆیەتی، دەرەوە و ناوەوە، ئەم دژەوابوونەی گرتەكان، ئاوێتە بوونیان وادەكات دەقی هۆنراوە خۆی لەنێو خۆیدا، پرسیارەكان لەڕێگای قیبلەنوما ئاراستەی دڵ بكات، بەڵام پرسیار نەكردن لەچۆنییەتی فۆڕمگەرایی شیعر و ڕێپێوانی خودی، وێنەی دەقی و ئاستەكانی گووتار، ناواخنێكمان بۆ ئاشكرا دەكات، وێنای شیعری تەنیا وەچەی وشە نییە، بەڵكو وشەكان دەبنە دەروازە بۆ وێنە، دەبنە دەروازە بۆ تێگرانێ زیاتر، پێداگری شاعیر لەبەكارخستنی ئامرازەكانی هەست، هۆبینییە لەپێشخستن و دابەشكردنی هەر سێ ئامرازە هەستییەكانی دەرەوە كە پێشتر ئاماژەمان پێیدا، مەبەست لەسێ ئامرازەكان، هەستەكانی بەركەوتن و جووڵە لەپەنجە و نینۆک، دەم و لێو لەدەنگ و تامكردن، بینین و ڕوانین لەچاو و برژانگ، سەرجەم ئەم سێ ئامرازە دەركییە بەبارتەقای هەستێكی ڕیشەیی ناوەوە نابن كە لەدڵدا بەدیاردەكەوێت، لەسەرایییەوە ساتێ شاعیر بەسەر ئامرازەكانی ئەو سێ هەستەی

دەرەوەدا تێدەپەڕێت، ڤیزەی پەڕینەوکەی پرسیاری» نازانم بۆ» بوو، وەلێ لەئێستادا دەرهاویشتەکانی وەڵامی بۆ روونبووەوە، ئەوەی وەڵام دەدۆزێتەوە، ڕێگای پرسیار دەگۆڕێ دڵە کە دڵ گۆڕا هەستەکانی بەرکەوتن، ڕیتمی دەنگ و قسەکردن، بینین و تێڕوانینیش دەگۆڕێ، ئەوە ناوەوەیە، دڵە، گۆڕانکاری دروستدەکات، تا لەخۆجێیدا گۆڕانکاری نەبێت لـەدەرەوە ناتوانێت ڕووداو دروست دەکات، قۆناغ ببڕێت، گەر پارادۆکس نەبێت، هەمیشە دیاردەکانی دەرەوە دەبێ هەڵگری ناسنامەی ناوەوە بن، دەبێ ناسنامەی دڵ هەڵگرن، چۆن ساماڵ ناسنامەی ئەستێرە، قیبلەنوما ناسنامەی ڕێگا هەڵدەگرێ، چۆن ئەستێرە دڵی ساماڵە، قیبلەنوما هی ڕێگایە، نەلێیدەتۆری نەلێیدەگۆڕێت، داواکەی «مارف عومەر گوڵ»ی شاعیر لەهاوزمانەکانی، لەخاڵێکدا وەک خەمەکانی لەدوو هەستیی باس نەکراودا کۆییان دەکاتەوە، هەستی بیستن گوێگرتن لەدەنگی دڵ، گوێڕایەڵی دەنگی دڵ بن، تا چیتر هەست بەبۆنی خیانەت نەکەن، ئەگەربینی گشت خیانەتێ لەبۆمباکردن و کاولکردنی دڵەوە دەست پێدەکات، جەستە کەنار دەخات، مێشک دەشێوێنێت، ڕێگا دەگۆڕێت، شوێن و پێگەی ناسنامەو بوون لەق دەکات، لەقۆناغی سێهەمدا جارێکیتر شاعیر دەتوانێ لەنگەر بگرێت لەڕێگای خۆشەویستییەوە ناسنامەکەی بگێڕێتەوە، پارادۆکسی نوێ بخاتە ڕووە تاڵەکەی دەرکردن.

**گەرمیانی بۆ بارانی تینووی دڵمیان سووتاند**
**من نەمردم**
**کوێستانی بەهۆبە و هاوار ڕاهاتووم یان گرتێبەردا**
**هەر نەمردم**
**کە یەکەم جار نیشتیمانم لەت لەت کرا**
**ئەو ڕۆژە بۆ من نەمردم؟**
**یەکەم گوندی وڵاتەکەم وێرانکرا**
**خۆزگە ئەو ڕۆژ دەمردم**
**بێ نیشتیمان بچمە هەر کوێ**
**لەدوورەوە گشت پەنجەرە و**
**دەرگایەکم لێ دادەخەن**
**ئاااخ**
**نیوە شەو لەشیرینی خەودا دەرم دەکەن**

خۆشەویستی وەک نموونەیەکی پەتی، پەیوەندییەکی زیندووە لەئاوێتەبوون، توانەوەی قـەوارەی خودە لەقەوارەیەکی دیکەدا، ئەوین ئاوێنەیەکی بێ غەل و غەشە، مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەنێو ئەوانی تردا ببینێ، خەمەکانی بەرامبەری تێدا خۆشبوویت، وەک لەسەرەتاوە گوتمان، ئەوە سیحرو زمانی خۆشەویستییە، خەم و ئازارەکان کۆدەکاتەوە، خۆی پێ جوان دەکات، ئەوە دەنگی خۆشەویستی ڕەهایە هێزوو توانای لەژیانەوە وەرگرتووە، پرسیاری مردن پێشێڵ دەکات، ئەوە سیحرو تەلیسمی خۆشەویستییە مەودای شوێنەکان ناهێڵێت،

گەرمیان و کوێستان لەژێر یەک چەتردا کۆدەکاتەوە، ئازارەکان کاڵ دەکاتەوە، شاعیر جگە لەدابەشکردنی زمانی خەم و ئازار قایل نابێ چێژ لەپەیوەندی خۆشەویستیدا دابەش بکات، خۆشەویستی دابەشبوون و کەمکردنەوە قەبوڵ ناکات، کانت دەڵێت «بەرگەی ئەوە ناگرم چێژەکانم دابەش بکەم»(٧)، خەمەکانی گەرمیان و کوێستان خاکە، لەیادەوەری دڵدا دەرمانی گیانە، هەمیشە شاعیر دڵی والآیە بۆ ئەو خۆشەویستییە کە سەرجەم هەبوونەکانی سروشتی پێکەوە پەیوەستکردوە، هەر ئەم پەیوەستکردنەشە نەمری بەنیشتیمان بەخشیوە، داکۆکی لێدەکات، شاعیر لەچوار وێنەدا چەمکی مردن بەسەردەکاتەوە کە دەڵێت نەمردم، نەمردنی شاعیر هێزی لەنەمردنی نیشتمانەوە وەرگرتووە، کەسایەتی شاعیر بەرهەندەکانی دەرەوە و ناوەوە، پاژی ئەو ئەزموونە زیندووانەیە کە ناسنامەی لەسەر بونیادنراوە، وێنەیەکی بێ لەکەیە لەدرێژەپێدانی خەبات کە لەسەر داکەوتەکاندا بەدی دەکەین، شاعیر زیرەکانە توانیویەتی سەرەتای هۆنراوەکە بەکۆتاییەکەیەوە گرێبدات و کلۆمی بدات، بۆ دواجار پارادۆکسێ ئەنجامبدات، وەک دەبینین ئەوەی لەسەرەتای هۆنراوەکەدا وەک بێ لایەنێک، تەنیا سەرپێی لەدەرووی سۆزێکەوە دەیوت «حاڵی دەبم»، هەنووکە بەرانبەر بەگەورەیی کارەساتەکان سامناکی ڕووداوەکان، بەهێز و بەهای ئەوینەوە ، ئەم بەرگەی گرتووە و نەمردووە، سەرسامە چۆن بەرگەی نەهامەتێەک دەگرێ بەو جۆرە کوشندە و کاریگەر بێت، هەرەشە بێت لەسەر ئایندەو مانەوەی مرۆڤ، ئەوەی ئەم هێزەی لەدوایە ئیرادەی خۆشەویستی مرۆڤە بەرانبەر بەستەم و ئەو هێزە نەخوازراوان کە لەوێرانکردندا جیاوازی ناکات

هەولێرنامەی کتێب

چەمکی ئەنتۆلۆژیا



خۆشەویستی وەك نموونەیەکی پەتی، پەیوەندییەکی زیندووە لەئاوێتەبوون، توانەوەی قەوارەی خودە لەقەوارەیەکی دیکەدا، ئەوین ئاوێنەیەکی بێ غەل و غەشە، مرۆڤ دەتوانێ خۆی لەنێو ئەوانی تردا ببینێ، خەمەکانی بەرامبەری تێدا خۆشبووێت، وەك لەسەرەتاوە گوتمان، ئەوە سیحرو زمانی خۆشەویستییە، خەم و ئازارەکان کۆدەکاتەوە، خۆی پێ جوان دەکات

لەنێوان گەرمیان و کوێستاندا، لەسووتان و گڕتێبەرداندا، مامڵەی شاعیر لەتەک ڕووداوەکاندا، ئەنگیزەی ناوەوەی خودە، بەستراوەتەوە بەچارەنووسەوە، وەک سەرەتای هۆنراوەکە مامڵەیەکی تاکە کەسی نییە، تا ڕۆڵی نەرێنی بگێڕێ و بڵێت «حاڵی بووم»، لەم قۆناغەدا مامڵە بەرهەمهێنەرە و پاڵ بەوێنەی شیعری یەکەمی هۆنراوەکەوە دەنێت، هەڵوێستی دروست وەردەگرێت، بەئەجیندایەکی نیشتیمانی قەرەبووی بۆ دەکاتەوە، متمانەی پاکبوونەوەی بۆ دابین دەکات، گرتەکان فراوانتر دەکات مانای سەراپاگیری پێدەبەخشێت، لەخەمی تاکە کەسییەوە دەیگۆڕێت بۆ خەمی نیشتیمان، هەڵبەتە ئیستاتیکای وێنە پابەندە بەبەکارهێنانی ڕەگەزەکانی گەیاندن و مەوداکانی نزیککردنەوە یان دوورکەوتنەوەی مانا لەوێناکردنی ڕەگەزەکانی گونجاندن و ئەگەربینی هاودژەکان، دۆزینەوەی پەیوەندییەکانی نێوانیان، گەرمیان و کوێستان لەفەرهەنگی زمانەوانیدا دوو پێگەی هاودژن، یەکەم چاوەڕێبوونی گەرمیان بۆ باران گەر لەڕووی کۆمەڵایەتی و پەیوەندی بەئاو و بارانەوە هەبێت، ئاماژەیە بەچینی پاڵە و جوتیار، بەخەڵکی گوندنشین کە بژێوییان لەسەر بارانە، دووهەم کوێستان بەهۆبە و هاوار بەمانای ژیانی کۆچەری دێ، چینی سێهەم خەڵکی شار دەگرێتەوە، زیاتر چینی بۆرجوازی بچوک و خوێندەوار دەگرێتەوە، بەم گشتگیرییە، شاعیر سەرتاپای پێکهاتەی کۆمەڵگای کوردستان لەپەیوەندییەکدا ئاوێتەدەکات بەیەک چارەنووسەوە گرییان دەدات، ئەوەی ئەم دوو قۆناغە دەشکێنی لەبۆتەی یەک خەمدا کۆیاندەکاتەوە، چینی سێهەمی شارنشینە، خوێندەوارە، لەشاردا نەگەرمیان دەمێنی نەکوێستان، لەژێر یەک ناسنامەدا، یەک ڕەهەندی نەتەوایەتیدا، دەچەوسێنەوە، بەیەک چارەنووسەوە دەلکێن، چینی شار خەم هەڵگری هەردوو چینی گوندنشین و کۆچەرە، ئەمیان بەبێدەنگی لەچاوەڕوانی باراندا، ئەویان بەکێشەی هۆبەو گواستنەوە و هاواری بێ شوێنی، هاوکات سێبەری ئەم دۆخە لەکەسایەتی شارنشیندا ڕەنگدەداتەوە، بگێڕێرەوە خۆی لەدەنگی شاعیردا بەدی دەکات، لەیەکەمدا، لێکەوتەی تینووبوون بۆ ژیان و ئاوادانی، وەک جێکەوتێ دڵی شاعیر دەسووتێنن، لەدووهەمدا هۆبە و ڕاهاتنی ڕەوکردنی گەرمیان و کوێستان، گڕتێبەردان لەوێدا، گڕتێبەردان بەجەستەی شاعیرە و گرێدەدات کە لەشاردا خۆی دەنوێنێ، دەنگی شاعیر هەست بەتاوان و ئازارێکی سەختی ئەنتۆلۆژی دەکات، ئازارێک مردنیش ئەو ڕووەی نییە ئاوڕی لێ بداتەوە، نەکات، نە سووربوون، نەڕۆژ، نەخۆزگە لەئاست هەستکردنی ئەو تاوانەدا نییە، بەمردنیش فریای ناکەوێت، لەچوار گرتەی جیاوازدا لەدۆخی شکستبووندا لەدەرگای مردن دەدات، دەرگای لێ ناکرێتەوە، مردن واتا تەواو بوون، بەڵام ئەم ماوە بەهەستی مانەوە یەخەی مردن دەگرێت، پێدەچێت مردن دەرەقەتی نەیەت، شۆڕش دژ بەسیستەمی

دۆگما و مردن دەکرێت، نەک پێچەوانەکەی، وەک پێشتر گووتمان ئـەوەی ئـەم، واتـا شاعیر چاوەڕێی نەبوو ڕوویدا، گەر هەستی مردنی هەبوایە، چوار جار پرسیاری لەمردن نەدەکرد، بۆ نایباتەوە، درککردن بەهەستێکی ئاوهانە، ژیان هیچ، مردنیش ناپاکی لەتەکدا بکات، تۆ بمێنیت، یان مایتەوە، لەیەکەمدا نەبوویتە ئەو بارانەی خەونی جوتیار بەدی بێنی، دیسانەوە لەدووهەمیشدا هەر نەبوویت بەو لانەیە هۆبەی ڕەوندەکان بپارێزی، بەبیانووی هەبوونی بەرگری لەناسنامە و لەمانەوە، لەیەکەمدا گەرمیان و گوندەکانی سووتێنران و کاولبوون، لەدووهەمیشدا گڕبەردرا لەهۆبەو ڕەشماڵکانی کوێستان، ئێوە شۆڕشتان کرد، دەسەڵاتیش لەبیانوو دەگـەرا، خەڵکی گەرمیان و کوێستانیش وەک یەک باجەکەیاندا، نەمانی گوندەکان لەنەمانی چاوەڕوانی و لەنەمانی خەوندا یەقیداوەتەوە، لەئاستی ناوخۆدا دابەشبوونی جەستەی کوردی لێکەوتەوە، لەئاستی نێودەوڵەتیشدا خەمێکی قورستر کۆماندەکاتەوە، خەڵات ئاسا بەسەر چـوار وڵاتـدا دابەشکراوین، هەموو ڕۆژێـک، گشت ساتێک، باجی کوردبوونمان دەدەین، بۆ کوێ برۆین، گەر کوردبوونماڵێ بێت، گوندنشین پەنجەرەکەی بێت، دەوارنشینیش دەرگاکەی بێت، تۆی شارنیشینیش تێشووی خەمێکی ئەزەلیت لەهەگبە نابێت، لەڕۆژێکی رەشدا، هەڵگری ناسنامەیەکی سپیت، لەناوەوە وێرانە، لەدونیای دەرەوەشـدا، لەدونیاشدا، چ کارەساتێکە

کەس بەدەنگتەوە نایە، درێژ کردنەوە و پچرکردن و لەتکردنی وشەی ئاااخ هاوارکردن و بەرجەستەکردنی ئـیرادەیـە، هێزە لەئینساندا، لەتکردنی لەچوار برگەدا، یەکتاخستنی ناڵەو ژانوژۆی هەرچوار پارچەی کوردستانە، دەنگ و سەدای یاخی بوونێکە لەناخەوە



هەولنامەی کتێب

سەردەکات، چوار سنووری بەناهەق دابەشکراو تێکدەشکێنێت، بێدەنگی دونیای دەرەوەش ڕیسوا دەکات «یاخیبوون کاتێک ڕوودەدات کە مرۆڤی یاخی هەستبکات لەشوێنێک بەجۆرێک لەجۆرەکان لەسەر هەقە»(٨)، ئەم دەنگە پچڕپچڕە ڕەنگدانەوەی دەنگی یاخیبوونی خەمەکانی «مارف عومەر گوڵ»ی شاعیرە لەهەر چوار پارچەی کوردستان، چۆن لەنیوە شەودا واتا هێشتا نیوەیەک ماوەتەوە، هیوایەک هەیە، لەمردن ڕ□زگاری بکەن دەریکەن لەخەوی مردن بەئاگابێتەوە، خەو ئەوەیە پێینەگەیت، لەچوار گرتەدا لەچوار پارچەدا نەیتوانی پێیبگات، بێگومان وەرگر کاتێ هاوژینی ئەم دەقە شیعرییە دەبێت کە کارەکەی تێدا ئەنجامدراوە، بەم شێوەیە دەتوانێت لەئاسۆی چاوەڕوانی نزیک بێتەوە، گەر نا وەرگر دەبێ ئاسۆی چاوەڕوانییەک فەراهەم بکات کە گونجاو بێت لەتەک زەمەنی نووسینی مێژووی دەقە شیعرییەکەدا، دواشت شاعیر بەگێڕانەوەی شیعرێکی کورت، توانی دەنگی خۆی بخاتە پاڵ دەنگی «تەڵعەت تاهیر»ی شاعیر، یان بەپێچەوانەوە تەڵعەت تاهیر لەئێستادا دەتوانێ ئەو لەدێرە شیعریەکەیدا بەدیبکات کە دەڵێت «ئەوانەی پاڵەوانی چیرۆکێکی خەمباربوون دەزانن..... کارەساتی گەورە پێویستی بەگێڕانەوەی درێژ نییە»

حوزەیرانی / ٢٠٢٠

**ژێدەرەکان**

١ـ بەختیار عەلی، لەدیارەو بۆ نادیار، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ساڵی٢٠١١، لاپەڕە٨٥.

٢ـ مارف عومەر گوڵ، شاییەکی نهێنی، چاپخانەی کارۆ، چاپی یەکەم، لەبڵاوکراوەکانی دەزگای ڕۆشنبیری جەمال عیرفان، سلێمانی، ساڵی٢٠١٥، لاپەڕە٤٣.

٣ ـ عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی، هیشام تاهیر بەرزنجی، چاپخانەی تاران، چاپی یەکەم، سلێمانی، ساڵی٢٠١٨، لاپەڕە١٧.

٤ ـ سي، دي لويس، الصورة الشعرية، ترجمة د.احمد نصيف الجنابي، مالك ميري، سلمان حسن ابراهيم، دار الرشيد للنشر- منشورات وزارة الثقافة والاعلام، الطبعة الاولى سنة١٩٨٢، ص ٣٨.

٥ ـ بەختیار عەلی، سێوی سێهەم، چاپخانەی کارۆ، چاپی، ئەندێشە بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە، سلێمانی، ساڵی....، لاپەڕە ٦٦.

٦ ـ د.یادگار لەتیف شارەزووری، تیۆرەکانی وەرگرتن، چاپخانەی حەمدی، لەبڵاوکراوەکانی شانزەمین ڤیستیڤاڵی گەلاوێژ، سلێمانی، ساڵی٢٠١٢، لاپەڕە ٤٥.

*بەدیوی ناوەوە لەداهاتوودا گەڕانەوەیەکمان بۆ ئەم پرسیارە دەبێ.

٧ ـ دونیس هولیر، گۆڤاری شیعر، ژمارە٧، ناوی گووتار، نارۆین خاڵی سەرەتا، وەرگێڕانی لەفەرەنسییەوە، شەهید کەڵۆسی، سلێمانی، ساڵی٢٠١٨، لاپەڕە ١٠٦.

٨ ـ ئارام سدیق، گۆڤاری شیعر، ژمارە ٣، ناوی گووتار، شیعری یاخیبوونی ساختە لەئەزموونی کەژاڵ ئەحمەددا، سلێمانی، ساڵی٢٠١٧، لاپەڕە ٦٥.



# دۆستۆڤسکی



ئامادەکردنی: زاهیر شکور

بوونی دز و جەردە و پیاوکوژ و ئاژاوەچی و گەمژە و نەخۆشی دەروونـی و دادوەر و ئەفسەری پلە بەرز و رووناکبیر و پیسکە و پوولەکی و درۆزن، بەکورتییەکەی بەیەکگەیشتنی چاکە و خراپە، لەنەوەکانی بنەماڵەی دۆستۆڤسکی لەرابردوودا، وادەردەکەوێت وێنەیەکی پێش وەختی بەخشیبێتە بەرهەمەکانی دۆستۆڤسکی.

خێزانی باوە گەورەی دۆستۆڤسکی (ماریا) مێردەکەی (ستانیلاس کارلۆڤیچ)ی بەکوشت داوەو دواتر بەبەڵگەی ساختە ویستوویەتی بخەوێتە سەر سامانەکەیدا، ئەو (ماری)یایە نەنکی دۆستۆڤسکییە، (رۆڤائیل ئیڤانۆڤیچ) تاوانبار کراوە بەدزینی پارەی دەوڵەت، کەسێکی دیکەی بنەماڵەکەشی کە نـاوی (ستیڤان) بـووە، لەیەکێک لەبەندیخانەکانی عوسمانییەکانەوە رایکردووە، (شاژنی ئـال دۆستۆڤسکی) و کـوڕی بـەڕێوەبـەری کـارووبـاری گوندەکانی ناوچەیەکی روسیایان کوشتوە، ئەمە وچەندین کردەوەی دزی و کوشتن و تەنانەت بەشداری کردن لەهەوڵی کوشتنی قەیسەری روسیا، لەبەرانبەردا چەندین پیاو چاک و کاهین و راهیب و دادوەر و رووناکبیر لەبنەماڵەی دۆستۆڤسکیدا هەبووە.

بنەماڵەی دۆستۆڤسکی بنەماڵەیەکی ناسراوی روسیان و ناوی ئەم بنەماڵەیە لەساڵنامەی لیتوانیادا، لەساڵانی دەورووبـەری (١٥٠٠)دا هاتووە، ئەم روونکردنەوەیەم بەگرنگ زانـی بۆ رابـردووی بنەماڵەی دۆستۆڤسکی، چونکە ئەو رابـردووە مێژووییەی بنەماڵەکەیان ماکی لەباوکی دۆستۆڤسکی و کورەکانیدا هەبووە و لەزۆرێک لەبەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە.

باوکی دۆستۆڤسکی (میخائیل ئەندریڤیچ) پزیشکی نەشتەرگەری بووە، ساڵی (١٨١٩) هاوسەر گیری لەگەڵ (ماری فیدۆروفنا نیچایڤ) کردوە، ماری کچی پیاوێکی بازرگانی دەوڵەمەند بووە، لەگەڵ خۆیدا بەشێک لەو دەوڵەمەندییەی هێناوە بۆ ماڵی مێردەکەی، ماری خۆشەویستیەکی پر لەسۆز و راستەقینەی بۆ مێردەکەی هەبوو، جگە لەوەش هەستیار و بەلوتف و جوان و سادە و ساکار و دوور لەفیز و لووت بەرزی بووە.

سەرەتاکانی ژیانی باوکی دۆستۆڤسکی (میخائیل ئەندریفیچ) سەرەڕای هەندێک سەرکەوتنی بچووک، گەلێک قورس و دژوار بووە، ئەمەش کاریگەری هەبووە لەسەر هەڵسوکەوت و میزاجی بەرامبەر خێزان و مناڵەکانی و تەنانەت بەرامبەر ئەو جوتیارانەش (قنان) لەزەویەکەیدا کـاریـان دەکـرد، کەسایەتی بـاوکـی دۆستۆڤسکی، کەسایەتیەکی گوماناوی و ڕاڕا و دیکتاتۆر و دڵپیس و توندووتیژ و رەزیل و پوولەکی و پیسکە و قرچۆک بووە، ئەم خەسڵەتانە کردبوویە پیاوێکی خەمۆک و داخراو و تووڕە، باوکی دۆستۆڤسکی ئیرادە و دەسەڵاتی دیکتاتۆرانەی خۆی سەپاندبوو بەسەر هەموو ئەوانەی لەماڵەکەیاندا بوون، سەرەڕای ئەمانەش لەناخیدا خۆشەویستی بۆ منداڵەکانی



## دۆستۆڤسکی

جێگای خۆی هەبوو، هەندێک جاریش شەپۆلێک سۆز و بەزەیی بەسەریدا دەباری، خێزانەکەی تا ئەندازەی پەرستن خۆش دەویست و لەهەمانکاتدا دڵیشی لێپیس دەکرد، بەپێی هەندێک سەرچاوە، هیچ ڕۆژێک لەڕۆژان توندوتیژی جەستەیی بۆ گیانی منداڵەکانی بەکار نەهێناوە، لەژیانی هاوسەرگیرییدا لەگەڵ (ماری) دەمی بۆ خواردنەوەی مەی نەبردووە، کاتێکیش ماری مرد بەشێوەیەکی لەرادەبەدەر پەنای بۆ مادە سڕکەرەکان برد، قرچۆکی پیسکەیی و ڕەزیلیەکەشی کە وەک پەندی پێشینان باس دەکرا، هەندێک لەرەخنەگران دەیگێڕنەوە بۆ دەست کورتی و کەم داهاتی. هەرچەندە بەشێوەی پوولەکییەکەی و ڕەزیلیەکەی دەست کورت نەبوو.

لە(٣٠/تشرینی یەکەمی/١٨٢١) فیدۆر میخائیلۆفیچ دۆستۆڤسکی، لەو نەخۆشخانەی باوکی کاری لێدەکرد، لەمۆسکۆ لەدایک بوو.

دۆستۆڤسکی لەژینگەیەکی دژواری پڕ لەئێش و ئازاردا چاوی هەڵهێنا کە دەکرێت بکرێتە هێمایەک بۆ ژیانی، لەژوورێکی بچووکی نەخۆشخانەی مریەم کە باوکی لەوێ پزیشک بوو لەدایک بوو، قەدەر وایهێنا، کە دۆستۆڤسکی لەناو هەژاران و بێنەوایان و برسی و ڕەش رووت و ئازارکێش و نەخۆش و خەڵکانی بێدەرەتان چاو بکاتەوە و ئەو هەموو ئێش و ئازارانە لەخۆی بپێچێت و ئێش و ئازاری مرۆڤایەتی ببێتە بەشێکی ژیانی و دواتریش ئێش و ئازاری ئینسان لەبەرهەمەکانیدا ڕەنگ بداتەوە.

دۆستۆڤسکی چاوی لەدونیایەک کردەوە خۆشی و پێکەنینی تێدانەبوو، دەوروبەری لێوان لێو بوو لەئێش و ئازار و هاواری پەککەوتە و شەل و شێت و نابینا و نەخۆشی دەروونی و نەخۆشەکانی سەر قەرەوێڵەکان و پڕ بوو لەبۆنی دەرمان و خوێن و برین پێچ (لەفاف)، لەماڵەوەش باوکێکی دڵڕەق و پیسکە و پوولەکی و ڕەزیل و تووڕە و ڕوو گرژ بوو.

دایکی دۆستۆڤسکی ژنێکی خەمبار و پڕ لەدڵەڕاوکێ و ڕەشبین بوو، ئەمە ژینگە و یەکەم وێستگەی دۆستۆڤسکی بوو، کە بێگومان کاریگەری لەسەر بیرکردنەوەی جێهێشتبوو.

لەماڵێکی بەرنامە بۆ دانراوەوە لەلایەن باوکییەوە، ماڵێک خاڵی لەپێکەنین و یاری منداڵان و یاریکردن، دۆستۆڤسکی ژیانی منداڵی بەسەر برد، خێزانەکەیان کاتژمێر شەشی بەیانی لەخەو هەڵدەستان، سەعات هەشتی بەیانیان باوکی ماڵی بەجێدەهێشت بۆ نەخۆشخانەکەی و سەردانی کردنی نەخۆشەکانی، سەعات نۆ دەگەڕایەوە و ئەچوو بۆ عیادەکەی لەناو شار، نیوەڕوان لەگەڵ خێزانەکەی پێکەوە نانی نیوەڕۆیان دەخوارد، دوای نانخواردن باوکیان بۆ ماوەی دوو سەعات لەسەر یەکێک لەقەنەفە کۆنەکان دەخەوت، لەکاتی خەوتندا دەبوایە یەکێک لەمنداڵەکان بەدیارییەوە ڕاوەستێت و نەهێڵێت مێش

بێتە سەر دەموچاوی و بێزاری بکات، ئەندریێ دۆستۆڤسکی لەبیرەوەریەکانیدا دەڵی: ( قوڕ بەسەر ئەوەی غافڵ بوایە لەراوونانی مێشەکان) بەکورتیەکەی هەموو خێزانەکە ئارامی ئەو دوو سەعاتە خەوەی باوکیان رادەگرد.

لەکاتی نووستنی باوکیان، خێزانەکە لەژوورێکی دیکەدا بەدەوری مێزێکی خڕدا دادە نیشتن و دایکیان وەک حیکایەتخوانێک باسی بنەماڵەی خۆی بۆ منداڵەکان دەکرد، بەڵام منداڵەکان زیاتر حەزیان لەچیرۆک و حیکایەت و ئەفسانەکانی خزمەتکارەکەیان (ئەلوینا فرولوفنا) دەکرد، ئێوارە چای خێزانەکە سەعات چـواری عەسری هەموو رۆژێک بوو، نان خواردنی ئێوارەش سەعات نۆی شەو بوو، دوای نان خواردنی ئێوارە منداڵەکان ماچی دایک و باوکیان دەکرد و دەچوون بۆ ژووری نووستنەکەیان و دەخەوتن.

لەو ژینگەیەدا، بەدابڕان لەدونیای دەرەوە و بێ بەشبوون لەئازادی و ئەزموون، دۆستۆڤسکی نەشوونمای دەکـرد و گـەورە دەبـوو، دواتـریـش لەبەرهەمەکانیدا رەنگیان دایـەوە، لەیەکێک لەرۆمانەکانی، کارەکتەرە سەرەکیەکەی ئەڵێ (ئێمە هەمووومان لەگەڵ ژیاندا رانەهاتووین). دۆستۆڤسکی لەناو خێزانەکەیاندا منداڵێکی هاروهاج بوو، زۆر جار دەچووە سەردانی نەخۆشەکانی باوکی، لەگەڵ ئەو نەخۆشە هـەژار و بێ دەرەتانانە



بنەماڵەی دۆستۆڤسکی بنەماڵەیەکی ناسراوی روسیان و ناوی ئەم بنەماڵەیە لەساڵنامەی لیتوانیادا، لەساڵانی دەورووبەری (١٥٠٠) دا هاتووە، ئەم روونکردنەوەیەم بەگرنگ زانی بۆ رابردووی بنەماڵەی دۆستۆڤسکی، چونکە ئەو رابردووە مێژووییەی بنەماڵەکەیان ماکی لەباوکی دۆستۆڤسکی و کورەکانیدا هەبووە و لەزۆرێك لەبەرهەمەکانیدا رەنگی داوەتەوە .



## دۆستۆڤسكی

قسەی دەكرد و لەناویاندا هەستی بەئاسودەیی دەكرد، باوكی هەوڵی دەدا نەهێڵێت تێكەڵی ئەو توێژە هەژارە ببێت، بەڵام بێ سوود بوو، شێوازی پەروەردە كردنی و تێكەڵ بوونی لەگەڵ هەژاران و بێنەوایاندا و دواتریش ژیانی سەربازی و سزادانی بەگولە بارانكردن و گۆڕینی سزاكەی بەبەندكردن و دوورخستەوەی بۆ سێبریا و ژیانی مەنفا و ئالودەبوونی بەقومار و خوێندنەوە چڕ و پڕەكەی، هەمووی لەبەرهەمەكانی دۆستۆڤسكیدا رەنگیان داوەتەوە، لەهەندێك لەڕۆمانەكانیدا زیاتر لەدە ڕۆمان لەناو ڕۆمانێكدا دەخوێنینەوە، ڕۆڵی كەسایەتیەكانی بەجۆرێك بەرجەستە كردوە، كەسی تر نەیتوانیوە خۆی لەقەرەی بدات. لەڕۆمانێكدا، دز و گەمژە و درۆزن و بێ رەوشت و نەفس نزم و كاهین و پیاو كوژ و رووناكبیری كۆكردوەتەوە، هەریەك لەمانە دۆستۆڤسكی توانیویەتی كەسایەتی ڕاستەقینەی خۆیانی بداتێ، هەڵسوكەوتیان، ئاستی تێگەیشتنیان، هەڵچونیان، باری دەروونییان، غەریزە و حەزەكانیان، پەیوەندیەكانیان، لەڕووی دەرونیەوە سایكۆلۆژیەتی یەك بەیەكیان دەردەخات و هەریەكەو لەفۆڕمی خۆیدا بەرجەستە بكات، ئەمەش بێ بیركردنەوەیەكی قووڵ، بێ شارەزایی و پسپۆڕی لەبواری دەروونـاسـی، كەسی تر ناتوانێت بەر جەستەی بكات لەراستیدا بەرهەمەكانی دۆستۆڤسكی، لەپاڵ هونەری ڕۆماننوسیدا، لەڕووی دەروونیەوە ناخ و بیركردنەوەی دیوی ناوەوەی ئینسان ئاشكرا دەكات، بەواتایەكی دیكە دۆستۆڤسكی ڕۆماننووس و دەروون زانبووە و چەندین و ڕەنگ و دەنگی دژ بەیەكی لەسەر شانۆی ڕووداوەكان كۆكردووەتەوە ، سایكۆلۆژیەتی یەک بەیەكی ئەو دەنگ و ڕەنگانەی بەرجەستە كردووە و دەرخستووە، هەموویانی جووڵاندووە و لەهەمان كاتیشدا كۆنترۆڵیانی كردووە.

باوكی دۆستۆڤسكی چەند هەكتارێك زەوی كشتوكاڵی لەگوندی (دارۆڤۆیی) دەورووبـەری مۆسكۆ كڕی، لەگەڵ زەویەكەدا چەندین جوتیاری كۆیلەی ژن و پیاو (كۆیلەی زەوی ـ قنان) هەبوون، كڕینی ئەو زەویە، بوو بەمایەی گۆڕانكاریەكی زۆر لەژیانی خێزانییاندا، ماری منداڵەكانی ئەبرد بۆ نێو زەویەكەیان و باوكیشیان بەهۆی پابەندبوونی بەدەوامی نەخۆشخانەوە لەگەڵیان نەدەرۆیشت، ئەمەش ئازادیەكی زۆری بەخشییە منداڵەكان، بۆ یاریكردن و سواربوونی ئەسپ و عەربانە و قسەكردن و تێكەڵبوون لەگەڵ جوتیارە كۆیلەكان. باوكیان لەهەفتەیەكدا جارێك و بۆ مـاوەی چل و هەشت سەعات سـەری لێان دەدا، دۆستۆڤیسكی زیاتر چاوی كرایەوە و زیاتر ئاشنایەتی لەسەر لادێ و زەوی و كشتوكاڵ و كۆیلە و جوتیاران پەیدا كرد.

جوتیارەكان خۆشەویستیەكی رادە بەدەریان هەبوو بۆ منداڵەكان بەتایبەتی بۆ دۆستۆڤیسكی، چونكە ڕۆژ دەبـووەوە دەچوە ناویان و لەچڵكنی و ماندوو بوون و




دەستی شەقار شەقار و جلوبەرگی پینە کراویان و پێڵاوی دڕاویـان وورد دەبـوەوە و تێڕامانی قوڵ دەیگرت، لەم جوتیارە هەژار و بێ ئیرادانەوە بیری بۆ لای گەلی روسیا دەرۆیشت، خۆشەویستی ئەو گەلە سادە وساکار و مەزنە بـووە بەشێک لەبیرکردنەوە و خولیای دۆستۆڤیسکی و خاڵی جـەزب و رەگـداکـوتـان و پەیوەست بوونی بەڕوسیا و گەلەکەی، تا مردیش ئەو خاک و گەلەی بەپیرۆزترین بەهای ئەخلاقی ئەزانی، دۆستۆڤسکی ڕوسیا لەناو دەمارەکانی خوێنیدا دەژیا، نووسەرێکی ڕوسی بوو، لەدەرەوەی ڕوسیاش وێناکردنی مەحاڵە، لوغز و مەتەڵکانی کەسایەتی دۆستۆڤسکی، لەلوغز و کەسایەتی ڕوسیادایە، ڕۆژئاواییەکان لەدۆستۆڤسکیەوە ڕوسیا دەناسن، چوونکە هەموو ناودژەکانی ڕوسیای لەخۆیدا کۆکردوەتەوە، ڕۆژ بەڕۆژ ژیانی کولەمەرگی جوتیاران و هەژارانی وڵاتەکەی، دۆستۆڤیسکی لەنەفسنزمی و خۆ بەزل زانین و لووت بەرزی پاک دەکردەوە، هەرکاتێکیش بیرو باوەڕی بەرامبەر ڕووسیا لاواز بوایە، دەگەڕایەوە بۆ بیرەوەریەکانی سەردەمی ئاشنابوونی بەنەخۆشخانەکەی باوکی و سەردەمی کێڵگە و جوتیارە کۆیلەکانیان، ئەو بیرەوەریانە ئیلهامی دۆستۆڤیسکی بوو بۆ پابەندبوون بەڕوسیا و خۆشەویستی هەژاران و بێنەوایان، تەنانەت یەکەم ڕۆمانیشی هەر ناوی (هەژاران) بوو.

ئەو ژیانە وایلێکرد ڕۆژێـک لـەڕۆژان بڵێت: (ژیانی هەژاران فێری ئەوەی کردم، نەزانم ڕق و کینە چییە!)

پـرۆسـەی خوێندن لـەڕوسیـای ئـەو ڕۆژگــارە زۆر لاوازبوو، هەربۆیە زۆربەی هەرە زۆری خێزانەکانی ڕوسیا مناڵەکانیان لەقوتابخانەی تایبەت یان لەماڵەوە دەخستە بەرخوێندن.

کاتێ تەمەنی دۆستۆڤسکی گەیشتە چـوار ساڵان، لەماڵەوە پرۆسەی خوێندنی دەستپێکرد، لەسەرەتادا، (ماری فیدۆروفنا)ی دایکی، بنەما سەرەتایەکانی ناساندنی پیت و خوێندنی منداڵەکانی گرتە ئەستۆ، خوێندنە سەرەتایەکانیان خوێندنەوە و فێرکردنی (چیرۆکەکانی سەردەمی کۆن و سەد و چوار چیرۆکی سەردەمی نوێ بوو)– تەورات و ئینجیل – لەتەمەنی (٤٩) ساڵیدا دۆستۆڤیسکی



کتێبێکی کۆنی سەردەمی کۆنی دۆزیەوە، تا مردن ئەو کتێبەی نایە شوێنێکی شیاو لەناو کتێبخانەکەی، پاش ماوەیەکی کورت لەدەست پێکردنی خوێندنیان، باوکیان (شەماس)ێکی بۆیان هێنایە ماڵەوە، شەماسەکە خوێنەوار و ڕوناکبیرێکی باش و وریا بوو، یەکێک بوو لەمامۆستاکانی پەیمانگای (کاترین) مامۆستاکەیان خاوەن بەلاغەیەکی ئەفسوناوی و دەنگ خۆشێکی کاریگەر بوو «مێژووی پیرۆز» ئەرکی سەرەکی مامۆستا بوو منداڵەکان فێربکات، لەکاتی وانە وتنەوەدا، دەنگ و بەلاغەتی مامۆستا ئەوەندە ئەفسوناوی و پڕ لەنەغمەو سۆزداری بوو، دایکی دۆستۆڤیسکی وازی لەئیشوکاری ناوماڵ دەهێناو گوێی لەشەماس دەگرت، منداڵەکانیش بەملکەچییەکی (خوشوع) پڕ لەتێڕامانەوە دەستیان ئەخستە ژێر چەناگەیان و بەبێدەنگیەکی سەرنج ڕاکێشەوە گوێیان بۆچیرۆکی لەدایک بوون و ئێش و ئازار و لەخاچدانی مەسیح دەگرت.

بۆ تەواوکردنی پەروەردەی منداڵەکان، باوکی دۆستۆڤیسکی دوای ماوەیەکی تر مامۆستایەکی دیکەی هێنا بۆ فێرکردن و ئاشناکردنی منداڵەکانی بەزمان و ڕۆشنبیری فەرەنسی، مامۆستاکە فەرەنسی بوو، ناوی (سۆشار) بوو، مامۆستا سۆشار خۆی و کوڕەکانی و ژنەکەی، وانەی بیرکاری و میتۆدی سلافی و وانەکانی تریان گرتە ئەستۆ، تەنها وانە کە بوونی نەبوو لەقوتابخانە تایبەتییەکەی (بنەماڵەی دۆستۆڤسکی)دا، وانەی فێربوونی زمانی لاتینی

بوو، بۆیە بەناچاری باوکی دۆستۆڤیسکی فێربوونی ئەو زمانەی خستە ئەستۆی خۆی، باوکیان بەدسپلینێکی توند و سەپاندنی ئیرادەی خۆی و تووڕەبوون، وانەی زمانی لاتینی ئەوتەوە، منداڵەکانی لەترسی شێوازەکەی باوکیان، وشەکانیان تێکەڵ و پێکەڵ دەکرد، باوکیشیان لەتوڕەییدا سەری ئەکێشا بەتەختە ڕەشەکەدا و زۆرجار ئارامی نەدەما، لەتاوا پۆلەکەی جێدەهێشت، سەرەڕای ئەوەش لەبەر سزادانی جەستەیی، منداڵەکانی نەنارده قوتابخانەکانی دەوڵەت، بۆیە دوای فێربوونی قۆناغی سەرەتایی، میخائیل ئەندریڤیچ، منداڵەکانی نارده دامـەزراوەی (چێرماک) کە دامەزراوەیەکی ئەهلی ڕاقی بوو، تێچونی پرۆسەی خوێندن لەدامەزراوەی ( چێرماک) لەهەموو دامەزراوەکانی دیکە گرانتر بوو، (چێرماک) ساڵی (١٨٣٤) پێشوازی لەهەردوو خوێنکاری برا (میشێل و دۆستۆڤیسکی) کرد.

خاوەنی دامەزراوەکە ناوی چێرماک بوو، دامەزراوەکەش هەربەناوی خۆیەوە بوو، مامۆستا چێرماک پەروەردەکارێکی وورد و بەسەلیقە و دڵسۆز بوو، دامەزراوەکەی کۆمەڵێک مامۆستای لێهاتوو و بەتوانا و پسپۆری لەخۆ گرتبوو، مامۆستا چێرماک خۆی و خێزانەکەی لەگەڵ قوتابیەکان لەسەر مێزێک نانیان دەخـوارد، مـەدام چێرماک خۆی بەوردی چاودێری تەندروستی قوتابیەکانی دەکرد، هەر خوێندکارێک نمرەی باشی بەدەست بهێنابایە، مامۆستا چێرماک بانگی دەکرد بۆ ژوورەکەی خۆی و دەست خۆشی لێدەکرد و نوقڵی پێدەدا و دەستی بەسەریدا دەهێنا.

ڕۆژانـــی شـەمـەی هـەمـوو هـەفـتـەیـەک میشێل و دۆستۆڤیسکی ئەگەڕانەوە بۆماڵەوە بۆ پشووی هەفتە، لەماڵەوە باسی ژیانی نوێی خۆیان بۆ ماڵەوە دەگێڕایەوە و باسی ژیان و هەڵسوکەوت و هاروهاجی و زۆرزانی هەندێک لەقوتابیەکانیان بۆ باوکیان دەکرد، باوکیان بەخۆشیەوە گوێی بۆ منداڵەکانی دەگرت. دوای قسەکردن بۆ باوکیان و نـانـخـواردن، میشێل و دۆستۆڤیسکی دەچوونە ژوورەکـەی خۆیان بۆ خوێندنەوەی هەرچی بەردەسیان بکەوتبایە، خوێندنەوەی کتێب بەشێوەیەکی بـەرفـراوان بـووە خولیای میشێل و دۆستۆڤسکی، بەتایبەتی دۆستۆڤسکی بووە خۆرەی کتێب، لەسەرەتاوە خۆراکی رۆشنبیری و فیکریان، لەبڵاوکراوە مانگانەکانی (نوسینگەی خوێندنەوە) بوو کە مانگانە کۆمەڵێک کتێبی قەبارە بچوکیان بەچاپ دەگەیاند، دۆستۆڤسکی جگە لەو کتێبانە، هەردوو ڕۆمانی مێژوویی (وافیرلی ، کانتان دوروارد)ی (واڵتەر سکوت، ١٧٧١–١٨٣٢) بەجۆش و خرۆشەوە دەخوێندەوە، هەروەها خوێندنەوەی بیرەوەری و سیاحەت نامەکانیش بەشێک بوو لەخوێندنەوەی دۆستۆڤسکی، ئەم خوێندنەوانە بووە مایەی ئەوەی خەون بەسەفەرکردنەوە و ببینێ، فینیسیا و ئەستەنبوڵ و چێژ وەرگرتن لەئازادی و لێبوردەی ئەو سەردەمەی ڕۆژهەڵات





ببینێ، بینینی داهێنانەکان و گرنگی دان بەنووسینەکانی والتەر سکوت و چارلس دیگنز و جۆرج ساند و هۆگۆ، خولیای دۆستۆڤسکی بوو، میشێلی براشی بەنهێنی خەریکی شیعر نووسین بوو، هەردووکیشیان شیعرەکانی پۆشکین و جۆکۆڤسکیان (zhukovsky) لەبەر دەکرد و زۆر جاریش بەخوێندنەوەی شیعرەکانی ئەو دوانە مونافسەی یەکتریان دەکرد و دایکیان لەنێوان خۆیاندا دەکردە دادوەر.

ئەو سەردەمە پۆشکینی شاعیر گەنج بوو، ناوبانگیشی وەک جۆکۆڤسکی نەبوو، دایکی دۆستۆڤسکی لایەنگری شیعرەکانی جۆکۆڤسکی بوو، کە دەبووە مایەی تورەبوونی دۆستۆڤسکی. تەنها هاورێ ڕێگەی پێدرابوو، سەردانی دۆستۆڤسکی بکات لەماڵەوە، ( فانیا ئۆمنوف) بوو کە هاوتەمنی خۆیبوو، دۆستۆڤسکی زۆر حەزی دەکرد تێکەڵی خوێندکارەکانی هاورێی بێت لەقوتابخانەکەیان، بەڵام ئەو سیستم و دیسپلینەی ماڵەوەیان، ڕێگر بوو لەبەردەمیدا.

دۆستۆڤسکی زۆر ئارەزووی دەکرد هاورێیەکی راستگۆ و دڵسۆزی هەبێت، بۆئەوەی دیدو بۆچوون و هەست و سۆز و نهێنیەکانی و دەردی دڵی خۆی بۆ باس بکات، ئەو هاورێیەی دەست نەکەوت، داخراوەیی و تەنیایی و گۆشەگیری بوو بەبەشێک لەژیانی، تەنانەت دەشترسا لەژیان، چێژیشی لەژیان وەرنەدەگرت، ئەو داخراوەییە بوو بەهۆی خەمۆکیەکی بەردەوام و ژیانی لەبەرچاو تاریک کردبوو، لەناخشیدا هەستە ڕۆمانسیەکانی و ئارەزووە نارۆونەکانی بۆ بەدیهێنانی ناوبانگ و سەرسوڕمانی بەشاکارە ئەدەبیەکان و یارییەکانی هاوڕێکانی گوشارێکی بەردەوام بوو لەسەر بیرکردنەوەی. لەم کەین و بەینەی ململانێ ناخەکیەکانی، کچێک بووە هاوڕێ و برادەری، هاوڕێیەتی ئەم کچە بەشێک لەشەرمنییەکەی دۆستۆڤسکی ڕەوانەوە.

باوکیان چاودێری هەڵسوکەوتی کوڕەکانی دەکرد تەنانەت تا تەمەنیشیان گەیشتە (١٦) ساڵی ڕۆبلێکی




هەواڵنامەی کتێب

پێیان نەدەدا، بەعەرەبانەکەی نەخۆشخانەکە دەیناردن بۆ قوتابخانەکەیان، بۆئەوەی بەئارەزووی خۆیان لەشەقامەکاندا پیاسە نەکەن، باوکیان بریارِیدا، میشێل و دۆستۆڤسکی یارمەتی برابچوکەکانیان (ئەندریە ونیکۆلا) و هەردوو خوشکە بچوکەکانیان بدەن لەفێربوونی خوێندندا.

لەم سەروبەندەدا نەخۆشیەکەی (ماری فیدۆروفنا) ی دایکیان بەشێوەیەکی ترسناک تەشەنەی دەکرد، لەزستانی (١٨٣٦) کەوتە سەرجێگە، لەو حاڵەتەشدا هەندێکجار بیرکردنەوەی پرِپوچانە بەمێشکی مێردەکەیدا دەهات لەخیانەتی ژنەکەی بەگومان بوو. تا دەهات باری تەندروستی دایکی دۆستۆڤسکی بەرەو خراپی دەرِۆیشت، مێردەکەی لەو نەخۆشخانەیەی کە خۆی تیایدا پزیشک بوو، ژنەکەی لەژوورێکی نەخۆشخانەکە خەواند، لەو ماوەیەدا، بۆ دڵدانەوەی مێردەکەی هەموو پزیشکەکانی نەخۆشخانەکە سەردانی دایکی دۆستۆڤسکیان دەکرد، جگە لەپزیشکەکان خزمانی هەردوولایان سەردانی (ماری) یان کرد، پزیشکەکان هەوڵی زۆریان لەگەڵ نەخۆشیەکەی دایکی دۆستۆڤسکیدا، کەچی هەموو هەوڵەکان بێ سوود بوون، تا لەرِۆژی (٢٧ی شوبات/١٨٣٧ ) دوای پیرۆزکردنی منداڵەکانی و مێردەکەی، لەتەمەنی (٣٧) ساڵی بەیەکجارەکی ماڵئاوایی کرد، مردنی (ماری) کارەساتێکی جەرگ برِ وگورزێکی کوشندە بوو بەر بنەماڵەی دۆستۆڤسکی کەوت، ئەم زیانە گەورەیە خێزانەکەی بەشێوەیەکی ترسناک هەژاند و، مێردەکەی جۆریک لەشێتبوونی تووش بوو، دواتریش پەیکەرێکی لەمەرِمەرِ (روخام) بۆ هاوسەرەکەی دروستکرد لەژێر پەیکەرەکە نووسی ( ئەی روفاتی ئازیزەکەم بنوو، تا ئەو کاتەی خۆشی وشادی دێت ئەوجا بەئاگا بێرەوە).

پێش مردنی دایکی دۆستۆڤسکی بەمانگێک بارۆن (ئەنتهێز) لەدووئێل ( مبارەزەدا) شاعیری گەورەی روسیا (پۆشکین)ی کوشتبوو، ئەم هەواڵە دوای مردنی دایکی دۆستۆڤسکی گەیشتە (بنەماڵەی دۆستۆڤسکی) ئەم دوو رووداوە کاریگەری و خەفەتێکی لەرِادەبەدەری باراندە سەر دۆستۆڤسکیدا، دۆستۆڤسکی لەرِادەبەدەر دایکی و پۆشکینی خۆش دەویست، لەکاتی بیستنی کوشتنی پۆشکیندا، دۆستۆڤسکی وتی ئەگەر ئێستا رِەشپۆش نەبومایە بۆ دایکم، جلی رەشم بۆ پۆشکین ئەپۆشی. (گۆگۆل) یان بەوتەی هەندێک کەس (گۆگۆڵ) بۆ کوشتنی پۆشکین ئەمەی نووسی: (ئەی خودایە رِوسیا بێ پۆشکین چەند نامۆیە.. ژیان و خۆشیم لەگەڵی مرد.. ئەوەی زۆر مەزن بوو لەژیاندا نەما.)

دوای مردنی (ماری) ماڵی دۆستۆڤسکی بوو بەدۆزەخ، پشێوی و خەم وپەژارە سیمای سەرەکی ماڵەکە بوو، باوکیان بەتەواوەتی هەرەسی هێناو زۆربەی کاتەکانی لەکێڵگەکەی و بەپەنابردن بۆ خواردنەوەی مەی بەسەر



## دۆستۆڤسكی

دەبرد. میخائیل ئەندریڤیچ، بڕیایدا هەردوو کوڕەکەی ( میشێل و دۆستۆڤسکی) بنێرێت بۆ قوتابخانەی ئەندازیاری سەربازی لەسان پترۆسبورگ، باوکیان پێی وابوو ئەوە پرۆژەیەکی باشە، چونکە خوێندکارانی ئەو قوتابخانەیە، دوای بەدەسهێنانی بڕوانامەکانیان، ئەبنە ئەفسەر لەتیپی پاسەوانی ئیمپراتۆر، یان ئەبنە ئەندازیاری مەدەنی. سەفەرکردن بۆ پایتەخت، بەهۆی نەخۆشی کووت و پری دۆستۆڤسکیەوە ماوەیەک دواکەوت، لەو نەخۆشیەدا دۆستۆڤسکی توانای قسەکردنی بەتەواوەتی لاواز بوو، باوکی بۆلای چەندین دکتۆری شارەزای قورگ و گوێی برد، هەموو چارەسەرەکان بێسود بوون، پزیشکەکان ئامۆژگاری دۆستۆڤسکیان کردو پێیان ڕاگەیاند ئەبێت بەدەنگێکی نزم قسە بکات، ئەم نەخۆشیە تامردن هاورێی دۆستۆڤسکی بوو، قسەکانی گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا هات و دەنگی لەقسەکردندا زۆر ناخۆش بوو.

دابڕانی میشێل و دۆستۆڤسکی لەخێزانەکەیان، بەکەرنەڤاڵ و ئاهەنگێکی شایستە دەستی پێکرد، (ئیڤان بارشیف)ی کاهینی نەخۆشخانەکەی باوکی ئامادەی ئاهەنگی بەرێخستنەکە بوو و نوێژی سەفەری بۆیان ئەنجامدا، دواتر لەسەر مێزی نانخواردن، هەموو ئاماژەی خاچیان کرد، دواتر باوک و کوڕەکان، سواری گالیسکەی سەفەرەکەیان بوون و کەوتنە ڕێ بەرەو پایتەخت، تاگەیشتنە پترسبۆرگ، نزیکەی هەفتەیەکیان پێچوو.

باوکیان خەم و پەژارەیی بەڕوویەوە دیاربوو، بەدرێژایی ڕێگا میشێل و دۆستۆڤسکی لەتێڕامان و خەیاڵێکی قوڵدا بوون، بیریان لەئایندەیەکی نادیار دەکردەوە، جارجاریش هەستیان بەخۆشیەک دەکرد سەبارەت بەوەی بیرکاری دەخوێنن، بەڵام شیعر ڕۆشنکەرەوەی تاریکیەکانی ژیانیان بوو.

دۆستۆڤسکی بڕیاری دابوو لەپایتەخت، پێش هەموو شتێک سەردانی ئەو گۆڕە پانە بکەن کە پۆشکین لەدوئیل (موبارەزە) لەوێ کوژرابوو، دواتریش بچنە ئەو ماڵەی بەبرینداری پۆشکین بۆ یەکجارەکی ماڵ ئاوایی تێداکرد، ئەم خەیاڵانە بەدرێژایی ڕێگە بردبونیە دونیایەکی ترەوە، لەیەکێک لەوێسگەکانی گۆڕینی ئەسپی گالیسکەکان، دۆستۆڤسکی چاوی بەگالیسکەیەک کەوت، وەها دەرکەوت کاربەدەستێکی دەوڵەتی هەڵگرتبێت، ئەو کاربەدەستە کە سواری گالیسکەکە بوو، لەپشتەوە بەشەپازلە کەوتە لێدانی سەر و سەکوتی ڕانەری گالیسکەکە، ئەم دیمەنە ناخی دۆستۆڤسکی هەژاند، دوای چەندین ساڵ لە(ڕۆژانەی نوسەر)، دۆستۆڤسکی باسی کردوە، لەڕۆمانی (تاوان وسزا)شدا (ڕاسکولینکۆف) خەو بەئەسپێکەوە دەبینێت، لەژێر دارکاری (میکولۆکا)دا گیانی دەردەچێت، ئەسپەکە لەژێر دارکاری و لێداندا هەڵدەستێت و دەکەوێت، تاوەکو بەتەواوەتی هەرەس دێنی و ڕووح دەسپێرێت، لەکتێبی ڕۆژانەی نوسەریشدا، دۆستۆڤسکی باس لەقەسیدەیەکی

هەواڵنامەی کتێب

(نیکراسوف) بەناونیشانی (دووچاوی جوان) دەکات، چۆن جوتیارێک بەقامچی ئەدات بەناو چاوی ئەسپەکەیدا و لەگەڵیدا ئەڵێ: تۆ ناتوانی عەرەبانەکە ڕاکێشیت، دەبێت بمریت، دەبێت هەر ڕایکێشیت.

بیرۆکەی ئێش وئازار بەشێکی زیندوی بیرکردنەوە و فەلسەفەی دۆستۆڤسکی بوو، هەموو تاوانێک و لێخۆشبوونێک سەرچاوەکەی ئێش و ئازارە، ئێش و ئازار پاساوی گەورەی بوونمانە، هەڵبەت دۆستۆڤسکی لەپێش هەموو بوونەوەرەکان مەبەستی ئێش و ئازاری هەژاران و بێنەوایان و مرۆڤایەتیە، دواتریش ئێش و ئازاری بوونەوەرەکانی تر، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتریش لەهەموو بەرهەمەکانی دۆستۆڤسکیدا، ئێش و ئازار بەشێوەیەکی دیار بوونی هەیە.

دوو بۆچوون لەسەر ئەو بیرکردنەوە و هەستانەی دۆستۆڤسکی هەیە، یەکەمیان (ئانا گریفوریفنا دۆستۆڤسکی) ئەڵێ: دۆستۆڤسکی کە باسی بیرەوەری و ژیانی منداڵی خۆی دەکرد، ڕازی بووە لەژیانەکەی و خۆی بەمناڵێکی بەختەوەر زانیوە، بەڵام دکتۆر (یانۆڤسکی) لەبۆچوونی دووەمدا دەڵێ: قۆناغی منداڵی دۆستۆڤسکی قۆناغێکی تاریک و ماندووکەر بووە، ئەمەش کاریگەری نەرێنی هەبووە لەژیانی منداڵیدا، ئەم کاریگەریە، لەزۆر حاڵەتدا مرۆڤ بەرەو ڕەشبینی و بێ هیوایی و تەنانەت نەخۆشی گرژبوون و دڵەڕاوکێ دەبات.

لەسەر پێشنیاری باوکیان سەردانی ماڵەکەی پۆشکین و پیاسەکردنی کەناری ڕووباری ( نیڤا) باخچە و داهێنانە جوانەکانی (پترسبۆرگ) دواخرا بۆ کاتێکی تر.

لەگەڵ گەیشتنی میشێل و دۆستۆڤسکی بەسان پترسبۆرگ، هەردووکیان خرانە بەشەی ناوخۆیی قوتابخانە تایبەتییەکەی باڵەخانەی ئەندازیارانەوە، بەشە ناوخۆییەکەی قوتابخانەی ئەندازیاری، لەلایەن ئەفسەرێکی خانەنشینی بەناوبانگەوە سەرپەرشتی دەکرا ناوی ( کۆرۆناد فیلیبۆڤیچ کۆستۆ مارۆف) بوو، باڵابەرزێکی قەدباریک و بەشکۆ بوو، ئەم ئەفسەرە ئەبوایە میشێل و دۆستۆڤسکی ئامادەکات بۆ تاقیکردنەوە و پشکنینی پزیشک و دواتر وەرگرتنیان لەقوتابخانەی ئەندازیاری. دیمەنی (کۆرۆناد) و تێڕوانینە سارد و سڕەکەی بۆ دۆستۆڤسکی و براکەی، ترسی خستە دڵیانەوە، بەڵام دوای قسەکردن و نەرمونیانی (کۆرۆناد) ئەو ترسە ڕەویەوە و هەستیانکرد لەناخی ئەو کەسایەتیەدا، مرۆڤێکی هەست ناسک و میهرەبان هەیە.

میخائیل ئەندریڤیچ، دڵنیا بوو لەشوێن و جێگا و هەلومەرجی کوڕەکانی، ڕێگەی گەڕانەوەی بۆ مۆسکۆ گرتەبەر و خوا حافیزی لەکوڕەکانی کرد.

میشێل و دۆستۆڤسکی، سەرەڕای دڵتەنگی و هەستکردن بەتەنیایی، دەستیانکرد بەکار و چالاکی و میشێل نامەیەکی بۆ باوکی نووسی (کارەکانمان بەباشی بەرەو پێش هەنگاو



## دۆستۆڤسکی

دەنێت، ئەندازیاری و جەبر ئەخوێنین و هەندێک جاریش ڕەسمی هێلکاری قووڵە و سەنگەر و هێڵی بەرگری و ناوچە شاخاوییەکان دەکەین (کوروناد فیلیبۆڤیچ) دڵی بەئێمە خۆشە و لیمان ڕازییەو بەبڕی (٣٠) ڕۆبل، هەندێک کەرەستەی بۆمان کڕی و بەبڕی (١٢) ڕۆبل ڕەنگەکانی بۆمان کڕی و مامۆستاکەمان لەهەشت قوتابییەکەی دیکە زیاتر گرنگی بەئێمە دەدات.

ئەنجامی تاقیکردنەوەکان، ڕاگەیەندرا، میشیل بەهۆی نالەباری تەندروستی و نەبوونی توانای پێویست، لەقوتابخانەی ئەندازیاران وەرنەگیرا و ئیدارەی قوتابخانەکە ناردیان بۆ(ڕافیل) کە پاشکۆی قوتابخانەی ئەندازیاری بوو، تا لەوێ درێژە بەخوێندن بدات.

دۆستۆڤسکی لەتاقیکردنەوە بێ هیچ کێشەیەک دەرچوو، بەڵام لەبەرکردنی جلی رەسمی سەربازی، نەیتوانی خۆشی پێ ببەخشێت، چونکە دورکەوتنەوەی میشیلی برای، زۆر دڵگران و بێ تاقەتی کرد، میشێل بۆ دۆستۆڤسکی هەموو شتێک بوو، برا، هاوڕێ، کۆگای نهێنییەکانی، خۆشەویست، هەست ناسک و بەبەزەیی، لەسەرووی ئەمانەشەوە میشێل شاعیرێکی بەجۆش و خرۆش بوو، تەماشای دۆستۆڤسکی بکردایە ئەیزانی چیدەوێت، دوورکەوتنەوەی میشێل لەدۆستۆڤسکی دەردێکی تر بوو هاتە سەر گۆشەگیرییەکەی دۆستۆڤسکی، سەرەڕای ئەمانە هەمووی، بەزەیی بەباوکی دەهاتەوە و لەبەرخاتری ئەو خۆشحاڵی دەردەبڕی و بۆی نووسی: ئاخرییەکەی لەقوتابخانەی ئەندازیاران وەرگیرام و جلی سەربازیم لەبەرکرد و چوومە ڕیزی خزمەتی دەوڵەتەوە.

دوای ماوەیەکی تریش نووسی، لەگەڵ میشێلی برامدا کە ئەو کاتە تەمەنی (١٦) ساڵ بوو ناردمانیان بۆ قوتابخانەی ئەندازیاری لەسان پترسبۆرگ بۆ خوێندن، بەمەش ئایندە و چارەنووس و پاشە ڕۆژمانیان وێران کرد، سەبارەت بەخۆمیش ئەوە گەورەترین هەڵەی ژیانم بوو. ئەمە هەستی راستەقینەی دۆستۆڤسکی بوو.

قوتابخانەی ئەندازیاری، زۆر جاریش پێیان ئەوت تەلاری ئەندازیاران، ئەم تەلارە لەجاران و سەرەتای دروستکردنی، تەلاری تایبەتی ئیمپراتۆر (پۆڵس-ی یەکەم) بوو، ئەکەوێتە جوانترین گەڕەکەکانی شارەوە، نزیک بەیەک گەیشتنی هەردوو رووباری (مۆیکاو فۆنتنکا) بوو، لەم تەلارەدا، لە(١١/ئازاری/١٨٠١) لەنیوەشەودا، ئیمپراتۆر تیایدا کوژر، لەسەر ڕەزامەندی (ئەلیکسەندەر) کوڕی ئیمپراتۆڕی کوژراو ئەم ڕونکردنەوەیان بلاو کردەوە (خوای گەورە ویستی باوکی خۆشەویستمان بۆ لای خۆی ببات) ساڵی (١٨١٩) بەشێک لەفەرش و کەلوپەلەکانی تەلارەکەیان گواستەوە و دواتریش سیانەی تەلارەکەیان کردوو، تەرخان کرا بۆ قوتابخانەی ئەندازیاری.

هەواڵنامەی کتێب



لەسەرەتای وەرگرتنی قوتابیان، سوێندی وەفا و دڵسۆزی و گیان فیداکردن بۆ خاک و نیشتیمانی رووسیایان بەسرووتێکی تایبەت و پڕ لەخشوع بەقوتابیەکان دەوتــەوە، قوتابیەکان هەستیان بەگرنگی خۆیان و بەرپرسیارێتی دەکرد.

بەرنامەی خوێندن هەمە جۆر و قورس بوو ( جەبر، هەندەسە، زانستی تۆپ تەقاندن و هاویشتن، فیزیا، ئەندازەی تەلارسازی، ، سەنگەر و هێڵی سەربـازی، تۆبۆگرافیا، جوگرافیا، ئــەدەب، مـێژوو، راهێنانی سەربازی، راهێنان لەسەر وێنەو نەخشەو قسەکردن لـەسـەر ئایندە و پەیوەندییە تایبەتی و گرنگەکان و ئەرکە گرنگەکان و نمایش و کەرنەڤاڵ و فیستیڤاڵی پلاندانان بۆ ڕاپەرین و یاخی بوون.

جگە لەوانە سستمی قوتابخانەکە تا ئەوپەری توندی دسپلینی بەهێز بوو بەتایبەتی لەکاتی راهێنانیان بۆ زاڵبوون و توانای ژیانی دژوار و قورس و برسێتی و ماندووبوون و کەم خەوتن، تەنانەت لێدان و جەڵد کردنیش ڕێگە پێدراو بوو.

(سیرج بیرکی) لەکتێبی (بیرەوەریەکانی

دۆستۆڤسکی بڕیاری دابوو لەپایتەخت، پێش هەموو شتێك سەردانی ئەو گۆڕە پانە بکەن کە پۆشکین لەدوئیل (موبارەزە) لەوێ کوژرابوو، دواتریش بچنە ئەوماڵەی بەبرینداری پۆشکین بۆ یەکجارەکی ماڵ ئاوایی تێداکرد، ئەم خەیاڵانە بەدرێژایی ڕێگە بردبونیە دونیایەکی ترەوە، لەیەکێك لەوێسگەکانی گۆڕینی ئەسپی گالیسکەکان، دۆستۆڤسکی چاوی بەگالیسکەیەك کەوت، وەها دەرکەوت کاربەدەستێکی دەوڵەتی هەڵگرتبێت، ئەو کاربەدەستە کە سواری گالیسکەکە بوو



## دۆستۆڤسکی

پەیمانگای پرد وریگا وبان) نووسیوێتی و دەڵێت: لەفەوجی چینی ئەریستۆکراتیەکان، لەکاتی راهێنانی سەربازیدا هەر کەسێک هەڵەیەکی زۆر بچووکیشی بکردبایە، زۆر بەتوندووتیژی دارکاری و جەڵد دەکرا، زۆر جار ئەو قوتابییەیان بەنەقالە یان بەبەتانیەک بەنیمچە مردوویی لەگۆڕەپانی راهێنانەوە دەگواستەوە، دۆستۆڤسکی دوای ژیانێکی داخراو و تەریک لەناو خێزانەکەی خۆی، بەشێوەیەکی لەناکاو خۆی لەناو ئەو دونیا بچووک و ترسناکەدا بینیەوە.

فیدۆر میخائیلۆڤیچ، لەو قۆناغەدا، پیاوێکی چوارشانەی دەم وچاو درێژ بوو، رەنگ زەرد و قژێکی زەرد و کورت و تەوێڵ پان و دووچاوی قاوەیی، دەم و چاوی گوزارشتی لەخەمێکی قوڵ دەکرد، شێوازی جل وبەرگ لەبەرکردنی زۆر نارێک بوو، لەسەرەتاوە پەیوەندی کرد بەهاوڕێیانی قوتابخانەکەیەوە، زۆر قورس و دژوار و ماندووکەر بوو.

دۆستۆڤسکی لەکتێبی ( ئەو بیرەوەرییانەی لەژێر زەویدا نووسراون) بەم شێوەیە باس لەقوتابیەکانی قوتابخانەی ئەندازیاری دەکات: ئەمانە تا ئاستی ئاژەڵەکان گەمژەن، لەقوتابخانەکەمان گوزارشت و سیمای دەم و چاوی قوتابیەکان دەگۆڕێت بەرەوشێتی و گەمژەیی و گەندەڵی، گەنجە قۆز و جوانەکان دوای دوو بۆ سێ ساڵ زۆر ناشرین دەبن، دەمو چاویان تێک دەچێت بەشێوەیەکی قێزەون ناشرین دەبن، سەرم سوڕماوە لەخوێڕێتی و هیچ و پوچی قسەکردن و یاریکردنیان، بیریان تەنها لای سەرکەوتنیانە لەوانەکانیاندا، ناو و ناوبانگ لای ئەمانە شوێنی زیرەکی و عەقڵی گرتوەتەوە، هێشتا لەتەمەنی (١٦) ساڵیدان، هەر باسی پۆست و پلە و قازانج و دەوڵەمەندی دەکەن، دۆستۆڤسکی بەدەربڕینی خۆی ڕقی لەو ئاژەڵە بچوکانە هەڵدەستا! چونکە ئەمانە هیچ هەستێک بەئێش و ئازاری خەڵکی ناکەن، خۆیشی بەهەمان شێوەی بەشی ناوخۆیی قوتابخانەی چێرماک زیاتر هەست بەتاڵی گۆشەگیری دەکات، لەم بارەیەوە بۆ میشێلی برای نووسی (ژیان لێرە بێزاریەکی تاقەت پروکێنە، چەندێک لەجیهانی مادی و بەختەوەری درۆزنانەی سەر زەوی دووکەویتەوە، جوانترە).

پێچەوانەی بیرکردنەوەی دۆستۆڤسکی، قسە و دەمە تەقێی قوتابیەکان هەمووی لەچوارچێوەی ئەو مادییەت و خۆشبەختیە درۆزنانە و بەرزکرنەوەی پلە و پایەی دونیایدا دەخولایەوە.

لەشوێنێکی دیکەی نامەکەیدا بۆ میشێل، دۆستۆڤسکی دەڵێ (وادیارە دونیا بەرەو ناشیرینیەکی نەرێنی گەورەی ترسناک دەڕوات، ئاە مرۆڤ چەند خوێڕی و ترسنۆکە، هاملێت. هاملێت. هاملێت...!)

دۆستۆڤسکی وەک هاملێت هەستی بەخەمۆکی و بێ هیوایی و تەنیایی دەکرد، کتێبەکەی بەدەستەوە

هەواڵنامەی کتێب

بوو بەڕێرەوەکاندا هاتوچۆی دەکرد و خۆی لەبینینی مامۆستاکانی دەشاردەوە، بەکورتی کۆتایی بەقسەی قوتابیەکان دەهێنا، سەرەڕای ئەوەش ئەرکەکانی و هەر ئەرکێکی تریش بدرایە بەسەریدا جێبەجێی دەکرد، تەنانەت ڕۆژێک مامۆستاکەیان قسەی بە(گۆگۆل) کرد وتی هیچ داهێنانێکی تێدا نییە، دۆستۆڤسکی هیچ نارەزایەکی بەرامبەر قسەکانی مامۆستاکەی دەرنەبڕی، چوونکە هەموو شتێکی پێ قبوڵ بوو، ملکەچی هەموو شتێک بوو تەحەمولی خەم و پەژارە و ناخۆشییەکانی خۆی دەکرد، دواتریش لەکتێبی ( بیرەوەریەکانی خانەی مردووان)دا نووسی، مرۆڤ بوونەوەرێکە لەسەر هەموو شتێک ڕادێت، ئەمە باشترین پێناسەیە بۆ مرۆڤ.

دۆستۆڤسکیش، هێدی هێدی لەسەر ژیانی تازەی لەقوتابخانەی ئەندازیاری ڕاهات و ژیانی تەنیایی خۆی ڕێکخست، یەکێک لەهاوڕێکانی نووسیویەتی (پێی باش بوو لێمان دوور بێت، لەگەڵ تەنیایەکەی خۆیدا هەڵی دەکرد، ئایا نەگبەت و چارەڕەش بوو؟ یان خۆی وەها دەبینی، چۆن ئەمە بزانیین؟ هەڵگرتنی چەک و بەکارهێنانی، جموجۆڵی بەکۆمەڵ، دابونەریتی سەربازی سەردەمانی کۆن کە قورس و گرانە، هەموو ئەمانەی بەدڵ نەبوو، هەیبەت و نەخۆشیە بەویقارەکەی، بەرزی رەوشتی، لاوازی جەستەی، هەموو ئەمانە پاڵنەری تەنیاییەکەی بوون).

لەکاتی ڕێست و پشووشدا دەچووە لای دەلاقەی ئەو پەنجەرەیەی کە دەیڕوانییە رووباری (فونتانکا) و کتێبەکەی دەکردەوە و دەستی بەخوێندنەوە دەکرد، لەدونیای دەوروبەر و گرنگیدان بە بەرژەوەندییە قێزەونەکانی قوتابخانە دوور دەکەوتەوە، قوتابییەکان لەگۆڕەپانی قوتابخانەکە دەگەڕانەوە و لەسریەکدا لەبەردەم دۆستۆڤسکیەوە بەرەو هۆڵی نانخواردن دەڕۆیشتن و دواتریش بەدەم قسەو پێکەنینەوە بەبەردەم دۆستۆڤسکیدا دەگەڕانەوە، بێ ئەوەی دۆستۆڤسکی هەستیان پێ بکات و بیانبینێت و گوێی لەقسەکانیان بێت.

دۆستۆڤسکی تا زەنگی کۆتایی هاتنی وانەکان و دەست پێکردنی کارکردن لێی نەدابایە، کتێبەکانی ڕێک نەدەخست و لەنیوەی شەودا وەک چاودێری گشتی (سافۆلیڤ) دەڵێت: لەژووره لاکێشیەکەی و لەسەر مێزە بچووکەکەی و لەبەر ڕۆشنایی چرایەکی بچووکی هەڵواسراودا، دۆستۆڤسکی بەتانیەک بەسەر شانیەوە و بەپێی پەتی خەریکی نووسین بوو.

هەڵسەنگاندنی ئیدارەی قوتابخەکەی بۆ دۆستۆڤسکی بەم شێوەیە بوو:-

- خوێنکارێکی زیرەکە؟ - بەڵی زیرەکە.

- پلە و توانای چۆنە؟- باشە. تەنها ئەوەندە و تەواو..

دوور نییە لەم کاتەدا خۆی ئامادە کردبێت بۆ نووسینی یەکەم رۆمانی (هەژاران).

کەسایەتی دۆستۆڤسکی، کەسایەتیەکی نامۆ، ڕقی لەبەکارهێنانی چەک و سەما و یاری بوو، ئەو ساتانەی قوتابیەکان لەهۆڵی نانخواردن بەسەریان دەبرد، هەڵسوکەوتەکانی دۆستۆڤسکی سەرنج و گرنگیدانی چەند قوتابیەکی بۆلای خۆی راکێشابوو، بەو شێوەیە چەند خوێندکارێک لێی نزیک بوونەوە، حەماسە سۆزداریەکەی دۆستۆڤسکی بووە خاڵی ڕاکێشانی ئەو چەند خوێندکارە، ئەمەش وەک ڕووداوی نادیار وابوو لەقوتابخانەکە، چوار بۆ پێنج لەقوتابیەکان لەگەڵ دۆستۆڤسکیدا لەدەوری شیعر و بەها بەرزەکان، ئەڵقەیەکیان دروست کرد، دۆستۆڤسکی سەرپەرشتیانی دەکرد و هانی دەدان لەسەرەتای خوێندنەوەکانیان بەخوێندنەوەی (پاڵتۆ)ی گۆگۆل و ڕۆمانەکانی چارلز دیگنز و کارەکانی واڵتەر سکوت دەست پێبکەن.

ئەم پیلانگێڕانە لەپێناو جوانی و مەزنیدا بەدرۆ خۆیان نەخۆش دەخست، بۆئەوەی بچن گوێی لەو شیعرانە بگرن کە دۆستۆڤسکی دەیخووێندەوە، هەر کەسێکیش نارەزایی دەربڕیبا دۆستۆڤسکی شوێنی دەکەوت بۆ ئەوەی قایلی بکات.



دۆستۆڤسکی وەك هاملێت هەستی بەخەمۆکی و بێ هیوایی و تەنیایی دەکرد، کتێبەکەی بەدەستەوە بوو بەڕێرەوەکاندا هاتوچۆی دەکرد و خۆی لەبینینی مامۆستاکانی دەشاردەوە، بەکورتی کۆتایی بەقسەی قوتابیەکان دەهێنا، سەرەڕای ئەوەش ئەرکەکانی و هەر ئەرکێکی تریش بدرایە بەسەریدا جێبەجێی دەکرد، تەنانەت ڕۆژێك مامۆستاکەیان قسەی بە(گۆگۆل) کرد وتی هیچ داهێنانێکی تێدا نییە

هەواڵنامەی کتێب

یەکێک لەهاوڕێکانی دۆستۆڤسکی نووسیویەتی: (کاتێک ئەرکەکانمان تەواو دەکرد، لەگەڵ هاوڕێکانمان دەستمان بەقسە دەکرد، دۆستۆڤسکی دەهاتە ناو هۆڵەکەوە، بەقسە سەرنج راکێشەکانی، ئێمەی تا نیووە شەو رادەکێشا بۆ گوێگرتن، کاتێک ماندوو دەبووین و خەوە نووتکێ دەیگرتین، دۆستۆڤسکی پاڵیدەدا بەدەرگاکەوە بەحەماس و تووڕەییەوە قسە گەلێکی دەکرد لێوانلێو بوو لەسیحری ڕەوانبێژی، لەودەمەدا سۆز و حەماسەتی دۆستۆڤسکی بۆ ئەدەب، رەنگدانەوەی نەرێنی هەبوو بۆ سەر ئەرکە سەربازییەکانی.

ناخۆشترین و قوورسترین ڕۆژەکانی ساڵ بۆ دۆستۆڤسکی، کاتەکانی مانۆڕەکانی (کرازنۆی یان پیتەرهۆڤ) بوو، ئەگەر لەوەرزی گەرمادا بوایە پارەی شکاندنی تونێتی گەرمای نەبوو، ئەگەر لەوەرزی سەرما و زستانیش بوایە پارەی کڕینی چایەکی گەرم یان جلی زستانەی نەبوو، تەنانەت جلەکانیشی تەڕبوایە جلی دیکەی نەبوو لەبەری بکات، باوکیشی لەکێڵگەکەیدا تەواوخۆی تەسلیم بەخواردنەوە و بێ ئومێدی گۆشەگیری کردبوو، تا ئاستی ئەوەی حەزی نەدەکرد کەس ببینێ وگوێی لەقسەی کەس بێت.

فیدۆر نامەیەکی بۆ نووسی (بۆئەوەی لەم دۆزەخەی تیایدا دەژیم ڕزگارم بکەیت، بەزووترین کات شتێکم بۆ بنێرە، چ کارەساتێکە مرۆڤ هەست بەنەبوونی بکات، باوکی ئازیز و خۆشەویستم، پێت وانەبێت کاتێک کوڕەکەت داوای هاوکاری پارەت لێدەکات، ئەو پارەیە زیادە لەپێویستیەکانی، من عەقڵ و دوو دەستم هەیە ئەگەر ئازاد بوومایە، داوای یەک (کۆبیک) م نەدەکرد و ڕادەهاتم لەسەر هەژاری و بێدەرەتانی، بەڵام باوکی بەڕێز لەم کاتەدا بەهەموو مانایەک من لەخزمەتی سەربازیدام بمەوێت و نەمەوێت ئەبێت پابەندبم بەڕێساکانی ئەو کۆمەڵگایەی تیایدا دەژیم و سەرەڕای ژیانی سەربازگە کە زۆری تێدەچێت، هەموو خوێندکارێک مانگانە بۆ ژیانێکی کولەمەرگی (٤٠) رۆبلی گەرەکە، من ئەمە دەنووسم چونکە لەگەڵ باوکم قسە دەکەم، من ئەم داواکاریەت بۆ دەنێرم، داوای خەرجی شەکر و چای ناکەم، هەرچەندە لەکاتی تەڕبوونمان لەبەرباران شەکر و چای یەکێکە لەپێویستیەکان، ئێمە لەکاتی گەڕانەوەمان لەڕاهێنان وتەڕبوونی جلەکانمان و لەرزینمان لەسەرمادا، پارەی چایەکمان نییە ناو سکمان گەرم بکاتەوە، لەوانەیە خەڵکمان لێنەخۆش بکەوێت وەک ئەو نەخۆشییەی من تووشی بووم لەمانۆڕەکانی پارساڵ، من دەزانم تۆش شتێکی وات بەدەستەوە نییە من نەپارەی جل و بەرگی زستانەم دەوێت و نەپارەی شەکر و چا، بەڵکو پارەی جووتێک جزمەم دەوێت.

# دیجلە و فورات لەنێو داستان و ئاییینەکاندا



موعتەسەم ساڵەیی

هەواڵنامەی کتێب



لەسەردەمانی کۆندا وڵاتێک نەبووە بەناوی (عێراق)ەوە. بەڵکو بەدرێژایی چاخە کۆنەکان چەند تیرە و ڕەگەزێک، دەوڵـەت و ئەمبراتۆرییەتی جیاجایان پێکهێناوە، هەریەک لەو ڕەگەزانە بۆماوەی چەند سەدەیەک حوکمڕانیان کردووە. وەکو سۆمەرییەکان و ئەکەدییەکان و بابلییەکان و کلدانییەکان و کاشییەکان لـەخـوارووی ئەم وڵاتـەدا، لەسەرەویش و لەباکور و ناوەڕاستدا چەند وڵاتێکی جیاجیا بەرچاو دەکەون کە توانیبویان دەسەڵاتی خۆیان بەسەر ناوچەکەدا بسەپێنن وەکو ئاشوورییەکان و گۆتیەکان و میدییەکان و هۆری و میتانییەکان.

وەکو مێژوو دەگێڕێتەوە هیچ کام لەم ڕەگەز و تیرە و دەوڵەتە جیاجیایانە لەنێو خۆیاندا تەباو گونجاو نەبوونە، بەپێچەوانەوە هەردەم جەنگ و شەڕ و شۆڕی خوێناوی لەنێوانیاندا بەرپابووە، هەمیشە لەهەڵپەدا بوونە بۆ لەنێوبردن و سڕینەوەی یەکتری، تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمانیش هەمان بۆچوون لەنێو خەڵکانی ئـەم وڵاتـەی ئێمەدا لەئارادایە، ئێمەی میللەتی کوردیش بووینەتە قۆچی قوربانی و هەمیشە باجی ئەم عەقڵیەتە شەڕانگێزیەمان داوە.. لەسەردەمانی کۆندا ئەم وڵاتی عێراقەی ئێستا بەناوی (میزۆپۆتامیا)وە ناسرابوو، کە بەزمانی یۆنانی کۆن بەمانای وڵاتی نێوان دوو ڕووبارەکان دێت، پاش داگیرکردنی ئەم وڵاتەیش لەلایەن هێزەکانی ئیسلامەوە بەناوی (ارض السواد) دەستنیشان کرا، بەمانای (ڕەشە خاک) دێت، ئەویش لەبەرئەوەی کە دارخورمایەکی زۆر لەم وڵاتەدا ڕوواوە و بەدی کراوە بەتایبەتی لەخوارووی وڵاتدا.

هـەردوو ڕووبـاری دیجلە و فـورات مایەی خۆش گوزەرانی و بژێوی دانیشتوانی ئەم وڵاتـە بوونە، لەهەمان کاتدا هەردەم خەڵکی ئەم وڵاتە لەژێر هەڕەشە و گوڕەشە و هەڵچوون و داچوونی ئەم دوو ڕووبارەدا بوونە، ئەو چەند دەوڵەت و ئیمپراتۆریەتەی کە لەم وڵاتـەدا سەریان هەڵدا، دەتوانین بڵێین هەموویان دەرهاویشتەی خێروبێری ئاوی ڕووبارەکان بوونە و یەکەم شارستانیەتیش سۆمەرییە، ئەم میللەتەیش بەپێی بۆچوون و لێکدانەوەی مێژوونوس و لێکۆڵەران، وەها دەرکەوتووە کە لەچیاکانی کوردستانەوە شۆڕبووبێتنە خوارەوە بۆ خوارووی وڵاتی میزۆپۆتامیا، لەئاکامیشدا توانیبێتیان ناسراوترین شارستانیەت پێکبهێنن.

سۆمەرییەکان شار و گوندیان دروست کرد و سوپا و حکومەتیان پێکەوەنا و شیعر و ئاینیان هێنایە ئاراوە. هەروەها لەنێوەڕاستی هەزارەی چوارەمدا نووسینی مێخیان داهێنا. دەتوانین بڵێین کە هەردوو ڕووباری دیجلە و فورات و لقەکانیان کاریگەرییەکی سەرەکییان هەبووە بۆ سەرهەڵدانی شارستانیەت، مێژوونووس

(سەمۆئێل نوح کریمەر Samuel Noah Kramer) لەساڵی ١٩٥٩ کتێبێکی بەچاپ گەیاند بەناوی (مێژوو لەسۆمەرەوە دەست پێدەکات–History begins at sumer)[1].

ڕووباری دیجلە بەوە ناسراوە کە بێ وچان مایەی هەڵچوون و داچوونە، لەوەرزی باراندا لافاوی هەڵدەستێت و هەڕەشە لەژیانی دانیشتوانی دەوروبەری دەکات، بۆیە لەکۆندا وتراوە گوایە فورات خاوەن ئیمانە و دیجلەش کافرە. هەردوو شارستانیەتی سۆمەری و ئەکەدی لەلێوارەکانی ڕووباری فوراتدا دامەزران، لەلایەکی تریشەوە هەڵبەستنی جۆگەلە ئاو و ئاودێری لەکەناری ڕووباری فوراتدا ئاسانترە و دەبێتە هۆی سەوزایی و زیادبوونی بەروبوومی کشتوکاڵی، لەهەمان کاتیشدا دەبینین لەسەر ڕووباری فوراتدا چەندین کارەسات ڕوویانداوە، بۆنموونە ئیمامی حوسێن و یاوەرەکانی لەڕۆخی فوراتدا شەهید کران، جەواهیری شاعیر لەشۆڕشی بیستدا وێنەی شاری کوفە و ڕووباری فورات وەکو دوو یاخی بوو وەسف دەکات و دەڵێ:

**وفي الكوفة الحمراء جاشت مراجل**
**من الموت لم تهدأ وهاجت زعازع**
**اديرت كنوس من دماء بريئة**
**عليها من الدمع المذال فواقع**
**وان أنس ولا أنس الفرات وموقفا**
**به مثلت ظلم النفوس الفضائع**
**غداة تجلى الموت وفي غير زيه**
**وليس كراء في التهيب سامع**[2]

کاتێک کە ئەنکیدۆی هاوەڵی گەلگامش لەداستانی گەلگامشدا دەمرێت، دەبینین گەلگامش برادەرە کۆچکردووەکەی دەلاوێنێتەوە و شینی بۆ دەکات و دەڵێت:

**با ڕووباری (ئولا)یش بۆت بلاوێنێتەوە**
**کە لەکەناریدا هامو شۆمان دەکرد**
**با ڕووباری (فورات)ی پیرۆزیش بۆت بگری**
**کە جەرە و گۆزەکانمان تێیدا پڕ لەئاو دەکرد**[3].

بەر لەمردنی ئەنکیدۆ هەردوو هاوەڵ هەڵدەستن بەکوشتنی گای ئاسمانی لەپاشاندا پشوویەک دەدەن، لەداستانەکەدا هاتووە کە هەردووکیان پێکەوە دەستیان لەئاوی ڕووباری فورات دەشۆن .

(ئینوما ئیلیش) یەکەم دێڕی داستانەکەیە و بەمانای (لەبەرزایی ئاسمان) دێت، لەچوارەم ڕۆژی سەری ساڵ لەمانگی نیساندا دەخوێندرایەوە، ئەم داستانە باسی خوڵقاندن و دروستکاریی گەردوون دەکات، (ئیلیسکاندەر هایدل) لەبارەی داستانەکەوە دەڵێت :

(وەکو داڕشتنێکی سیحر و تەلیسم ئامێز، دژی نوقوم بوونی ناوچەی بابل لەداهاتوودا بەهۆی هەڵچوون و لافاوی دیجلە و فوراتەوە داڕێژراوە، کە پاش توانەوەی

بەفری چیاکانی ئەرمینیا و کوردستان ڕوویان دەدا)[٤].

لەپاشماوەکانی (سیبار) دەقێک دۆزرایەوە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی بابلی نوێ لەسەدەی شەشی پێش زاینیدا، ئەم دەقە داستان ئامێزە باسی خەلق و ئەفراندن دەکات.. دەڵێت لەسەرەتادا پێش هەموو شتێک بەتەنیا ئاو و دەریا هەبووە، لەپاشاندا گەورە خواوەندی بابلی (مردۆخ) گەردوون و مرۆ دروست دەکات و هەردوو ڕووباری دیجلە و فوراتیش دەخوڵقێنێت:

پێش ئەوەی قامیش بخوڵقێت
بەر لەداکەوتنی دار و درەخت
پێش دروست بوونی خشت و قاڵبەکانی
نەشار هەبووە و نەمرۆ
پێش پەیدابوونی (نیبور) و
دامەزراندنی (ئیکور)
بەر لەپەیدابوونی (ئۆرۆک) و
دامەزراندنی (ئیانا)
(ئاسۆ)بوونی نەبوو
(ئەریدۆ)یش دروست نەکرابوو
ماڵ و مەسکەنیش بۆ خواوەندەکان دانەمەزرابوون
لەو سەردەمانەدا بەتەنیا دەریا هەبووە
ئەوسایش (ئەریدۆ) پەیدابوو
پەرستگای (ئیزاکیلا) دامەزرا
بنەچەی ئیزاکیلا گەیشتە ئابسو
خواوەندی (ئەنۆناکی) سەری هەڵدا
(مردۆخ) بێژەنگێکی لەقامیش دروست کرد
خستیە سەر ڕووی ئاوەوە

وەکو مێژوو دەگێڕێتەوە هیچ کام لەم ڕەگەز و تیرە و دەوڵەتە جیاجیایانە لەنێو خۆیاندا تەباو گونجاو نەبوونە، بەپێچەوانەوە هەردەم جەنگ و شەڕ و شۆڕی خوێناوی لەنێوانیاندا بەرپابووە، هەمیشە لەهەڵپەدا بوونە بۆ لەنێوبردن و سڕینەوەی یەکتری، تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆمانیش هەمان بۆچوون لەنێو خەڵکانی ئەم وڵاتەی ئێمەدا لەئارادایە



دیجلە و فورات



بۆ ئەوەی خواوەندەکان پشوو بدەن و
لەماڵی خۆیاندا ئاسوودەبن
مردۆخ مرۆی دروست کرد
لە پاڵیشیانەوە تۆوی شەڕانگێزیی داهێنا
دوواتریش گیانلەبەری (سۆمۆقان)ی خەڵق کرد
هەروەها دیجلە و فوراتی دروست کرد و
ڕێڕەویانی دەست نیشان کرد و ناوی لێنان
گژوگیا و قەوزەی ئاوی و زەلکاو و
قامیش و دار و دەوەنی خوڵقاند
هەروەها زەوی و گۆلاو و قامیش و زەل و
مانگا و گوێرەکە و کاوڕ و مێگەلی دروست کرد
باخ و بێستانی داهێنا
مێگەلی گیانلەبەرە کێوی و مێگەلی خوریداری خوڵقاند[٥].

لەم داستانە بابلیەدا هاتووە کە لەسەرتادا پێش پەیدابوونی گەردوون بەتەنیا ئاو هەبووە، پاشتریش ئاینەکانیش هەمان بۆچوونیان لەدەقە پیرۆزەکانیاندا هەبووە، لەسەرەتادا بەتەنیا هەر ئاو هەبووە و پاشتر کەون و گەردوون و سروشت لەلایەن خوای پەروەردگارەوە خوڵقاوە.

لەپارچە هەڵکۆڵدراوێکدا کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەدەی هەشتی بەر پێش

زاین، لەپاشماوە داڕووخاوەکانی شاری ئاشووردا دۆزراوەتـەوە، وەهاهاتووە خواوەندەکان دوو مرۆی نێر و مێ بەخوێنی یەکێک لەخواوەندەکان دروست دەکەن، پاش ئەوەیش گەردوون دەخوڵقێنن، هەروەها لەنگەر بەهەردوو ڕووباری دیجلە و فورات دەبەستن، لەبەشێکی سەرەتای داستانەکەدا هاتووە:

**کاتێک شێوەی زەوی دەقی گرت**
**کاتێک ڕەوتی ئاسمان و زەوی دەستنیشان کرا**
**کاتێک ڕۆخەکانی دیجلە و فورات**
**لەنگەریان بەست**
**ئەوسا (ئانۆ) و (ئینلیل) و (ئەیا) و**
**گەورە خواوەندەکان و**
**سەرجەم خواوەندە شکۆدارەکان**
**لەدەرباری پیرۆزی خۆیاندا دانیشتن**
**لەبارەی کاروباری خەڵقندەی**
**خۆیانەوە دووان[٦]**

بەدرێژایی مێژوو بەچەند قاڵب و داڕشتنێکی جیاجیا نـاوی ڕووبــاری (دیجلە) هاتووە، سۆمەرییەکان پێیان وتووە (ئیلاد). ئەکەدییەکانیش بە(ئیدگین) و (ئیدکینیا) و (ئیدگلات) و (ئامۆ) و ڕووباری خواوەندی (ئیشوم) ناویان بردووە، حورییەکانیش پێیان وتووە (ئەرنزاخ). ئێرانییە کۆنەکانیش پێیان وتووە (تیگرا) و (تیر). بەو مانایەی دیجلە ئاوەکەی وەکو تیر تیژڕەو بـووە، هەر لەم وشە ئێرانیەشەوە وشەی (تایگەر) بۆ ناوی دیجلە بڵاوبۆتەوە کە بەزمانی ئینگلیزی و زمانی گریکی کۆن بەمانای پڵنگ دێت. داستانێکی یۆنانیی کۆن لەبارەی ڕووباری دیجلەوە هەیەو دەڵێت گوایە خواوەند (دیونسیۆس) دەگاتە ئاستی ڕووباری دیجلە و دۆش دادەمێنێت. لەپڕ گەورە خواوەند (زیوس) پڵنگێکی بۆ دەنێرێت (کە بەزمانی یۆنانی کۆن تایگەری پێدەوترێت) ئیتر دیۆنسیۆس سـواری پشتی ئەو دڕندەیە دەبێت و لەڕووبارەکە دەپەڕێتەوە. بەدرێژایی مێژوو دیجلە چەند جارێک ڕێڕەوی خۆی گۆڕیوە. ڕووبارەکە پێنج لقی هەیە کە ئاوەکانیان دەڕژێنە ناوی و تێکەڵ بەدیجلە دەبن، یەکەمیان (خاپوور)ە (کە کۆن ناوی نیمیفۆس بووە)، دووەمیان (زێی گەورەی سەروو) کە لەکۆندا ناوی (زابو ئیلۆ بەزمانی ئەکەدی و زام شمامک و دابان و لیکۆس) بووە. سێیەمیان (زێی خوارووی بچووک)ە کە لەکۆندا ناوی (زابو شایلۆ بەئەکەدی و زاباتۆس و کبرۆس) بووە، کە لەخوار پایتەختی ئاشووریی کۆن شاری ئاشور (شرقاتی ئێستا) دەگات بەڕووباری دیجلە، چوارەم ڕووباری (عزێم) (ڕادانۆ بەئەکەدی و فیسکۆسی کۆن) کە لەخوار شاری (بەلەد) تێکەڵ بەدیجلە دەبێت، پێنجەم ڕووباری دیالە کە لەخوار شاری بەغداوە تێکەڵ بەدیجلە دەبێت[٧].

ناوی فورات لەدەقە مێخیەکاندا بەچەند دارِشتنێک هـاتـووە، بەزمانی سۆمەری بەناوی (بـورانـون) و (بورونونا) هاتووە، (Burununa–Burranun). لەزمانی ئەکەدیشدا بەناوی (پوراتر) و (پوراتوم) هـاتـووە[٨] (puratum–purati) لەتەوراتیشدا بە(هەداقل) نـاوی بـراوە، هەندێک لەئێمەی کورد وەهامان لێکداوەتەوە ناوەکە کوردیە و گوایە (دیجلە) لە(دەچڵە)وە هاتووە و (فوراتی)یش لەوشەی (فرەهات) ەوە سەرچاوەی گرتووە، بێگومان ئەم بۆچوونە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە و بگرە بەتەنیا لەسۆزی نەتەوایەتییەوە هەڵقوڵاوە. ناوە کۆنەکانی دیجلە (ئیدیگلات) و فورات (بورانیوم) دەگەڕێنەوە بۆ زمانی دانیشتووانی کۆنی ناوچەکە لەپێش سۆمەرییەکاندا .

لەبەرئەوەی ئاوی ڕووبار و کانیاوەکان سەرچاوەی بژێویی ژیانن، بۆیە لەهەموو سەردەمەکاندا میللەتە جیاجیاکان نرخ و بەهای ئاویان بەرز ڕاگرتووە، بگرە هەندێک جار پیرۆزی و شکۆدارییان پێ بەخشیوە، لەهەندێک حاڵەتیشدا ئاوی ڕووبار و دەریاکان لەکاتی لافاودا سەرچاوەی وێرانکاری بوونە، لەهەموو سەردەمە کۆنەکاندا کۆمەڵێک داستان و بیروباوەڕ و یاسا و ڕێسا لەنێو کۆمەڵگاکاندا هەبوونە، هەرکەسێکیش گومانی حاسڵ بکردایە، ئەوا وەکو گومڕا و بێ باوەڕ ناوزەد کراوە و نەفرەتی بەسەردا داباریوە، لەئاکامی ئەم هۆیانەش بووە کە هەمووان ملکەچی بیروبۆچوون و داب و نەریتی باوبوونە.. لەقورئانیشدا دووپاتی ئەم ڕاستیە کراوەتەوە و دەڵێ: (إِنَّا وَجَدْنَا آبَاءَنَا عَلَى أُمَّةٍ وَإِنَّا عَلَى آثَارِهِم مُّهْتَدُونَ ـ الزخرف٢٢).

ئاوی ڕووبارەکان لەوڵاتی میزۆبۆتامیا پیرۆزییەکی لەڕادەبەدەری هەبووە، لەدوعا و نزاو پاڕانەوەیەکی کۆندا بۆ ڕووبـاری فـورات، لەپێناوی شفای دەرد و چاکبوونەوەی نەخۆشیدا بەم شێوەیە هاتووە:

**ئەی ڕووباری دروستکاری هەموو شتێک**
**کاتێک کە خواوەندەکان ڕیڕەوتیان هەڵکۆڵی**
**شتی نایابیان لەکەنارەکانتدا دامەزراند**
**(ئەیا)ی خواوەندی ئاوە قووڵەکان**
**لەناختدا جێگیر بوو**
**ئاوێکی زۆریان پێتبەخشی**
**ئەی ڕووباری مەزن**
**ئەی ڕووباری شکۆمەند**
**ئەی ڕووباری پەرستگا پیرۆزەکان**
**ئاوت مایەی خۆشی و بەختەوەرییە**
**بەزەییت پێمدا بێتەوە**
**هەموو ئێش و دەردێکی جەستەم**
**فڕێبدە سەر کەنار و ڕۆخەکانت[٩].**

بەهۆی لافـاوی بێ ئامانو هەڵچوون و داچوونی ڕووبـاری دیجلەوە لەدەقێکی سۆمەریدا بـاس لەو ڕووبارە کراوە:

**سکی زەوی و زارەکان هەڵدەدڕی**
**دەکەویتە هاوار و قیژە**
**ڕووباری دیجلە بەتوندی شەپۆل دەدات**
**بەهەموو لێڵی و لێخنی و پیسیەوەی[١٠].**

بەزۆری دانیشتوانی ناوچەی میزۆپۆتامیا بەچاوێکی پڕ لەپیرۆزی تەماشای ڕووبارەکانیان کردووە. هەروەها یۆنانییە کۆنەکانیش بەچاوی ڕێز و شکۆمەندییەوە دەیانڕوانیە ڕووبارەکانیان. بۆنموونە ڕووباری (ئەخلیۆس) لەداستانی ئیلیادەدا پیرۆزییەکی تایبەتی هەبووە. دانەری داستانەکە وەهای بۆچووە گوایە ئەو ڕووبارە شان بەشانی جەنگاوەرانی گریکی جەنگاوە. ڕووبارەکەیش گەورەترین و پیرۆزترین ڕووباری یۆنانە، گوایە خواوەندە و کوڕی هەردوو خواوەند (ئۆپیانۆس) و (تیش)ە[١١]

لەسەرجەم داستانە سۆمەری و بابلیە کۆنەکاندا لەبارەی خەڵقەوە، وەها پێشاندراوە کە ئاوی ئەزەلی هەتاهەتایی سەرچاوەی هەموو بوونێک بووە. وەهای بۆچوونە کە بوون و وجود لەتێکەڵبوونی هەردوو ئاوی (ئابسو)ی سازگار و ئاوی سوێری (تیامات) هاتۆتە کایەوە. هەر لەنێو ئاوەکانەوە خواوەندەکان پەیدا بوونە[١٢].

لەتەوراتیشدا هاتووە لەسەرەتادا بەتەنیا ئاو هەبووە. لەئیسحاحی یەکەمدا هاتووە: (لەسەرەتادا خوا ئاسمان و زەوی دروستکرد. زەوی چۆڵ و داڕووخاو بوو تاریکیش هەموو لایەکی داگرتبوو. ڕوح و گیانی



خوایش بەسەر ڕووی ئاوەوە بوو)[١٣] لەقورئانیشدا هەمان بۆچوون هەیە کە دەڵێ، پێش دروستکردنی گەردوون خوای گەورە و میهرەبان عەرشی پیرۆزی بەسەر ڕووی ئاوەوە بووە. لەسورەتی هوددا هاتووە (وَهُوَ الَّذِي خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالأَرْضَ فِي سِتَّةِ أَيَّامٍ وَكَانَ عَرْشُهُ عَلَى الْمَاءِ) لەئاینی زەردەشتیشدا ڕەگەزەکانی بوون وەکو: ئاو و ئاگر و باو خاک و خۆڵ و گەردیلە پیرۆزن و دەبێت پارێزگاری لەپیرۆزییان بکرێت. بەتایبەتی هیند و ئێرانیەکان بەچاوی پیرۆزییەوە دەیانڕوانییە ئاو. نەدەبوو لەلایەن مرۆوە پیس بکرێت و پاشەڕۆی تێبکرێت. گەورەی خێزانەکانیش قوربانیان پێشکەش بەڕووبار و گۆماوەکان دەکرد و لاشەی ئاژەڵی سەربڕاویان تێفرێدەدا. ئەمەیش بەشێک بوو لەداب و دەستووری ئاینی زەردەشتی[١٤] ئەم دیاردەیەتاوەکو ئەم دواییەیش هەرمابوو. هەروەکو باس دەکرێت تاوەکو چل یاخود پەنجا ساڵ لەمەوبەر، دانیشتوانی شارۆچکەی پردێ و دەوروبەری بەم کارە هەڵدەستان و لاشەی ئاژەڵی سەربڕاویان وەکو قوربانی دەخستە نێو ڕووباری زێی خوارووەوە.. لەلای هیندییەکان ئاوی ڕووباری (کینگ) پیرۆزە و هەموو ساڵێک هیندۆسیەکان مەلەی تێدا دەکەن، گوایە لەگوناهو خراپەکاری دووریان دەخاتەوە. سوبیەکانیش خۆیان بەئاوی ڕووباری دیجلە و فورات دەشۆن بۆ هەمان مەبەست. مەسیحیەکانیش سرووتی تەعمیدیان بەئاو هەیە. ئیتاڵیەکانیش ڕووباری (تایبەر) بەپیرۆز دادەنێن .

هەروەها کاتێکیش ئیبراهیم و سارای ژنی لەبیابانی شاری مەککەدا تووشی تینوێتی دەبن،

## دیجلە و فورات



بەدرێژایی مێژوو بەچەند قاڵب و داڕشتنێکی جیاجیا ناوی ڕووباری (دیجلە) هاتووە، سۆمەرییەکان پێیان وتووە (ئیلاد). ئەکەدییەکانیش بە(ئیدگین) و (ئیدکینیا) و (ئیدگلات) و (ئامۆ) و ڕووباری خواوەندی (ئیشوم) ناویان بردووە، حورییەکانیش پێیان وتووە (ئەرنزاخ)

ئیسماعیلی کۆرپەیان (کە لەلای جووەکان ئیسحاقە) پێ بەزەویدا دەکوتێت و ئاوی (زەمزەم) لەژێر پێیەوە هەڵدەقووڵێت. دەووترێت ئەم کانیاوە کوێر دەبێتەوە، بەڵام عەبدولموتەلیبی باپیری پەیامبەری ئیسلام سەرلەنوێ بۆ قورەیش هەڵیدەکەنێتەوە[١٥] ئێستایش ئەم ئاوە پیرۆزییەکی لەرادەبەدەری هەیە لەلای موسوڵمانەکان. ساڵانە حاجییەکان کە ڕوودەکەنە کەعبە، لەوێدا لەگەڵ خۆیاندا شووشەی سەرمۆری پڕ لەئاوی زەمزەم لەگەڵ خۆیاندا دەهێنن، وەکو دیارییەکی پیرۆز و بەهادار دەیهێننەوە بۆ وڵاتەکانی خۆیان. تایفەی ئێزیدیش لەناوچەی (لالش) بیرێکی ئاویان هەیە بەناوی (زەمزەم)ەوە، کە پیرۆزییەکی زۆری هەیە بەلایانەوە. قووڵی ئەم کانیاوە مەترێکە و تیرەکەیشی دوو مەترە. وەهای تێدەگەن گوایە (شێخ ئادی) ڕۆژێک ڕێی دەکەوێتەوە ئەو شوێنە و ئاوی تێدا نابێت. یاوەران و دەوروبەرەکەیشی داوای ئاوی لێدەکەن، ئەویش ناچار دەبێت و لێدەبڕێت و گۆچانەکەی بکێشێت بەزەویدا و بڵێ (زم..زم) ئیتر بەپێی ئەم داستانە کە ئێزیدیەکان بڕوایان پێیەتی، ئاوی پیرۆزی زەمزەم لەژێر گۆچانەکەیدا هەڵدەقوڵێت[١٦].

لەتەوراتدا لە(ئیسحاحی دووەمدا) هاتووە پاش ئەوەی خوا بەشەش ڕۆژ گەردوون دەخوڵقێنێت. لەڕۆژی حەوتەمدا پشوو بەخۆی دەدات.. (خوا بەخاک و خۆڵ باوە ئادەم دەخوڵقێنێت. فوو دەکات بەلووتیدا و ڕووح و گیانی دەخاتەبەر. خوا بەهەشتی دروستکرد لەعەدن لەڕۆژهەڵاتدا و ئادەمی خستەنێو ئەو بەهەشتەوە. خوا لەناوەڕاستی بەهەشتدا دارێکی نایابی بەرداری چاند. داری شارەزایی خێر و شەڕ لەناوەڕاستی بەهەشتدا پەیدابوو. ڕووبارێک لەعەدنەوە دەگەیشتە بەهەشت بۆ ئاودێری. لەوێشەوە چوار لقی لێ دەبووەوە. یەکەمیان ناوی (فیشون)ە و دووەمیان ناوی (جەیحوون)ە. ناوی سێیەمیش (حەداقل)ە کە لەڕۆژهەڵاتی ئاشورەوە ڕەوت دەکات. ڕووباری چوارەمیش ناوی (فوراتە)[١٧] وەکو دەبینین لەتەوراتدا ناوی (دیجلە) بە(هەداقل) یاخود (حەداقل) هاتووە .

لەفەرموودەیەکی پەیامبەری ئیسلامیشدا هاتووە کە هەر چوار ڕووباری (سەیحون) و (جەیحون) و (نیل) و (فورات) ڕووباری بەهەشتن (سیحان و جیحان ونیل والفرات من انهار الجنة). لەقورئانیشدا لەسورەتی (مرسلات)دا ناوی فورات بەمانای سازگار و شیرین هاتووە (واسقیناکم ماءا فراتا).. لەلایەکی تریشدا لەقورئاندا هاتووە (وَمَا يَسْتَوِي الْبَحْرَانِ هَذَا عَذْبٌ فُرَاتٌ سَائِغٌ شَرَابُهُ وَهَذَا مِلْحٌ أُجَاجٌ) هەندێک وەهای تێدەگەن کە بەهەشتی عەدن کوردستانە، چونکە دیجلە و فورات لەوێوە هەڵدەقووڵێن. وشەی (عەدن)یش وشەیەکی سۆمەریە و (ئیدن) بەمانای پێدەشتی و باخ و زوزان دێت ..

ڕووبـاری دیجلە لەخوار دەریـاچـەی ( وان )ەوە سەرچاوە دەگرێت، درێژییەکەی دەگاتە ( ١١٥٠ ) میل. ڕووباری فوراتیش لەچیاکانی ئەراراتەوە سەرچاوە دەگرێت. درێژییەکەی دەگاتە نزیکەی ( ١٧٨٠ ) میل. ناوەکانیشیان کەس نازانێت لەبنەڕەتدا بەتەواوەتی مـانـای چییە. ئـەو دوو نـاوەیـش دەگـەڕێـنـەوە بۆ دانیشتوانی کۆنی پێش سۆمەرییەکان.

هەوالنامەی کتێب

**پەراوێزەکان**

١ـ الدكتور احمد سوسة- حضارة وادي الرافدين- وزارة الثقافة والاعلام العراقية ١٩٨٠ ص٢١.

٢ـ شاكر شاهين- العقل في المجتمع العراقي- دار التنوير ٢٠١٠ ص ٢٣٨.

٣ـ صلاح نيازي، فن الشعر في ملحمة گلگامش، دار التنوير.٢٠٠٧ ص١٠٩.

٤ـ الكسندر هايدل، سفر التكوين البابلي، منشورات دار الجمل. ٢٠٠٧ ص٣٤.

٥ــ الاب سهيل قاشا، تأريخ الفكر في العراق القديم، دار التنوير٢٠١٠ ص١٨٦.

٦ـ سەرچاوەی پێشوو.. لاپەڕە١٩٠.

٧ـ ناوی نووسەر نییە، وەرگێڕانی:دکتۆر سامي سعيد الاحمد، تأريخ العراق في القرن السابع قبل الميلاد، بغداد٢٠٠٣ ص١١.

٨ـ طه باقر، مقدمة في جغرافية العراق التأريخية، مجلة الاقلام وزارة الاعلام العراقية. شوبات١٩٧١.

٩ـ شاكر شاهين، العقل في المجتمع العراقي، لاپەڕە٩٠.

١٠ـ سەرچاوەی پێشوو... لاپەڕە٩١.

١١ـ دكتور سامي سعيد الاحمد حضارات الوطن العربي القديمة اساسا للحضارة اليونانية بغداد٢٠٠٣ ص٥٠.

١٢ـ الدكتور فاضل عبدالواحد. الطوفان، بغداد١٩٧٥ ص٤٣.

١٣ـ فراس السواح، مغامرة العقل الأولـى، دار علاء الدين . دمشق٢٠٠٢ ص٤١.

١٤ـ مارس بويس، تأريخ الزرادشتية، ترجمة، الدكتور خليل عبدالرحمن، سليمانيه (كوردولوجى)٢٠١٠ ص١٥.

١٥ـ وحيد السعفي، القربان في الجاهلية والإسلام، تبر الزمان التونسية٢٠٠٧ ص٨٣.

١٦ـ عبدالرزاق الحسني. اليزيديون في حاضرهم و ماضيهم ألطبعة ألثانية١٩٦١ص١٣٢.

١٧ـ فراس السواح، مغامرة العقل الأولى... ص١٤٢.

# شارو بینین
# شارو ئاوەز



لەتیف فاتیح فەرەج

بەشی دووەم

## شار و شاری بوون

شاری بوون، ئەرک و بەرپرسیارەتیە، ئەرک و بەرپرسیارەتی لە دەرەوەی ماڵەکەدا، واتە لەدەرەوەی ئەو چوار چێوەیەدا کە ناوت ناوە خانوو تێیدا دەژیت، لەشاردا بەدەر لەبوونی یاساو ڕێسا، بەدەر لەبوونی لێپرسینەوەو باج و حوکمڕانی و تادوایی، بەرپرسیارەتیەکی دیکە بریتیە لەئەرکی هەر تاکێک بەرانبەر بەشار، لەشاردا مرۆڤ بەرپرسیارە لەباخچە و شەقام و شۆستە و پرد و دیوار و هەموو شتەکان، بەرپرسیارە بەرامبەر پاراستنیان، پاکڕاگرتنیان، بەم پێوەرە سادەو ساکارانە مرۆڤی شاری و ناشاری لەیەکتر جیا دەکرێتەوە، هەڵبەت قسە لەمرۆڤی ناشاری قسە نیە لەمرۆڤی گوند نشین، قسەیە لەسەر بەر پرسیارەتی بەرانبەر شار، زۆر بەسادەیی شاری بوون لەدەرەوەی گەشەی بیرو باوەڕ و هەستی چینایەتی و جیاوازی و خوێندنەوەو بوونی سینەما و شانۆ و میوزیک و شەقام و تەلارو کۆڕ و کۆنفراس و سیاسەت و هەمەچەشنی، بەماڵکردنی شارە، بەماڵکردنی شار یانی بەو جۆرەی چەند بەرانبەر ئەو شوێنەزایەی تێیدا دەژیت بەرپرسیاریت و چەند لەپێناویدا دەکۆشیت و دەیپارێزیت هەمان شت بۆ شاریش دروستە، مرۆڤی شاری بەرپرسیارەتیەکەی گەورە ترە لەچوارچێوەی خانوە بچوکەکەی و ئەو کەل و پەلە تایبەتانەی لەناو ماڵەکەیدا هەیەتی و بەپارەی خۆی کڕیویەتی .

لەشاردا مرۆڤەکان خاوەندارێتیەکی فراوانتریان هەیە، ئەمە بێئەوەی پرسیار بکرێت ئایا کەسەکە پلەو پۆست و داهات و سەروەت و سامانەکەی چەندە و چەند نیە، بێئەوەی پرسیاری ئەوە بکرێت شار بەدەست چەند سەرمایەدار و کۆمپانیاوەیە، بوونی مۆزەخانە، هۆڵی شانۆ، کتێبخانە، پەیکەر، پارک و باخچە، ئەمانە خاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ گشت خەڵک، تەنانەت چایخانەیەکی دیرۆکیش، یان خانوە دێرینەکان، جادە و بانە کلاسیکیەکان هەموو ئەمانە خاوەندارێتی گشتیان هەیە، شاری بوون هەستکردن و هەستانە بەو خاوەندارێتیە گشتیە، ناوبانگی شار، پاک و خاوێنی شار، بوونی سونبل و سیمای شارستانی لەشاردا بێئەوەی بیر لەوە بکەیتەوە تۆ چیت لێ دەستدەکەوێت، یان چی لێسەندوی دەبنەمایەی شانازی، ئەمە تەنانەت بۆ کەسایەتیەکی بەناوبانگ، وەرزشوانێک، سیاسیەکی ئاکاری، ڕۆشنبیر یان زانا و فەیلەسوفێک، جا لەژیاندا بێت یان لەژیاندا نەمابێت، وەک شانازی تارانیەکان بەئەحمەدی شاملۆوە، شانازی تەوێڵەییەکان بەمەلا عەبدولکەریمی مودەڕیسەوە، شانازی کەرکوکیەکان بەشێخ ڕەزاوە.

شاری بوون واتە ڕۆڵ بینین لەشاردا بەپێی ئەو توانایەی مرۆڤ هەیەتی، مرۆڤەکانی شار هەر یەک بەجۆرێک ڕۆڵ لە بەشاربوونی شارو شاری بووندا دەبینن، لەسەر ئەو بنەمایەش شار دەبێتە شوناسی هەموو دانیشتوانەکانی، کاتێک کە پاریسیەک شانازی بەپاریسی بوونی خۆیەوە دەکات، یان لەندەنیەک مانای ئەو شانازی بوونە گرێدراوی هەموو ئەو سامان و شانازیانەیە کە پاریس یان لەندەن هەیەتی، هەربۆیە بەرامبەر هەر کەم ڕوانینێکیش بەشارەکەی دێتە وەلام و بێدەنگ نابێت.

## شارو جیاوازی، شارو پێکەوەیی:

نیازێک هەیە لەبەشێکی زۆر لەوڵاتە عەرەبیەکان بەگشتی و عیراق بەتایبەتی نەهێڵن شار بەشێوازێکی ئاسایی گەشە بکات، ئاوەزی عەرەبیانە، بیرکردنەوەی عەرەبیانە، هەڵسوکەوتی عەرەبیانە، هەروەها ترس و دڵە ڕاوکێی عەرەبیانە، لەمپەرن لەبەردەم دروستبوونی شاردا، لەزۆرێک لەوڵاتە عەرەبیەکان، ڕەنگە ئەمە بۆ وڵاتانی عەرەبی چوار چێوەی کیشوەری ئەفریقیا جیاوازتر بێت، دەشێت ئەمە ناوبنێین ترس لەوانی تر، ئەم ترسە لەوانیتر گیانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەو جیاوازی لەنیشتمانی عەرەبدا سست و کەلەلا کردوە، ئێستا ئەگەر زۆر لەسەر دنیای عەرەب و ئەو ئاوەزە لەوڵاتانی دیکەی عەرەبی نەوەستین و ڕاستەوخۆ بێینە عیراق، ئاوەزی عیراقی بەو جۆرەیە کە دەیەوێت نەجەف و کەربەلا بەشیعەیی بهێڵێتەوە، تکریت و موسڵ بەسونەیی و لەو شوێنانەش کە خاوەندارێتیان ئەگەڕێتەوە بۆ

لەشاردا مرۆڤەکان خاوەندارێتیەکی فراوانتریان هەیە، ئەمە بێئەوەی پرسیار بکرێت ئایا کەسەکە پلەو پۆست و داهات و سەروەت و سامانەکەی چەندە و چەند نیە، بێئەوەی پرسیاری ئەوە بکرێت شار بەدەست چەند سەرمایەدار و کۆمپانیاوەیە، بوونی مۆزەخانە، هۆڵی شانۆ، کتێبخانە، پەیکەر، پارك و باخچە، ئەمانە خاوەندارێتیان دەگەڕێتەوە بۆ گشت خەڵك



شارو بینین

کورد و خەڵکانی دیکەش هەن، سیاسەتی سڕینەوەو عەرەباندن پیادە بکات، کەرکوک قوربانیەکی گەورەی ئەم جۆرە سیاسەتەیە، هەر ئەوەش بووە بەهۆی لەبیر کردن و لەشار خستن، عەرەباندن و هێنانی عەرەب لەشوێنگەلی دیکەوە بۆ کەرکوک هەر هۆیەک نیە بۆ گۆڕینی دیمۆگرافی، مەترسی گەورە هەر ئەو شێواندنە نیە ، مەترسی گەورە بریتیە لە پەراوێز خستن ، پەراوێز خستن وەک کاڵکردنەوەی شوناس و خاوەنداریێتی ، لەم یاریە ترسناکەدا خەمی شارو خەمی گەشەی شار بەتەواوەتی فەرامۆش دەکرێت، ئەوانەی کە بەنیازی عەرەباندن هێنراون، پێیان وایە ئەرکی ئەوان بایەخدان بەشارو بەجیاوازی و پێکەوەیی شار نیە و ئەرکی ئەوان زیادکردنی ژمارەی خۆیان و کەمکردنەوەی ژمارەی کورد و ئەوانی ترە، مرۆڤ کە سەیری سەرژمێری و جیاوازیەکانی ١٩٦٥ و ١٩٧٧، دەکات و بەراوردی دەکات بە سەرژمێری ١٩٥٧، بە ڕوونی درک بەو مەترسیە دەکات، لە بەرامبەر ئەو سیاسەتەی عەرەبدا کورد و ئەوانی تریش کە خۆیان لەبەردەم هەڕەشەو ڕاوەدوونان و دەرکردندا دەبیننەوە، ئیتر ئەوانیش بۆیان گرنگ نیە شار دەبێتە شار یان دەبێتە کوێرە گوندێکی بێ ئاوەز.

کەرکوک کاتێک شار بوو خاوەنی چەندین کتێبخانە و گۆڤار و ڕۆژنامە فرۆشی بەردەوام بوو، خەڵک بۆ بەرهەمی تازە پێشتر ناوی دەنووسی و سەرەی دەگرت، خاوەنی چەند سینەمایەکی هەمیشە لیپ لەخەڵک بوو، لەکاتێکدا سینەماکان لەشەو و ڕۆژدا چەندین کاتژمێر نمایشیان دەکرد، خاوەنی دەیان چاخانەی شوێنی گفتوگۆ و بیروڕا گۆڕینەوە بوو، جیاوازی هۆیەک بوو بۆ هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندی، وەک ئەوەی کە لەدەرەوەی خۆیدا پێی دەوترا، شار، شاری سێ مەوج و ....تاد، سەرەتای لەشار خستن بەلێسەندنەوەی ئەم جیاوازیانە دەستپێدەکات، سیاسەتی عەرەباندن بۆی گرنگ نیە شار هۆڵی شانۆو میوزیک و سینەما و کتێبخانەی هەیە یان نا، بۆ ئەو دووسەد مەترێک زەوی و دروستکردنی خانویەکی ناشاری و دوور لەجوانی و ئیستاتیکا و هونەری تەلارسازی لەهەموو شت گرنگترە، لەهەشتاکاندا دیاردەی لەشار خستن بەڕادەیەک زیادی کرد کە ئیتر هیچ ئەندازە سازی و هونەرێک لەدروستکردنی گەڕەکەکانی تەعریبدا ڕەچاو نەدەکرا، ئەم دیاردەیە لە٢٠٠٣ بەدواوە دیسانەوە سەری هەڵدایەوە، ئێستا بۆئەوەی شار لەڕووی ئەندازە و جوانکاری و هونەریەوە بکەینەوە بەشار ماندوبوون و بودجەیەکی خەیاڵی دەوێت، تەنانەت گەڕەکە مۆدێرنەکانیش لەشار نەبێت لەهەموو شتێکی دیکە دەچن، ئەمە قسە کردنە لەسەر تەلار و خانووبەرە و ئەندازە نەک لەسەر ئاوەز و بیرکردنەوەی خەڵکەکە کە ئەویش وێرانەیەکە بۆخۆی، بەشێک لەسیاسی و کاربەدەستان دەسکەوت و سەرمایە و سەروەتیان

لەڕێگای ئەم شێواندن و لەشارخستنەوە کەڵەکە کردووە.

ڕێگەکانی بەشاری کردنی ئەم وێرانی بیرکردنەوە و ئاوەزە زۆر ئەستەمە، جیاوازی زمان و داب و نەریت و کولتور، لەناو ئەو پێکەوەبوونەدا نەبووەتە سەرمایەیەکی گرنگ بۆ پێشکەوتن و گۆڕانکاری بگرە جۆرێک لەدابڕان و ڕق لەیەکتری لەناوناخی یەکتردا دروستکردووە، سەیری بیرکردنەوەی عەرەب و تورکمان و کورد بەرامبەر بەیەکتر، ئەو جۆری یەکتر شکاندن و یەکتر ناشرینکردنەی کە هەیە، هەڵبەتە ناکرێت خۆمان لەو ڕاستیە نەبان بکەین، ئەم جۆرە هەڵسوکەوتە بەرهەمی سیاسەتی پڕ لەهەڵە و پەڵەی سیاسی و دەسەڵاتدارەکانە .

بەشارکردنەوە و دروستکردنەوەی پەیوەندی:

**لە یەک بادە تاڵی نۆشین ...... برایی کردین بەهەنگوین**

ئەمە بەیتێک یان دوو نیوە دێڕە لەشیعرێکی بەناوبانگی گۆرانی مەزن کە بۆ برای عەرەبی چاو ڕەشی نووسیوە، گۆرانی شاعیر وێڕای چەپی و مرۆڤ دۆستیەکەی باس لەوە دەکات کە ستەم دەبێت هۆیەک بێت بۆ یەکخستنەوە و لێکتر نزیککردنەوەی پێکهاتەو نەتەوە و زمانەکان، هەڵبەت دروستکردنی پەیوەندی لەسەر بنچینەی هاوخەمی و بەتەنگەوە هاتنی یەکتر یەکێکە لەپایەکانی دروستکردنی دڵنیایی، شار ئەگەر دڵنیایی تیا نەبێت هەرگیز نابێتە شار، کەرکوک لەدوای ١٩٦١ەوە هەرگیز دڵنیایی تیا نەبووە کەواتە ناکرێت بڵێین شار بووە، چونکە لەبنەڕەتدا لەشاری خراوە، ئەوانەی کە هێنراون، نەبرای عەرەبی چاو ڕەش بوونەو نە لەیەک بادەی تاڵی نۆشین برایەتی نێوان خۆیان و کوردیان کردووە بەهەنگوین، ڕێک لەو سات و کاتەدا ئەوانەی هاتوونەتە سەرسینگ و بەرۆکی خاکی نەتەوەیەکی دیکە و بۆ سڕینەوەی ئەو نەتەوەیە هێنراون، ئەگەر عەرەبەکان لەڕابردودا هەمیشە کێشەیان لەگەڵ جولەکە ئەوە بووبێت کە ئیسرائیل لەفەلەستین بەزۆر جووەکان نیشتەجێ دەکات، ئەوەی بەرامبەر کورد لەکەرکوک و هەندێ شوێنی تر کراوە زۆر لەو نیشتەجێکردنە مەترسیدارتر بووە، ئەم مامەڵە نادروست و مەترسیدارە لەبری بونیادنانی شار وێرانی دروستدەکات، بۆ بەگژدا چوونەوەی ئەم نادروستیەو دروستکردنەوەی شار پێویستمان بە دەستەبژێری خەمخۆر و لێبوردەیە لەهەموو چین و توێژە جیاجیاکان، بۆئەوەی لەبری ڕق و کینە و ناجۆری گیانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانە بونیاد بنێنەوە، ئەمە هەروا ئاسان نیە لەبەرئەوەی تێکدانی پەیوەندیەکە دەیان ساڵی تێپەڕاندوە، لانی کەمی هەنگاو نان بۆ ڕاستکردنەوەی ئەم خیانەتە لەدیرۆک و پێکەوە ژیان، هەڵوەشاندنەوەی ئەو سیاسەتەیە کە بۆ ماوەی دەیان ساڵ پیادە کراوە.

كاتێک لەیەک بادە تاڵی نۆشین برای دەكات بەهەنگوین کە مرۆڤەکان نەک هەر هەست بەئازارەکانی یەکتر بکەن، بگرە بەشداری لەڕەواندنەوەی ئازارەکانی یەکتریشدا بکەن، ئەوەی لەرابردودا بەسەر کەرکوکدا هاتوە، بەشێک بووە لەقوڵکردن و کولانەوەی ئازار، لەبەرامبەردا کەسی ستەملێکراویش هەوڵی داوە کاردانەوەی هەبێت، ئاشتکردنەوە بریتیە لەڕاستکردنەوەی ئەو چەوتیانەی کراون، کاتێک چەوتیەکان ڕاستدەکرێنەوە، کاتێک برینەکان سارێژ دەکرێن، کاتێک دادوەری گوێزەرەوە پیادە دەکرێت، ئیدی بەهێوری پەیوەندیەکە دەگەڕێتەوە دۆخی باش، لەو دۆخەشدا سەرەتاکانی بەشارکردنەوە دەردەکەونەوە، ئێمە دواتر لەسەر دادوەری گوێزەرەوە هەڵوەستە دەکەین، ئەوەی کە پێویستە لێرەدا ئاماژەی پێبدەین، ئەوەیە کە هەتا ستەمکاری هەبێت، هەتا جیاکاری و پەراوێزخستن هەبێت، ناتوانرێت شار دروستبکرێتەوە، شار پێویستی بەدادگەری و یەکسانی و ڕێزگرتنە لەجیاوازیەکان، ئێستا ئەم چەمکانە لەشاری کەرکوکدا زۆر جێی سەرنج و هەڵوەستە نین، گرنگ لەشار خستن و قۆرخکاری و ناشرینیە، هەر ئەوەی کە دەبێت بەهەموومان بەگژیدا بچینەوە.

## شار و ستەم شار و دادوەری گوێزەرەوە:

كاتێک شار ڕووبەڕووی ستەمکاری و گۆڕینی دیمۆگرافیا دەبێتەوە، ئیتر بواری پێکەوە ژیان و پێکەوە هەڵکردن تێیدا هەڵدەوەشێتەوە، دۆخێکی ناجۆرو پڕ کێشەو ململانێی توند دروست دەبێت و لەسەر شوناسی شارەکە دەبێتە کێشە، ڕێگەی ڕاست بۆ چارەسەرکردنی

هەولێرنامەی کتێب

شارو بینین



شار نابێت بەشار هەتا ستەمی لەسەر هەڵنەگیرێت. هەتا دانیشتوانەکانی هەست بەدڵنیایی تەواو نەکەن، هەرکات دانیشتوانی شارێك یان ناوچەیەك هەستیان بەدڵنیایی تەواو کرد، لەگرتن و کوشتن و ڕاوان و دەرکردن نەترسان، ئەو دەم بواری داهێنان و ئەفراندن دەرەخسێت و جوانیەکانی شار دەردەکەون، قسە کردن لەسەر دەرکەوتنی جوانیەکانی شار

ئەم گرفتە جگە لەڕاگرتنی ستەمکاریەکە، دابینکردنی دادوەری گوێزەرەوەیە، دادوەری گوێزەرەوە بۆ دوو مەبەستە، یەکەم : لادانی ستەمکاریەکە و گێڕانەوەی ئەو خەڵکەی خراونەتە چوار چێوەی پیادەکردنی ئەو ستەمکاریەوە، دووەم : گێڕانەوەی ستەملێکراو بۆ شوێنی خۆی، ئەم دوو خاڵە لەدادوەری گوێزەرەوەدا بۆ شارێکی وەک کەرکوک زۆر گرنگە، ڕاستە لەچوار چێوەی مادەی ١٤٠دا باسی چارەسەری ئەو کێشەیەو ناردنەوەی عەرەب و گەڕاندنەوەی کورد کراوە، بەڵام نەچوونەتە وردەکاریەوە، بۆ نمونە مێژووی ئەو هەموو ستەمکاریە و ڕوخاندنی نزیکەی هەزار گوند و گواستنەوەی چوار قەزا و دەیان ناحیە هیچی وەک پێویست باسنەکراوە، ئەوەش ئەو گرتەیە کە کاتی خۆی من ناوم نا «کەرکوک لەبەردەم هەڕەشەی مادەی ١٤٠دا»، دادوەری گوێزەرەوە بازنادات بەسەر وردەکاریەکاندا، لەدادوەری گوێزەرەوەدا قەرەبوکردنەوە، گێڕانەوە بۆ نێو ژیان و داوای لێبوردن کردن هەیە، ئەمە هیچی وەک پێویست نەکراوە، یان تەنها بڕێکی کەم قەرەبوکردنەوە بەڕێوە چووە کە ئەویش لەئاستی ئەو زیان و وێرانیەدا نیە کە قوربانیەکان بەسەریان هاتوە.

شار نابێت بەشار هەتا ستەمی لەسەر هەڵنەگیرێت، هەتا دانیشتوانەکانی هەست بەدڵنیایی تەواو نەکەن، هەرکات دانیشتوانی شارێک یان ناوچەیەک هەستیان بەدڵنیایی تەواو کرد، لەگرتن و کوشتن و ڕاونان و دەرکردن نەترسان، ئەو دەم بواری داهێنان و ئەفراندن دەرەخسێت و جوانیەکانی شار دەردەکەون، قسە کردن لەسەر دەرکەوتنی جوانیەکانی شار، قسە کردنە لەسەر گەشەپێدان و بەرزکردنەوەی ئاستی تولەرانس و لێبوردەیی و پێکەوە هەڵکردن و گەڕانەوە بۆلای ئاوەز و بیرکردنەوەی دروست، لەکەشی ئارامدا ئاستە جیاجیاکانی پەروەردە، تەندروستی، وەرزش، هونەر و ئەدەب و سینەما بەرەو پێش دەچن، لەدۆخی ئاوادا ئیدی چاویش چێژ لەجوانی دەبینێت و خواست و ویستی جوانکردنی شار، ڕەنگکردنی، نۆژەنکردنەوەی، دروستکردنی پارک و باخچە زیاد دەکات، لێرەوە مرۆڤی شاری، مرۆڤی لەش و ئاوەز ساغ دروست دەبێت، بۆئەوەی خاوەنی شار بین پێویستە هەموومان بەردەوام بین لەگەیشتن بەو خەونە، خەونی شارێک کە لەڕێگای بینینی چاوەکانەوە ئاسودەیی و ئارامی بەمرۆڤ دەبەخشێت، بۆئەمە بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری تاکەکان، سڕینەوەی برینی سەرناخ و لادانی هەستکردن بە کێماسی لای مرۆڤەکان زۆر گرنگە.

کەرکوک گیانی بەردەوامی و شاربوونی لێسەندراوەتەوە، هۆیەکەش وەک لەسەرەوە باسمان کرد پەیوەستە بەو ململانێ نادروست و ناجۆرەوە کە دەسەڵاتی سیاسی لەشەستەکانەوە پیادەی دەکات، لەشاری پڕکێشەی سیاسی، کۆمەڵایەتی،

نەتەوایەتی و مشتومڕی توندو تیژدا کەس نایپەرژێتە سەر بیرکردنەوە لە گەشەکردنی شار و پێشکەوتن و خزمەتگوزاری، بۆئەوەی بزانین ئێمە لەخەمی شاردا نین، ئێواران بڕوانە هەموو ئەو خاوەن دوکانانە چۆن پاشماوەی مقەبا و کەل و پەلە توڕدراوەکان لەسەر شەقامەکان کەڵەک دەکەن هەتا خەڵکی دیکە بۆیان هەڵبگرێتەوە، واتە بۆ ئەوان گرنگ دەسکەوت و فرۆشە نەک جوانی شار، دەروازەکانی شار، باخچە وشک و بێنازەکانی شار، شۆستە داگیرکراوەکانی شار، هەموو ئەمانە بەئێمە دەڵێن کەس لەخەمی شاردا نیە وەک شار.

ڕەنگە ئەم بابەتە پێویستی بەهەڵوەستەی زیاتر بێت، بۆیە لێرەدا من بەجێی دهێڵم بۆ هەموو ئەو دۆستانەی دیکە کە دەشێت قسەیەکی دروست و جیاوازی دیکەی لەبارەوە بکەن، ئەگەر کەرکوک لەچلەکان و پەنجاکان و هەتا سەرەتای شەستەکانیش شار بووبێت، ئەگەر هەندێک سیمای شاری هەتا ناوەڕاستی هەشتاکانیش پێوە مابێت، ئێستا ئیتر شارنیە و ئەرکی خاوەنەکانێتی بیکەنەوە بەشار، بیکەنەوە بەو شارەی نمونەی کەسێتی ئاشتیخوازو لێبوردەی وەک سەید ئەحمەدی خانەقای تیا دروست بێت، ئەو مرۆڤەی وێڕای ئاینداریەکەی ماوەیەکی زۆر لە خانەقاکەی خۆیدا جولەکەکانی لە دەرکردن و ستەم پاراست.

هەواڵنامەی کتێب

# بڵاوکراوەی نوێی نوسەرانی کەرکوک




**١. عەشق لەسێبەری جەنگدا**

عەشق لەسێبەری جەنگدا ڕۆمانێکی نوێی نوسەر عاسی حوسێن مەحمودە لەدوو توێی (٢٠٨) لاپەڕەدایە، ئەم ساڵ (٢٠٢٢) لەچاپخانەی تاران بەچاپ گەیەنراوە.

لەم ڕۆمانەدا نوسەر باسی خۆشەویستی پێشمەرگەیەک و دڵخوازەکەی دەکات کە چۆن بەهۆی هەڵاتن و چوونە شاخ و چەکدارییەوە لەیەکتر دابڕاون و لەدوای بیست و یەک ساڵ دەگەڕێتەوە شارەکەی و بەدوایدا دەگەڕێت، هەروەها باسی ڕووداوەکانی منداڵی و تامەزرۆیی منداڵی دەکات بۆ یاریکردن و دەست کەوتنی ساناترین یارییە منداڵیەکان، باسی گۆڕانی شۆڕشگێڕەکان بۆ بازرگان و داگیرکەری موڵک و ماڵی خەڵک و هەڵگیرسانی شەڕی ناوخۆش دەکات. بەکورتیەکەی نوسەر مێژووی نەهامەتیەکانی شارەکەی دەگێڕێتەوە.

**٢. سەرکوتکردنی ئازادی**

سەرکوتکردنی ئازادی لەنوسینی نوسەر و ڕۆژنامەنوس عارف قوربانییە لەدوو توێی (٢٢٢) لاپەڕەدا، نوسەر






چیرۆکی دورخستنەوەی لەبەرپرسیارێتی تەلەفزیۆنی کەرکوک دەکات بەهۆی فشاری حزبییەوە و لەسەر بیروڕا و ڕەخنە گرتن لەسەرکردایەتی سیاسی کورد سەبارەت بەمامەڵە کردنیان لەگەڵ بارودۆخی سیاسی کەرکوک.

ئەم کتێبە لەسێ بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەمی بریتییە لەپرۆژەیەک کە نوسەر پێشکەش بەسەرۆکی هەرێمی کوردستانی کردووە سەبارەت بەچۆنێتی مامەڵەکردنی سەرکردایەتی سیاسی کوردستان لەپێناوی ڕزگارکردنی ناوچە دابڕاوەکان و پاشان هەمان پرۆژەی داوە بەهەردوو ڕەوان شاد نەوشیروان مستەفا و مام جەلال. بەشی دووەم و بەشی سێیەمیش بریتییە لەدوو چاوپێکەوتنی نوسەر لەگەڵ ڕادیۆی نەوادا و ئەو چاوپێکەوتنانە هۆکاری فشاری سەرۆکی هەرێم بووە بۆ دورخستنەوەی ناوبراو لەپۆستەکەی. لەکۆتاییشدا بەشێکی بەناوی پاشکۆکان داناوە کە بریتییە لەچەند وتارێک و چەند وێنە و بەڵگەنامەیەک.

### ٣. بازرگانیکردن لەگەڵ داعش

بازرگانیکردن لەگەڵ داعش کتێبێکی نوسەر و ڕۆژنامەنوس عارف قوربانییە لەدوو توێی (١٦٤) لاپەڕەدا، لەم کتێبەدا نوسەر باسی سەردەمی شەڕی داعش دەکات کە چۆن لەکاتێکدا کە داعش دەسەڵاتداری شاری موسڵ و بەشێکی زۆری تکریت و ناوچەی حەویجەی کەرکوک بوون و شەڕی کورد و عێراقیان دەکرد و دەسەڵاتدارانیش ژێر بەژێر بازرگانی نەوت و چەکیان لەگەڵ دەکردن، هەروەها باسی بارودۆخی ڕۆژئاوا و شەڕەکانی کۆبانی و ڕزگار کردنی کۆبانی دەکات، باسی شەنگال و بارودۆخی کارەساتباری شەنگال دەکات، هەروەها کۆمەڵێک بەڵگەنامە کراونەتە پاشکۆی کتێبەکە.

هەواڵنامەی کتێب

### ٤. هەموومان لەئەنفالدا بووین

هەموومان لەئەنفالدا بووین، کتێبێکی نوسەر و ڕۆژنامەنوس لەتیف فاتیح فەرەجە و لەدوو توێی (١٧٠)



لاپەڕەدا لەچاپدراوە، نوسەر لەسەر بەرگی کتێبەکەی نوسیویەتی ئەم کتێبە بریتییە لەتێکەڵەیەک لەبیرەوەری و بۆچوون و دیرۆک، واتا کۆمەڵێک وتاری جۆاروجۆرە لەبارەی کیمیابارانی هەڵەبجە و هەڵوێستی چەمچەماڵی قارەمان لەسەر ئەوکارەساتە دەکات، هەروەها باسی پرۆسەی ئەنفال و دڕندەیی بەعس و سەرکردەکانی و ئەفسەرانی سوپای عێراق دەکات لەو پرۆسەیەدا دەکات، وەک نمونەش باسی بارق عەبدولای دڕندە و تۆقێنەر دەکات کە چۆن خەڵکی کوردستان بەگشتی و ناوچەی کەرکوکیان بەتایبەتی تۆقاندبوو. هەروەها باسی شەهید کردنی چوار گەنجی کورد دەکات لەیاریگای تۆپی پێی چەمچەماڵ (مەلعەبەکە)، باسی چەندین دۆخی دیکەی هاوشێوەی ئەو کارەساتەش دەکات.

### ٥. چمکێک لەبیرەوەری

چمکێک لەبیرەوەری، کتێبی یەکەمی بیرەوەرییەکانی پێشمەرگەی دێرین برایم محێدین عارفە لەدووتوێی (٢٤٢) لاپەڕەدایە، نوسەر بیرەوەرییەکانی ژیانی منداڵی خۆی و سەردەمی لاوی و خوێندن و پاشانیش سەردەمی پێشمەرگایەتی دەگێڕێتەوە، خۆی دەڵێت بیرەوەرییەکانم کەم تا زۆر ئەڵقەدراوی ژیانی سیاسی سەردەمەکە بووە، سیمایەکی بچوکی گێڕانەوەی ڕووداوەکانی سەردەمی ڕاگوزەری ژیانی لەئەستۆ گرتووە.




هەروەها نوسەر باسی جوڵانەوەی ڕوناکبیری ساڵانی غوربەت دەکات ئەوکاتانەی ئاوارەی ئێران بوونە و لەساڵیادی کارەساتی کیمیابارانی هەڵبجەدا لەئۆردوگای دزلی ئەو یادەیان کردۆتەوە بەسەرپەرشتی لیژنەیەک لەحزبەکانی بەرەی کوردستانی و ناوبراو بەپارچە پەخشانێک بەشداری ئەو یادەی کردووە، هەروەها باسی ئەوە دەکات کە چۆن بەسندوقی گولە قازیفە کتێبخانەیەکی بچوکیان لەدزلی دروست کردووە بۆ کۆکردنەوەی کتێب و بڵاوکراوەکان و درێژەدان بەپرۆسەی خوێندنەوە.




### ٦. خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک

خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک، ڕۆمانێکی نوسەر حەمەسەعید زەنگەنەیە، لەدووتوێی (١٩٦) لاپەڕەدایە و ئەم ڕۆمانە باسی هاوڕێیەتی چوار نوسەری کەرکوک دەکات، باسی سەردانی گفتوگۆکانیان دەکات و لەچوارچێوەی ئەو گفتوگۆیانەشدا باسی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی کەرکوک دەکەن و سەرنج و تێبینیەکانیان لەبارەی ئەو دۆخانەوە دەخەنەڕوو.

یەکێک لەجوانیەکانی ئەم ڕۆمانە ئەوەیە کە بەهەموو شێوەزارەکانی زمانی کوردی نوسراوە، واتا دەستەواژەکانی بەزمانە جیاوازەکان نوسراون و تەنها یەک شێوەزار بەکار نەهێنراوە، لەکۆتایی ڕۆمانەکەشدا فەرهەنگۆکێک بۆ زاراوەکان دانراوە، بۆ ئەوەی خوێنەر واتا و لێکدانەوەی دەستەواژەکانی بەلاوە ئەستەم نەبێت.

### ٧. سیاسەتی ئابووری لەجیهاندا ئەوەندەی سیاسییە ئەوەندە ئابوری نییە

سیاسەتی ئابووری لەجیهاندا ئەوەندەی سیاسییە ئەوەندە ئابووری نییە، کتێبێکە لەنوسینی د.مەدیحە سۆفی و لەدووتوێی (١٩٦) لاپەڕەدایە، تێچووی چاپکردنەکەی لەلایەن بەڕێز نەوزاد قەفتانەوە لەئەستۆ گیراوە، پیکهاتووە لە(٩) بابەتی سەرەکی بەناونیشانی، چین بەرەو دەسەڵاتێکی ڕەها، پێگەی ڤێنزوێلا لەنێوان شەڕی زلهێزەکاندا، وڵاتە بوژاوەکان و ڕۆڵی وزە لەپەیڕەوکردنی نادیموکراسیدا، ئایا شەڕی فەلەستین و ئیسرائیل شەڕی خاکە یان شەڕی ئاوە؟ ئابووری قەتەر و کێبڕکێی دەسەڵات لەناوچەی کەنداودا، موڵکیەتی سامانی سروشتی لای دەسەڵاتدارەکان، وزە جیهان بەرەو ناجەمسەری یان فرە




هەواڵنامەی کتێب

جەمسەری دەبات، سیاسەتی وزە و گۆڕانی ئیقلیمی و جیهانی، شانزەی ئوکتۆبەر و شکستی سیاسەتی ئابووری باشوری کوردستان لەژێر سێبەری بوونی وزەدا.

نوسەر لەپێشەکی کتێبەکەیدا دەڵێت: شەڕ و گرژییەکان لەجیهاندا شەڕە لەسەر وزە، لەسەر کەرەستەی خاو، کان و کانزا و میتاڵە دەگمەنەکان، لەسەر ئاو و سەرچاوەکانی، نەک شەڕ لەسەر ڕێژەی پێڕەوکردنی دیموکراتی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی، شەڕ لەجیهاندا شەڕ نییە لەسەر نەبوونی هاوسەنگی لەداد و نادادی، شەڕ نییە لەسەر قەڵاچۆکردنی برسێتی، نەداری، بێ ئاوی و تێکچوونی ژینگە، شەڕە بۆ وێرانکردنی ژینگە و لەبن هێنانی سامانی سروشتی و ڕەچاونەکردنی نەوەی داهاتوو، شەڕە لەسەر قۆرخکردنی سامانی سروشتی بەدرۆی دیموکراتیزە کردن بەماسکی خۆسەپاندنەوە.

### ٨. الجمعيات والمنظمات والاحزاب الكوردية في نصف قرن (١٩٠٨-١٩٥٨).

ئەم کتێبە لەنوسینی شەهیدی قەڵەم (د.عبدالستار طاهر شریف)ە و لەدووتوێی (٣٨٠) لاپەڕەدایە و مێژووی دامەزراندنی پارت و کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی کوردستان دەگێڕێتەوە و لەچوار بەش پێکهاتووە، بەشی یەکەم باسی کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتە کوردییەکانی کوردستانی باکور دەکات، لەوانە: کۆمەڵەی تەعالی کوردستان (١٩٠٨)، کۆمەڵەی کوردستان (کوردستان جەمعیەتی)، کۆمەڵەی بڵاوکردنەوەی مەعاریفی کوردی، کۆمەڵەی هێڤی کوردی (١٣٢٨ک - ١٩١٠ز)، کۆمەڵەی ئیستقلالی کوردستان، کۆمەڵەی تەعالی ژنانی




کوردستان، حزبی خۆییبوون "الاستقلال" ١٩٢٧. بەشی دووەمیش باسی کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتەکانی کوردستانی باشور دەکات کە پێکهاتوون لەم پارت و ڕێکخراوانە: کۆمەڵەی کوردستان، کۆمەڵەی زەردەشت، کۆمەڵەی هاوار، کۆمەڵەی برایەتی (١٩٢٧-١٩٣٣)، حزبی هیوا، حزبی شۆڕش، حزبی ڕزگاری کورد، حزبی دیموکراتی کوردی کە پاشتر ناوەکەی گۆڕا بۆ حزبی دیموکراتی کوردستان (پارتی)، بەشی سێیەمیشی تەرخان کردووە بۆ کۆمەڵە و ڕێکخراو و پارتەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لەوانەش: کۆمەڵەی (ژ.ک) و حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران (حدکا). بەشی چوارەمیش باسی پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانی ڕۆژئاوا دەکات، بەڵام بەکورتی و لەیەک بابەتدا باسی خۆییبوون و حزبی دیموکراتی کوردی چەپ لەسوریا (پارتی) دەکات لەگەڵ کۆمەڵە و ڕێکخراوە ڕۆشنبیرییەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژئاوا.

# فەلسەفە و پرسی پەڕگیری

## پەڕگیری (ڕادیکالیزم)ی ئاینی و سیاسی

هەواڵنامەی کتێب



نوسینی: حەمادی ئەنوار
وەرگێڕانی: موعتەسەم موحەممەد شوانی

چۆن دەتوانرێت لەڕووی فەلسەفیەوە بیر لەپرسی پەڕگیری بکرێتەوە؟ هەڵوێستی فەلسەفە لەبەرامبەر پەڕگیری ئاینی و سیاسیدا چییە و چۆن بیری لێدەکاتەوە و تێیدەگات؟

باسکردن لەهەڵوێستێکی فەلسەفی کە فەلسەفە پێڕەوی بکات لەبەرامبەر کێشەی پەڕگیریدا، بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە بەواتای ئەوەیە کە بیرکردنەوەی فەلسەفیانە پەڕگیری تێدا نییە و هزرێکی کراوە و بەرەنگاریکەرە لەبەرامبەر دەمارگیری و توندڕەوی لەهەموو ڕەهەندەکانیدا؛ لەپاش ئەوەیش واتایەک بۆ قسەکردن لەسەر پەڕگیری فەلسەفی یان فەلسەفەی پەڕگیر نامێنێتەوە.

لەدیدگایەکی پەڕگیرەوە ناتوانرێت بیر لەپەڕگیری بکرێتەوە، یان بەلۆژیکێکی توندڕەو و ژەنگ گرتوو بیر لەپەڕگیری بکرێتەوە؛ لەبەرئەوەی هەر بیرکردنەوەیەکی لەوجۆرە جگە لەدۆگماییەکی بە بەردبووی نەزۆک شتێکی دیکە نابێت. باگرەوی فەلسەفە لەمامەڵە کردنی لەگەڵ پرسی پەڕگیریدا گەیشتن بێت بەپلەی ڕامان لەوەی ناونراوە ((هزری پەڕگیر)) بەئەقڵیەتێکی ناپەڕگیر(کراوە)، وەک ئەوەی تەماشای زەبروزەنگ دەکات بەتێڕوانینێکی نەرمونیانانە (ناتوندوتیژانە)، لەدەمارگیریش ڕادەمێنێت بەلۆژیکێکی کراوەی نەرم و دوور لەدەمارگیری.

## یەکەم: پەڕگیری چییە؟

پەڕگیری بەواتای دەست گرتن بەئەو پەڕی بیرۆکەیەکەوە؛ واتە لایەنگیری لەبیرۆکەیەک جگە لەوانی دیکە، لایەنگیری لایەنێکی بیرۆکەیەک تائاستی تێپەڕاندنی میانڕەوی و مەبەست؛ پەڕگیر ئەوکەسەیە کە بابەتەکان لەڕۆخ و کەنارەوە وەردەگرێت بەشێوەیەکی توندڕەوانە، بەشێوەیەکی زۆر توندڕەو و زێدەڕۆ و ملهوڕ و کەلەڕەق دەبێت.

پەڕگیر هەمیشە دەست بەکەنار و پەراوێزەکانەوە دەگرێت بۆئەوەی گوزارشت لەڕقی خۆی بکات لەبەرامبەر بیرۆکە ناوەندییەکەدا؛ لەبەرئەوە کەسی پەڕگیر ناتوانێت کێنە لەسک و دوژمنکار و ڕقاوی نەبێت، ڕەنگیشە ئەو خواستەی دەرئەنجامی ئاراستەیەکی تایبەت بێت، لەوانەشە دەرئەنجامی پەراوێز خستن و دوور خستنەوەی کەسی پەڕگیر بێت لەهەمان ناوەند، ئەوناوەندەش دەشێت دەوڵەت یان نەتەوە یان گروپ بێت؛ ئەوپەراوێز خستن و دوور خستنەوەیە وادەکات کەسی پەڕگیر لەداب و نەریتی ئاین و نەتەوە دەرچێت و ئەوپەڕی پەڕگیری بکات لەڕووی باوەڕ و سیاسەت و تەنانەت ئایدیۆلۆجیشەوە بەشێوەیەکی گشتی.

واتایەکی دیکە لەڕیشەی وشەی (پەڕگیر - تطرف) هەڵدەهێنجێنین و دەیخەینە سەر ئەو واتایەی پێشو،

پوختەکەی ئەوەیە کە کەسی پەڕگیر چمکێکی بیرۆکەیەک دەگرێت؛ واتە لەسنوری توێکڵ و ڕووکەشەکەی دەمێنێتەوە و ناچێتە کرۆک و قوڵایی بیرۆکەکەوە و دەرئەنجامیش نەزان نەشارەزا دەمێنێتەوە، ئەو نەزانیەشی بەمەعریفەیەکی ساختە ڕووکەش دەکات کە بەرەو دەمارگیرییەکی مەبەستدار و پەڕگیری مەزهەبی لایەنگیر مل دەنێت.

کەواتە پەڕگیر ناتوانێت توندوتیژ نەبێت؛ توندوتیژی و زەبروزەنگیش دوژمنی فەلسەفەیە بەبۆچوونی ئیریک فایل. فەلسەفە کردن کارێکی ناتوندوتیژە، بابەتی توندوتیژیش بابەتی ئەونییە، بەڵکو بەجێی دەهێڵێت لێی دووردەکەوێتەوە، خۆیشی توندوتیژ نییە لەبەرئەوەی کارێکە مەبەستەکەی خۆشەویستیە؛ خۆشەویستی زانین و ئەشقی دانایی. بریتییە لەخۆشەویستیەکی مەعریفی و ئەنتۆلۆجی نەک خۆشەویستی خاوەندارێتی. فەیلەسوف شتێکی نییە باوەشی پێدابکات یان لایەنگیری بکات، ئەو دوژمنی پەڕ و کەنار و ڕۆخە و دزە دەکاتە قوڵایی و کرۆکی بابەتەکانەوە ئامرازەکەی دەستیشی بۆ ئەو دزەکردنە ئازادییەکەی و بوێرییەکەتی. هەرچی پەڕگیری دەمارگیرە کۆیلەی گومانەکانێتی و لەوەهمی ئەوەدایە کە خاوەنی بیرۆکەکەیە، کەچی لەڕاستیدا کەسێکی توندڕەوە لەبیروڕا و ئایدیۆلۆژیا فکرییەکانیدا.

هەرکەسێک ڕێژەی پەڕگیری کەمتر بێت مەزهەب و گروپ گەراییشی کەمتر دەبێت، فەلسەفەش هەموو مەزهەب گەراییەک ڕەت دەکاتەوە، هیچ فەیلەسوفێکیش نەبووە تائێستا خۆی وەک باوکی ڕووحی هیچ مەزهەبێک ڕاگەیاندبێت؛ فەیلەسوفەکان مامۆستای فەلسەفە کردنن نەک مامۆستای خودی فەلسەفە بەپێی وەسفەکەی کانت. شتێک نییە کە کەسی فەلسەفەکار بتوانێت لێی دڵنیا بێت بۆئەوەی دەمارگیری و لایەنگیری لەپێناودا بکات؛ بۆیە نامۆنییە فەیلەسوفی ئینگلیزی برتراند ڕاسل ڕایبگەیەنێت کە ئامادە نییە لەپێناو بیرۆکەکانیدا بمرێت، لەبەرئەوەی بەردەوام لەگۆڕاندایە لەدەرئەنجامی بێ متمانەیی زیاد لەپێویستی لەبیرۆکەکانی و ڕادەی ڕاستییان. ئەگەر بیرۆکەیەک بەسەر خاوەنەکەیدا زاڵ بوو، دەبێت بەبیروباوەڕی دۆگمایی، ئەوەیش بونیادی یەکەمی دروست بوونی پەڕگیرییە لەهەموو ڕەهەند و ڕوویەکەوە.

پەڕگیری بەبۆچوونی ئەندرێ کۆنت سپۆنڤێل ئەوڕەوتە فکرییە دەنێرێت بەرەو ئاراستەیەک، بەرەو دورترین ئاراستە، لەگەڵ لەبیرکردنی ئەوەی دەتوانرێت ئاراستەکانی دیکە لەخۆیانی بگرن هەرچەندە ماقوڵیەت و ڕاستگویشیان تێدابێت لەڕووی واتاوە. پەرگیری بەواتای لەخشتەبردنی ئەوانەیە کە باەڕی زیاتریان هەیە یان ئەوانەی کینەی زۆریان هەیە: لەهەردوو دۆخەکەشدا مەترسی و هێزێکی دوولایەنە دروست دەکات(١).

مەترسی پەڕگیری لەوکینە و توندوتیژی و ڕقەدایە کە لەخۆی گرتووە و ئەوەیش لەوجۆرە پەڕیگیریانەدا

هەموانامەی کتێب

دەردەکەوێت ئەمڕۆ لەجیهاندا بڵاوبۆتەوە؛ لەوانەیش لێرەدا بەتایبەت ناوی پەڕگیری ئاینی و پەڕگیری سیاسی دەهێنین؛ ئایا فەلسەفە چۆن دەتوانێت هاوکارمان بێت لەتێگەیشتن و هەڵوەشاندنەوەی ئەوەدا.

## دووەم: لەبارەی پەڕگیری ئاینیەوە

مەترسیدارترین شت لەئایندا ئەوەیە کە بیرۆکەیە، بیرۆکەش بەخێرایی بڵاودەبێتەوە و کاریگەری بەهێزە، بیرۆکەکان جیهان ئاراستە دەکەن و دەیجوڵێنن بەبێ ئەوەی بزانین، لەبەرئەوە ئالاین Alain جەخت لەوە دەکاتەوە کە هەموو بیرۆکەیەک لاهوتیە (ئاینیە)(٢)، بەڵام ئەوە چۆنە؟

بیرۆکەکان مۆرکێکی لاهوتی وەردەگرن کاتێک لەسەر بنەمای بۆچوونێکی بونیاد نەنراو دامەزرابێت، بەپەلە بەلای باوەڕدا بایدەداتەوە. کاتێکیش مرۆڤ باوەڕی بەبیرۆکەکەی هێنا، ئیرادەی لێدەسێنێت و دەمارگیری لەپێناودا دەکات. شتێکی دیکەش دەیکات بەلاهوتی ئەوەیە توانای سەلماندنی بیرۆکەکەی نەبێت و لەوکاتەشدا مرۆڤ لەژێر کاریگەری حەزێکی بەهێز و کاردانەوەیەکدا کە بینایی لەکاردەخات و کۆنترۆڵی هۆش و ئەقڵی دەکات هەوڵی جێبەجێکردنی بیرۆکەکەی دەدات و پێداگیری لەسەر دەکات؛ لێرەوە بۆمان ڕوون دەبێتەوە چۆن پەڕگیری و دەمارگیری لەبواری باوەڕ و بۆچوون و بیرۆکەدا نەبێت ئامادەییان نابێت و لەوبوارەش بەڵگە و



ئاماژە ون دەبن؛ پاشان واتایەک بۆ قسەکردن لەبارەی دەمارگیری لەبواری زانستدا نییە، یان ئەوەی بتوانین پێی بڵێین ((پەڕگیری زانستی))، لەبەرئەوەی وتەی یەکلاکەرەوە بۆ تاقیکردنەوە و سەلماندنە. بەردەوامی زانین (مەعریفە) وەک زانست پێشنیاری کردووە پێویستی بەباوەڕهێنان نییە لەهیچ قۆناغێکی ئەوبەردەوامیەدا وەک ئەلبێر جاکار جەختی لێدەکاتەوە، بەڵکو بەپێچەوانەوە بەردەوام لەسەر بنەمای گومان بونیاد دەنرێت(٣)، هەرکەسێکیش گومانی لەبیرۆکە و باوەڕەکانی خۆی هەبێت ناتوانێت پەڕگیر بێت.

دەمارگیری هەڵچونەکانی کەسی پەڕگیر دەورووژێنێت و حەماسەتی ئاینی گڕدەدات، توانا ئەقڵیەکانی نوچ دەدات، هەستی ڕەخنەیی ون دەبێت، توانای تێڕوانین و بینین و بڕیاری گونجاو لەدەست دەدات؛ کرۆکی ئاین ترس و هەڵچونە، ترسیش لێرەدا بەبۆچوونی مۆنتینی ((دڵی مرۆڤ لەهەموو دانایيەک دادەماڵێت))(٤) هیچ پەنایەکیش نادۆزێتەوە تاپەنای بۆ بەرێت جگە لەونائەقڵانیەت و نادانایيەی لەناخی خۆیدایە؛ واتە ئەوهەڵچون و وەهم و خەیاڵانەی لێوانلێوی کردووە و کردویەتی بەکەسێکی لـەرزۆک و دەسەڵاتی خۆی بەسەردا سەپاندووە؛ هیچ بیرۆکەیەکیش جگە لەوە نابینێتەوە کە باوەڕی پێ بهێنێت، هەروەک ئامادەیشە بەهەموو شێوەک بەرگری لێبکات. بەوشێوەیە دەمارگیری بەبۆچوونی سپۆنڤێل شێوەی هەوەسێکی دۆگمایی کینەدار یان توندوتیژ وەردەگرێت، هەموو ڕاستیەکی لەلا دروست بووە و خۆی بەخاوەنی هەموو ڕاستیەک دەزانێت لەڕێگای باوەڕە ئاینیەکەیەوە. لەپاشانیشدا تیرۆر کۆتایی و چارەنوسی ئەودەمارگیرییە دەبێت(٥).

هەواڵنامەی کتێب

پەڕگیری



پەڕگیر ناتوانێت توندوتیژ نەبێت؛ توندوتیژی و زەبروزەنگیش دوژمنی فەلسەفەیە بەبۆچوونی ئیریك فایل. فەلسەفە کردن کارێکی ناتوندوتیژە، بابەتی توندوتیژیش بابەتی ئەوونییە، بەڵکو بەجێی دەهێڵێت لێی دووردەکەوێتەوە، خۆیشی توندوتیژ نییە لەبەرئەوەی کارێکە مەبەستەکەی خۆشەویستیە؛ خۆشەویستی زانین و ئەشقی دانایی

دەمارگیری وەک ئالاین Alain دەڵێت بریتییە لەخۆشەویستی ترسناکی ڕاستی (حەقیقەت)، بەڵام تەنها ڕاستیەکەی خۆش دەوێت و ئەو خۆشەویستیەش ئەگەر لەبواری ئایندا بوو شێوەی خۆشەویستی خودا وەردەگرێت، تێیدا دەژی و لەپێناویدا دەژی و لەپێناوی بەرگری لێکردنیشیدا دەمرێت، بەبێ ئەوەی هیچ حوکمێکی بەسەردا بدات و گومانی لێبکات(٦). ئەو لەودۆخەدا وەک هەر فەندەمینتالیستێکی (ئوسوڵی) پارێزکاری کۆنەخوازە، لەگەڵ باوەڕەکەیدا (ئیمان) وەک زانین (مەعریفە) مامەڵە دەکات؛ ئەوەیش دەیکات بەکەسێکی نەزان و گەمژە کە حەزێکی ڕابردوو پەرستانەی تێدا چەسپیوە و لەودیدگایەوە لەپێشکەوتن دەڕوانێت گوایە تەنها فێڵێکە، ئازادی باوەڕیش جگە لەتەڵەیەک هیچیتر نییە، لەهەمان کاتیشدا دیموکراسی گوزارشت لەدرۆیەک دەکات. چارەسەریش تەنها ملکەچی و خۆ بەدەستەوەدان و ڕەتکردنەوەی مشتومڕ و لێکدانەوەیە(٧).

کەسی پەڕگیری دەمارگیر باوەڕی تەنها بەبیرۆکەکەی خۆی هەیە، زۆرجار بارگاویە بەوێناکردن و لێکدانەوەی جۆشخواردووانە کە حەزی ناخەکی دەردەبڕێت بۆ گەیشتن بەو وێنەیەی لەخەیاڵی خۆیدایە لەبارەی ((بێخەوشی - کامڵی)) یان ((ڕەهایی)) ئەوەی وەهای لێدەکات ڕشتنی خوێنی ئەوانی دیکە و تەنانەت خوێنی خۆیشی بەکارێکی زۆر ئاسایی بزانێت.

دیارە کەسی پەڕگیری ئاینی هەمیشە ڕێژەی خوێن گەرمی زیاتر و هەڵچونی زێدەڕۆی تێکراوی هەیە، ئەوەیش زۆرجار پاڵی دەنێت بۆ ڕەنگدانەوەی کاری توندوتیژی، بەڵام جۆرێکی دیکەی پەڕگیری و دەمارگیری هەیە لەکەسانێکدایە کە ڤۆلتێر بەدەمارگیرە خوێن ساردەکان ناوزەدیان دەکات؛ ژیانی ئەوانی دیکە سوک و سانا دەبینن تەنها لەبەرئەوەی لەشێوازی بیرکردنەوەدا لەگەڵیاندا جیاوازن(٨). ئەگەر جیاوازییەک شایستەی تێڕامان و بیرکردنەوە و بەکارهێنانی ئەقڵ بێت، لەلای کەسی پەڕگیر هۆکارێکە بۆ زەبروزەنگ و کوشتن و پاساوێکە بۆ کافرکردن کە پلەی کۆتایی تیرۆر و جەنگی ئاینییە یان ئەوەی پێی دەڵێن ((جیهاد)). لەوبارەیەوە سپۆنڤێل جەخت لەوەدەکاتەوە کە دۆگمایی دەبێتە هۆکاری دروست بوونی دەمارگیری و لێبوردەیی ناهێڵێت، دەمارگیریش بەرەو پەڕگیری دەبات، پاشان پەڕگیریش خاوەنەکەی دەخاتە ناو دڕندەیی و بەربەریەتەوە(٩).

ڤۆلتێر دەمارگیری بەتاعون دەچوێنێت، جەخت لەوەدەکاتەوە کە کۆمەڵی فەیلەسوفانیش دوور نەبوونە لەودەردە؛ بەڵکو دەرمانی ئەودەردە بوون. کاریگەری فەلسەفە ئەوەیە کە دەروون ئارام بکاتەوە، ئارامیش لەگەڵ دەمارگیریدا یەک نایەتەوە. پەڕگیری ئاینی دەمارگیر ئارامی ڕووحی ون کردووە و ئەوەیش دروشمی هەموو ئاینەکانە، لەڕێگای ڕاست لایداوە بۆئەوەی خۆی

بخاتە نێو ئاگری سەرسامی و ڕق و کینە و دژایەتی هەموو جیاوازێک لەبیروباوەڕدا. پەرگیر بیانویەکی بەدەستەوە نییە لەبەرامبەر خۆی و خەڵکی دیکەشدا، لەبەرئەوەی تەنها بەناوی ئیرادەی دەمارگیرییەوە دەمارگیری دەکات، بەرامبەرەکەی کە جیاوازی لەگەڵیدا هەیە دەیکات بەشەیتان، بەڵام تێڕوانینی بۆخۆی و فکرەکەی و شوێنەکەوتەکانیان تێڕوانینێکی سەرسامانە و پەسەندە و خۆیان بەخاوەنی یەقین و ڕاستی ڕەها دەزانن و لەهەموو شتێکی خۆیان ڕازین.

پەرگیری و دەمارگیری قەتیس بوونە تەنها لەبیرۆکە و هەڵوێستدا، بەبێ بوونی کەمترین ئارەزوو بۆ زانینی هیچ ئاراستەیەکی هزری دیکە. ئەم هەڵوێستە دەبێتە هۆکاری تەنگ هەڵچنین بەهزر و نغرۆکردنی ئەقڵ. چونکە ئەو نەدڕوانێت و نەبیردەکاتەوە، چونکە ئەگەر تێڕوانینی خۆی بەرفراوان بکردایەتەوە و بیرکردنەوەی خۆی بەکار بخستبایە، هەرگیز بەدەمارگیری نەدەمایەوە. لەبەرئەوە ئەو شوێن تاریک پەرستی دەکەوێت و لەڕووی پێشکەوتنی زانستی و شارستانیەتی مرۆییدا دەوەستێت؛ ئەوە لادانە لەڕێگای ژیانی ئاینی(١٠).

پەرگیری ئاینی بەپێی ئەوەی پێشتر باسمان کرد، بریتییە لەلادانی ئاینی و لادانی ئاینە لەڕێگاکەی خۆی و لادانە لەپێناویدا؛ چونکە ڕووحی ئاین بریتییە لەگەیاندن و پەیوەندی بەردەوامی پەیوەندییەکان، نەک بڕینی پەیوەندی و ڕووکردنە پەڕ و پەرگیری. ئاین بریتییە لەپەیوەندی ستونی لەگەڵ جیاوازەکانی دەرەوەدا و کرانەوەی ئاسۆیی بەسەر هەموو ئەوانەشدا کە لەناوخۆی ئایندان، ئەوەیش بریتییە لەباوەڕبوون بەفرەیی جۆر و چەشن و جیاوازییەکان، پێویستە ڕووحی ئاین بەوشێوەیە بێت؛ بەشێوەیەک بێت هیچ دەنگێک بەسەر دەنگی مرۆڤایەتیدا بڵند نەبێتەوە. هەرچی دەمارگیرییە بۆ بۆچونێکی دیاریکراو و توندڕەوی بۆ ڕاڤە و لێکدانەوەیەکی دەست نیشان کراو و کۆبونەوە لەدەوری بیرۆکەیەک و کارکردن لەپێناویدا، ئەوە نەریتی دوژمنەکانی مرۆڤ و دوژمنەکانی مرۆڤایەتی کراوەیە، ئەوانەی پەنا دەبەنە بەر سیاسەتیش هەروەک ئاین، بۆ بانگەشە کردن بۆ هزری داخراو و دەمارگیر.

## سێیەم: پەرگیری سیاسی

بە چ واتایەک دەتوانین قسە لەسەر پەرگیری لەسیاسەتدا بکەین؟

بەواتایەکی گشتی و فراوان هەموو پەرگیرییەک لەدەرئەنجامدا پەرگیرییە لەهزر و بۆچوون و باوەڕدا؛ ئەگەر بابەتەکانی پەرگیری ئاینی پەیوەست بێت بەهزری ئاینی و لاهوتی و باوەڕدارییەوە، پەرگیری سیاسی بەپلەی یەکەم ئایدیۆلۆژییە(١١). کاتێک خەمی کەسێکی سیاسی بەرگری بێت لەئایدیۆلۆژیاکەی و ململانێ بێت

لەپێناوی ئەوهزرانەی کە بڕوای پێیەتی لەچوارچێوەی ئایدیۆلۆژیاکەیدا؛ لێرەدا ئامانجە باڵاکەی هەموو کردارێکی سیاسی ون دەبێت. سیاسەت هەروەک ناپلیۆن دەڵێت وەک چارەنوس وایە (un destin). ئایا مەبەست لەوە چییە؟

گومانی تێدا نییە کە ئەوە وتەیەکی سەیر و نامۆیە، تەنانەت بەجۆرێک لەجۆرەکان مەترسیداریشە. بۆچی؟ لەبەرئەوەی ڕاستیەکی تراژیدی لەخۆدەگرێت کە بڕیار لەبوونی مرۆڤ دەدات. ئەویش پێویستی بوونێتی لەگەڵ ئەوانی دیکەدا. هەروەها چارەنوسێتی و هیچ بوارێکی بۆ دەربازبوون لەوچارەنوسە نییە، ناتوانێت بەتەنها بژی و ژیانی هاوبەشیشی پێویستی بەئامادەسازی (تەگبیری) زۆر هەیە؛ لەبەرئەوە پێویستی بەسیاسەتە کە سیاسەتیش بریتییە لەئامادەسازی و تەگبیری نانوندوتیژانە بۆ ململانێ، هەروەها بریتییە لەگرنگی پێدانێکی نەرمونیان و ئاشتیانە بەپەیوەندییەکانی هێز لەناو کۆمەڵگە و نیشتمان و دەوڵـەتـدا، وەک سپۆنۆڤێل پێناسەی دەکـات بریتییە لەهونەری ژیانی هاوبەش لەهەمان وڵاتدا و لەگەڵ کەسانێکدا کە ئێمە هەڵمان نەبژاردوون و هیچ هەست و سۆزێکی تایبەتیشمان



بۆیان نییه(١٢).

کەواتە دوو شت هەیە کە وەها دەکەن سیاسەت گرنگ و پێویست بێت: توانای زەبروزەنگ، یان بڵێین مەترسی توندوتیژی و زەبروزەنگ، پاشان ژیانی هاوبەش کە لەناو دڵیدا پریشکی ئەو توندوتیژییە دەردەچێت، بەتایبەتیش لەبەرئەوەی پێکەوە ژیانی تەنها تەنی ماددی نییە، بەڵکو پێکەوە ژیانی ئازادی و حەز و شێوازی جیاوازی هوشیاری و بیرکردنەوەیە و پێویستی بەکەسێکە ڕامی بکات. لێرەوە سیاسەت دەست پێدەکات کاتێک توندوتیژی وەلادەنرێت و ململانێ و جەنگ ڕادەوەستێت کە ڕەنگە لەهەموو شێوەکانی جیاوازی و پێکدادانی نێوان ئەو تاکانەوە هەڵبگیرسێن کە هاوبەشی یەکترن لەژیان و بووندا. بەڵێ، سیاسەت بەڕاوەستانی هەموو ئەوانە دەست پێدەکات، بەڵام لەهەمان کاتیشدا دەست دەکات بەڕاوەستاندنی ئەوانە و سنور بۆدانانیان.

کارل یاسپەرس پێی وایە ((وەهمە ئەگەر باوەڕت وابێت کە دەسەڵاتی سیاسی جگە لەدەسەڵاتی توندوتیژی و زەبروزەنگ شتێکی دیکە نییە))(١٣). بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، نابێت بکەوینە ناو ئەو وەهمەوە کە سیاسەت بەشێوەیەکی ڕەها زەبروزەنگ و توندوتیژی تێدانییە. دیارترین و مەترسیدارترین ڕوخسارەکانی توندوتیژی لەسیاسەتدا زەبروزەنگی ناماددییە، بەشێوەیەکی مەترسیدارانەی بەهێز و بەنادیاری و بەئاسپایی تێدەپەڕێت، ئەویش توندوتیژی نەرمە و خۆی لەپەرگیری سیاسی و ئایدیۆلۆژیدا دەبینێتەوە و لەڕووی مەترسیەوە سەروی توندوتیژی ماددی دەکەوێت.

لەسەرەتاوە مرۆڤ مەحکومی هەمان ئەو غەریزەیەیە، ئەویش غەریزەی هەژموون و ستەم وکوشتن و چەوسانەوە و زۆردارییە، پێدەچێت کاتی جڵەوگیر کردنی ئەوغەریزەیە هاتبێت و پێدەچێت ڕام کرابێت. بەڵام ئەوە تەنها وەهمە و ئەوەی بارودۆخەکە قەیراناویتر دەکات، بەڕای یاسپەرس خەڵک سەرەڕای هەموو ئەوانە ناچارن ژیانی هاوبەش قبوڵ بکەن لەبەرئەوەی ئەوە یەکێکە لەمەرجەکانی مانەوەیان(١٤).

بەوشێوەیە دەبینین دۆخێکی سەیروسەمەرە تەنها لەمرۆڤدا هەیە لەکۆمەڵێک خەسڵەتەوە کۆی کردونەتەوە کە ڕەنگە هەندێکجار بگاتە دۆخی دژبەیەکی و نەگونجان بەڕادەی لەیەکتر دورکەوتنەوە؛ چونکە بونەوەرێکی توندوتیژ و شەڕانگێزە، کەچی لەهەمان کاتیشدا، کۆمەڵایەتی و سیاسی و مەدەنییە؛ دەتوانێت یاساکان دابڕێژێت و دەوڵەت دابمەزرێنێت، شار و گروپ و حکومەت دابمەزرێنێت کە هاوڵاتی و بونەوەری مەدەنی لەخۆبگرێت. بریتییە لەبونەوەرێکی جوداخواز و درندە، لەهەمان کاتیشدا بریتییە لەبونەوەرێکی کۆمەڵایەتی و هەوڵدەدات ژیانە هاوبەشەکەی ڕێک بخاتەوە.

هەواڵنامەی کتێب

کرۆکی کاری سیاسی کە خۆی لەڕێکخستنەوەی ناتوندوتیژی جیاوازییەکان و سیاسەتی ئاشتیانەی چارەسەری توندوتیژیدا دەبینێتەوە، لەگەڵ پەڕگیریدا دژ دێتەوە لەهەموو ڕەهەندەکانیەوە. هەرکەسێکیش ئەوە مەبەستی باڵای بێت هەرگیز ناتوانێت دەمارگیر و پەڕگیر بێت، جگە لەوەیش خاوەنەکەی لەپێڕەوکردنی سیاسەتی بێگەرد دووردەخاتەوە و دەیخاتە قوڕاوی کرێگرتەییەوە، لەوەیش بەدواوە دەبێت بەسیاسیەکی پیشەگەر بۆ خزمەتی مەبەستە تایبەتەکانی خۆی.

سیاسەتوان ناکرێت بەندی ((پەڕ)) بێت، تێڕوانینی بۆ ((جەنگ))ی بوونی هاوبەش وەک چاوەڕوانی نێچیری مەبەسەتە تایبەتەکانی خۆی بێت، بۆئەوەی لەکاتی دەرفەتدا بەسەریدا بدات. نەسیاسەت لەدوورەوە دەبێت و نەدورخستنەوەش لەسیاسەتدا دەبێت، سیاسەت بریتییە لەهونەری گەڕان و پشکنین لەوناوەندانەی کە پەڕ و کەناریان نییە. تاکەکان بەشێوازی کۆمەڵ و هاوبەش و تێکهەڵکێش دەژین و لەناو دڵی ئەودۆخەدا ململانێکان و جیاوازییەکان دروست دەبن و لەپێناوی کپکردنەوەیاندا سیاسەت و سیاسەتوانان هاتوونەتە بوون نەک لەپێناوی شتێکی دیکەدا.

سەرەڕای وەرچەرخانی سیاسی لەڕێکخستنی ژیانی هاوبەشی مرۆڤدا، کۆمەڵگە مرۆییەکان هەرگیز نەیانتوانیوە بەسەر غەریزە و ئارەزووە توندوتیژەکانیاندا زاڵبن، لەبەرئەوە وەک یاسپەرس وەسفی دەکات، نادادپەروەرە و دەبێت بەردەوام بێت لەگەشەکردن و چاککردن بەبێ وەستان(١٥). ڕاستە مرۆڤی شارستانی دەستی لەحەزە دڕندەکانی هەڵگرتووە، بەهۆی ئەوەی بەدەستی هێناوە لەپێشکەوتنی سیاسیدا زیاتر مەددەنی بووە؛ بەڵام پێدانی

پەڕگیری

لەسەرەتاوە مرۆڤ مەحکومی هەمان ئەو غەریزەیەیە، ئەویش غەریزەی هەژموون و ستەم وکوشتن و چەوسانەوە و زۆردارییە، پێدەچێت کاتی جڵەوگیر کردنی ئەوغەریزەیە هاتبێت و پێدەچێت ڕام کرابێت. بەڵام ئەوە تەنها وەهمە و ئەوەی بارودۆخەکە قەیراناویتر دەکات، بەڕای یاسپەرس خەڵك سەرەڕای هەموو ئەوانە ناچارن ژیانی هاوبەش قبوڵ بکەن



مۆرکی سیاسی بەبوون وەک پێویست نەبووە و وەک پێویستیش نابێت. دەشتوانین بەوپرسیارە گوزارشت لەوەبکەین: چ جۆر و شێوازێک لەسیاسەتمان دەوێت؟

کاتێک مرۆڤ لەبوونێکی دڕندانەی سەرەتاییەوە بگۆڕێت بۆ پەڕگیری سیاسی، واتای ئەوەیە لەدڕندەیی ئاژەڵیەوە گۆڕاوە بۆ دڕندەیی مرۆیی، بۆ زانین ئەوەی دووەمیان کاریگەری و مەترسی گەورەتری لەسەر مرۆڤ هەیە وەک لەیەکەمیان. بۆئەوەی خۆمان لەوەلادەین، ناتوانین خۆمان لەباسکردنی پیاوە باشەکان لادەین، پاڵەوانەکان و مەزنەکان، ئەوانەی سیاسەت و ئاکاری مرۆییان پێکەوە گرێداوە. نەمانی پاڵەوانی سیاسی کە هەڵگری دروشمی ئازادی و دادپەروەری بوون، ئەوەدەردەیە کە ئەمڕۆ هەموو جیهان پێوەی دەناڵێنێت. پیاوی دەوڵەت کەسێکی مەزن دەبێت، کاتێک کە دەزانێت بەرپرسە لەئازادی(١٦)، بەڵکو تەنانەت دەزانێت کە بەرپرسە لەبەها و شکۆی هاوڵاتیەکانیشی. دەزانێت لەڕووی سیاسی و ئاکارییەوە بەرپرسە لەکەسانێک مرۆڤایەتی کۆیان دەکاتەوە بەرلەوەی سیاسەت و بەرژەوەندی و ئایدیۆلۆژیا پەرتیان بکات.

یاسپەرس دەڵێت ((بەتەنها ئازادی سیاسی مرۆڤ دەکاتە مرۆڤێکی تەواو و کامڵ))(١٧)؛ بەئازادی سیاسی کە مەرجە قبوڵی جیاوازی مەزهەبێ و ئایدیۆلۆژی بکات، کاریگەری توندوتیژییەکانی پەڕگیری و دەمارگیری پوچەڵ دەکرێتەوە، ئەوەیش لەخزمەتی هەق و دادپەروەری و ئازادی و ژیانی هاوبەشدا، بەسیاسەت ئازادی کەسی لەگەڵ ئازادی ئەوانی دیکەدا دەژی و هەموو ململانێ و ڕووبەڕوو بوونەوەکان بەبێ توندوتیژی ڕێکدەخرێنەوە.

سیاسەت هەوڵ بۆ بازدان بەسەر توندوتیژیدا دەدات لەڕێگای گفتوگۆ و سازان و ویستی (ئیرادە) گشتیەوە، ئەوەیش بەمرۆڤی سیاسی نەبێت بەدی نایەت؛ کەواتە، واتای چییە مرۆڤ سیاسی بێت؟ مرۆڤ سیاسی بێت واتای ئەوەیە پەڕگیر و دەمارگیر نەبێت، هەر پەڕگیرییەکی سیاسی یان هەر سیاسەتێکی پەڕگیرانە پێویستیان بەوەیە کە دەتوانین ناوی بنێین ((سیاسەت کردنی سیاسەت)) بۆ ڕزگارکردنی کاری سیاسی لەهەر توندڕەوی و بەبەردبوونێک، بۆئەوەی بخرێتە ناوەندی کرانەوە و نەرمڕەوییەوە. هەر مرۆڤی سیاسی بەتەنها لەسیاسەتدا کارناکات؛ بەڵکو تەنانەت هاوڵاتی دوور لەهەر پەیوەندییەکی سیاسی و ئایدیۆلۆژیش بەمرۆڤی سیاسی دەژمێردرێت. بەوەیش، دەڵێین هەرکەسێک خەمی بوون لەجیهاندا لەگەڵ ئەوانی دیکەدا هەڵبگرێت؛ واتە خەمی ژیانی هاوبەش لەواتە سیاسی و بوونگەراییەکەیدا و هەوڵی بردنەوەی ئەوگرەوە بدات و ئەویش بەشێوەیەکی ئاشتیانە تێپەڕێنێت کە ڕەنگە ببێتە هۆکاری هەڵگیرسانی توندو تیژی. کەواتە، مرۆڤی سیاسی ئەوکەسەیە کە باڵایی بەسەر هەموو مەزهەبگەراییەکی سیاسی بەرتەسکدا بەدەست بهێنێت، هەروەها پەڕگیری

هەوالنامەی کتێب

توندوتیژ بەشێوەیەکی کراوە و ناتوندوتیژانە تێپەڕێنێت، لەبەرئەوە دژی هەموو هەوڵێکی دکتاتۆریانەیە کە ڕەنگە هانی توندوتیژی بدات بەهەر بیانویەک بێت، یان بانگەشە بۆ کۆیلەکردنی بەرامبەری (Autrui) جیاواز بکات. مرۆڤی سیاسی هەوڵی ئەوە دەدات کە هاوڵاتیەک بێت لەگەڵ کۆمەڵی هاوڵاتیاندا بژی، نەک ئەوەی هەوڵدەدات ببێت بەسەروەر و سەرگەورەی کۆمەڵە کۆیلەیەک یان کۆمەڵە ژێردەستەیەک.

پەڕگیری سیاسی باوەڕی بەبوونی تاکی هاوڵاتی ئازاد نییە، ((ڕەتکردنەوەی ئازادی سیاسی واتای ستەمکاری و خۆسەپاندنە؛ واتە هەژمونی کەمینەیەکە بەسەر زۆرینەدا بەناوی دەسەڵاتەوە و پێویستە هەمووان دانی پێدا بنێن)) (١٨). ئازادی بریتییە لەناوەندی ئەزموونی سیاسی، تەنانەت ئاینیش، بۆیە پەڕگیر دەستبەرداری ناوەند دەبێت و هەڵدێت بۆ پەڕ و کەنار. کاتێک باسی پەڕگیری و خۆسەپێنی و ستەمکاری دەکەین، واتای ئەوەیە کە مرۆڤێک ماوە مرۆڤێکی دیکە بەکاردەهێنێت لەجیهاندا، وەک یاسپەرس جەختی لێدەکاتەوە، هەرگیز خودایەک بوونی نییە و ئەوڕاستیە ڕەهایەش بوونی نییە. بەڵکو ئەوەی بوونی هەیە تەنها کەسانێکە بەناوی خودا و دەسەڵاتی ڕەهاوە داوای دەسەڵات دەکەن(١٩). ئەودەسەڵاتە شایستەی ئەوەنییە ڕێزی لێبگیرێت یان خەڵک لێی بترسێت؛ بەڵکو شایستەی ئەوەیە لێی هەڵبگەڕێیتەوە و ڕەتبکرێتەوە.

بەر لەئازادی سیاسی شتێکی دیکە هەیە دەکەوێتە پێشی، ئەویش ویستی ئازادە (ئیرادەی ئازاد). ئەوەیش مەبەستی پشت دامەزراندنی خودی دەوڵەتە، بەبۆچوونی سپینۆزا، ئەوەی لەدامەزراندنی دەوڵەتدا بەزەقی دەردەکەوێت ئەوەیە کە ناتوانێت مەدەنی نەبێت، مەبەستی بنەڕەتی دروست کردنی دەوڵەتیش خزمەتی دۆخی گشتییە(٢٠). ناکرێت هیچ خواستێکی سیاسیانەی پەڕگیر ڕێگا بەئاراستەی ئازادی و ڕزگار کردنی خەڵک لەترس بگرێتەبەر؛ بەمەبەستی خۆلادان لەبەرهەڵستی یان هەڵگەڕانەوە یان شۆڕش. شۆڕشی میللی هوشیار دوژمنی یەکەمی پەڕگیرییە؛ چونکە بەوجۆرە شۆڕشە پەڕ وپەراوێزەکان لەناو ناوەندا دەتوێنەوە، بارودۆخەکەش دەگەڕێتەوە بۆ دۆخی یەکسانی بنچینەیی کە دەمارگیرەکان و سیاسیە پەڕگیرەکان دژایەتی دەکەن.

نەمانی پەڕگیری سیاسی بەرەو قبوڵکردنی جیاوازی ئایدیۆلۆژی ئاراستە دەکات، بەواتە گشتییەکەی ـ ئەوەیش بەواتای لەناوبردنی ئایدیۆلۆژییەکان نییە ـ لەناو ململانێ و ڕکابەرییە سیاسیەکاندا، بەڵکو ڕێکخستنەوەی دۆخەکان و کێشەکانە بەشێوەیەکی دیموکراسیانەی دادپەروەرانە. لەکاتێکدا ئەوبەرنامەیە ئامادەگی نەبێت، ژیانی هاوبەش مەحاڵ دەبێت، ئەومەحاڵیەش تەنها تاکەکان بەرپرسیاریەتیەکەی هەڵناگرن، بەڵکو خودی دەوڵەت بەرپرسیار دەبێت و دەوڵەتێکی سیاسی پەڕگیر دەبێت.

## مەبەستمان لە پەڕگیری سیاسی دەوڵەت چییە؟

دەوڵەت کاتێک پەڕگیر دەبێت کە خودی دەوڵەت خۆی مەبەست بێت، لەوکاتەدا دەوڵەت کار بەلۆژیکی میکاڤیلی دەکات و پاساو بۆ ئامراز و سیاسەتە نارەواکانی دەهێنێتەوە و وەک مەبەستی باڵایان لەقەڵەم دەدات کە دووری دەخاتەوە لەئازادی و دادپەروەری و ویژدان و خزمەتی بەرژەوەندی گشتی. هەروەها کاتێک کە سیاسەتێکی تاک لایەنانە پێڕەو دەکات بەهەمان شێوە پەڕگیر دەبێت، پیرۆزی دەدات بە ئایدیۆلۆژیا تایبەتیەکەی و بانگەشەی بۆدەکات و هەوڵدەدات جێگیری بکات، هەموو دەزگاکانیشی بۆ سەرکوتی ئەوانە بەکاردەهێنێت کە بەرهەڵستی دەکەن یان جیاواز لەو بیردەکەنەوە.

سەرەڕای ئەوەیش، ئەمڕۆ دەتوانین لەبارەی دەوڵەتێکی پەڕگیری سیاسیەوە بدوێین، پەڕگیرییەکەی شێوەیەکی توندوتیژی وەردەگرێت و لەتیرۆردا ڕەنگ دەداتەوە. تیرۆری دەوڵەت لەتیرۆری تاکەکان کاریگەرترە لەڕووی خوێنڕێژییەوە، ئەویش بریتییە لەتیرۆرێک کە بەرهەمی ئەوەیە لەبیروهۆشی سیاسیەکانیدا دەخولێتەوە لەدۆگمایی و بەستەڵەکی باوەڕی (عەقیدەیی)، یان بەپاڵنەری باوەڕی ئاینی یان بەناوی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسی دیاریکراوەوە. ئەوەیش دەمانخاتە چەندین دژ بەیەکی سەیرەوە، لەنێویاندا بوونی دەوڵەتێکی تیرۆرستی لەبەرامبەر تیرۆردا دەجەنگێت، یەکێکی دیکەش بەمیکانیزمێکی توندوتیژ و پەڕگیر و تیرۆرستیانە بەرەنگاری تیرۆر دەبێتەوە.

هیچ واتایەک لەدەوڵەتێکدا نییە کە فەرمانڕەوایی دەکات یان سیاسیەک سیاسەت دەکات لەپێناوی بەرگری کردن لەئایدیۆلۆژیە فکرییەکەی یان ئاینیەکەی. دەوڵەت دەزگایەکە مەزهەبی نییە ـ بەتایبەتی ئەگەر خستمانە بەر بەرپرسیارێتی خزمەتی بەرژەوەندی گشتی هاوڵاتیان ـ دەبێت خەسڵەتی بنەڕەتی بێلایەنی ئایدیۆلۆژی و مەزهەبی و عەقیدەیی و ....تاد بێت. جگە لەوە هەرجۆرێکی دیکە بێت دەخرێتە تاریکستانی دەمارگیری و پەڕگیرییەوە. حکومەت دەبێت لەکاری سیاسیدا پەیوەست بێت بەبێلایەنیەوە، لەبەرئەوەی مامەڵە لەگەڵ کۆمەڵێک دەکات جیاوازن و سەرچاوە و پاڵپشتی جیاوازیان هەیە و جگە لەو گرێبەستە کۆمەڵایەتیە هیچ شتێکی دیکە پێکیانەوە نابەستێتەوە، ئەوگرێبەستەش سیاسی و کۆمەڵایەتیە نوێنەرایەتی ویستی (ئیرادەی) گشتی دەکات و هیچ پەیوەندییەکی بەهیچ ئایدیۆلۆژیایەکی تەسکەوە نییە. کەواتە هیچ شتێک ئەوەندەی ئەوە مەترسیدار نییە بۆ خەڵک کە دەوڵەتێک بەدەمارگیری و پەڕگیری و لایەنگیری بۆ هزرێکی سیاسی تایبەت ڕامیان بکات؛ ئەو دەوڵەتە دوژمنی یەکەمی ناوخۆیی خەڵکە.



جۆن لۆک سنوریکی ڕوونی بۆ دەسەڵاتەکانی فەرمانڕەوا ـ دەوڵەت ـ داناوە، جەختیش لەوەدەکاتەوە کە نابێت ئەوسنورە لەبەرامبەر داهاتی مەدەنیدا ببەزێنرێت(٢١)، بەبێ ئەوەی دەست درێژی بکرێتەسەر ئازادییە ئاینی و باوەڕدارییەکانیان کە بریتییە لەبابەتێکی تایبەت و ئازاد لەنێوان مرۆڤ و بابەتی خوا پەرستیەکەیدا. لەم وتەیەشدا بانگەشەیەکی ڕاشکاوانە هەیە بۆ فەرمانڕەوایی مەدەنی، یان سیاسەتێکی مەدەنیانەی کراوە کە بناغەکەی بێلایەنی بێت. پێویستە کەسی سیاسی لەوکاتەدا کە سیاسەت دەکات باوەڕی بەهیچ شتێک نەبێت، پێڕەوی هیچ مەزهەبێک نەکات و هیچ ئاینێکی نەبێت، جگە لەباوەڕ بوون بەمرۆڤی هاوڵاتی و مەزهەبی ئازادی، بەڵکو ئایندارى ئاینی هەق و دادپەروەری و ویژدان بێت؛ هەوڵی بەدیهێنانی ژیانێکی هاوبەش بدات کە تیایدا ڕێز لەمرۆڤایەتی مرۆڤ بگیرێت. ئەوەیشی تایبەتە بەتێڕوانین و سەرچاوەی ئەو بونیادە فکری و ئایدیۆلۆژییەی ئاوی لێدەخواتەوە، مافی خۆیەتی هەرچی هەڵدەبژێرێت بەڵام بەبێ ئەوەی بکەوێتە گۆماوی وەلانان و پەراوێز خستنی بەرامبەرەوە.

پەڕگیری سیاسی باوەڕی بەبوونی تاکی هاوڵاتی ئازاد نییە، ((ڕەتکردنەوەی ئازادی سیاسی واتای ستەمکاری و خۆسەپاندنە؛ واتە هەژمونی کەمینەیەکە بەسەر زۆرینەدا بەناوی دەسەڵاتەوە و پێویستە هەمووان دانی پێدا بنێن))(١٨). ئازادی بریتییە لەناوەندی ئەزموونی سیاسی، تەنانەت ئاینیش، بۆیە پەڕگیر دەستبەرداری ناوەند دەبێت و هەڵدێت بۆ پەڕ و کەنار. کاتێك باسی پەڕگیری و خۆسەپێنی و ستەمکاری دەکەین، واتای ئەوەیە کە مرۆڤێك ماوە مرۆڤێکی دیکە بەکاردەهێنێت لەجیهاندا

## لەڕێگاماندا بەرەو کۆتایی

لەنێو ئەوپرسیارە فەلسەفیانەدا کە ڕەنگە ڕووبەڕووی کێشەی پەڕگیری ئاینی و سیاسی بکەینەوە لەلای یەکێک لەو پرسیارانە دەوەستین، پێمان وایە کە پرسیارێکی بنەڕەتی و سەرەکی و سەردەمیە؛ چۆن دەتوانین ڕووبەڕووی هەموو جۆرەکانی پەڕگیری ببینەوە؟ ئایا بەپەڕگیرییەکی وەک خۆی یان لەخۆی بەهێزتر ڕووبەڕووی ببینەوە؟ یان بەلێبوردەیی و نەرمونیانی ڕووبەڕووی ببینەوە؟ هەروەها بەچ واتایەک مامەڵەکردنی ناتوندوتیژانە ڕاست دەبێت لەبەرامبەر هەڵوێستێکی ئاوا توندوتیژدا؟

لەئاخاوتنیدا لەبارەی ناتوندوتیژییەوە non-violence سیمۆن فایل دەڵێت: باش نابێت ئەگەر کاریگەر نەبێت(٢٢). ئەو ناتوندوتیژییەی گاندی لەدژی کۆلۆنیالیزمی بەریتانی گرتیەبەر کارێکی باش بوو، لەبەرئەوەی گەیشتە بالاترین ئاستی کاریگەری و چالاکی، لەبەرئەوە کاردانەوەیەکی گونجاوە بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی توندوتیژی. بەڵام ئەوەی لەبەرامبەر هەندێک لەگەلاندا ڕوویداوە لەکۆمەڵ کوژی و وێرانکاری و دەست درێژی و ....تاد، ئەوەی ئەمڕۆش لەجیهاندا ڕوودەدات لەتیرۆر چۆن دەکرێت بەناتوندوتیژی و لێبوردەیی ڕووبەڕووی ببینەوە؟



ناپلیۆن

هەواڵنامەی کتێب

لێرەدا پێویستە سیاسەت بێتەدەنگ و مافی ئەوەیشی هەیە بێتەدەنگ، بەڵکو ئەرکیشێتی ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژییە بەتوندوتیژییەکی ڕێگە پێدراو و یاسایی ببێتەوە. تەنها مافی سیاسەت نییە بەتەنها، بەڵکو مافی مرۆڤ و مرۆڤایەتیشە بەگشتی ڕووبەڕووی ئەو توندوتیژییە ببێتەوە. گوزارشت کردن لەومافە پێویستی بەوەیە کە وتاری ئاکاری وێناکراو لەفەزیلەتی لێبوردەییدا و پێشاندانی جۆرێک لەزەبروزەنگ و توندوتیژییە لەگەڵ دوژمنەکانی ژیان و مرۆڤایەتیدا، بواری میانڕەوی لەگەڵ پەڕگیری توندوتیژ و دوژمنی ڕێزگرتن و ئەخلاق و مرۆڤایەتیدا نییە. لێرەوە بواری لێبوردەیی لەگەڵ ئەوانەدا نییە کە مرۆڤایەتی و ژیان و ڕێزگرتن لەبەرامبەر و ڕای جیاواز ڕەت دەکەنەوە، ئەگەرنا دەکەوینە دۆخی لاوازییەوە و بواری تەواو بۆ هەموو هەڵوێستە نامۆ و شاز و توندەکان دەڕەخسێت، ڕێگا دەکرێتەوە لەبەردەم چەکەرە کردنی تۆوی پەڕگیری و لەپەنای دروشمەکانی ((مافی مرۆڤ)) و ((مافی دەربڕین))دا گەشەدەکات.

مرۆڤ مافی ئەوەی هەیە مافی هەبێت، بەڵام بەومەرجەی مرۆڤی ڕاستەقینە بێت، بۆئەوەی مرۆڤیش بێت پێویستە باوەڕی بەمرۆڤایەتی بێت بەتێگەیشتنە گەردونیەکەی و خۆی ببێت بەبەرگریکاری مرۆڤایەتی. ئەگەرنا ئەومافانە هەمووی ڕاستەوخۆ پوچەڵ دەبێتەوە و هیچ مافێک بۆئەوانە نامێنێتەوە کە دەبنە دوژمنی مرۆڤایەتی. گەورەترین مەترسی لەسەر مرۆڤایەتی ئەمڕۆ دوژمنەکانی مرۆڤایەتین، ئەوانەی بەناوی مافی مرۆڤەوە دوژمنایەتیەکەیان جێبەجێ دەکەن، ئەوتیرۆرستە بکوژانەی خەڵک بەناوی ژیانەوە دەکوژن، ئەوئایندارانەی بەناوی خوداوە بازرگانی بەئاینەوە دەکەن، هەروەها ئەوسیاسیانەی بەناوی سیاسەتەوە بەرژەوەندییەکانی خۆیان جێبەجێ دەکەن.

کارل یاسپەرس دەڵێت: ((سیاسەت گرنترین شتە کە پەیوەستە بەپێکەوە ژیانمان لەجیهاندا))(٢٣). ئەویش بەباوەڕی ئێمە گرنگە لەبەر پەیوەندی توندی بەهەموو بنەما و وردەکارییەکانی بوونی مرۆڤایەتیەوە. پەڕگیری سیاسی بەکردەیی بوونی هەیە، بەڵام چارەسەرەکەی نابێت سیاسی نەبێت. ڕاستە سیاسەت بەتەنها بەس نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا مەرجێکی پێویستە و ناتوانرێت دەست بەرداری ببێت. هەر هەنگاوێکی دیکە کە ویستێکی سیاسی بەهێز و کراوە پاڵپشتی نەکات پەککەوتە دەبێت و هیچی پێناکرێت.

ئەگەر کێشەی پەڕگیری ئاینی وەربگرین، دەبینین لەنێوان هۆکارە بنەڕەتیەکانیدا هۆکاری بەسیاسی کردنی باوەڕە ئاینیەکان و بەکارهێنانی ئاینە لەکاروباری سیاسیدا، بەڵکو بەکارهێنانی ئایدیۆلۆژیایەکە

لەلایەن سیاسیەکانەوە کە لەسەرچاوە ئاینیەکانەوە ئاودەخواتەوە. دەرئەنجامیش کەوتنە ناو پەڕگیرییەکی دووسەرەیە: سیاسی و ئاینی. هیچ شتێکیش ئەوەندەی پیاوی ئاینی دەمارگیر مەترسی لەسەر کۆمەڵگە نییە کە پۆستی سیاسی وەردەگرێت، هەروەها ئەوسیاسیەی گرنگی بەکاروباری خەڵک دەدات و لەژێر کاریگەری هێزێکی ئاینی توندڕەودایە و دەیجوڵێنێت. بۆیە هیچ دەرچەیەک نییە جگە لەعلمانی کردنی کاری سیاسی و ڕزگـار کردنی لەپەڕگیری، هەروەها ڕزگـار کردنی ئەزموونە ئاینیەکانیش لەدەمارگیری. کاری سیاسی کارێکی دەستەجەمعییە و تایبەتە بەدۆخی گشتی. هەرچی ئەزموونی ئاینیە ئەزمونێکی خودییە و ئازادە و تایبەتە بەدۆخی تایبەتی تاک. بەتێکەڵکردنی تایبەت و گشتی نیشانە سەرەتاییەکانی پەڕگیری سیاسی و ئاینی دەردەکەوێت.

**پەراوێزەکان:**

( )Comte– Sponville, André (2013): ((Dictionnaire Philosophique)), 4éme édition, Quadrige/ PUF, Paris. p:366

(2) Alain (1969): ((Propos Sur la Religion)), 4éme Edition, PUF, Paris. P: 117.

(3) Jacquard, Albbert (2003): ((Dieu?)), Editions Stock/Bayard, LeLivre de Poche, Paris. P: 32

(4)Montaigne (2014): ((Essais)), Livre Premier. Edition Réalisée Par: Denis Bja›l›, Bénédicte Boudou, Jean Céard et Isablle Pantin. Sous la Direction de; Jean Céard. Le Livre de Poche , Paris. P: 149.

(5) Comte–Sponville, André (2013): ((Dictionnaire Philosophique)), op. cit, p:371.

(6) Alian (1969): ((Propos Sur La Religion)), op, cit, p: 233.

(7) Comte–Sponville, André (2019): ((Fondamintalisme)) in: ((Contre La Peur et Cent Autres Propos)), Editions Albin Michel, Paris. P–p: 266267–.

(8) Voltaire (1964): Dictionnaire Philosophique)), Garnier–Flammarion, Paris. p: 189.

(9) Comte–Sponville, André (2019): ((Fondamintalisme)), op. cit, p: 267.

(10)F.Lichtenberger (1887): ((Encyclopédiedes sciences Religieuses)), Tome IV, Librairie Sandoz et Fischbacher, Paris. p: 676.

(11) ئەم وتارەمان لەم پێگەیەدا لەبارەی ئایدیۆلۆژیاوە وتارێکی تایبەتە، پەیوەستە بەلایەنی نیگەڤی ئایدیۆلۆژیاوە،

ئــەوەی پــەیــوەنـدی بەبەکارهێنانی سیاسیەوە هەیە کە خاوەنەکەی دەخاتە دەمارگیرییەکی مەبەستدارەوە و ئاراستەی دەکات بەرەوە داخران و توندوتیژی، لەگەڵ بەهاکانی ئازادی و یەکسانیدا نایەتەوە و لەگەڵ تۆقاندنی خەڵک و زەندەق بردنیاندا هاوجووت دەبێت، هەروەها بانگەشە بۆ یەک ڕایی و وەلاخستنی ڕای بەرامبەری تێدا دەکرێت. پاشانیش ئێمە ناڵێین هەموو ئایدیۆلۆژیایەک نیگەتیڤە.

(12)Comte– Sponville, André (2016): ((La Politique)) in: ((Présentations de la Philosophie)), Editions Albin Michel, la Livre de Poche, Paris. P: 30.

(13)Jaspers, Karl (1970): ((Initiation à la méthode philosophique)), Traduit de l›allemand Par: Laurent Jospin, Editions Petite Bibliothqéue PAYOT, Paris. P: 63.

(14) Ibid, P: 64.

(15)Jaspers, Karl (1970): ((Initiation à la méthode philosophique)), op, cit, p: 64.

(16) Ibid, p: 65.

(17)Jaspers, Karl (1970): ((Initiation à la méthode philosophique)), op, cit, p: 66.

(18) Jaspers, Karl (1970): ((Initiation à la méthode philosophique)), op, cit, p:71.

(19) Jaspers, Karl (1970): ((Initiation à la méthode philosophique)), op, cit, p:71.

(20)Spinoza (1966): ((Ceuvres IV: Traeté Politique – Letters)) Traduction et notes Par Charles Appuhn. Editions Granier – Flammarion, Paris. P: 25.

(21)Locke, Johne (2010): ((A Letter Concerning Toleration and Other Writings)), Edited by David Womersley and With an Introduction by Mark Goldie, Liberty Fund, Indianapolis, Indiana. P: 12.

(22) Weil, simone (1991): ((La Pesanteur et la Gräce)), Editions POCKET, Collection AGORA, Paris. P: 152.

(23) Jaspers, Karl (1970): ((Initiation à la méthode philosophique)), op, cit, p: 65



ئەم هونەرمەندە بناسە:

# فایەق ڕەسوڵ

هەواڵنامەی کتێب

- ٣٠/ ١٢ / ١٩٥٥ لەکەرکوک لەدایک بووە.
- ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای (معهد الفنون التطبيقية)ی لەبەغداد تەواو کردووە.
- لەساڵی ١٩٨٤ کوردستانی بەجێ هێشتووە.
- لەساڵی ١٩٨٤ەوە لەڤیەنای پایتەختی نەمسا دەژی و هەر لەوێش کاردەکات.
- لەساڵی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٥ بەڕێوەبەری M–Art گەلێری بووە لەڤیەنا.
- لەساڵی ٢٠٠٧ تا ٢٠٢١ بەڕێوەبەری Kleine Galerie بووە لەڤیەنا.
- لەساڵی ٢٠١٦ (Salon Modena Art)ی دامەزراندووە کە یەکێکە لەساڵۆنە هونەرییەکانی ڤیەنا و شوێنێکی زیندووە بۆ کۆبوونەوە و گفتوگۆ و تاوتوێی و نمایش کردنی کارە هونەرییەکان.
- چەندین پێشەنگای تەنها و هاوبەشی لەنەمسا و جیهاندا کردۆتەوە.



(هونەرمەند فایەق ڕەسول و نوسەری عەرەب موحەمەد ماغوت)ە





# ڕۆمانی خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێك

## ڕامانێك بۆ ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە






زاهیر زەنگەنە

دەدەن. بەشێکی دی پێیان وایە ڕۆمانەکانی (مزیفوا النقود)ی (ئەندریە جید ) (١٨٦٩–١٩٥١) و جیمس جویس ی ئیرلەندی (١٨٨٢–١٩٤١) لەڕۆمانی (عولیس)، کارەکانی (مارسیل بروست) (١٨٧١–١٩٢٢)(بحثا عن الزمن الضائع) ڕۆڵی گەورەیان لەسەرهەڵدانی شێوازێکی نوێی ڕۆمان لەجیهاندا بینیوە، ئەم سێ دەقە بەر لەجەنگی جیهانی ئێکەم هاتونەتە نوسین. (حسن المراکشي) ڕەخنە گری عەرەب پێیوایە ئەو ڕۆمانانەی مەیلی پۆست مۆدێرنەیان هەیە لەپەنجاکانی سەدەی ڕابردووەوە لەفەرەنسا سەریان هەڵداوە.

بەهەرحاڵ ڕەنگە بۆ خودی ئەورووپییەکانیش قورس بێت بتوانن بریارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر وەها بابەتێک بدەن، بەبۆچوونی (الشهرزوری) کارەساتەکانی جەنگی جیهانیی (یەکەم و دووەم)ی سەدەی ڕابردوو هۆکاربوون بۆ دارمانی ئەو بیر و باوەڕەی جیهان بەقۆناغی مۆدێرنە هەیبوو، ئەمەش هۆکار بوو بۆ سەرهەڵدانی فەلسەفەی ڕەشبینی وەک فەلسەفەی (شپینگلەر). ئەو وای بۆ دەچوو ڕۆژئاوا شکستی خواردووە و بەرەو شیبونەوەو لەنێو چوون دەچێت.

ئەدەب و فەلسەفەی پۆستمۆدێرنە لەسەر بنەمای بەگژداچونەوەی بەشی هەرەزۆری ئەو کایانە دامەزراون، قۆناغی مۆدێرنە بەرهەمی هێناون، گەورەترین ڕەخنەش لەم بوارەدا لەزمانی (هایدیگەر)ەوە ئاراستەی زانست دەکرێت ئەو دەڵێت: زانست بۆ دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا گۆڕاوە، ئەم




هێشتا ئاسۆیەکی ڕوون و بریارەکی یەکلاکەرەوە بۆ دەمی سەرهەڵدانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە نەهاتۆتە ئاراوە. هەندێک لە ڕەخنەگران پێیانوایە سەرەتای شەستەکانی سەدەی ڕابردوو تاکو ناوەڕاستی حەفتاکانی هەمان سەدە، قۆناغی سەرهەڵدانی ئەم جۆرە ئەدەبەیە، خاڵی وەرچەرخان لەفەرەنساوە دەستی پێکردووە، ئەمجا بەوڵاتانی دیکەی وەک ئینگلتەرەو ئەڵمانیادا بڵاوبۆتەوە، پاشانیش بۆ ولایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا پەڕیوەتەوە، بەگوێرەی وتنی هەندێک لە ڕەخنەگران، (ڕۆمانی دۆنکیشۆتی) ؛ مێگیل دی سیرفانتس کە ڕەخنە لەچیرۆکە پاڵەوانییەکانی سەدەی چواردەهەم دەگرێت، دەستپێکی سەرهەڵدانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە بووە، هەروەها ئاماژە بە ڕۆمانی (جین ئۆستین) لە١٨١٧



حەمەسەعید زەنگەنە

ئایدۆلۆژیایە نەخۆشییەکی مەترسیداری بەرهەم هێناوە کە بریتییە لەتەکنەلۆژیا، بەبڕوای ئەو (ئەم پێشکەوتنە زانستییە لە هەوڵی ئەوەدایە مرۆڤ بکاتە مێگەل و هەموو جیاوازییە ڕۆشنبیرییەکانیان بسڕیتەوە، بەمەش زانست تەنێ ئەرکی بەرهەم هێنان نابێت، بەڵکو لەناو سیستەمێکدا خۆی نمایش دەکاتەوە کە (ئەوی داهێنەری خودان عەقڵ و ڕەگەز)، دەخاتە خانەی پلە باڵاکان و دەیانکاتە خاونی حیکایەتە مەزنەکان، هەموو ئەوانەی دەرەوەی خۆشی ڕەت دەکاتەوە، ئەم زانستخوازییە دواتر پەل بۆ ئەوەش دەهاوێت مافی دەسکاری چارەنوسی گەلانی دیکەشیان هەبێت.

هەر وەک ئاشکرایە کورد لەم بەڵایە بەدوور نەبوووە، ڕێکەوتنە نێو دەوڵەتییەکانی دوای جەنگی یەکەمی جیهان، بەباشترین شێوەی ئەو ئەزموونەی پیشاندا کە لەخۆرهەڵاتی ناوەڕاستەوە تاوەکو وڵاتانی بەلقان درێژەیان هەبوو.

بەم شێوەیە ئەو حیکایەتە مەزنەی وڵاتانی ئیمپریالی لەپاش جەنگ کاریان بۆ بەرهەم هێنانی دەکرد و بانگەشەی مرۆیەکی ئازادو دیموکراتیان لەڕێگەیی کۆنترۆڵ کردنی جیهانیان بە(عەقڵ و زانست) دەکرد، لەتراوێلکەیەک زیاتر نەبوو کە گەلانی دیکەی شەکەت و ماندوو کرد.

لەکاتێکدا ئاینەکان بەتایبەتی مەسیحیەت دەیەوێت هەموو جیهان لەبۆتەی یەک ئاینی سەرتاسەریدا بتوێنێتەوە،ئەوا پۆست مۆدێرنەکان پێیان وایە ئاین کایەیەکی تایبەتە و کۆمەڵگاکان بە تێڕوانینی جۆراوجۆر، بەپێی سروشت و تایبەتمەندی کۆمەڵایەتی و جوگرافی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا دەکەن، بۆیە شتێک بەناوی ئاینی سەنتراڵ و ئاینی باشتر و هەمووەکی بوونی نییە، ئەوە ماریفەت و عەقڵی گۆمەڵگایە لەناوچەیەکی جیاوازدا و لەکاتێکی دیاری کراودا بڕیار لەسەر جۆرێک لەپەیڕەوی ئاینی دەدات، (جۆن لیۆتار) دەڵێت(مەعریفە دروستکراوی عەقڵی کۆیە وبەرهەمی کۆمەڵگایە).

بەدەر لەئاین و زانست دوو کایەی دیکە کە پۆستمۆدێرنەکان بەتوندی دژی دەوەستنەوەو پێیانوایە بەشی هەرە زۆری ئەو حیکایەتانەی لەبازنەی قەبەکراودا نمایش دەکرێن و ئەدەبی جیهانی ناتوانێ خۆی لەبوونیان ببوێرێت، بریتین لە(سێکس و جەنگ). لەڕاستیدا ئەم جمکە پێش سەردەمی مۆدێرنەش و لەوەتەی مرۆڤ هەیە لەقۆناغە مێژووییەکاندا خۆی بیرازو و نوێ کردۆتەوە، تەنانەت جەنگە مەزنەکان، بەوانەشەوە کە ئاراستەی مێژوویان گۆڕیوە هاوشان لەگەڵ جەنگدا سێکس بوونێکی بەهێزی هەبووە، هەموو حیکایەتە مەزنەکان لەسەر ئەم دوو پایەیە شکۆدار کراون، لەقۆناغی مۆدێرنەشدا ئەم کایەیە زۆرتر وەدیار کەوتووە، هەورەتر لەوەی هەیە، زەق کراونەتەوە، بۆیە وەک چۆن ئاین و زانست ڕەتدەکەنەوە بەهەمان شێوە دژ بەحیکایەتی سێکس وجەنگیش دەوەستنەوە.

سەرەڕای ئەوەی هێشتا زۆرێک لەلێکۆڵەر و ڕەخنە گران لەسەر مێژووی سەرهەڵدانی ئەم توخمە نوێیەی

هەواڵنامەی کتێب

بەناو بەشی هەر زۆری فەلسەفەو مێژو و هونەری تەلارسازی و ئەدەبدا لقوپۆپی بڵاووبۆتەوە کۆک و تەبا نین، بەڵام ئەوەش ڕەتناکەنەوە، ڕەوتێکە دژ بەبیری ئەزموونگەرایی ئەنگلۆساکسۆنی هاتۆتە ئاراوە، هەر چەندە بەر لەهەرشتێک بەگژ عەقڵ و فەلسەفەی فەرەنسیدا دەچێتەوە, (کریستۆفەر باتلەر) دەڵێت: (لەدوای شۆرشی قوتابیان لەفەرەنسا ئیتر فەلسەفەی پێشکەووت و لەو بوونە تاکگەراییەی کە (سارتەر و کامۆ) ڕابەرایەتییان دەکردو خودان هەستی ئەخلاقی بوو، دوور کەوتۆتەوە و بەرەو گوومان کردن لەمەزهەبی ئینسانی هەنگاو دەنێت، هەروەها ڕۆماننوسە نوێیە فەرەنساوییەکانیش زۆرگوێ بەڕۆمانەکانی چەشنی (غثیان)ی (سارتەر) و (طاعوون) ی (کامۆ) نادەن کە خۆیان لەکەسایەتی هەڵبژێردراوی نێو ڕۆمان و چێژو شێوازی گێڕانەوی سەرنج ڕاکێشدا دەبینیتەوە). بەڕووڤاژ، ئەوان بەشێوەیەکی ناتەریب و پێکدژ(متناقض) ڕۆمانەکانیان دەنووسنەوە، زیاتر پشت بەگەمەی زمان دەبەستن، بەو هۆیەشەوە شێوازێکی نوێی نوسین کە گرنگی بەنموونە زمانییەکان بۆ شیکردنەوەی دەقەکان دەدات هاتە ئاراوە. (دریدا) لەفەلسەفەی سەرەتاییدا گرنگی بەشێوازی شیکردنەوەی زانستی زمان لەڕەخنەدا دەدا، هەرچی (فۆکۆ) بوو زیاتر بەلای مێژووی زانستی کۆمەڵایەتیدا دەچوو، بەڵام ئەمە لەگەڵ فەلسەفەی تیۆریدا یەکی نەدەگرتەوە. لەهەشتاکانی سەدەی ڕابردوودا شەپۆلێکی دیکەی ڕەخنەیی دژ بە(حیکایەتە مەزنەکان)




ئەدەب و فەلسەفەی پۆستمۆدێرنە لەسەر بنەمای بەگژداچونەوەی بەشی هەرەزۆری ئەو کایانە دامەزراون، قۆناغی مۆدێرنە بەرهەمی هێناون، گەورەترین ڕەخنەش لەم بوارەدا لەزمانی (هایدیگەر)ەوە ئاراستەی زانست دەکرێت ئەو دەڵێت: زانست بۆ دەسەڵات و ئایدۆلۆژیا گۆڕاوە، ئەم ئایدۆلۆژیایە نەخۆشییەکی مەترسیداری بەرهەم هێناوە کە بریتییە لەتەکنەلۆژیا، بەبڕوای ئەو (ئەم پێشکەوتنە زانستییە لە هەوڵی ئەوەدایە مرۆڤ بکاتە مێگەل و هەموو جیاوازییە ڕۆشنبیرییەکانیان بسڕێتەوە



حەمەسەعید زەنگەنە

سەری هەڵدا کە پێشتر بیری ئەوروپی پشتی پێدەبەست، لەم میانەیەدا ڕەخنەی توندیان ئاراستەی تێگەیشتن لەخود و خودئاگایی و پێشکەوتن و ئازادی و بیرۆکەی پەیوەند بەمێژووەوە گرت، پێیان وابوو ڕۆشنگەری ئەوروپی هیچی تازەی پێنەماوە، لەم بوارەدا چەندین کەسی وەک (جان فرانسوا، ریچارد ڕورتی، میشێل فوکۆ، جاک دریدا، جوناسان کالر، هابرماس) لەبواری فەلسەفەدا بەو ئاراستەیەدا هەوڵەکانیان چڕکردەوە، لەبواری ڕۆمانیشدا (کلیفۆرد گیرتز، جیمس کلیفورد) دیارکەوتن، بەدەر لەئەووروپا و ئەمریکا بەناو بەشی هەرەزۆری نەتەوەکانی دیکەدا کەم یازۆر بڵاوبەوەوە، هێندەی پەیوەستە بەئەدەبی کوردییەوە پێموایە زۆر کەمن ئەو ڕۆمانانەی ئەم ڕیتم و شێوازە نوسینە لەخۆ دەگرن یا ڕوونتر بڵێم هەرنین، چوون هەر بەخۆی ژمارەی ئەو دەقانەی بەنێو ڕۆمانەوە دێنە بەلاڤکرن لە پەنجەی دەست تێپەڕ ناکەن ئەمە بەدەر لەناوەڕۆک و چۆنیەتییان کە بابەتی ئەم باسەی من نییە. ئەوەی منی ناچاری ئەم نوسینە کرد بڵاو بوونەوەی یەکێک لەو ڕۆمانانەیە کە هەمان خەسڵەتەکانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە لەخۆ دەگرێت، وێڕای ئەوەی چەندین پێوەر هەن بۆ جیاکردنەوەی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە لەگەڵ قۆناغی بەری خۆی، بەڵام دەکرێت هێلە گشتییەکان کە بەشی هەرە زۆری ڕەخنەگران لەسەری کۆکن لەچەند خاڵێکدا کۆ بکەینەوە و خۆشبەختانە ڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک) کە لەلایەن ڕۆماننوس و چیرۆکنوس (حەمە سەعید زەنگنە)ەوە هاتۆتە نوسین و لەکۆتاییەکانی ساڵی ٢٠٢١دا بڵاو بووەتەوە بەشێوەیەکی گشتی دەچێتە خانەی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنەوە و بەشێکی زۆر لەو تایبەتمەندییانەی ئەدەبی پۆست مۆدێرنەی پێ جودا دەکرێتەوە، لەخۆ دەگرێت کە سەرەکی ترینیان بریتیین لە:



هەولنامەی کتێب

**١- فەرامۆش كردنی حیكایەتە مەزنەكان یان هەڵوەشاندنەوەی چیرۆكە ناوەندییەكان:**

یەک لە تایبەتمەندییەكانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە ڕەتكردنەوەی پیاوی سوپەرمانە ئـەوەی كە دەتوانێت تەواوی بابەتە مادییەكان بخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، لەڕومانی (خۆڵەمێشی تەرمی كتێبێک)دا شتێک بەناوی مرۆڤی باڵاو عەقڵی سەنتەر (وەک كۆتێک بۆ ڕاكێشانی هزری خوێنەر بوونی نییە) مەگەر ئەو كورتە دەقانە نەبێت كە پەیوەندییان بەسیاقی ڕۆمانەكەوە هەیە و لەهەندێ جێگەی زۆر سەخت و بچووكدا دیار دەكەون، لەم ڕۆمانەدا هێشتا چینەكان بەسەر گشتی و تایبەتدا دابـەش نەبوونە، هەر لەو جێگەیەی خـاوەن قەڵەمێك هەیە، كەسێكی نەخوێندەواریش بوونی هەس، دابونەریتە كۆمەڵایەتییەكان و بابەتە كەلتوورییەكان هاوشان دەگەڵ وتەی فەیلەسوفاندا دەگوزەرێن.

بەگوێرەی وتنی هەندێك لە ڕەخنەگران، (ڕۆمانی دۆنكیشۆتی) ؛ مێگیل دی سیرفانتس كە ڕەخنە لەچیرۆكە پاڵەوانییەكانی سەدەی چواردەهەم دەگرێت، دەستپێكی سەرهەڵدانی ڕۆمانی پۆستمۆدێرنە بووە

بەگشتی لەڕۆمانی نوێدا تەنها وتـار و دەنگێك نابیسترێت كە توانای ئاراستە كردن و ڕاكێشانی زیهنی خوێنەری هەبێت تەنانەت ڕاستییەكی چەسپاویش بەدی ناكرێت لەجیاتی ئەوە چەند دەنگێک دێتە ئاراوە.

لـەچـوارچـێـوەی ڕۆمـانـەكـەدا بەشێوەیەكی لابـەلا كەمۆكەیەک ئاوڕ لەئاین دراوەتەوە بەڵام وەک خۆكردێك كە لەگەڵ بیرو هەڵسوكەوتی كۆمەڵگادا دەگونجێ نەک بەشێوەیەكی ئەبستراک خۆ ئەگەر لەكۆندا مەراسیم بۆ دواكەوتنی باران لەوەرزێكی دیاریكراودا بەشێوەی بووكە بەبارانێ كرابێت ئەوا نوێژە بارانە درێژە پێدراوی هەمان ئەو بیرۆكەیەیە و كراسی ئاینی لەبەركراوە. ڕۆمانەكە بەم كورتەباسە دەست پێدەكات (ماوەیەک بوو باران نـەدەبـاری خەڵكەكە دەتگوت خۆڵی مـردووت بەسەدا كردوون....ل٧) (خۆڵەمێشی تەرمی كتێبێک)، هەرچەندە دەسپێكێكی سادەیە لێ لەڕووی جوگرافییەوە ناوچەكە لەسەر هێڵی بەختەبارانە، بۆئەوەی لەهەر جێگەیەک بەرچاوی خوێنەركەوت لەڕووی شوێنەوە بتوانێ ناوچەكە دیاری بكات، جێیەكی نزیک لەو ناوچانەی كە هەمیشە عەقڵی ڕۆژئاوایی لەسەردەمی مۆدێرنەدا لەڕێگەی دەزگای جۆراوجۆر و زانستە كۆمەڵناسییەكانەوە دەیەوێ بڵێت ناوچەی گەرم و نیمچە گەرمەكان بەپێچەوانەی ناوچە نیمچە فێنكەكانەوە خەڵكانی سست و تەمبەڵ و دەغەجارن.

(ئەم تێڕوانیینە پاشتر شۆڕبۆەتەوە بۆ ئاستی لۆكاڵی وەک بابەتێكی سروشتی چاوی لێدەكرێت)، لەم ڕۆمانەدا



حەمەسەعید زەنگەنە

کەسانێک وەدی دەکرێن سەرەڕایی بوونە ناوچەییەکەیان هەمیشە لەگفتووگۆ و مشتومڕی بەردەوامدان لەسەر شتە زۆر سادەو سوکەکان هەڵدەچن، تورە دەبن بەڵام تەنها بۆ چەند ساتێکی کورت ئەوەی سەرەوە پەیوەندی بەلایەنی سیاکۆلۆجی و دەرهاویشتەکانییەوە هەیە، هەرچی پەیوەستە بەجوگرافیا و سروشتەوە کە دەغڵودان و پشت بە ڕێژەی باران بارین دەبەستێت سروشتی کوردوستان تایبەتمەندی ئەوەی هەیە، سەرەڕای سەرچاوەی بە پیتی ئاو، بەڵام بەهۆی ئەوەی بەڕێرەوی شاخەکاندا زۆر بەنزمی گوزەردەکات سودێکی ئەوتۆی لێ نابینرێت بۆیە بەردەوام مرۆی کورد لەوەرزی باریندا چاوێکی لە ئاسمان بووە زەوییەکەی بۆ ئاو بدات و چاوێکی لە زەوی تابزانێت پەلەی داوە یان نا!.

پێم وایە ئەم دەستپێکە سادەیە بۆ ڕۆمانەکە خزمەتێکی زۆری لەڕووی ڕەگەز و شوێنەوە بەڕۆمانەکە کردوە.

ڕەنگە لەزۆر ڕووەوە پۆست مۆدێرنە خزمەت بەکورد بکات و خەمە گەورەکانی وخەونە گەورەکانی بۆ سەنتراڵ کردن و بەناوەندکردنی ئاینێکی دیاریکراو و دیالەکتیکێکی هەڵبژێردراو، بەزۆر سەپاندنی بەسەر ئەوانی دیکەدا لەبیر بەرێتەوە، چونکە کوردستان وڵاتێکی فرە ئاینە لەڕووانگەی پۆستمۆدێرنەکاندا خەمێک بەناوی ئاین و زمانی چەسپاو بوونی نییە، کەوایە دەکرێت هەموان خودان ئاین بن و ڕێزیان لێ بگیرێت، هەر بەو شێوەیەی بووکەبەبارانێ مۆرکی ئاینی (ئیسلام)یشی پێدراوە، لێ هێشتا لەناو شەبەک و ئێزدی و یارسانەکاندا بەپێی خەسڵەتە کەلتورییەکەی بەڕێوە دەچێت، هەر بەو ئاواییەی کە پۆست مۆدێرنەکان عەقڵی گشتگیر و گشتاندنی عەقل ڕەتدەکەنەوە.

(هایدیگەر) پێی وایە شتێک بەناوی عەقڵەوە بوونی نییە بەدەر لەوکۆمەڵە لێکدانەوەیەی بۆ دیاردەیەک دەکرێت، لەجێیەکەوە بۆ جێیەکی دیکە دەگۆڕێت، هەر کۆمەڵگایەک بەپێی هەڵکەوتە و شوێنی جوگرافی لێکدانەوە بۆ ئایدۆلۆژیاو بەرژەوەندییە سیاسی و بازرگانییەکان دەکات، لەم بارەیە (ستێورات سیمیز) دەڵێت (لەئەدەبی پاش مۆدێرنەدا تایبەتمەندی گومان و ڕەتکردنەوەی تیۆرە گەردوونیەکان و گێڕانەوە مەزنەکان، سەنگی مەحەکن. لە نێو ئەم فەلسەفەیەدا هەموو هەوڵێک بۆ گشتاندنی ئەزموون و بیر و باوەڕە مەزنەکان هەرەس دێنێ).

ئەدەبی پۆست مۆدێرنە نەک بەتەنها چیرۆکە مەزنەکان ڕەتدەکاتەوە، بەڵکو بەتەواوەتی دژ بەئوتۆکراتیی دەوەستێتەوە بەو واتایەی ئەدەبی دوای مۆدێرنە بڕوا بەهیچ دەزگا و کۆمەڵەیەک ناکات کە خەڵکی لەچوار چێوەیەکی دیاری کراوودا ئاراستە بکات یان تەنانەت بڕوای بەهیچ ناوەندگیرییەک یا توخمێک نییە، دەیەوێت مانایەک بچەسپێنێ).

کەوایە بۆ بەرهەم هێنانی ئەدەبێکی جیاواز، دەبێت هەموو وردەکارییە گەردونییە مەزنەکانی وەک ئاین و سێکس و جەنگ و زانست و دووبارە پشکنینی بۆ بکرێتەوە و بەوردی لێکدانەوەی بۆ بکرێت، بۆئەوەی مرۆڤایەتی لەبەڵای

ئەو حیکایەتانە قوتار بکرێت کە هەوڵی یەک ڕەنگکردنی مرۆڤایەتی دەدات و دەیەوێت لەچوارچێوەی بیری مۆدێرنەدا بەندی بکات. بەبروای (ڕۆلان بارت) سیستەمی بۆرجوازی هەموو شتێک دەخاتە خزمەتی ئەو چیرۆکە مەزنانەی دەیەوێت وەها لەخەڵکی بگەیەنێت کە یاسای سروشتین، ئەو زێدەتر لەوە دەڕوات و دەل□ێت (شەراب لەفەرەنسادا وەک هەر جۆرە خواردنەوەیەکی دیکە نییە، بەڵکو ئەوە خواردنەوەیەکی (تەوتەمییە) وەک خواردنەوەی شیری چێل لەهۆڵەندا و مەراسیمی ئاهەنگ گێڕانی تایبەتی چا خواردنەوە لەنێو خێزانی پاشایەتی بەریتانیادا، ئەمانە ڕێگەن بۆ خولقاندنی ئەفسانە و هەوڵ بۆ ئەوە دەدەن تایبەتەکانی خۆیان وەک ڕاستییەکی سروشتی نیشان بدەن، بەم شێوەیە دونیای بۆرجوازی هەموو پەیوەندییەکانی نێوان مرۆڤ و جیهان دروست دەکات و ئێمەش ناچاردەبین بەدوایدا بچین، هەر وەک ئەو ڕاستییە سروشتییەی موسا لەپێناو رزگار کردنی گەلەکەیدا کۆنترۆلی دەریا دەکات و ڕووباری نیل شەق دەکات، چونکە پاڵەوانی هەڵبژاردەی خودایە، عیسای مەسیح لەپێناو گوناهی مرۆڤایەتیدا گیانی خۆی بەخت دەکات ، پشتی ئاین زانست ئەو ڕۆڵە لەئەستۆ دەگرێت، بۆ ئەمەش لەئێستاو داهاتوشدا بەردەوام پێویستی بە خولقاندنی حیکایەتی گەورە هەیە. (لیۆتار) دژ بەدوو جۆری حیکایەت دەوەستێتەوە یەکێکیان پێی وایە مرۆڤایەتی هێدی هێدی بەرەو ئازادی هەنگاو دەنێت ئەو دەڵێت (ئەم حیکایەتە لەمەسیحەوە تاوەکو یوتوپیای مارکس درێژە دەکێشێت)، ئەوەی دیکەیان باس لەسەرکەوتن




بەهۆی زانستەوە دەکات و دەڵێت (ئەو وتارە لەدوای جەنگی جیهانییەوە هەرەسی هێناوە) و بیروباوەڕی دوای مۆدێرنە بەوە پێناسە دەکات (گومانێکە ئاراستەی بانگەشە مەزنەکان دەکرێت). ئیدوارد سەعید لەکتێبی (الاستشراق) (١٩٧٢)دا ڕەخنەی توند لەئیمپریالیزمی ئەوروپی دەگرێت کە خۆی بەنوێنەری سیستەمێکی عەقڵی ڕێکخراو و ئاشتی خواز دەناسێنێت و ڕۆژهەڵات بەپێچەوانەوە دەبینێت.

لەڕۆمانی (خۆڵەمێشی تەرمی کتێبێک)دا هاوشێوەی هەموو دەقە پۆست مۆدێرنەکان هیچ ڕوداوێکی مەزن، بوونی نییە نوسەر ناشیەوێت کەس یا خەڵکان یا خوێنەر بەرەو ئاراستەیەکی دیاریکراو بەرێت ئەم ڕۆمانە مرۆڤ لەئاستی کردارییەوە بۆ ئاستی نیهاد و زەینی دەگوازێتەوە

نایەوێت ڕاستەو خۆ هیچی پێبێژێت مەگەر ئەوە نەبێت خۆی بەدەرئەنجامێکی دیاری کراو بگات ئەمەش ڕەنگە لەکەسێکەو بۆ ئەوی دیکە جیاواز بێت. ئەو باس لەکەسانێک ناکات، ئاراستەی مرۆڤایەتی دەگۆرن و دەبنە سەنترالٚ و تێزی نوێی ژیان پێشکەش بەمرۆڤایەتی دەکەن لەم ڕۆمانەدا کەسانێک هەن خودان قەڵەم و ڕۆشنبیر لێ نابنە فەیلەسوف و هەولی داهێنانی بیرۆکەی نوێ بۆ ژیان وشۆڕش و بەگژا چوونەوە نادەن ئەوان زۆر بەسادەیی بەشێوەیەکی ئەبستراک چیرۆکی ژیان دەگێرنەوە بێ ئەوەی بیری خوێنەر هەڵخەڵەتێنن و بیخەنە نێو جیهانێکەوە تژی لەکارەکتەری بانمرۆیی و ڕووداوی لەعەقڵبەدەر، بەڵکو کەسانێکن وێڕای بوونە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییەکەیان نەکەوتونەتە دوای هیچ ئایدۆلۆژیایەک و بانگەشەی بۆ ناکەن، ئەوانەی نێو ئەم ڕۆمانە کەسانی نێو کۆمەڵگان بەکاسبکار و بازرگان و نووسەر و پیاوی دەزگای ئاسایشیشەوە.

(بلەی چایچی) (کە لەزۆر شوینی ئەم ڕۆمانەدا دێتەوە بەرباس) (حەمە ڕەجەبی شوفێر، گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە کە بۆ خۆی کەسێکی بازرگانە و هەڵسوکەوت لەگەڵ کەسانی خودان قەڵەمی چەشنی حەمە سەعید و دانا و نزار و فەیسەڵ و شواندا دەکات) هێندە تێکەڵن لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە لەیەکتر جودا ناکرێنەوە لەهەمان کاتیشدا کەسانێکن لەڕووی بیرکردنەوەو کارو پیشەدا تەواوێک لەیەکتر جیاوازن).

(عزیز نعمان) (پێیوایە ڕۆمانی پۆست مۆدێرنە کار لەسەر دروستکردنی جیاوازییەکان و تێکەڵکردنی شێوە جۆر بەجۆرەکان دەکات). (برایم و حەمە ڕەجەب و گێڕەرەوەی چیرۆکەکە) کە هەر بەخویشی بازرگانە لەسێ ناوەندی کۆمەڵایەتیدا دەژین و هەر یەکەو ئەرکێکی تایبەتی لەسەرشانەو لەبازنەیەکی تایبەتی کاردا



هەڵسوکەوت دەکەن، بەڵام هەژموونی زمانی هیچکامیان بەسەر ئەوی دیکەوە دیارنییە (ئەمە بابەتێکی تایبەتە کە پاشتر دەزڤرمە سەری) ئەم سێ کارەکتەرە وێڕای هەموو ئەو چیرۆکانەی لەنێو ڕۆمانەکەدا دێنە بەرباس و پەرتەوازەیی کات دروستدەکەن، تەوەری سەرەکی و سەرتای چیرۆکەکەن پاشتر ڕۆڵەکان فراوان دەبێتەوە بازنەی پێکگەیشتن و کۆڕ و کۆبوونەوەکان ئاستێکی دیکە وەردەگرێت کەسانی ڕۆشنفکر و قەڵەم بەدەست دێنە نێو ڕۆمانەکەوە بەڵام چیرۆکەکان هەمیشە بەئاستێکی ئاسۆییدا بەرەو پێش دەچن:

– (ئێمە وا ڕێکەوتبوین، ئەمن بە ئۆتۆمبێلەکەم دانا عەسکەر و حەمەسەعید زەنگنە سەرخەم و بۆ ماڵی مامۆستا نزار بچین دا لەگەڵ خۆمانیدا بهێنینە دەرەوە لە «گورگەچاڵ» سەردانێکی ماڵی «شاخەوان کەرکوکی» بکەین دا چاوێکمان پێی بکەوێ وچایەکی لێڵ وەخۆین.....مەندی.... شاعیر بوو...هەڵبەستەیلی (مەندی) لەکچانی ئارایشتکراو و..فرەزان و مۆدێرن دەچن!...»هەمەوند» چیرۆکنوسێکی ئارام و وەرگێڕێکی بەتوانا بوو...زایر پیاوێکی خۆشمە شرەب و.. زوان شیرین...ل٦٥...) بێجگە لەمانە چەندین ڕوناکبیری دیکە لەنێو ڕۆمانەکەدا بەرچاوو دەکەون.

هەندێک لەڕەخنەگرانی بواری ئەدەب پێیانوایە گێڕانەوە لەمجۆرە ڕۆمانانەدا، دەبێت بنەما ڕۆشنبیرییەکەی لەچەندین سەرچاوەوە وەربگرێت، هاوشانی ئەم بۆچوونە کەسانێک دێنە ئاراوە حوکمی هەلومەرجی جیاواز لەشوێنێکدا کۆی کردوونەتەوە، لەنێو ئەم ڕۆمانەدا شوێن و ڕۆشنبیری جیاواز بەرچاوو دەکەون:

– (برایم) هەرکەسەو بەجۆرێک باسیان لێوەی دەکرد لێ زۆربەیان جەختیان لەوە دەکردەوە ژ باکوورا کوردستانێرا وێڵ و ئاوارەو پەرتەوازەی ..شوێنانی دی بوو بێت) ل١٠. (حەمە رەجەبی هاورێ و هاوسێی کەونی پێشانی مامم!... چەند مەردمێ لەئێرانێرا هاتوون گش بەفارسی پەیڤیون و..باسیان لەوەی کردگە ئەوان خڕ براو ئامۆزای (حەمە رەجەب) بن) ل٢٠–٢١. (جارێکی دن دیتمەوە، لەشاری سلێمانییەوە تەلەفۆنی بۆ کردم و پێی ڕاگەیاندم کە دوو ڕۆژە لەناسرییەوەڕا هاتووە) ل٤٢. (لەناوچەی لقی لەشەقامی (١٢) لەبێلدینگی (٨٧) لەئاپارتمانی (٣) دۆزیمەوە...... دانیشتین باسی ڕەوشی خۆیانی لۆ کردم) ل١٣٠– ١٣١.

لەهەموو ئەو دەقانەی سەرەوە کەسانی جودا لەجوگرافیا و شوێنی جیاوازەوە هاتوون (برایم لەشوێنێکی نادیار و حەمە رەجەب لەفارس و بەغدا و کەرکوک و هاورێ نوێیەکەی گێڕەر لەناسرییەو نوسەری تایبەتی کتێبەکەی کە باس و خواسی ڕۆمانەکەیە لەتایوان). وێڕای کەسانی دیکە کە دێنە ناو باسی ڕۆمانەکەوە، هەر یەکەو سەرچاوەیەکی جیاوازی ڕۆشنبیری و جوگرافی هەس لێ هیچکام لەوان خودان دەسەڵاتی ڕەها نین هەر یەکەو لە شوێنێکدا و لەپاژێکی بچوکدا ڕووداوەکان و مێژووی تایبەت دروست دەکەن، بەڵام چون ڕۆمانی سەردەمی مۆدێرنە نابن بە(مرۆڤی تایبەت) تا تەواوی کەش و شوێن و کات و ڕووداوەکانی نێو ڕۆمانەکە دەستە سەر بکەن.



حەمەسەعید زەنگەنە

ئەدەبی مۆدێرنە و پۆست مۆدێرنە وەک دوو وێنەی سینەمایی و فۆتۆگرافی وان، لەکاتێکدا وێنە سینەماییەکان هەوڵی هەڵخەڵەتاندنی چاوی خوێنەر دەدەن وێنەی فوتۆگرافی دەیەوێت نمایشێکی ئەبستراکتی ڕووداوێک لەکاتێکی دیاریکراودا بکات، لەتەواوی ڕووداوەکانی نێو ئەم ڕۆمانەدا کەسانێک بەدیدەکرێن، تورە دەبن.. هەڵدەچن، سارد دەبنەوە، (لێرەدا لەبەرکەمی دەرفەت بوار نییە بۆ هەر یەکێک لەمانە نمونە بهێنمەوە) چون بەخۆی تژییە لەو جۆرە هەڵوێستانەی مرۆڤ لەژیانی ڕۆژانەیدا پێیدا تێپەڕ دەبێت. لیۆتار لەم بارەوە دەڵێت:

– نوسینەکان لەسەردەمی مۆدێرنەدا پشت بەستوو بوو بەهەست، نەک تێگەیشتن (ئەم تێزە لەنێو ئاینەکانیشدا بونیان هەبووە)، بەڵام ئەدەبی پۆست مۆدێرنە لەگەڵ جۆرە جیاوازەکانی بیرکردنەوەی مرۆڤدا خۆی دەگونجێنێت و لەزمانی لۆکالیدا□ خۆی نمایش دەکات چونکە پێیوایە زمان بەخۆی عەقڵە). لەم جۆرە دەقانەدا بەدەر لەوەی سنورەکان دەشکێن (لەبابەتێکی سەربەخۆدا باسی لێوە دەکەم) بەهەمان شێوە زمانیش دادەبەزێت بۆ ئەو ئاستەی هەموو توێژەکان خۆیانی تێدا دەبیننەوە و ئەنجام ڕاستی لەتەنها شوێنێک و لای کەس و کۆمەڵەیەکی تایبەت نابینرێت، بەڵکو بەشێوەیەکی بەشکراو و دابەشبوو، هەر پاژێکی لەجێگەیەک و لەتوخبێکی دیاریکراوی مێژوودا دەدۆزرێتەوە، چونکە هیچ کاتێک مێژوو لەڕوداوەکان جیانابنەوە و دەکرێت بەگرد کردنەوەی ئەم پارچە بەشبوانە ڕاستی بدۆزرێتەوە (نزار محمد سابیر) لەوەش زیاتر دەڕوات، ئەو دەڵێت (هەر میللەتێک خاوەن (عەقڵ – زمان)ی کارا بێت دەتوانێ وردە زەمەنەکانی خۆی کۆبکاتەوە) لەتەواوی ئەم ڕۆمانەدا وردە زەمەن هەن بەشێوەیەکی تێکەڵاو دێن و دەچن و لەنێوان ئێستاو ڕابردوودا لەهامووشۆدان، وردە ڕووداو تێکەڵ بەکات دەبن لەگەڵیدا وردە ڕاستی دەردەکەون کە ڕەنگە بە شێوەیەکی چاوەڕوان نەکراو لەلای منداڵەکی بنێشت فرۆش بێت، لەچرکە ساتێکی مێژوییدا.

– (مێر منداڵێکی کزۆڵە و شرۆڵەی.. ئەسمەری دەستوپل سەرما بردە..... ئەمانە هەر بەڕووکەش ئەو کارە دەکەن.. خوا ئەوەی بگرێت.. ئەم میللەتە ڕەش و ڕووتەی .. واسفک و چروک...) ل٢٩–٣٢. یان لەوتوێژی میانەی دوو ژن لەسەر کانی و پیشان دانی دۆخە سایکۆلۆجۆی و کۆمەڵاتییەکەیدا وەدی بکرێت:

– (دایکم بڕێک سەری لەماموژنم بردە بەرەوە ..حەمە ڕەجەب ناوی هاوسێتان بووا! بەشکوو بزانی چیی لێ بەسەرهات...) ل١٨. یانیش لە مشتومڕی قوڵی میانەی نوسەران کە بڕێک جاران دەسەر بابەتی ڕۆشنبیری و هەندێک جاریش لەسەر بابەتە ڕۆژانەییەکانن! هەموو ئەوانە وردە ڕووداو لەنێو وردە کات و شوێندا چێدەکەن، لێ هیچکام لەوانە ڕەها و خاوەن ڕاستی نین، بەوتەیەکی دیکە ئەوە تەنها لایەکی بچوکی شاراوە یان دیاری ڕووداوەکانن، تەنانەت ئەو کاتەی شار بەدۆخێکی

هەواڵنامەی کتێب

تایبەتیشدا گوزەر دەكات لەپەناو پەسێوەكاندا، ژیان ئاراستەو دۆخی دیكەی هەس و لەنێو خالێكی تایبەتی ئەو ڕووداوەدا كۆ نابێتەوە، وەك ئەوەی ئەدەب و ئاین و فەلسەفە دەیخەنە بەرچاوو دەیانەوێت هەموو بوونە لاوەكییەكان لەپێناو خاڵی مەبەستدا كۆ بكەنەوە.

(ڕۆلان بارت) لەپەرتوكی (اسطوريات)دا باس لەوە دەكات چۆن هەستی مرۆڤەكان لەلایەن سیستەمی سەرمایەدارییەوە بەكێش دەكرێت و لەهیچەوە خواوەندێكی خاوەن دەسەڵاتی بێهاوتا دێتە ئەفراندن، ئەو پێی وایە لەڕێگەی ئەو دەزگا مەترسیدارانەوە كە كۆمەڵگای سەرمایەداری خاوەنداری دەكات، دەكرێت (پاك كەرەوەیەكی قاپوقاچاغ، جۆرێكی دیاری كراو لەخواردن، كەسێكی دەست نیشان كراو)، لەكاتێكی دیاری كراودا ببێت بەئەفسانە و بەئاسمانی بێ هاوتاییدا بفڕێ! بەو شێوەیەی لەفیلمە ئەكشنەكاندا چاوی بینەر هەڵدەخەڵەتێنن دەتوانن ئاوەزیشی بەلاڕێدا بەرن، چونكە قورسایی كارەكانی خۆیان لەسەر بنەمای هەستەگی دادەڕێژن! دەتوانن بیر و هزریش خانەنشین بكەن.

لیوتار پێیوایە هەر ئەم چیرۆكە مەزنانەن لەنێو ئاینەكاندا دیار دەكەون و دەبنە هۆی چەوساندنەوە و كوشتاری مەزن، ئەوانەی ڕۆژنامەكان دەخوێننەوە ئاگاداری ئەوە هەن هێشتا خەڵكانێک هەن ئامادەن كوشتاری یەكتری بەناوی بانگەشە مەزنەكانەوە بكەن، لەئەدەبی (پۆست مۆدێرنە)دا تـەواوی ئەم حیكایەتانە پشتگوێ دەخرێن و دەچنە نێو خانە لەبیر كراوەكانەوە و زۆر گوێ بەو




هەندێك لەڕەخنەگرانی بواری ئەدەب پێیانوایە گێڕانەوە لەمجۆرە ڕۆمانانەدا، دەبێت بنەما ڕۆشنبیرییەكەی لەچەندین سەرچاوەوە وەربگرێت، هاوشانی ئەم بۆچوونە كەسانێك دێنە ئاراوە حوكمی هەلومەرجی جیاواز لەشوێنێكدا كۆی كردوونەتەوە، لەنێو ئەم ڕۆمانەدا شوێن و ڕۆشنبیری جیاواز بەرچاوو دەكەون




وتارانە نادەن (ئاین و زانست) بەرهەمی دەهێنن و وەک بابەتی سروشتی نیشان دەدەن.

دەکارین کۆی چیرۆکی میانەی ئەم ڕۆمانە لەسێ پەرەگراڤی کورتدا کۆبکەینەوە، سێ ڕووداوی زۆر سادە، کۆمەڵێک کەس لــەدەوری خۆ کۆدەکەنەوە هەریەکە و ئاراستەیەک و هەموو یەک ئەنجام بەدەست دەخەن، ئەنجامیش وەک لەکۆی دەقە کۆن و نوێیە کوردییەکانیشدا هەیە بریتیە لەشکست. ئەم شکستە هەمیشە و بەشێوازی جیاواز لەدەقە شیعرییەکانی مەم و زین و خەج و سیامەند و شیرین و فەرهاد و دەیان دەقی دیکەی شیعری و فۆلکلۆریدا و خۆی نمایش دەکاتەوە.

کۆتایی حەمە ڕەجەب پڕە لەدەردەسەری بەدوای ژینەوە ((وەیش تو خوا!بەستەزمانە، نەحەسایەوە))، هەوڵ و ماندوو

بوونی فرەی ڕۆشنفکران لەپای هێنانی کتێبێک و بەفیرۆ چوونی هەوڵەکەیان (لێ ئەوەی چاوەڕوان نەدەکراو.... ڕیسەکەمان بووەوە بەخوری... چوون ڕووداویلی ڕابردو و گوایە! مێژووە وخۆی چەند بارە دەکاتەوە) ل١٥٩–١٦١. ساڵەها ساڵی دەربــەدەر بوونی برایم لەپێناو خواستە سیاسییەکان بۆ وەدیهێنانی ئازادی و سەربەخۆی نوسەر لەزمانی برایمەوە دەڵێت (هەر ئەم پرسەیە! سالآنێکی دوور و درێژە.. منی لەکەسوکارم دابڕیوە) ل١٦٢. هەریەکە و بەشێوەیەک پاژێک لەمێژوو دروست دەکەن (دواتر بەوردی باسی لێوە دەکەم) بەواتای لەجیاتی ئەوەی حیکایەتی مەزن لەمیانەی ڕۆمانەکەدا چێبێت، کۆمایەک شکست یان ڕوونتر سێ شکستی جودا بەئەنجام دەگات و هەر یەکەش بەشێوەیەک لەشێوەکان قورسایی ئەو شکستەی دەکەوێتە ئەستۆ، واتە هیچ کام لەوان ئەنجامی شکست و هەڵەکانی خۆیان ناخەنە سەر هێزێکی دەرەکی، شان دەدەنە پاڵ شکستەکانیان بەئەنجامەکەشی مەحکوم دەبن. تەنانەت ئەودەمەی نوسەر پەنا دەباتە بەر فەنتازیا و زمانی جاد و ئامێزیش مەبەستێتی جەخت لەسەر قوڵی شکست و ڕەخنەی توندی ئەو دەزگا ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتیی و سیاسییە بکات لەچرکە ساتێکدا کە وەبیری کەسدا نایەت هەرەس دێنێ و دادەڕوخێت. مێژووی کورد هەمیشە ئاوسە بەم جۆرە ڕووداوانە.

((داود نجاتی) لەم ڕووەوە دەڵێت (واقیعی) جادوویی پیچەوانەی ڕاستیبون نییە و لێشی دابڕاوو نییە بەڵکو

هەواڵنامەی کتێب

بەشێکە لەو و لەرێگەی هێنانە ناوەوەی توخمی نوێوە جیهانێک دێنێتە بوون، قوڵتر و زیندووتر لەوەی هەیە .

(شەوێ بەر لەهەواڵەکە و بەر لەکازێوەی بەیانی.. بەزەردێکی توشی، سەخت و هەڵەموت و رووتەنیی.... هەر چەوا بوو گەیشتمە دوندی چیاکە و بەو دیوێیدا شۆربوومەوە... تا چاوو هەتەر دەکات سەوزایی و دار و درەختی هەمەچەشن.... بە خۆم گوت ((گاهەس! ئەمە ئەو باخ و باخانەی ..وەڵاتی هیند بێت...ڤێرە! تنێ ئەو کەسانە دەخۆ دەگرێ! نەتەوە و نیشتمانی خۆیان لافەڕ و خۆشەویستە))... ردێن چەرمووەکەیان ((ئەحمەدی خانی))یە ئەم بەیانییە! نوچەیەکیان ژنەوتووە... کوڕم مردوش ئاگای لەزیندوو هەس... ل١٦٥–١٦٨. لەتەواوی ئەم رۆمانەدا مەگەر بۆ پێویستی رۆمانەکە و دیار خستنی راستییەکان بە شێوەیەکی قوڵتر لەوەی کە هەیە نەبێت نوسەر خۆی لەقەرەی (واقیعی سیحری) نەداوە.

لەراستیدا رۆمانەکە مێژویەکمان بۆ دەگێڕێتەوە، زۆر بەسادەیی هەموو رووەکانی ئاشکرا دەکات بەپێچەوانەوەی گێڕانەوە مەزنەکانەوە، بەشێوەی ئاسۆیی هەنگاو هەنگاو لەگەڵ بیری خوێنەردا دەگوزەرێن تا لەکۆتاییدا بەو ئاکامەی دەگەیەنێت تەنانەت رووداوە مەزنەکانیش ئەنجامی کۆمەڵێک وردە رووداون بەڵام وەک ئەوەی لەم رۆمانەدا هەن، هەمیشە بەرچاوو ناکەون!

ماویەتی

**سەرچاوەکان**

– احمد عبدالكريم عطية/ جاك دريدا و التفكيك/ ط١ بيروت –لبنان٢٠١٠.
– احمد عطية / مابعد الحداثة / القاهرة ٢٠٠٥.
– جوناثان كولو / رولان بارت مقدمة قصيرة جدا/ ط١، ٢٠١٢.
– جان فرانسوا ليوتار / في معنى ما بعد الحداثة نصوص في الفلسفة و الفن/ ت– سيد لبيب/ط١ دار البيضاء المغرب ٢٠١٦.
ـ عبدالوهاب المسيري – فتحى التركسي/ الحداثة وما بعد الحداثة/ دارالفكر – دمشق ٢٠٠٣.
ـ عبدالوهاب علوب / الحداثة وما بعد الحداثة/ ط١ الامارات العربية المتحدة.

بە کوردی

ـ نزار محمد سابیر (پەرتوکی دەستنوس).

گوڤارەکان

ـ انخيل دانييل ماتوس/ ماهو ادب مابعد الحداثة/ صالح الرزوق– جريدة القدس العربة ٢٠٢٠.
ـ داود نجاتي/ السرد و دورها في تشكيل بنية النص السحري/ مجلة الخطاب – المجلد١٣، العدد٢، جامعة اصفهان / ايران.
ـ دليلة مردوك/ تحولات السرد في الرواية الجزائرية / مجلة الثقافة الجزائرية، ٢٠١٩.
ـ د.مها فاروق عبدالقادر/ ما بعد الحداثة في الرواية/ مجلة الاستاذ، العدد١٤٠، لسنة ٢٠١٠.
– ميادة عبدالامير/ الواقعية السحرية في رواية مستعمرة المياه/ مجلة الاستاذ– العدد٢١٠، المجلد ٢٠١٥.
– د.يادگار الشهرزورى / السرد ما بعد الحداثي مدياته ومقوماته / مجلة المؤمنون بلا حدود.

سایتەکان

– حسن المراكشي/ موقع متخصص بالثقافة و الفلسفة والادب و النقد الحداثي وما بعد الحداثي. Postmodernita.et
ـ عزيز نعمان/ جدل الحداثة وما بعد الحداثة Mohamedreabe en
ـ د.مي محمود/ التقنيات السردية الرواية ما بعد الحداثة. www. daralameer



# سیمناتیك ستراکچەری لێوانلێو لە وێنەی شیعری لە باخچەکانی شیعر



عەبدولرەحیم سەرەڕۆ

نووسینی رە خنە گری عێراقی : علوان السلمان

دەقی شیعری.. بەرهەمی زمانەوانیەو نیشانەکانی ئاشکران، ڕەگەزو فەلسەفە و زمانی پڕاوپڕی سروشتی تایبەت بەخۆی هەیە کە شاعیری هۆشمەند و کارامە لەڕێگەی دۆزینەوەی چرکەساتی گرتەی پارادۆکسەوە بەلێهاتوویی لەئامرازەکانی دەگات و جیهانەکەی خۆی تێدا دەچنێتەوە. کۆمەڵە شیعری (باخچەکانی شیعر)ی گەزاڵ ئیبراهیم خدری ژنە شاعیری کورد کە جیهانێکی هەڵچنراوە لەخەونی بەپێزی شاعیرانە، ژمارەیەک لەو ئەدیبانەی کە هەر دوو زمانی (کوردی و عەرەبی) دەزانن وەریانگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی و لەڕێگەی یەکێتی نوسەران و ئەدیبانی عێراقەوە ساڵی ٢٠١٩ بڵاوکراوەتەوە و بە بەرفراوانی گەیشتۆتە خوێنەرانی ئێمە.

چونکە کۆمەڵە دەقێکن سەر بە جوانی شوێن و سروشت و مێینەن لەگەڵ ڕۆچوونە ناو وێناکردن و گێڕانەوەی پڕ لە بەڵگەی بینراوی لیریکی شیعری سەر بەگرتە شیعرییە باڵاکان کە گوزارشت لە دۆخی مرۆیی قووڵ و پەنهان دەکەن، لە دیوەکەی تری میتافۆرمی زمانەوانی و دەستەواژە و هێماکان کە فاکتەرێکە بۆ تەکنیکی شیعری لە ڕووی واتا و بونیاد و وێنەو ڕیتمەوە، جگە لە ڕیشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی و مێژوویی بوونی کورد، هاوکات ستایلی شیعری دەقگیری سوننەتی بە شێوەیەک لە شێوەکان تێپەڕاندووە و کاری لەسەر فۆرمی نوێگەری کردووە و بۆتە تەواوکەری شاعیرانی قۆناغەکەی خۆی.. وەک (لەتیف هەڵمەت و شێرکۆ بێکەس و ڕەفیق سابیر)، خانمە شاعیری کورد لە زۆربەی تێکستەکانیدا جەخت لەسەر دیاردە مرۆییەکان دەکاتەوە کە ڕیشەی مێژووییان هەیە، بە هەر دوو ڕەهەندی جەستەیی و ڕۆحییەوە ڕۆچۆتە ناو عیشق و نیشانەکانی


گەزاڵ ئیبراهیم خدر




سروشتەوە کە بە ڕۆحیەوە بەندبوونەو هەژموونی دیدگەی سۆفیگەرییانەی پێوە دیارە لەسەر ستراکچەری گێڕانەوەی چرکەساتەکانی ژیان دەیانپێکێت و ڕۆحی شیعریان بەبەردا دەکات، ئالأی عیشق بەرز دەکاتەوە بۆ ئەوەی بە هێڵە پرشنگدارەکان و ڕۆحی ڕەوینەوەی چەسپاوی پڕ لە خۆشەویستی کە (دوورکەوتنەوەیە لە خود) بە ئەفسونی ئیستاتیکی دەست بەسەر چرکەساتەکاندا بگرێت و گەلاڵەیان بکات.

باخچەی عەشق لەباخچەکانی عشقما سێ گوڵت پێشکەش دەکەم یەکەمیان بۆ دەستت، سەمای پێ بکەی دووەمیان بۆ لێوت، گۆرانی پێ بڵێی سێیەمیان بۆ چاوت، فرمێسکەکانتی پێ بسڕیت تا بزانیت باخەکەی من دەستێکی تێدا نیە، بۆ خوێن ڕشتن لێوێکی تێدا نیە بۆ تورەبوون چاوێکی تێدا نیە بۆ گریان «لاپەرە «٧،٨» تێکستە شیعرییەکانی بەندن بە بونیادی گرتەیی نوێخواز لەسەر ئاستی سیمناتیک بە دیدگەی هارمۆنی و یەکبوونی بەشەکانی لەگەڵ چرکردنەوەی واتا و بەپیتکردنی لە ڕێگەی پوختەکارییەوە، جگە لەوەی شاعیر وەک خانمێک هەستەوەری پڕ لە خەونی ڕۆمانسی بە ڕاناوی قسەکەر و زمانی دانپێدانانی ڕەتکەرەوەی جەنگ دەردەبڕێت، لە ئامادەگی عیشقدا لە نێوان ویژدان و هەستیدا گەمەیەکی جوان دەکات، بەوەش تابلۆیەکی شێوەکاری شیعریی گوزارشتکەر لە بێدەنگی هەژێنراو لە عیشق و چنینی پەیڤی بە هەپروونکراو لەسەر ژێی ئەو دڵەی لەگەڵ سێبەری عاشق ڕووبەرێکی هاوبەش پێکدەهێنن دەخولقێنێت کە لێوانلێوە لە بەپیتی داهێنەرانەی دەقگەلی ئاوێتەبوو لە ڕووبەڕوو بوونەوەی دژەکان، «دەتۆش وەرە جێم مەهێڵە دەرگای دڵتم بۆ واڵاکە با لەناختا بتوێمەوە خۆت دەزانی کە ووشک بووم تەنیا بەعەتری هەناسەت دەژیمەوە» لاپەڕە «١٦٤» ****** دەڵێن کافرن ئەوانەی ڕۆژی پێنج جار پەنجەکانیان تەڕ ئەکەن و ئەو پەنجانە

هەواڵنامەی کتێب

بێ دەستنوێژن من پێنج فەرزە پەنجەکانم بە بارانی چاوت دەشۆم لەسەر تاشەبەردەکانی ڕوخسارتدا نوێژەکانی عیشق دەکەم «ل٤٨–٤٩». مەتنی شیعری بە داڕشتنی گێڕانەوەی مشتومڕەکان بۆ پێکهێنانی (ئیگۆ- خود) دەروون دامەزراوە، لێرەوە ڕۆحی سۆفیگەری بە زمانێکی جوانی سوسەنگێز (شفاف) لەتوێی چڕکردنەوەی ڕستەکاندا وێنەی شیعری دەبێتە بزوێنەری خودی بە کۆمەڵی بەرامبەر و لە ڕێگەی دەرخستن و دۆزینەوەی دینامیکییەت و تاوگیری بابەتەکان، بە شێوازی هێماکانی ژیان و جڤاتەکان بەڕوونی دەریاندەخات، لەگەڵ ئەو تەکنیکەی ڕۆدەچێتە قووڵایی ناخی مرۆڤایەتیەوە، بەمەش دەگەینە ئەوەی کە شاعیر لەڕێگای ویژدان و بەرامبەرەکەی لە ڕووی مرۆڤایەتییەوە کارلێکدەکەن. چونکە ڕستەکان بە نەوازیندەیی دەکرێنەوەو خەزێنەی بیرو هۆشی بەرامبەر (وەرگر) دەجوڵێننەوە بۆئەوەی لە باگراوندی وێناکانەوە کە پڕن لە خۆشەویستی و ژیان و جوانی سروشتی مرۆیی لە ڕێگەی تێکستەکانەوە پەیوەندی مەرجی هەڵقوڵاو لە شەپۆلەکانییەوە بە ترپەی ویژدان و ژینگەی دەوروبەرەوە، جگە لە تەکنیکی شێوازی وەک دووبارە کردنەوە بە هێمای دەروونی کە ئاوازێکی ترو شێوەیەکی لە هارمۆنستی مۆزیکی نەرمی پێ بەخشیوە.

لێرەدا هێما ئامرازی قووڵی ئاوەزە کە پشکدارە لە دەرخستنی هونەری شیعری، وێنەی شیعری (ڕاگری سەرەکی پەیکەربەندی دەقی شیعری) دەگۆڕێت بۆ ڕۆشنەندازی، بەوەش خانمە شاعیر ئەو دەقانەی داهێناوە کە جەخت دەکەن لە خودی بارگاوی لە هەستی بە کۆمەڵی مێینەو عیشقی سۆفیزمانە کە خۆی لە خۆیدا کاری دەروونی و کۆمەڵایەتییە و دیاردەیەکە لە دیاردە بەهادارەکانی خود لە خەونەکانی ئەوانی تردا و بە زمانێکی نەخشێنراو بە بەهای سروشت و شێوازی ڕەوانبێژی ستراکچەری دەوڵەمەند داهێنراوە.







# محەممەد ئەمین عەسری گۆتەنبەرگی کورد و یەکەمین کتێبی دەنگی



عەبدولستار جەباری

هەوالنامەی کتێب

بەر لەوەی بچینە ناو باس و خواسی چیرۆکی یەکەمین کتێبی دەنگیی لەکوردستاندا، پێمباشە جارێ گوزەرێک بەجیهانی ئەو کوردە دڵسۆزەدا بکەین.
کتێبەکانی بۆ یەکەمینجار لەمێژووی کوردستان و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کراون بەدەنگی. جا با بزانین (محەمەد ئەمین عەسری) کێیە؟! عەسری یەک لەشۆڕەسوارانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردی بوو لەکوردستاندا، پێشەنگی ئەو بوارە بوو لەشاری کەرکووکدا. لەئامێزی خانەوادەیەکی کوردی عەشیرەتی زەنگنە لەشاری کەرکووک هاتووەتە دونیاوە، هەر لەوێ بەمنداڵی دەستی بەخوێندنی ئایینی کردووە. پاشان بەفەقێیەتی چووەتە سلێمانی و لەمزگەوتی موفتیی گەشەی بەخوێندنەکەی داوە، هاوکات پاش کاتی خوێندن، دەچێتە خزمەت زانایان: (مامۆستا مەلا ساڵحی عەبابەیلی) کە کتێبخانەی هەبوو لەنێو بازاڕدا، هەروەها دەچووە خزمەت: (مامۆستا مەلا ڕەحیمی مەریوانی) لەمزگەوتی هەمزە ئاغا کە لە حوجرەکەیدا کتێبخانەیەکی دەوڵەمەندی هەبوو کتێبی تێدا دەفرۆشت، لەو دوو زاتە کتێبی وەردەگرت و لەبەردەم نەخۆشخانەی خوارەوەی سلێمانی دەیفرۆشتن، تاوەکوو بژێوی خۆی و پێداویستیی خوێندنەکەی دابین بکات. لەدەیەی ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابردوودا، عەسری بووەتە مامۆستا و ماوەیەک لەکەلار خزمەتی کردووە، پاشان لەکەرکووک، وەک مامۆستایەکی قۆناغی سەرەتایی خزمەت دەکات. وەلێ چونکە هەر لەسەرەتاوە شەیدایەکی ڕاستەقینەی جیهانی ڕۆشنبیری و کتێب دەبێت، هەر زوو پشت لەژیانی مامۆستایی دەکات و دەکەوێتە خولیای پەیداکردنی کتێب و گەڕان لەنێوان شارەکانی تاران، قاهیرە، ئەستەمبووڵ و ژمارەیەکی زۆر کتێب دەکڕێت و ڕەوانەی کەرکووکی دەکات. دواتر دەبێتە خاوەنی یەکەمین چاپخانەی کوردی لەمێژووی شاری کەرکووکدا، هاوکات یەکەمین کورد بووە چاپخانەی ڕەنگاوڕەنگی بۆ کوردستان هێناوە. لەڕێگەی ئەم چاپخانانەوە دەیان کتێبی هەمەجۆری کوردی چاپ و بڵاوکردەوە، بەمەش خزمەتێکی مەزنی بزاڤی ڕۆشنبیریی کوردیی لەکوردستان کردووە.
زۆر لەخوێنەران و نووسەران و ڕۆشنبیرانی کوردستان لەناوەڕاستی ساڵانی سەدەی ڕابردوو، سوود و چێژیان لەو چاپکراوانە وەرگرتووە. زاهیر ڕۆژبەیانی نووسەر لەچاوپێکەوتنێکدا، لەژمارە/٨٨/ی گۆڤاری (ئایندە)دا دەڵێت: (لەڕێگەی کتێبەکانی (محەمەد ئەمین عەسری)یەوە، بەباشی فێری زمانی کوردی بووم).. شاعیر و نووسەر لەتیف هەڵمەت سەرجەم دیوانە شیعرەکەی پێشکەش کردووە و نووسیویەتی: (پێشکەشە بەگیانی پاکی مەلا محەمەد ئەمین کە تەمەنی خۆی لەکەرکووکدا بۆ چاپکردنی کتێب و نامیلکەی کوردی تەرخان کرد، خۆزگە لەنێزیک دووکانەکەی ئەوسای خۆی پەیکەرێکی بۆ دەکرا). شادڕەوان (مستەفا نەریمان) لەکتێبی بیرەوەرییەکانی ژیانمدا دەڵێت: (محەمەد ئەمین عەسری ئەم پیاوە خولیای گەڕان بەدووی کتێبی کۆن کەوتبووە کەلەیەوە، ئەچووە (تاران، قاهیرە، ئەستەمبوڵ) لەوێوە بەژمارە بێ یان بەبار و تەغار کتێبی کۆنی ئەکڕی و

ڕەوانەی دەکردنەوە، بەتایبەتی ئەو کتێبە تورکییانەی کە بەحەرفی عەرەبی نووسرابوون لەوێ ناخوێندران، هەزاران کتێبی وەهای هێنا و ساغی کردنەوە.... لەشوێنێکی دیکەی هەمان کتێبدا نەریمان دەڵێت: (ئەم زاتە کەلێنێکی گەورەی کتێبخانەی کوردی پڕکردبووە و سەدان کەس لەنیمچە خوێندەوارانی بەلای کتێبی کوردیدا ڕاکێشا بوو.

**بۆ قسە و باس لەسەر لایەنە شاراوە و بڵاو نەکراوەکانی ژیان و هەندێک لەبەرهەمە چاپ نەکراوەکانی (محەمەد ئەمین عەسری) (خەلیفە عەباسی کوڕیمان دواند گوتی:**

باوکم کەسێکی دڵسۆز و خەمخۆری کورد بوو، هەردەم ڕای وابوو گەلی کورد تەنها لەڕێگەی عیلم و مەعریفەتەوە پێش دەکەوێت.. بۆ یەکەمین جار لەمێژووی شاری کەرکووکدا چاپخانەیەکی بەردین و کتێبخانەیەکی کوردیی لەساڵی ١٩٣٥ دامەزراند، لەساڵی ١٩٤٥ بەشداری پیشەنگای چاپخانە جیهانییەکان دەکات لەشاری قاهیرەی پایتەختی میسر، لەوێ دوو چاپخانەی فەرەنسایی جۆری (مارینۆ) و (جۆن مۆنۆپۆڵ)ی بینی و بەگەنیکردن، دواتر چوو بۆ فەرەنسا و هەردوو ئامێری ناوبراوی هێنان کە بەدەس کاریان دەکرد، لەساڵی ١٩٥٣ لەبازاڕی گەورەی کەرکوک (پشت قەڵا) دایای مەزراند، بەناوی (تەرقی) و لەگەڵ چاپ و بڵاوکردنی یەکەمین کتێبیدا بەناوی (ئەحمەدی) لەبەرگی پشتەوەی کتێبەکەیدا پەیامێکی بۆ خوێنەران و ڕۆشنبیران و دڵسۆزانی کورد بڵاوکردووەتەوە، مژدەی هێنانی دوو چاپخانەیان دەداتێ و نووسیویەتی و دەڵێت: (بۆ قەومی نەجیبی خۆم: لەپاش زۆرێ زەحمەت کێشان و ماندوبوون، ئەمجار دوو مەتبەعەی گەورە و تازەمان جەلب کرد، بەڵام جارێ ئیجازەی چاپکردن وەرنەگیراوە، بەئیزنی خودای تەعالا، بەم زووانە لەپاش ئیجازە وەرگرتن هەموو نەوعێ کتێب، کارت، ئیعلانات،ڕۆژنامەی دیوار، ڕۆژنامەی باخەڵی، ئەشعار و گۆرانی لەچاپخانەمان چاپ ئەکرێ و هەرچی تالیفاتێکی موفیدتان هەبێ حازری بکەن با هیچ نەفەوتێ، هەتاکو لەپاش ئێوەش هەر بخوێندرێ و خەڵک نەفعی لێ ببینێ. ئێمە بۆچاپ لێدان، بەنرخێکی زۆر هەرزان حازرین، مەقسوودمان بۆ علم و مەعارف خزمەتێکمان بێ. ڕجامان وایە ئێوەش لەم خزمەتی علومە، تەشریکی مەساعی بکەن و هەرچی تالیفاتی بەنەفع و مەقبولتان بێ زوو بۆمان ڕەوانەی بکەن، ئیتر مۆفەقی لەخوایە)..

هەواڵنامەی کتێب






**خەلیفە عەباس لەدرێژەی قسەکانیدا دەڵێ : (دواتر چوو بۆ ئێران و تورکیا و کۆمەڵێک کتێبی هێناوەتەوە، زۆرینەی لەفۆلکلۆری کوردییەوە وەرگێڕدرابوونە سەر زمانی تورکی و فارسی و بەپیتی عەرەبی نووسرابوون، هەندێکیانی دەدا بە(مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس و عەبدولسەلام حەیدەری و مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی و عەلی باپیر ئاغا و مەلا ڕەوف سەلیم حەویزی و مامۆستا شێخ فاتیح شێخ فەتاحی دۆلانە) وەریان گێڕایەوە سەر زمانی کوردی، ئینجا چاپ و بلاویانی کردەوە وەکوو:**

**١ـ ئەحمەدی.**

**٢ـ ئیسماعیل نامە، ساڵی ١٩٥٣ چاپکراوە.**

**٣ـ میعراج نامە/ عەبدولسەلام حەیدەری/ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**٤ـ وەفاتنامەی ڕەسوڵی نازدار.**

**٥ـ حیکایەنی دز و قازی/ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی /ساڵی ١٩٥٣ لەفارسیەوە بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**٦ـ خورشید و خاوەر/ عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٣ لەفارسیەوە بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**٧ـ حیکایەتی مەلا مەشهور/ مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی /ساڵی ١٩٥٨ لەفارسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**٨ـ غەزای بەدر و حونەین/ ساڵی١٩٥٥ مەلا شەریف خاڵەبازیانی/ بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**٩ـ نەسائحی موفیدە /عەبدولسەلام حەیدەری/ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**١٠ـ فەتحی قەڵای خەیبەر عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٨ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**١١ـ شوکردنی بێ دڵ/ عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٥ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**١٢ـ ڕۆستەم و زۆراب / عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٥ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.**

**١٣ـ یوسف و زولێخا/ مامۆستا مەلا محەمەد بەها (دانا)/**



**محەمەد ئەمین عەسری**

عەسری یەك لەشۆڕەسوارانی چاپەمەنی و بڵاوكردنەوەی كوردی بوو لەكوردستاندا، پێشەنگی ئەو بوارە بوو لەشاری كەركووكدا. لەئامێزی خانەوادەیەكی كوردی عەشیرەتی زەنگنە لەشاری كەركووك هاتووەتە دونیاوە، هەر لەوێ بەمنداڵی دەستی بەخوێندنی ئایینی كردووە. پاشان بەفەقێیەتی چووەتە سلێمانی و لەمزگەوتی موفتیی گەشەی بەخوێندنەكەی داوە

لەساڵی ١٩٥٥ لەفارسیەوە بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

١٤ـ هەڵبەست بۆ قوتابییان / لەساڵی ١٩٥٥ چاپکراوە.

١٥ـ نور و نەجات/ لەساڵی ١٩٥٦ چاپکراوە.

١٦ـ غەزای جەبەلی ئوحود/ عەبدولسەلام حەیدەری/ ساڵی ١٩٥٦ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

١٧ـ غەزواتی محەمەد حەنیفە/ عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٦ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

١٨ـ سیرەتی حەزرەتی محەمەد/ ساڵی ١٩٥٦چاپکراوە.

١٩ـ شیرین و فەرهاد/ عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٦ بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٢٠ـ دەزگیرانی عائیشەخان/ ساڵی ١٩٥٦ چاپکراوە.

٢١ـ حیکایەتی چل تووتی»*» مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی / ساڵی ١٩٥٣ لەفارسیەوە کردویەتییە کوردی.

٢٢ـ شیخی سەنعان/ عەبدولسەلام حەیدەری/ ساڵی ١٩٥٦ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٢٣ـ ئەمیر ئەرسەلان (سێ بەرگە) /عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٤ لەفارسیەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٢٤ـ مەولودنامەی کوردی/ ساڵی ١٩٥٧ چاپکراوە.

٢٥ـ شیرین و خەسرەو/ عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٧ بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٢٦ـ کۆگای هونەر/ نووسینی: مامۆستا مەلا عەبدولڕەحمانی سەلامی/ ساڵی ١٩٥٧ چاپکراوە.

٢٧ـ قەسیدەی نور ئەلسەباح / مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس/ ساڵی ١٩٥٧ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٢٨ـ دیوانی جاهید/. بورهان دۆغرەمەچی هەولێری، ساڵی ١٩٥٧ چاپکراوە.

٢٩ـ گزنگی هەتاو.

٣٠ـ گوڵستانی شێخی سەعدی/ مامۆستا محەمەد فیدا، ساڵی ١٩٥٧ لەفارسیەوە بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٣١ـ حەیدەرنامە/ ساڵی ١٩٥٨ مامۆستا شێخ سەمیعی بانەیی کردوویە بە کوردی.

٣٢ـ ڕۆستەم و جیهانگیر/ عەلی باپیر ئاغا / لەساڵی ١٩٥٧ بەشیعر وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

٣٣ـ شووکردنی نابەدڵ ١٩٧٢.

٣٤ـ عەقیدەی کوردی/ ساڵی ١٩٦٨ مامۆستا شێخ سەمیعی بانەیی وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.

هەولێرنامەی کتێب





(بو آگاهداری)

بو قوی نجبی خوم : لەپاش زور زحمت کیشان وماندوبون
اجار دو مطبعەی گەورە وتازەمان جلب کرد ، بەڵام جاری
اجازەی چاپ کردن وەرنە گیراوە بە اذنی خدا یتعالی بەم
زووانە لەپاش اجازە وەرگرتن هەموو نوعی کتیب ،
کارت، اعلانات ، روزنامەی دیوار ، روزنامەی باخەڵ ،
شعار وگورانی لە چاپخانەمان چاپ أدری . وەرەبی تالیفاتیکی
مفیدتان هەبی حاضری بکەن یا هیچ نەفەوتی هەتاکو لەپاش
بوەش هەر بخوینەندری وخەڵك نفعی لی بی نی.

ایمە بو چاپ لیدان وبەنرخێکی زور هەرزان حاضرین
مقصودمان بو علم ومعارف خزمەتیکمان بی . رجامان وەهایە
بوەش لەم خدمتی علومە تشریکی مساعی بکەن وەرەبی تالیف
نقع ومقبولتان بی زو بومان روانەی بکەن . ایتر موفقیت
خوایە .

خاوەنی چاپخانەی معارف لە کرکوك

٣٥- بەڵای ناگەهان.
٣٦- ڕۆستەم و برزۆ/ شێخ فاتیح شێخ فەتاحی مەلا دۆڵانی/ ساڵی ١٩٥٥ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
٣٧- مەنیجە و بیژەن/ شێخ فاتیح شێخ فەتاحی مەلا دۆڵانی/ ساڵی ١٩٥٥ وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی.
٣٨- بارانی ڕەحمەت/ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس/ ساڵی ١٩٥٨ چاپکراوە.
٣٩- ئەساسی سەعادەت/ مامۆستا مەلا عەبدولکەریم مودەڕیس/ ساڵی ١٩٦٩ چاپکراوە.
٤٠- شەڕی پشیلە و مشک/ ساڵی ١٩٥٨ چاپکراوە.
هەرهێندەم لەبیرماوە.. وەلێ جگە لەو کتێبانەش چەندان کتێبی دەسنووسی لەپاش جێماوە، لای خۆم پاراستوومن. گرینگترینیان کتێبی (فەلەک ناز)ە کۆمەڵێک چیرۆک و بەسەرهاتی فۆلکلۆری کۆنی کوردەوارییە (مەلا ڕەوف سەلیم حەویزی) لەفارسییەوە وەریگێڕاوەتە سەر زمانی کوردیی .

**(عومەر عەلی شەریف، نووسەر و مێژوونووس و خاوەنی چەندان باس و لێکۆڵینەوە لەسەر ژیان و بەرهەمەکانی عەسری، لەبارەی ناوبراوەوە گوتی:** (یەکێکە لەشۆڕەسوارانی کاروانی چاپەمەنی و بڵاوکردنەوە و ڕۆشنبیریی کوردی و بەکۆڵەگە و بناغەی ئەو بوارە دێتەهەژماردن لەشاری کەرکووک، چەندان کتێبی ساغ کردووەتەوە و لەچاپیداوە، خزمەتێکی بەرچاوی بەرەوشی هزریی و ڕۆشنبیری لەوێندەر کرد و بۆ خۆیشی سامانێکی باشی پێکەوەناوە، ئەو کتێب و نامیلکە کوردیانەی عەسری، لەپەنجاکان و شەستەکاندا، لەسەر ئەرکی خۆی وەچاپی گەیاندن، ژمارەیان دەیان بەرهەمە، بەهەموو شار و شارۆچکە و گوندێکی کوردنشینی ئەم وڵاتە گەییشتن و مایەی بایەخ و دڵخۆشیی سەدان هەزار ڕۆڵەی کوردزمان بوون. بەو سامانە توانیی پەرە بەخواست و ئاواتە پیرۆزەکانی لەبواری ڕۆشنبیری و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردیی بدات).
ئەوەی ڕاستی بێت، عەسری بەوێنەی دەزگەیەکی ڕۆشنبیری و چاپەمەنی و بڵاوکردنەوەی کوردیی هەژمار دەکرێت، خزمەتێکی کەم وێنەی بەشارەکەی و وڵاتەکەی و میللەتەکەی کردووە، کارێکی واش لەکەرکوکی ئەو سەردەمەدا، هیمەت و زاتێکی گەورەی دەویست.
لەبواری ڕۆژنامەڤانیشدا، عەسری وەکو ڕۆژنامەڤانێکی کارامە و لیهاتوو، لەساڵانی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا، ماوەیەک لەغەزەتەی کەرکووک کاری کردووە. پاش شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژیش (١٩٥٨) بووە بەخاوەنی غەزەتەی (البشیر)، بەهەردوو زمانی عارەبی و تورکمانی دەریکردووە.

**هەڵۆ خەلیل کاکەوەیس لەدایک بووی کەرکووک، مامۆستای زانکۆ و خاوەن کتێبی (مێژووی چاپخانە لەشاری کەرکووک، ڕۆڵی محەمەد ئەمین عەسری لە پێشکەوتنیدا). لەوڵامی پرسیاری ئەوەی لەو لێکۆڵینەوانەی لەسەر ناوبراو کردت گەیشتیتە چ ئەنجامێک؟ گوتی** :(زۆرن ئەو کەسانەی ناویان لەلاپەڕەکانی مێژوودا ون نابێت،

بێگومان (محەمەد ئەمین عەسری)ش چانس یاوەری بووە و زۆر لەدڵسۆزانی شاری کەرکووک و شوێنەکانی دیش ئەم زاتەیان بەسەر کردووەتەوە و درێغیان نەکردووە، لەباسکردنی هەوڵ و تێکۆشانی لەپێناو خزمەتکردنی گەلەکەی. من لەئەنجامی لێکۆڵینەوەکەمدا گەیشتمە ئەوەی کە (محەمەد ئەمین عەسری) لەسەردەمی خۆی کردی، کەمتر نییە لەو کارە مەزنانەی (حوزنی موکریانی) و ( پیرەمێرد) کردیان، لەسەردەمانێک ئەو کاری دەکرد کە هێندەی نەمابوو ئەدەب و زمانی کوردی بەرەو هەڵدێر بڕوات، (محەمەد ئەمین عەسری) بەوێنەی دەزگەیەکی چاپ و پەخش، ڕوحی خستەوە بەر چیرۆک و ئەفسانە و حیکایەتە فۆلکلۆرە کوردییەکان، هەر لەمنداڵیەوە خولیای خوێندنەوە و فرۆشتنی کتێب کەوتبووە خەیاڵ و ئەندێشەیەوە، لەساڵی ١٩٣٥ کتێبخانەی تەرەقی هەبووە، بۆیە پێش زۆر کەس کەوتووە لەدامەزراندنی چاپخانە و چاپکردنی دەیان کتێبی کوردی، ئەو کەسانەی هاوچەرخی بوونە ئەو گەواهییەی بۆ دەدەن، ئەوەتا مامۆستا (لەتیف هەڵمەت) دەڵێت: (من خودی خۆم قەرزاری پیاوی گەورەی کوردناس و پیاوی گەورەی دڵسۆزی کورد (محمد ئەمین عەسری)م کە کتێبی (خورشید و خاوەر و ڕۆستەم و زۆراب و وەفاتنامەی ڕەسوڵی نازدار و مەولودنامە) و گەلێک کتێبی دیکەشی چاپکردن، ئێمەش لەڕێگەی ئەو کتێبانەی مامۆستا (محەمەد ئەمین عەسری) کە لەچاپخانەی تەرەقی چاپی دەکرد، بەو کتێبانە خۆمان فێری کوردی کرد.

خوالێخۆشبوو لەساڵی ١٩٥٣ چاپخانەی تەرەقی دامەزراند و ئەم چاپخانەیە تاوەکوو تینی تیابوو کاری پێکرد، دوای ئەوە چاپخانەیەکی دیکەی دامەزراند بەناوی تیجارییە لەکۆتاییەکانی شەستەکان و کارەکانی دایە دەستی (حەمە تاهیر)ی کوڕی و لەو کاتانە لەکەرکوک زۆر لەئەفەندی و ڕۆشنبیرەکانی ئەو سەردەمە کتێبەکانیان لەم چاپخانەیە بەچاپ گەیاندووە، لەسەرووی هەموویانەوە مامۆستا (مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی) و (عەلی کەمال باپیر ئاغا) و... هتد.

من بەش بەحاڵی خۆم لێکۆڵینەوەیەکم، لەسەر ئەم زاتەو چاپخانەکەی کردووە، خوا یار بێ هەر ئەمساڵ لەدووتوێی کتێبێکدا چاپی دەکەم و هەموو لایەکی پێ ئاشنا دەکەم، کۆمەڵێک زانیاری نوێ سەبارەت بەناوبراو دەخەمە ڕوو، هەروەها ژمارەی کتێبە چاپکراوەکانی کە باوەڕ ناکەم تاوەکوو ئێستە بەتەواوەتی یەکلا بووبێتەوە، زیاتر لە٤٠ سەرچاوەم بەکارهێناوە، چەندان دیدارم سازکردووە لەگەڵ کوڕەکانی محەمەد ئەمین عەسری و ئەو کەسانەی لەنزیکەوە بینیویانە و ئەوانەی سەردانی کتێبخانەکەیان کردووە. یادەوەرییەکانی ئەم زاتە زۆرە و ڕەنگە بەم بەسەرکردنەوە بەپەلەیە تەواو نەبێت. بەوتەیەکی محەمەد ئەمین عەسری کۆتایی بەقسەکانم دێنم کە دەڵێت:

(بەرگەکەی بەرم گونی بێت، بەس دڵم خۆش بێت، بەرگەکەم لەئاوریشم بێت دڵم خۆش نەبێت، بەرگی وام ناوێت!؟)

**عەسری و کتێبە دەنگییەکانی:**

پاش ئەوەی کتێبەکانی عەسری وەکو: (خورشید و خاوەر، شیرین و فەرهاد، ڕۆستەم و زۆراب و... هتد..) چاپ و پەخشکران، بەتایبەتی لەگوندەکانی کوردستان شەوان لەدیوەخانی ئاغا و کوێخا و تەکیەی شێخەکان بەتایبەتی، خوێندەوارێکی دانیشتووی ئاوایی دەیخوێندەوە بۆ ئامادەبووان، دواتر بۆ زیاتر ئاسانکاریی بۆ ئەوەی نەخوێندەوارەکانیش سوود لەو کتێبانە وەربگرن، لەناوەڕاستی ساڵانی شەستەکانی سەدەی رابردوودا، عەسری لەگەڵ پیاوێکی حیکایەتخوانی دەنگ خۆش (بەناوی مام یادگار) ڕێک دەکەوێت و لەسەر نەوار زۆرینەی کتێبەکانی بۆ تۆمار دەکات، وەلێ بەداخەوە تەنها یەک کتێب تۆمار دەکات ئەویش (داستانی شیرین و فەرهاد)ـە ئەویش هیچ کۆپییەکی نەماوە لەبەرئەوەی لەسەر نەوارە گەورەکان دەبێت، باش هەڵناگیرێت و تێکدەچێت، بەڵام خۆشبەختانە، جارێکی دیکە لە١١/١١/١٩٧٦ لەلایەن (عومەری حاجی ساڵح، خەڵکی زرگوێزی گەورە) پتر لە١٠ کتێب لەکتێبەکانی محەممەد ئەمین عەسری بەدەنگی خۆی تۆمار دەکات، ئەم پیاوە زۆر زیرەکانە و داهێنەرانە ئەم کتێبانە تۆمار دەکات، بۆ نموونە لەداستانی شیرین و فەرهاددا لەو شوێنەی فەرهاد دڵخۆشە ئەم بەئاوازێکی جیا دەیخوێنێتەوە و دەبێتە مایەی دڵخۆشی گوێگرانی و لەو جێگەیەی فەرهاد دڵتەنگ دەبێت ئەمیش بەئاوازێکی خەماویی دەخوێنێتەوە.

بۆیە سەرکەوتنی مەزنی بەدەست هێنا، بەم کارەیشی عەسری خزمەتێکی دیکەی زیادکرد بۆ مێژووی کولتووری کوردی و یەکەمین کتێبی دەنگیشی لەمێژووی ڕۆژهەڵاتی ناوین بۆ گەلی کورد تۆمارکراوە، سەرجەم کتێبە دەنگییەکانی لای من پارێزراون و ئەمانەن(شیرین و فەرهاد، خورشید وخاوەر، یوسف و زولێخا، ڕۆستەم و زۆراب، ڕۆستەم و جەهانگیر، شێخی سەنعان، وەفاتنامەی پێغەمبەر، قەڵای خەیبەر، مەولودنامە و...هتد)


محەممەد ئەمین عەسری

زۆرن ئەو کەسانەی ناویان لەلاپەڕەکانی مێژوودا ون نابێت، بێگومان (محەممەد ئەمین عەسری)ش چانس یاوەری بووە و زۆر لەدڵسۆزانی شاری کەرکووک و شوێنەکانی دیش ئەم زاتەیان بەسەر کردووەتەوە و درێغیان نەکردووە

## سەرچاوە و پەراوێز:

١ـ کتێبی (مێژووی چاپخانە لەشاری کەرکووک و ڕۆڵی محەمەد ئەمین عەسری لەپێشکەوتنیدا)، نووسینی هەلۆ خەلیل کاکەوەیس.

٢ـ محەمەد ئەمین عەسری/ ئامادەکردنی مارف ناسراو/ گۆڤاری نەوشەفەق، ژمارە ٢٨ ساڵی ٢٠٠٥. کەرکووک.

٣ـ چاوپێکەوتن لەگەڵ (خەلیفە عەباس کوڕی عەسری و نووسەر عومەر عەلی شەریف و هەلۆ خەلیل کاکەوەیس).

٤ـ بۆ بابەتی (کوێستان) سوودم لەبابەتێکی ئاکۆ خالید شوانی و چاوپێکەوتنی چەند کەسایەتییەکی دانیشتووی گەڕەکی بڵاخ و بەرتەکیەی کەرکوک وەرگرتووە.

*کتێبی چل تووتی، ئەوەی ڕاستی بێت ناوی (چل وەزیرە) مەلا جەمیل ڕۆژبەیانی لەبارەی چۆنیەتی گۆڕینی ناوەکەیەوە، دەڵێت: ( کتێبی (چل وەزیر)م بەشیعر کردە کوردی. کاتێک چاپکراو دەرچوو نووسرابوو (چل تووتی) پێکەنیم و گوتم: ئەی ئافەرین حەمەئەمین عەسری بەخوا زیرەکی).

** کوێستانی.. ئەو هونەرمەندە مەقامبێژیە بۆ یەکەمین جار مەولوودنامەی بەکوردی خوێندووە.



لای ڕاستەوە محمد ئەمین عەسری لەپێشەنگای چاپخانەکان لەقاهیرە ساڵی ١٩٤٥

# حەقیقەتی عەقڵی عەرەب



نزار محەمەد

عەقڵی عەرەب, عەقڵێک نەبووە دوو ڕەهەندی و دوو بەرەیی بێت و لەگەڵ خودی خۆی و لەفەزای مەعریفیی خۆیدا خەریکی جەنگی ناوخۆیی و کێشمەکێش بێت, واتا عەقڵێک نەبووە بەدوو ئاڕاستەی جیاواز دەرەنجام و دەرهاویشتەی هەبێت ((بۆ نموونە وەک عەقڵی ئیتاڵی, کێشمەکێش و جەنگی ناوخۆیی نێوان شوێنکەوتووان و هەوادارانی ڕێنیسانس و ئاینزای کاسۆلیک, کە ئەمەی دوایی بڕ و تینی لەدەستەڵاتی پاپای ڕۆماوە وەردەگرت)).

عەقڵی عەرەب زادەی ژینگەی دوورگەیەکی بیابانیی لماوییە, پاش فتووحاتی ئیسلامی, ڕووبەڕووی دوو سیستەمی مەعریفیی سەرسەخت بووەوە, ئەو دوو سیستەمەیش, یەکەم: سیستەمی ئەپیستیمیی گنۆسیی عیرفانیی فارسی تێکەڵ بەمانەویزم و زەردەشتیزم و موتووربە کراو بەعیرفانیزمی هێرمسی و فەلسەفەی ئەفلۆتین (ئەفلاتوونیزمی نوێ), دووەم: سیستەمی ئەپیستیمیی بەڵگەخوازیی بەرمەبنای فەلسەفەی یۆنانیی, بەتایبەت لۆژیکی ئەرستۆیە.

**هێشتا با بێینە سەر مێژووی سەرهەڵدانی نەتەوەیەک بەناوی عەرەبەوە:**

لەسەرچاوە بەراییەکانی مێژووی عەرەب باس لەوە دەکرێت کە ئەسڵ و ڕەچەڵەکی عەرەب خاکی یەمەنە و لەیەمەنەوە هاتوون و دواتر بەرە و خاکی حیجاز و بەپانتایی و درێژایی دوورگەی عەرەبدا بەشێوەیەکی خێڵەکییانە پەرش و بڵاوبوونەتەوە. ئێمە ئەم بۆچوونە بەڕاست نازانین و زیاتر لەگەڵ ڕاو بۆچوونەکانی تەها حوسێنداین کە زانستیانەترن. بەپێی ئەو بۆچوونە باوەی کە تەها حوسێن ڕەتیدەکاتەوە, عەرەب دوو بەشن: قەحتانی, نشینگەی سەرەکییان یەمەنە و عەرەبی ڕەسەنن, بۆیە پێیان دەڵێن عەرەبی عاریبە. عەدنانی, نشینگەی سەرەکییان خاکی حیجازە کە هەردوو شاری مەککە و مەدینە دەگرێتەوە, عەدنانییەکان گوایە لەئەسڵدا سریانی و کلدانی بوون لەژێر کاریگەریی قەحتانییەکان بوون بەعەرەب, بۆیە پێیان دەڵێن عەرەبی موستەعریبە و نەسەبیان بۆ ئیسیماعیلی کوڕی ئیبراهیم دەگەڕێتەوە.

لەباسی نەسەبدا, واتا ڕەچەڵەک دەبێت ئەوە نەبوێرین کە ئەم زانستە لەناو عەرەبدا زۆر باوە, لەبنەڕەتیشدا زانستێکی جوولەکەیە و لەپەیمانی کۆن بەشی یەکەم کە بەتەورات ناسراوە لەسیفری ژمارەدا بۆ یەکەم جار ئەم زانستە با بڵێین ئەم نەریتە دەخرێتەڕوو کە بۆ بابەتی ڕەچەڵەکناسی تەرخان کراوە. زانستی ڕەچەڵەک یان نەریتی ڕەچەڵەک نەریتێکی سامییە و هەر کۆمەڵ و هۆزێکی دیاریکراو دەتوانن بەپێی ئەو نەریتە, لەکوڕەوە بۆ باوک لەباوکەوە بۆ باپیر, ئەوجا بۆ باوباپیران ئەسڵ و ڕەچەڵەکی خۆیان بەرنەوە سەر تاکە کەسێکی دیاریکراو. ئەم نەریتە سامییە کە لەلایەن عەرەبەوە ناوی زانستی لێنراوە, بەپێی پرەنسیپە زانستییەکانی ئەم سەردەمە ڕەتکراوەتەوە, واتا ئەم نەریتە بەهیچ

هەواڵنامەی کتێب

شێوەیەک زانستی نییە. ئەو تەنقیباتانەی لەخاکی یەمەندا کراون, دەریدەخەن کە یەمەن پێش ئیسلام و پێش ئیسلامبوونیان عەرەب نەبوون, بەڵکو حەمیری بوون و زمانیان حەمیری بووە, کە ئەم زمانەش یەک لەزمانە سامییەکانە, بۆیە یەمەنییەکان پاش موسڵمانبوونیان بوون بەعەرەب و زمانیان بوو بەعەرەبی. واتا بەپێی ئەو بەڵگە مێژوویی و ئەرکیۆلۆژییانەی تا ئێستا بەدەست گەیشتوون, سەلمێنراوە کە چۆن بەنموونە فینیقییەکان بەوتەی هیرۆدۆت نشینگەی سەرەکیيان کەنارەکانی خەلیجی فارسە ((بۆیە ناڵێم خەلیجی عـەرەب, چونکە بەشێوەیەکی فەرمی خەلیجی فارسە نەک عەرەب و هیچ مەبەستێکی شۆڤێنییانەم نییە)), لەدوورگەی عەرەبدا, هەر بەو شێوەیەش نشینگەی سەرەکیی عەرەب حیجاز بووە, نەک خاکی یەمەن. وەک وتمان یەمەنییەکان پاش فتووحاتی ئیسلامیی زمانیان گۆڕا و بوون بەعەرەب کە لەپێشدا حەمیری و سەبەئی بوون. بەپێچەوانەوە, عەرەبە ناسیۆنالیستەکان بەحیکایەت چنینەوە و خوڕافاتی شۆڤێنییانەی خۆیان یەمەن بەعەرەبی عاریبە و بەعەرەبی ئەسڵ دادەنێن و عەرەبی حیجازیش بەعەرەبی موستەعریبە کە ئێستایشی لەگەڵدا بێت دوورگەی سۆقەتری لەیەمەن زمانیان عەرەبی نییە. عەرەبەکان دەبووایە بەخەیاڵی خوڕافیی خۆیان ئەم حیکایەتەیان دروست بکردایە, چونکە محەمەد لەقورئان و حەدیسدا خۆی بەزانستی ڕەچەڵەکناسیی (علم الانساب) عیبری و سامی دەباتەوە



لەسەرچاوە بەراییەکانی مێژووی عەرەب باس لەوە دەکرێت کە ئەسڵ و ڕەچەڵەکی عەرەب خاکی یەمەنە و لەیەمەنەوە هاتوون و دواتر بەرە و خاکی حیجاز و بەپانتایی و درێژایی دوورگەی عەرەبدا بەشێوەیەکی خێڵەکییانە پەرش و بڵاوبوونەتەوە. ئێمە ئەم بۆچوونە بەڕاست نازانین و زیاتر لەگەڵ ڕاو بۆچوونەکانی تەها حوسێندایین کە زانستیانەترن

سەر ئیسماعیلی کوڕی ئیبراهیم. لەخاکی حیجازیشدا هۆزی جوولەکەی وەک بەنو نەزیر و بەنو قەینوقاع و بەنو قورەیزەی لێبووە و پاش ئاوارەبوونیان لەساڵی ٧٠ز دا لەلایەن ئیمپڕاتۆری ڕۆمانی تەیتەس ڤاسپاسیانەوە هاتبوونە خاکی حیجاز و یەمەن و دووروگەی عەرەبی بەگشتی. بۆیە محەمەد و عەرەبەکانی پاش محەمەد دەبووایە دانیان بەوە هێنابا و شێوە حیکایەتێکیان چنیبا کە عەرەبی خاکی حیجاز عەرەبی عاریبە نین, عەرەبی موستەعریبەن.

بابێینە سەر سروشتی زمانی عەرەبی کە بەپێی پۆلێنکردنی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەدەی نۆزدەوە بەیەک لەزمانە سامییەکان هەژماردەکرێت. سروشتی زمانی عەرەبی وەک سروشتی تێکڕای زمانە سامییەکان کە ئەمە ڕای ڕۆژهەڵاتناسانە بەتایبەت ڕۆژهەڵاتناس ڕێنان, سروشتی قاڵبی کۆنکریتییە و سوڵتەی لەفزە, کە ئەمەش ڕای محەمەد عابد جابرییە. ئەو یەکەم لەفزە و ئەو یەکەم درکەیەی کە لەچاوگی (کار) فرمانەوە سەرچاوە دەگرێت, لەدەرەوەی زەمەنە, واتا ئەو چاوگە ڕووداوێکی بێ زەمەنییە و زەمەنی بۆ دیاری نەکراوە و ناکرێت. گەر لەزمانی کوردیدا یەک چاوگ بەنموونە بێنینەوە بۆ نموونە چاوگی (لێدان) و حیسابی زمانی عەرەبیی بۆ بکەین, دەبینین چاوگی لێدان ڕووداوێکی بێ زەمەنە و بەدەر لەزەمەنە, هەر ئەوەندەمان بۆ دەردەکەوێت, کە ڕووداوی لێدان هەیە و بێ تەحدیدی زەمەن ڕوویداوە, نازانین کێ و دژ بەکێ و لەکوێ و کەی و چۆن ....هتد. ئەمە بۆتە بنەمای قاڵبی کۆنکریتیی تێکڕای زمانە سامییەکان و بەتایبەتی زمانی عەرەبی و عیبری, هەروەک چۆن ڕۆژهەڵاتناسان و بەتایبەتیش ڕێنان تەکەز دەکەنە سەری. لەوانەیە پرسیاری ئەوە بکرێت کە چاوگ لەهەموو زمانێکدا چ جای ئەوەی ئەو زمانە سەر بەگرووپی سامی, یان سەر بەگرووپی ئاری, یان ئەلتایلک بێت, بەهەمان شێوە ڕووداوێکی بێ زەمەن و دەرەوەی زەمەنە. وەڵامەکە بەڵێ وایە, بەڵام ئەسڵی مەسەلەکە زیاتر لەوەدایە کە لەزمانە سامییەکان و بەنموونە لەزمانی عەرەبیدا سوڵتە سوڵتەی لەفزە کە زمانیش وەک دەزانین بەپێی تیۆری عەقڵیی, عەقڵە, هەر عەقڵێک و سیستەمی مەعریفەیەکیش لەناو دەفری زمانێک لەزمانەکان سەریانهەڵداوە و لەدایکبوون.

مرۆڤی هۆمۆساپیان قابلییەتی زمان و قسەکردنی هەیە, ئەو ئیمکانییاتی زمانە و قابلییەتی زمانە بەبەرخوردی خەسڵەت و تایبەتمەندیی ژینگەوە ئاخاوتنی لێدەبێتەوە و ئەو ئاخاوتنە و دواجاریش کە دەبێت بەپرۆسەی نووسین, هەمان خودی عەقڵەکەیە. بۆیە لەلایەن بیرمەندانی ئەڵمانیی وەک هێردەر و هامبۆڵت و هامانەوە وتراوە کە عەقڵ زمانە (ئاخاوتن و نووسین) و زمان (ئاخاوتن و نووسین)یش عەقڵە, یان بەگوزارشتێکی تر, عەقڵ ئامرازی هزرە و لەڕێی زمانەوە گوزارشتی لێودەکرێت. لەزمانی عەرەبیدا کە سوڵتەی لەفز هەیە, یەک مانایەکی ئەزەلی, یەک مەدلوولی ئەزەلی,

هەواڵنامەی کتێب

بەدالەوە واتا بەلەفزەوە دەچەسپێت و دەبێتە ڕەهەندێکی جێگیر لەڕەهەندگەلی زەمەکاندا (زەمان, مەکان). عەقڵی عەرەب هەموو شتێک بەپێوەری نەگۆڕیی چاوگی بەدەر لەزەمەن دەپێوێت, لەسەر ئەم بنەمایە سیبەوەیهی و خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی, بەزانستی مۆرفۆلۆژیا کە عەرەب زانستی سەرفی پێدەڵێن, بەهەزاران و بگرە دەیان هەزار کار (فرمان, فعل)یان لەو چاوگانەوە کە لەسێ پیت و چوار پیت و پێنج پیت پێکدێن داتاشی, لای ئەعرابەکان (عەرەبە خێڵەکییەکان), وەک لەسەرچاوەکاندا دەیگێڕنەوە نامۆبوون و بەقەولی خۆیان ئەو وشانەیان نەبیستبوو ((هەرچەندە ئێمە لاریمان لەمە نییە, چونکە بەپێی تیۆری زانایانی زانستی لینگویستیکی نوێ, بەتایبەت سۆسێر, زمانە ستانداردەکانی مێژوو بەو شێوە ڕێک و پێکە نەبوون کە ئێستا هەن, بەڵکو لەلایەن دەستەبژێرێکی ڕۆشنبیریی زمانزان و زمانەوانەوە یەک لەدیالێکتەکان لەڕووی سینتاکس, مۆرفۆلۆژی, سیمانتیکی, فۆنەتیکی, سیمیۆلۆژی, دەستکاری کراوە و ڕێکخراوە و برەوی پێدراوە و ڕێکتر لەزمانە لۆکاڵییەکەی ڕەمەکی خەڵک داڕێژراوەتەوە)). ئەوەبوو خەلیل لەسەر بنەمای سوڵتەی لەفز زانستی عەرووزی دانا, ئەوەی بەکێشی تەفعیلە ناسراوە ((تەفعیلەکان لەچاوگی (کار, فرمان) فعلەوە داتاشراون)), بەو شێوەیە هەموو شیعری عەرەبی کرد بەدیلی ئەو قاڵبە کۆنکریتییەی کە لەشانزە بەحردا خراوەتە ڕوو.

لەمەوە بۆمان ڕوون و دیارە, لای ڕێزمانەوانانی وەک سیبەوەیهی کە بنەمای نەحوی عەرەبیی سەر بەقوتابخانەی بەسرەی دانا, خەلیلی ئەحمەدی فەراهیدی کە زانستی عەرووزی عەرەبی دانا, شافیعی کە ئوسووڵی فیقهی ئیسلامیی دانا, هەروەها زانستی کەلام کە موعتەزیلەکان دایانمەزراند, ((ئەمانە ئەو زانستانەن کە ناوی زانستە عەرەبییەکانی لێنراوە)), بەپێی ئەو پرینسیپ و ڕێسایانەی کە ئەم زانایانەی ناومان هێنان بنەماکان و ئەساسییاتەکان دانراون, زمانی عەرەبی زمانی قاڵبی کۆنکریتییە و بنەمایەکی ماتماتیکی هەیە, لای فەیلەسووفە کۆنەکان ماتماتیک زانستی موجەڕڕەد و هەڵە قبووڵنەکەر و بێ مشتومڕە و تێکەڵ بەهەماهەنگیی مۆسیقییان کردووە. محەمەد عابد جابری دەڵێت: ((قاڵبگەل و داڕشتنی وشە لەزمانی عەرەبیدا کێشی مۆسیقین, واتا هەر قاڵبێک (ئایا قاڵبی شیعری, یان قاڵبی ئوسووڵی فیقە, یاخود زانستی تەسریف یان پرینسیپەکانی زانستی کەلام هەر کامەیان بێت – نووسەر) لەم قاڵبانە و هەر بونیادێک لەم بونیادانە ئاوازێکی مۆسیقیی جێگیرە)).

واتاکەی زمانی عەرەبی کە لەچاوگ ڕووداوێکی بێ زەمەنەوە دەستپێدەکات, خودی زمانەکە و ئەو زانستانەی پەیوەستن بەو شێوە زمانە و جۆرە زەمەنەوە, بریتین لەکۆمەڵێک قاڵبی کۆنکریتیی و لەهەمان کاتدا بەهەماهەنگییەکی مۆسیقییەوە بەپێی زانستی ماتماتیکیی ڕووت داڕێژراون. زمانی عەرەبی چ بەشیعر, چ بەپەخشان

و لەقورئاندا بەزەقی دیارە کە شیعر و پەخشانی لەخۆی کۆکردۆتەوە, ئەمەش بنەمایەکی ماتماتیکی هەیە وەک ئاماژەمان پێکرد ماتماتیک زانستێکی ڕەها و موجەڕڕەدە, هەڵە قبووڵ ناکات, زمانێکی مۆسیقیی هەماهەنگیی ماتماتیکیی لەیەک جیا و ترازاو و تەجویزییە (لەوانەیە ببێت یان نەبێت) و بەپێچەوانەی زمانە ئارییەکان کە زمانگەلی پەیوەستەیی (وەصڵی) و هۆ – بەرهۆیی(سەبەبین)ن. زمانی عەرەبی گەر کانتییانە لێی بڕوانین پێکهاتەییە (تەرکیبییە), کانت دەڵێت ئێمە هەندەسە و جەبرمان لەپرۆسەی ئەزموونەوە بۆ دەردەکەێت و لەهەمان کاتیشدا بەئەزموونگەلی زۆر و بەتێپەڕینی کات, بوون بەدوو بابەتی ئەوەڵیی پێشینەیی. لەبەرئەوە لەڕوانگەی کانتەوە ماتماتیک چ زانستی جەبر (ژمارە و شەفراتەکان) و چ زانستی هەندەسە (زانستی موسەتەحات) پێکهاتەیی (تەرکیب)ین, بۆ سەلماندنیان پێویستیان بەئەزموون هەیە, لەهەمان کاتیشدا ئەوەڵی پێشینەیین, چونکە ئیتر بەتێپەڕینی کات پێویستمان بەوە نامێنێت, هەر کاتێک ویستمان بزانین یەک کۆ یەک یەکسانە بەدوو, بچین بەئەزموون و تاقیکردنەوە بیسەلمێنین.

دەتوانین بڵێین ئەم کاتیگۆرییە پێشینەییە, خەلیل و شافیعی و سیبەوەیهی و زانایانی زانستی کەلام لەسەر بنەمای ماتماتیک لەسەر زمانی عەرەبی و زانستە عەرەبییەکاندا پەیڕەویان کرد, کلاس بەندییان کرد و قاڵبێکی کۆنکریتیی وایان لێدروست کرد کە لەدەرەوەی زەمەن بێت و بەپێی باروزرووف و سەردەم, عەقڵی عەرەب کە تەکەز دەکاتە سەر سوڵتەی لەفز بەهیچ شێوەیەک گۆڕانکاریی بەسەر نەیەت و گۆڕانکاریی پێ قبوڵ نەبێت, ئەو سیستەمە بونیاد بنێت کە محەمەد عابد جابری ناوی سیستەمەی مەعریفیی ڕەوانکاری (بەیانیی)ی لێناوە. ئەم سیستەمەی وەک ڕوونمان کردەوە, تەنها سیستەمی زادەی عەقڵی عەرەبە, کەوتە کێشمەکێش و ململانێیەکی بێئامانەوە لەگەڵ دوو سیستەمی بێگانە (بەڵگەخوازی و گنۆسی) کە پاش فتووحاتی ئیسلامی دزەیان کردبووە نێو جەستەی مەعریفیی عەرەبەوە.

بەپێویستی نازانین لەم وتارەماندا باسی هەردوو سیستەمەکە بکەین, چونکە سیستەمی بەڵگەخوازی هەر فەلسەفەی یۆنانی بەتایبەت فەلسەفەی ئەفلاتوون و لۆژیکی ئەرستۆیە و سیستەمی ئەپیستیمیی گنۆسیش سیستەمی مەعریفیی فارس و ئینجا تورکە. محەمەد عابد جابری دەڵێت: ((ڕێزمانەوانان و زمانەوانانی عەرەب, زمانی عەرەبییان لەقاڵبگەلی لۆژیکیدا قاڵبڕێژ کرد کە ڕەنگدانەوە و ئاوێنەی وێنەگەلی هەستیی و دەنگیی بوون لەزۆر حاڵەتدا)).

هەمان بۆچوون ڕۆژهەڵاتناسان دەیسەلمێنن و گومان لەوەدا نییە کە جابری کەوتۆتە ژێر هەژموونیان, ڕۆژهەڵاتناسان ئەوەیان سەلماندووە کە عەقڵە سامییەکان (ئێمە مەبەستمان عەقڵی عەرەبە) عەقڵی حیسسین زیاتر لەوەی عەقڵی تەجریدی و موجەڕڕەد و لۆژیکی بن,

هەواڵنامەی کتێب

وەک عەقڵە ئارییەکان (عەقڵی یۆنان بەنموونە). هەر بۆیە زمانی عەرەبی بەقورئانیشەوە کە سەرچاوەی سەرەکییەتی، زمانی ڕوانبێژیی پڕ و چڕ لەسەنایعی لەفزی و موحەسیناتی بەدیعییە و زیاتر زمانێکی ئاهەنگدار و ئاوازدارە و زۆریی لەئەلفاز و کەمیی لەمانادا هەیە. هەر کتێبێکی کۆنی عەرەبی لەهەر بابەتێکدا بەپەخشان نووسرابێت کە دەیخوێنیتەوە زیاتر لەفزت پێشکەش دەکات وەکو لەوەی مانات بداتێ. ئەم دیاردە و جۆری نووسینە لەدەقی بەرهەمەکانی جاحیز و ئەبوو حەیانی تەوحیدیدا کە لەمێژووی کەلەپووری مەعریفیی عەرەبدا بەئەدیبی فەیلەسووف و فەیلەسووفی ئەدیب ناسراون، بەزەقی دیارە.

قورئان یەکەم موخاتیبی عەقڵی عەرەبە و زمانی عەرەبە خێڵەکییەکانە و زمانی ڕەوانکارییە (البیان)، بەگوزارشتێکی تر زیاتر زمانی وێنەییە، دەنگیی و ئاوازدار و ئاهەنگدارە، وەک ئەوەی زمانی مانا و هزر و بیر و چەمکی عەقڵیی موجەڕڕەد بێت. زمانی عەرەبی زمانی کۆمەڵێک لەئیحساساتە، زمانێک نییە بتوانێت مانا و ماناگەلی هزری بخولقێنێت، چۆن؟ بەپێی بۆچوونی ڕێنانی ڕۆژهەڵاتناس زمانی عەرەبی حیسییە، واتا لەدەرەوەی زەمەندایە، مێژوویێتی نییە و بەپێی بـاروزورووف و سەردەم، گۆڕانکاریی بەسەر نایەت.

با بەپێی قۆناغەکانی ڕەوتـی عەقڵی و مەعریفیی مرۆڤی هۆمۆساپیان شەرحێکی چەمکگەلی تەجریدی حیسسی و چەمکگەلی تەجریدی عەقڵی بکەین، بۆئەوەی مەسەلەکەمان باشتر بۆ ڕوون بێتەوە. لەقۆناغی تەوتەمپەرستی و شامانیزم و ئەنیمیزمدا، دەربڕین و گوزارشت و لەفز، وجوودی فیزیکییان هەیە، هێشتا ئەو لەفزانە نەبوون بەچەمکگەلی موجەڕڕەد، بەگوزارشتێکی تر هێشتا لای مرۆڤی ئەم قۆناغە دال و مەدلوول لەیەک جیانەکراونەتەوە. بۆ نموونە کاتێک کە دەڵێین دایک یان پاشا، ئەمانە ناوی ڕووت نین، بەڵکو ئەو ناوانە لای مرۆڤی ئەم قۆناغە وجوودی فیعلییان هەیە و هەروەک بڵێیت تەحزیری ئەرواحیان بۆ کراوە. هەموو شتێک چ ئیسمیی چ فیعلیی بێت، چ زیندوو چ مردوو، لەهەر کوێیەک بێت بەردەوام وجوودێکی فیعلی و لەبەرچاوی هەیە.

لەقۆناغی مێتۆلۆژیادا مەسەلەکە بەپێی ڕەوتی پێشەوەچوونی عەقڵی مرۆڤ هەنگاوێک بەرە و پێشەوە دەڕوات. ئەو وشەیەی لای تاک بەکاردەهێنرێت، هێشتا هێزەکییە و کردارێتی نییە، واتا هێشتا لەدۆخی هێزدایە و بۆ دۆخـی ئاماژە نەگواستراوەتەوە. بۆ نموونە لەداستانی ئەلیازە و ئۆدیسەی هۆمیرۆسدا وشەی خەو تەنها مانای خەو ناگرێتەوە، بەڵکو ئەو وشەیە، ئەو لەفزە، ئەو هێزەش دەگرێتەوە کە هۆکاری خەولێکەوتنە، کە خاوەنی سروشتی ڕۆحی و ئاینییە. چۆن مرۆڤ لەم قۆناغەدا بۆی هەیە ببێت بەخودا کە بۆ ئەم قۆناغە وا باشترە بڵێین خودامرۆڤ، خودا مرۆڤیش نیوە خەسڵەتی

خودایی و نیوە خەسڵەتی مرۆیی هەیە, ئاوهایش ئەو وشە و ئەلفازانەی بەکار دەهێنرێن, تەنها دال نین بۆ مەدلوولێکی ئاماژە پێکراوی ئاسایی, بەڵکو هێزێکی ڕۆحانی و ئاینیشیان هەیە. بەواتایەکی تر دالگەلێکن بۆ مەدلوولگەلێکی نیوە دونیایی و نیوە ئاسمانی و غەیبانی. هەروەها وشەی ڕاکردن تەنها مەدلوولی ڕاکردن نییە لەبەر هۆکاری ترس, بەڵکو ئەو هێزە خاریقەشە هێزێکی غەیبانیی وایە کە مێتاسروشتە و جەنگاوەرەکان دەستەوەستان بەرامبەری و بەدەر لەڕاکردن هیچ چارەیەکی دیکەیان نییە.



سروشتی زمانی عەرەبی کە بەپێی پۆلێنکردنی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەدەی نۆزدەوە بەیەك لەزمانە سامییەکان هەژماردەکرێت.
سروشتی زمانی عەرەبی وەك سروشتی تێکڕای زمانە سامییەکان کە ئەمە ڕای ڕۆژهەڵاتناسانە بەتایبەت ڕۆژهەڵاتناس ڕێنان, سروشتی قاڵبی کۆنکریتییە و سوڵتەی لەفزە, کە ئەممەش ڕای محەممەد عابد جابرییە. ئەو یەکەم لەفزە و ئەو یەکەم درکەیەی کە لەچاوگی (کار) فرمانەوە سەرچاوە دەگرێت

قۆناغی مێتافیزیکا, قۆناغی عەقڵی موجەڕڕەد, هزری گشتی, چییەتیی, هەمەکی, ماناگەل و هزر و بیری تەجریدییە. وەک دار, ئینسان, حەیوان, عەقڵ, ئەمانە ئیسمی بێ موسەمما نین و لەهەمان کاتیشدا فیعلییەتی هەنووکەییان نییە, چونکە جەوهەرگەلێکن قائیم بەزاتی خۆیان. یان چەمکی ئینسانییەت, بەشەرییەت, چەمکگەلی گشتیی هەمەکین و کاتیگۆرین. ئەمە بەو واتایەیە کە لەقۆناغی مێتافیزیکادا دەلالەتەکان, چەمکەکان, ماناکان کە بەگشتی کراون و بوون بەچەمکی گشتی, بەرە و ئاسمانی غەیبانییەت و مێتافیزیکا دەچن, تەنها مرۆڤی خاوەن عەقڵ و عەقلانییەتە ئەویش لەڕێی عەقڵەوە کە ئیش لەسەر مەعقولات دەکات هەست بەو ماهییەتە گشتییانە و هزرە موجەڕڕەدانە دەکات, هەر ئەمەشە مرۆڤی چاکەکار لای

هەواڵنامەی کتێب

ئەفلاتوون. مەرج نییە هەموو زمانێکی زیندووی سەر ئەم زەمینە زمانی تەجریدی بێت, زمانی چینی کە زمانێکی زیندووە, ماناگەلی موجەڕڕەدی نییە, بۆ نموونە ئەم زمانە ناوی بۆ هەموو دیاردەکانی پیرێتی هەیە, بەڵام ناوێکی گشتگیری بۆ پیرێتی نییە, دیارە پیرێتی ناوێکە گوزارشت لەمانایەکی موجەڕڕەد دەکات. زۆر هۆزی دواکەوتووی وەک هۆزی تسمانی لەئوستڕالیا, ناویان بۆ هەموو دارێک هەیە, بەڵام ناوێکی گشتگیریان بۆ دار نییە. شایانی وتنە لەم قۆناغەدا لەڕووی هزر و چەمکی موجەڕڕەدەوە گرووپی زمانە سامییەکان (عەرەبی بۆ نموونە), لەگرووپی زمانە ئارییەکان (یۆنانی بۆ نموونە) جیادەبێتەوە. زمانی یۆنانی چەمکگەلە موجەڕڕەدەکانی سوڵتەی مانان و زیاتر لۆژیکین. بەڵام لەزمانی عەرەبیدا, چەمکگەل و ماناگەلە موجەڕڕەدەکان زیاتر حیسسین, مۆسیقین, ئاهەنگدارن و لەقاڵبی کۆنکریتی ماتماتیکیدا داڕێژراون. زمانی یۆنانی چەمکگەلی موجەڕڕەدی لۆژیکی وێنەیین. هاوکات زمانی عەرەبی چەمکگەلی موجەڕڕەدی لەفزی, بێژەیی, حیسسیی, هەستەکی, مۆسیقین. بۆیە زانایانی عەرەب وتوویانە مەنتیقی ئەرستۆ نەحوی یۆنانە و نەحوی عەرەبیش مەنتیقی عەرەبە.

هەر بۆ نموونە لەلۆژیکی ئەرستۆدا وتراوە کە:

مرۆڤ فانییە.

سۆکرات مرۆڤە.

سۆکرات فانییە.

ئەمە چەمکێکی لۆژیکی وێنەیی, موجەڕڕەدی غەیبانیی مێتافیزیکاییە. لەزمانی عەرەبیشدا دەتوانین زۆر نموونە بێنینەوە, کە حیسسیی مۆسیقین و هەر لەکەلەپووری عەرەبیدا ئەو جۆرە پەخشانەی ناوی پەخشانی سەجعداری لێنراوە بەخۆی باشترین نموونەیە.

عەقڵی عەرەب لەسەردەمی تەدوینەوە واتا نووسینەوە و وەرگێڕانی دەق لە١٥٠ی کۆچییەوە دەستپێدەکات, ئەمە ڕای بیرمەندانی عەرەبە, ئێمەش لەخوێندنەوەماندا بۆ عەقڵی عەرەب, وەک بنەمایەک سوودی لێوەردەگرین. لەو تەدوینانەش چەند دەقێک دەخەنەڕوو, لەپێش قورئان و سەردەمی ئیسلامدا کە بەسەردەمی جاهیلی ناسراوە نووسراونەتەوە. ئەو دەقانە بریتین لەحەوت یان دە هەڵواسراوەکە و بەشیعر و نەزم هۆنراونەتەوە. ئەو دەقانە لەگۆشەنیگای محەمەد عابد جابرییەوە دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی بتپەرستیی فرەخودایی, ڕەنگدانەوە و گوزارشتن لەگەردووونناسی بەتڵیمۆس. خوداکانی عەرەب وەک لات و مەنات و عوززە فریشتەی ئاسمانی بوون کە جێنشینگەی سەرەکییان حەوت هەسارەکەی ئاسمان بوو, ئەو فریشتانە ناوەندییار (وسیط)ی نێوان پەروەردگاری ئاسمان و مرۆڤی سەر زەوی بوون کە ئەمە بۆچوونێکی هێرمسییانەی موتووربەکراو بەئەفلاتوونیزمی نوێیە. محەمەد عابد جابری ئەم قۆناغەی عەرەب بەقۆناغی مێتۆلۆژیا دادەنێت و دابەزینی قورئانیش وەک دابڕانێک, بەدەستپێکی قۆناغی فەلسەفە و مەعریفە و مێتافیزیکا

قەڵەمزەددەكات. شارستانییەتی یۆنان لەسەدەی شەشەمی پێش زایین لەتالیسەوە قۆناغی میتۆلۆژیای بۆ قۆناغی مێتافیزیكای غەیبانییەتی ئاین و فەلسەفەی گەردوونگەرایی تێپەڕاند. لەعەقڵی عەرەبیشدا قورئان و نووسینەوەی قورئان بەپەخشان قۆناغی گواستنەوە بوو لەعەقڵییەتی میتۆلۆژیاوە بۆ عەقڵانییەت, یاخود عەقڵی موجەڕڕەدی مێتافیزیكا, ئەمەیش تێڕوانینێكی ڕاستە, چونكە ئاینی گەردوونگەرا ئاینی قۆناغی مێتافیزیكایە. خودای قورئان ئافرێنەری هەموو شتە, هەموو كەون و كائینات و گەردوون و دیاردە سروشتییەكان, ئافرێنەری بچووكترین بوونەوەرە كە تا ئەو كاتە وێنایان دەكرد, ئەویش گەردە (الذرة). زمانی عەرەبی وەک هەر زمانێک یەكانگیرە لەگەڵ عەقڵی عـەرەب, زمانی ژینگەیەكی بیابانییە كە لـەوردە لم زیاتر تا چاو بڕكات هیچی دیكەی تێدا نییە, ئەو وردە لم و دەنكە لمانە هەمان ئەو تۆزقاڵە گەردانەن كە لەقورئاندا باسكراون و ئاماژەیان پێدراوە.

لای فەیلەسووفە موتەكەلیمەكانی عـەرەب بەگشتی و زانایانی زانستی كەلامی ئەشعەری بەتایبەتی, ئەم گەردانە بچووكترین توخمی بوون پێكدەهێنن و بەڕادەیەك بچووكن ئیتر قابیلی بەشكردن نین. شوێنی ئەم گەردە ناكۆتا بچووكانەش, بۆشایی گەردوونە و بەتەنیشتی یەكەوەن. بێگومان پەروەردگار ئافرێنەری ئەو گەردانەیە كە موتەكەلیمەكان ناوی جەوهەرگەلی تاكیان لێناوە. بۆیە جیهان لەو جەوهەرە تاكانە پێكهاتووە و شوێنیان لەبۆشاییدایە و هیچ پەیوەندییەكی ئۆرگانی لەنێوانیاندا نییە, واتا بەقەولی موتەكەلیمەكان لەیەک جـودا و ترازاون. هەر یەكگرتنێک لەنێوان ئەم جەوهەرە تاكانە بۆ دروستبوونی شتێک, دیاردەیەک, توخمێک لەلایەن خوداوەیە, چونكە خـودا ئافرێنەریانە كە بەعادەت وەک غەزالی دەڵێت لامان بۆتە چەمكی هۆ و بەرهۆ, نەوەک ئەوەی كە لەلۆژیكی ئەرستۆدا هاتووە, جیهان قیدەمە و حادیس نییە و مادەی ئەوەڵی (هەیولا) لەئەزەلەوە هێزەكییە و (سورەت) وێنە لەئەزەلەوە كردارەكییە و بزوێنەری یەكەمیش واتا پەروەدگار تەنها ڕێكخەریانە, ئەمە لەفەلسەفەی یۆنانیدا پرینسیپی سەرەكیی هۆ و بەرهۆ (سەبەبییەت)یە. بەڵام پرینسیپی سەرەكیی عەقڵی عەرەب لەیەک جیایی و ترازان و تەجویزە (لەوانەیە ببێت یان نەبێت), ئەوەش بەپێی ئەو جەوهەرە تاكانەی ڕەنگدانەوەی ژینگەی لماویی دووڕگەی عەرەبن و جیهانی حادیسن, نەک جیهانی قیدەمی لۆژیكی ئەرستۆ كە خودا مافی بەئافراندنییەوە نییە, بەڵكو ئەوە جەوهەرە تاكەكانن كە ئافرێنراوی خودان.

وەک ئاماژەمان پێدا, لای گەورەترین فەیلەسووفی ئەشعەری, غەزالی ئەم چەمكی هۆ – بەرهۆ(سەبەبییەت) یە, لەڕێگای عادەتەوە بۆتە پرینسیپێكی سەرەكی لامان و پێی هەڵخەڵەتاوین.

بەهەر شێوەیەک بێت ئەم مشتومڕە مەعریفی و فەلسەفییانەی کە مەعریفە خوازانی عەقڵی عەرەب لەگەڵ عەقڵی یۆناندا کردوویانە, دەمانگەیەنێتە ئەوەی کە عەرەب بەدرێژایی مێژووی کایەی مەعریفییان تەفکیر لەعەقڵیان هەبووە نەک تەنها تەفکیر بەعەقڵ. چونکە میللەتێک گەر خاوەنی بیرکردنەوە لەعەقڵ نەبێت, ناتوانێت دەقی ڕەخنەیی هەبێت و قورئان بنووسێتەوە و دەست بکات بەپرۆسەی وەرگێڕان و نووسینەوەی دەق و بەرەنگاربوونەوەی عەقڵە جیاوازەکانی (مغاير) جیهان, کە لەسەردەمی خەلیفەی عەباسی مەئموونده ئەو پرۆسەیە گەیشتە ئەوپەڕی.

بەرزترین ئاستی فەلسەفەی عەرەب بریتییە لەزانستی کەلام ((بەشێوەیەکی گشتی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەدەی نۆزدەهەمدا, زانستی کەلامیان بەتەنها فەلسەفەی ئیسلام و عەرەب داناوە)) کە موعتەزیلەکان بەرپایانکرد و دایانمەزراند. موعتەزیلەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەو عەقڵانەی لەپانتایی ئەو خاکانەی عەرەب دەستی بەسەردا گرتبوون, دوو سەرچاوەی سەرەکییان لەبەر دەستدابوو کە بریتی بوون لەقورئان و حەدیسەکانی محەمەد. موعتەزیلەکان بەدەستەواژەی (الاستدلال بالشاهد على الغائب) (بەڵگە هێنانەوە بەوەی ئامادەیە لەسەر ئەوەی ونە), وەک ڕێسایەکی فەلسەفیی گشتی زانستی کەلامیان دانا.

**ئەوانەی کە ئامادەن و وەکو شاهید بەکاردەبرێن کامانەن؟**

کیتاب, سوننەت, هاوڕایی (إجماع), پێوانە (قياس).

کیتاب:- مەبەست لەقورئانە کە کەلامی خودایە.

سوننەت:- حەدیسی محەمەدە کە پێغەمبەرە و نێردراوی خودایە.

هاوڕایی:- ئیجماعی ئەو زانا موسڵمانانەیە لەسەر ڕاو شەرع و حەدیسی پێغەمبەر.

پێوانە:- پێوەرێکە کە هەموو شتێک لەسەر بنەمای قورئان و حەدیس دەپێوێت و دەرەنجامی ئەم پرۆسەیە, دەگەینە ئەو ئەنجامەی پێی دەڵێن ئیجتیهاد.

ئەوەی کە غاییبشە و درکی پێناکرێت خودای پەروەردگارە لەئاسمان.

واتا ئێمە بەڵگەی مەحکەممان هەیە بۆ ناسین و ناساندنی ئەو پەروەردگارەی کە ئافرێنەری ئەم جیهان و گەردوونەیە بەهەموو پێکهاتەکانییەوە.

بەهەمان شێوە هەر شتێک, هەر دیاردەیەکی نوێ لەئەنجامی بەرخوردمان بەژینگەوە, یان دیاردەیەکی کۆمەڵایەتی تازە کە ڕووبەڕووی دەبینەوە, ئەم دیاردە نوێیانە دەچنە خانەی غائیبەوە, بەهەمان شێوە بەچوار پرینسیپەکە کە شاهیدی بەردەستن بەڵگەیان بۆ دەهێنرێتەوە و حوکمیان لەسەر دەدرێت.

بەهێزترین زانستی کەلام کە فەلسەفە و عەقڵی عەرەب دەگرێتە خۆی بەدەر لەعیرفانیزمی عەقڵی فارس و تورک

و بەدەر لەفەلسەفە و لۆژیکی یۆنانی, زانستی کەلامی ئەشعەرییە کە لەسەر دەستی غەزالی گەیشتە لوتکە.

قورئان, کتێبی پیرۆزی ئاینی ئیسلامە و دواکتێبی ئاسمانییە گوایا لەلایەن خـــوداوە بۆ محەمەدی پێغەمبەری ئیسلام هاتۆتە خـــوارەوە, بەزمانی عەرەبی نووسراوەتەوە, کێ نووسیویەتییەوە و کەی نووسراوەتەوە و سەردەمی تەدوینی ئیسلام کەی و چۆن و لە چ سەردەمێکدا دەستی پێکردووە و ...هتد؟ با واز لەمانە بێنین. با تەکەز بکەینە سەرئەوەی کە ئەم کتێبەی قورئانی ناوە, یەکەم توندترین ڕەخنەیە لەعەقڵی عەرەب و خزمەتێکی گەورەی بەعەقڵی عەرەب کرد و کردنی بەخاوەنی دەوڵەتێکی زلهێز, کردنی بەوەی ڕووبەڕووی شارستانییەتەکان و عەقڵە جیاوازەکانی تر ببنەوە, بێگومان ئەم پرۆسەیەش لەسەردەمی عەباسییەکاندا گەیشتە ترۆپک.

پاش ئەم باسەی لەبارەی مێژووی عەرەب و عەقڵی عەرەبەوە کردمان, با پێداچوونەوەیەکی بەپەلەی ڕەوتی مێژوویی ئەو عەقڵە بکەین, چونکە عەقڵی عەرەب بۆ کورد گرنگە, بەوەی کە کورد زۆرینەی موسڵمانە و ئەو سێ سیستەمە مەعریفییەی کەلەپووری ئیسلام ڕەوانکاری و گنۆسی و بەڵگەخوازی, بەسەر عەقڵی کوردا بەتێپەڕینی زەمەن سەپێنراون و دەرەنجامەکانیان لەکایەی مەعریفیی کورددا لەبەر چاواندایە, لەمێژووی کایەی مەعریفیی عەرەبدا حوزووریان هەبووە. وەکو وتمان حەوت یان دە هەڵواسراوەکەی بەر دەرگای کەعبە, بەتایبەتی و ئەو شیعرانەی بەگشتی بەشیعری جاهیلی پێش ئیسلام ناوزەدکرێن, نوێنەرایەتیی قۆناغی مێتۆلۆژیای کایەی مەعریفیی عەرەب دەکەن. بەهاتنی قورئان, یان بەقەولی خۆیان دابەزینی قورئان لەلایەن پەروەردگارەوە, قۆناغی لۆگۆس واتا مێتافیزیکا و غەیبانییەتی گەردوونگەرایی دەستپێدەکات. نووسینەوەی ئەم دەقانە بەگشتی لەلایەن بیرمەندانی عەرەبەوە, وەک جابری و هاشم ساڵح و فیراس سەواح و ئەرەگۆنەوە, لەساڵی ١٥٠ ی کۆچییەوەی بۆ دیاریکراوە, ئەوکاتەی عەرەب لەئەوجی دەستەڵاتی سیاسیدا بووە. بێگومان ژینگە و باروزرووف و تێکەڵاوی و ئاوێتەبوون لەگەڵ عەقڵی داگیر کراوەکان, کولتووری مەعریفییان و بەرخوردی عەقڵی کارای عەرەب لەگەڵ ئەو پێشداهاتانەدا هەژموونی لەسەر ئەو دەقانە و دەستکاری کردنییانەوە هەیە. هەر لەو سەروبەندەدا زانستی کەلام بەر مەبنای سوڵتەی لەفز بۆ بەرەنگاربوونەوەی دوو سیستەمی مەعریفی گنۆسی و بەڵگەخوازی لەدایکبوو. سیستەمی گنۆسی ئیزۆتەریکی (باتنی)یە و ڕەگوڕیشەیەکی جیهانی ڕۆژهەڵاتی هەیە کە لەلایەن عەقڵی فارسی موتووربەکراو بەئەفلاتوونیزمی نوێوە دزەی کردە ناو کایەی مەعریفی عەرەبەوە. سیستەمی مەعریفی بەڵگەخوازیش فەلسەفەی یۆنانی و بەتایبەت لۆژیکی ئەرستۆ بوو کە سوڵتە

تیایدا سوڵتەی مانایە. وەک ئاماژەمان پێدا نەحو مەنتیقی عەرەبە, واتا سوڵتەی لەفزە کە ئەو لەفزەش چاووگی کار(فرمان)ە. هەموو سیستەمی مەعریفی عەرەب لەسەر ئەو پایەیە ڕاوەستاوە و دروستکراوە کە سیستەمی مەعریفیی ڕەوانکارییە. ئەم سیستەمە بەیانییە لەنەحودا, لەزانستی عەروزدا, لەفیقهدا, لەبەلاغەدا, لەزانستی کەلامدا, هەتاوەکو لەتەسەوف و فەلسەفەی دەستکاریکراوی ژێر هەژموونی عەقڵی عەرەبدا ئەوەی کە زانستە عەرەبییەکانی پێدەڵێن, یەک شتە. بەو واتایەی فەلسەفە و عەقڵی عەرەب کە سیستەمی مەعریفیی بەیانییە, ئەو سیستەمە بەشێوەیەکی گشتی بەسوڵتەی لەفزی ئەعرابییەکانی دوورگەی عەرەبەوە بەندە و بەندکراوە. هەرچی هەڵبەستنێکیش (تلفیقات) لەنێوان ئەم سیستەمە ڕەوانکارییە و فەلسەفەی یۆنانی و عیرفانیزمدا کراوە, بۆ بەرژەوەندیی ئەم سیستەمە ئەنجامدراوە. لەسەر دەستی غەزالی و فەخری ڕازی ئەم تەلفیقاتانە, ئەم هەڵبەستنانە گەیشتنە لوتکە کە هەوڵی ئەوەیاندا لۆژیکی وێنەیی ئەرستۆ و عیرفانیزم و زانستی کەلامیش کە نەقڵییەکان دژی ڕادەوەستان لەبۆتەی سیستەمی مەعریفیی ڕەوانکاریدا (البیان) بتوێننەوە. دوای ئەمە ئیبن تەیمییە بەمەش ڕازی نەبوو هات مەزهەبی حەنبەلی بووژاندەوە کە مەزهەبێکی سوننەیە و هەموو شتێک بۆ نەقڵی ڕووتی قورئان و حەدیس دەگەڕێنێتەوە.

پاش ئەو هەموو ململانێ عەقڵییانەی مێژووی ئیسلام بەخۆیەوە بینی دوا جار سیستەمی بەیانی بەسەر هەموو دوژمنەکانی عەقڵی عەرەب زاڵ بوو, ئیبن تەیمییە دەرگای بەڕووی عەقڵە جیاوەزەکاندا (العقول المغایره) داخست. ئیبن خەلدونیش کە هاوچەرخی داشکان و داکەوتنی دەستەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتیی عەرەب بوو, دەرگای بەڕووی ڕەوتی بەرەوپێشچوونی مێژوودا داخست, بەوەی کە یەکەم مێژوونووسە زانستییانە بەناوی زانستی عومرانەوە, بۆ ئەو مێژووە حیکایەت ئامێزە وەسفییە ڕووتەی لەهیرۆدۆتەوە دەستپێکردبوو کە مێژووی وەصفیی دەوڵەت و نەتەوە کۆنەکان و ئیمپڕاتۆرییاتەکان بوو, مێژووناسانی پاش ئەویش بەهەمان شێوە لاساییان دەکردەوە, زانستییانە لێکدانەوەی بۆ کرد کە چۆن دەوڵەت وەک مرۆڤ لەدایک دەبێت, قۆناغی منداڵیی بەرەو هەرەتی لاویی ڕەتدەدات و ئەوجا هەنگاو بەرەو پیریی دەنێت و دەپووکێتەوە و لەناو دەچێت. ئیبن خەلدوون هۆزێکی بەهێزی بەبنچینەی هەموو ئیمپڕاتۆرییەتە مەزنەکانی مێژوو داناوە کە چۆن ئەو هۆزە بەهێزە وەک (بەنی عەباس, بەنی ئومەییە, هۆزی مەقدۆنی, هۆزی لاتین, هۆزە مەنگۆلییەکەی جەنگیزخان), کۆنتڕۆڵی هۆزەکانی دیکەی دەوروپشتی دەکات و هەژموون پەیدا دەکات و شار و شارۆچکەکان داگیر دەکات و دەوڵەتی زلهێز دادەمەزرێنێت. واتا ئیمپڕاتۆرییەتەکانی مێژووی





پێش دروستبوونی دەوڵەتی نەتەوەیی مۆدێرن لەسەر بنەمای هۆز (القبیلە) دامەزراون, ئەمەیە لایەنێکی گرنگیی زانستی عومرانی ئیبن خەلدوون و بۆچوونی زانستییانە بۆ دروستبوونی دەوڵەتەکانی مێژووی پێش مۆدێرنە, بەم شێوەیە ئیبن خەلدوون دەرگای بەڕووی مێژووی کۆندا داخست.

عەقڵی عەرەب, دەسەڵاتە مەعریفییەکەی لەئیبن تەیمییەوە لەئەوجی هێزیدا بوو, بەڵام بەهۆی هەڵمەتی مەگۆلەکان لەلایەک و هەڵمەتی خاچپەرستان (سەڵیبییەکان) لەلایەکی دیکەوە, ئەوجا کۆچی یەک لەدوای یەکی خێڵە تورکەکانی پشتی قەفقاسیا بەرەو ناوچەکە, داگیرکردنی شاری بەغدا و سووتاندنی لەلایەن سەرکردەی مەگۆلەکان هۆلاکۆ, ڕووخانی دەوڵەتی بەنی عەباس و لەوسەری جیهانی ئیسلامیش, خرستیانەکان لەهەوڵی گەڕاندنەوەی ئەندەلووس (ئیسپانیا) بوون بۆ باوەشی جیهانی کاسۆلیک. بەم شێوەیە عەرەب لەهەموو لایەکەوە گەمارۆ درابوون, سەلیبییەکان, مەگۆلەکان, خێڵە تورکەکان, پەلامارەکانی تەیمور لەنگ, کاسۆلیکەکان. ئەوەبوو عەرەب تا کۆتایی جەنگی یەکەمی جیهانیی, دەسەڵاتی سیاسی لەدەستدا و بەگشتی کەوتەژێر دەستی دەسەڵاتی تورکی عوسمانی کە مەزهەبی حەنیفەیان بۆ خۆیان هەڵبژاردبوو, تاوەکو خەلیفەش لەخۆیان بێت, نەک لەعەرەب و قورەیش, زانستی کەلامیشیان واتا فەلسەفەکەشیان ماتوریدی بوو کە دامەزرێنەرەکەی ئەبوو مەنسووری ماتوریدییە و بەڕەچەڵەک تورکە.

مێژووی بەردەست پێمان دەڵێت نەمانی دەسەڵاتی سیاسی, مانای نەمان و پووکانەوەی دەسەڵاتی مەعریفیی نییە, ئەم تیۆرییەی کە لەبەڵگە مێژووییەکانی بەردەست هەڵێنجراوە, چەند نەتەوەیەکی وەک سوریان و ئەرمەن و جوولەکە و هەروەها عەرەبیش دەگرێتەوە. کاتێک کە دەسەڵاتی مەعریفیی عەرەبی بەرمەبنای سیستەمی بەیانی و سوڵتەی لەفزی ئەعرابەکانی دوورگەی عەرەبی لەلوتکەدا بوو, بەپێچەوانەوە دەسەڵاتی سیاسییان لەوپەڕی شکست و داخزاندا بوو, ئێمە کارمان بەدۆخی سیاسیی نەتەوەی عەرەبەوە نییە, تا بزانین بۆچی عەرەب لەڕووی سیاسی و عەسکەرییەوە شکستیان خوارد, بەڵکو ئێمە لەم وتارەماندا تەنها تەکەز دەکەینە سەر ڕەوتی مێژووگەراییانەی عەقڵی عەرەب.

پاش متبوونی عەقڵی عەرەب بۆ ماوەی چەند سەد ساڵێک لەژێر هەژموونی سیستەمی گنۆسیی تورکدا, لەسەدەی هەژدەهەمدا, محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب لەدوورگەی عەرەبەوە, دیسانەوە ڕۆحی خستەوە بەر ئەڵقە پساوەکەی زنجیرەی کایەی مەعریفیی عەرەبی, لەگەڵ زنجیرەی کایەی مەعریفیی بەیانی عەرەب کە ئیبن تەیمییە دوا ئەڵقە پساوەکە بوو بەستەوە. محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب دیسانەوە وەک ئیبن تەیمییە کە

هەواڵنامەی کتێب

چۆن بەرەنگاری سەڵیبییەکان, مەگۆلەکان, سۆفییەکان و شیعەکان بووەوە, بەنووسین و بەرهەمە مەعریفیی و ئاینییەکانی کەوتە پەلاماردانی هەردوو سیستەمی مەعریفیی عیرفانیزمی شیعەی ئێران و سیستەمی مەعریفیی عیرفانیزمی سوننەی تورکی عوسمانی.

سەیر لەوەدایە ڕۆشنبیرانی عەرەب سەدەی نۆزدەی پاش هەڵمەتەکەی ناپلیۆن بۆ میسر, بەسەردەمی هەستانەوەی عەرەبی دادەنێن, نەخێر هەڵمەتەکەی ناپلیۆن هۆکاری هەستانەوەی عەرەب نییە, ئەوە تەنها ڕووبەڕووبوونەوەی عەقڵی عەرەبە بەسکۆلاریزمی عەقڵی فەرەنسی. هەستانەوە لەڕووی مەعریفییەوە بەمانای ئەوە نایەت چەمک و کاڵای مەعریفیی عەقڵی دەرەکی بێ دەستکاری کردن و ئاوێتەکردن و زەواجی کەلتووری وەک کاڵا و مۆدێلی هاوردە بکەینە بەرجەستەی مەعریفی خۆمان. ئێمە بەهیچ شێوەیەک سەردەمی پاش هەڵمەتەکەی ناپلیۆن بۆ سەر میسر, بەقۆناغی دەستپێکی هەستانەوەی عەرەب دانانێین. ئەوەی ڕۆشنبیرانی عەرەب بەهەستانەوەی دادەنێن, عەقڵی خەوتووی متبووی ژێر هەژموونی عەقڵی گنۆسیی تورک بوو کە لەپڕێکدا لەدەنگی گرمەی تۆپەکانی ناپلیۆندا لەخەو ڕادەچڵەکێت و ڕووبەڕووی چەمکگەلی وەک سکولاریزمی عەقڵی فەرەنسی دەبێتەوە. هەر بۆیە عەرەب لەگەڵ بەناو هەستانەوەکەیاندا لەڕووی مەعریفییەوە هیچیان



سروشتی زمانی عەرەبی کە بەپێی پۆلێنکردنی ڕۆژهەڵاتناسان لەسەدەی نۆزدەوە بەیەك لەزمانە سامییەكان هەژماردەكرێت . سروشتی زمانی عەرەبی وەك سروشتی تێكڕای زمانە سامییەكان كە ئەمە ڕای ڕۆژهەڵاتناسانە بەتایبەت ڕۆژهەڵاتناس ڕێنان، سروشتی قاڵبی كۆنكریتییە و سوڵتەی لەفزە، كە ئەممەش ڕای محەممەد عابد جابرییە . ئەو یەكەم لەفزە و ئەو یەكەم دركەیەی كە لەچاوگی (كار) فرمانەوە سەرچاوە دەگرێت





بەهیچ نەکرد و دەرەنجامەکەی پاش دووسەد ساڵ, تەنها نامۆبوونێکی مەعریفی لێکەوتەوە, وەک ئەوەی فەرەنسی بم و تەنها ئەوەیە بەعەرەبی دەدوێم. مەعریفەی غەیرە و عەقڵی غەیرە, دەبێت عەقڵی کارا هەبێت مامەڵەیان لەگەڵدا بکات, ئەگەر ئەو عەقڵە کارایە نەبێت, دەبێتە مۆدیلێک و کاڵایەکی مەعریفیی ڕووتی وا کە بێ کەڵک و ڕووکەشانە لەبازنەی شیعاراتدا دەرنەچێتە دەرەوە, هەروەکو لەجیهانی عەرەبی دووسەد ساڵەی بەناو هەستانەوەی (النهضة) عەرەبیدا بینیمان و بیستمان و خوێندمانەوە. لەبەرئەوە بەوپەڕی پێداگرییەوە دەڵێین کە هەستانەوەی عەرەب و عەقڵی عەرەب و هۆشداربوونەوەی عەرەب لەخەودا, لەپرۆسە عەقڵانییەکەی محەمەدی کوڕی عەبدولوەهابەوە دەستپێدەکات کە ئەمە تەنها هەستانەوەی عەرەبی هاوچەرخە پڕ بەمانای وشەکە. هەر ئەم عەقڵە بوو بەجیددی بەسەرۆکایەتیی شەریفی مەککە و فیلبی نەجد شۆڕشی دژی عوسمانییەکان لەناوەڕاستی جەنگی یەکەمی جیهانیی بەرپاکرد, هەر ئەم عەقڵە بوو تا ڕادەیەک بەیارمەتی کۆلۆنیالیزمی ئینگلیز و فەرەنسا عەرەبی لەڕووی سیاسییەوە کرد بەخاوەنی دەوڵەتگەلێک, نەک بەناو هەستانەوەی پاش هەڵمەتەکەی ناپلیۆن و عەقڵی عەلمانیی فەرەنسی. ئەو چەمکە بۆتە وێردی سەر زمان و بنێشتە خۆشەی دروشم ئامێزی کۆمەڵێک ڕۆشنبیری عەرەب و تەنانەت ڕۆشنبیری کوردیش.

عەقڵی عەرەبی بەیانی بەر مەبنای سوڵتەی لەفزی ئەعرابەکانی دووڕگەی عەرەب لەهیچ کات و زەمان و سەردەمێکدا بەرامبەر توخمی دەخیل, دزەکەر, عەقڵی خۆهەڵقورتێن و نامۆ دەستەوسان نەوەستاوە. لەپاش جەنگی یەکەمی جیهانیی و لەدایکبوونی ۲۲ دەوڵەتی عەرەب, عەقڵی عەرەب پاش ڕزگارکردنی ئەو خاکە بەسەرۆکایەتیی شەریفی مەککە جارێکی تر بۆ دووڕگەی عەرەب کشایەوە. هۆکاری ئەم کشانەوەیەیش دزەکردنی عەقڵی ئەڵمان, نازیزم بوو بۆ کایەی مەعریفیی عەرەب. محەمەد زەکی عەبدولقادر ئەو بۆچوونەی هەیە کە هەر دوو بزووتنەوەی میسری فەتات و ئیخوانی موسلمین لەبیستەکانی سەدەی بیستدا لەژێر کاریگەریی فاشیزم و نازیزمی ئیتاڵیا و ئەڵمانیادا بوون, ئەمە ڕاستە, لەلایەکی دیکەوە ناسیۆنالیزمی عەرەبی لەعێراق و سوریا, جا لەژێر چ ناوێکدا ئایا حزبی عەرەبی, یان حیزبی بەعس...هتد, کێ یەکەم دامەزرێنەریێتی؟ ئەرسووزی, بێتار, عەفلەق... هتد, بەگرنگی نازانین زیاتر مەبەستمان ئەوەیە کە ناسیۆنالیزمی عەرەب, ناسری بێت, بەعسی بێت و لەهەر وڵاتێکی عەرەبیدا بێت و لەژێر هەر ناو و ناتۆرەیەک بێت و لەسەدەی بیستەمدا کێ دایمەزراندبێت, بەتەحدید لە چ ساڵێکدا دامەزرابێت؟ کێشەی لێکۆڵەرانی خۆیانە و کێشەی ئێمە نییە, ئێمە تەنها ئەوە دەڵێین کە ناسیۆنالیزمی عەرەب, ئینحیرافێکە و بەعەقڵی عەرەب کراوە و سەرچاوەی

هەواڵنامەی کتێب

ئەو ئینحیرافە دەگەڕێتەوە بۆ نازیزم و پرۆسەی عەقڵانییەتی عەقڵی ئەڵمانی. وەهیب غانم یەک لەمونەزیر و دامەزرێنەرانی ناسیۆنالیزمی عەرەب لەچلەکانی سەدەی بیستەمدا, کتێبی (گوتارگەلێک یان نامەگەلێک بۆ نەتەوەی ئەڵمانی)ی فەیلەسووفی ئەڵمانیی فیختەی وەرگێڕایە سەر زمانی عەرەبی. هەروەک چۆن هەموو عەقڵە دەخیلەکان لەمێژووی عەرەبدا وەک عەقڵی یۆنانی, فارسی, تورکی, ....هتد, بەرامبەر بەعەقڵی بەیانیی عەرەب لەفەزای کایەی مەعریفیی عەرەبیدا شکستیان خوارد, ئاوهاش لەسەدەی بیستویەکەمدا, بەهەر هۆکارێکی سیاسی و دەستێوەردانی نێو دەوڵەتی بێت, دەرەنجامی شکستەکانی ناسیۆنالیزمی عەرەبیمان بەچاوانی خۆمان بینی. هەروەک دەیبینین سعوودیە کە تەنها پێشەنگی وڵاتانی عەرەبیی ئێستایە, تەنها زادەی عەقڵی بەیانیی عەرەبە, ئەو عەقڵە زنجیرەکەی بە دە هەڵواسراوەکە دەستپێدەکات و بەمحەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب تەواو دەبێت, بەئێستاشەوە هەر بەردەوامە کە خۆی لەبزووتنەوەی سەلەفیزم (یان وەهابیزم)دا دەبینێتەوە.

**سەرچاوەکان:**

١-في الادب الجاهلي, طه حسين, مطبعة فاروق, القاهرة ١٩٣٣.
٢- تكوين العقل العربي, محمد عابد الجابري, مركز دراسات الوحدة العربية, الطبعة الثالثة عشرة ٢٠١٧.
٣- بنية العقل العربي, محمد عابد الجابري, مركز دراسات الوحدة العربية, الطبعة الثالثة ١٩٨٥.
٤- نقد نقد العقل العربي, اشكاليات العقل العربي, جورج طرابيشي, دار الساقي, الطبعة الرابعة ٢٠١١.
٥- نحن والتراث, قراءات معاصرة فی تراثنا الفلسفي, محمد عابد الجابري, دار التنوير للطباعة والنشر, بيروت - لبنان, الطبعة الرابعة ١٩٨٥.
٦- محنة الدستور, محمد زكی عبدالقادر...
٧- نقد العقل المحض, ترجمة: موسى وهبة, مركز الانماء القومي, لبنان - بيروت..
٨- مقدمة ابن خلدون, الجزء الاول, ابن خلدون, دار يعرب, الطبعة الاولى ٢٠٠٤.
٩- تاريخ هيرودوت, ترجمة: عبدالاله الملاح, المجمع الثقافي, ابو ظبی, الامارات العربية المتحدة ٢٠٠١.
١٠- کتێبی پیرۆز, چاپی یەکەم, ٢٠١٧ لەکۆریا چاپکراوە.
١١- بەعسیزم وەک بکەری مۆدێرنیزم. ڕامیار مەحموود, چاپخانەی کارۆ, چاپی یەکەم ٢٠١٩.
١٢- سێ باس و مانای تاغووت, لەنووسینی: محەمەدی کوڕی عەبدولوەهاب, لێکدانەوە و وەرگێڕانی: عومەری سەلەفی, چاپخانەی ماردین, هەولێر, چاپی دووەم, ٢٠٠٢.



# مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی
# شەهید لەپێناوی مێژوودا

هەواڵنامەی کتێب

- ناوی مەلا موحەمەد جەمیل بەندی کوڕی مەلا ئەحمەدی ڕۆژبەیانییە.

- لە٢/٨/١٩١٣ لەگوندی فەرقان لەناوچەی قەرەحەسەنی کەرکوک لەدایک بووە.

- دایکی ناوی زەهرا کچی حسێن موحەمەد سەلمان ڕۆژبەیانییە و لەتەمەنی چوار ساڵیدا فێری قورئان خوێندنی کردووە.

- لەساڵی ١٩١٩دا و لەتەمەنی شەش ساڵیدا لەسەردەستی مەلا عەبدوڵای چروستانی قورئان خەتم دەکات.

- لەدوای ئەوە لەلای مەلا سەید عەبدەولوەهاب فێری نوسین دەبێت.

- لـەدوای گـەڕانـەوەی شـێخ مـەحـمـودی حەفید لەهندستانەوە باوکی (مەلا ئەحمەد) دەبێتە مامۆستا لەمزگەوتی گەورە لەسلێمانی و لەو ڕۆژانەدا مەلا جەمیل لەلای باوکی گوڵستانی سەعدی شیرازی دەخوێنێت.

- لەساڵی ١٩٢٤دا باوکی دەبێتە مەلای مزگەوتی منارە نەخشینە لەکەرکوک و لەوێش کتێبی (المقدمات)ی شێخ موحەمەد ڕەزا موزەفەر دەخوێنێت.

- لەساڵی ١٩٣٧دا بەیاننامەیەک لەدژی کوشتنی بەکر سدقی دەردەکات و بەوهۆیەوە دووساڵ زیندانی کراوە و دووساڵیش چاودێری بەسەردا سەپێنراوە، دووساڵی زیندانیەکەی لەحەویجە بەسەربردووە و دووساڵی چاودێرییەکەشی لەژێر چاودێری پۆلیسی کەرکوکدا بووە.

- لەزیندان حیکایەتەکانی مەلای مەزبورە و چل وەزیری کردووە بەکوردی.

- لەساڵانی (١٩٣٩-١٩٤٠)دا بووە بەفەقێ لای مەلا ڕەزای واعیز لەمزگەوتی قیردار و ئیجازەی مەلایەتی وەرگرتووە.

- لەساڵی ١٩٤١دا جارێکی دیکە لەکەرکوک گیراوە و براوەتە زیندانی نوگرە سەلمان و پاشانیش براوەتە شاری عیمارە و هەتا ساڵی ١٩٤٤ لەبەندیخانە ماوەتەوە، لەوساڵانەدا لەزیندان کتێبی (تاریخی سلێمانی و وڵاتی - تاریخ سليمانية وأنحائها) ئەمین زەکی بەگ و (شەرەفنامە ی شەرفخانی بەدلیسی و (دوانزە سوارەی مەریوانی)ی کردووە بەعەرەبی.

- لەساڵانی نێوان (١٩٤٤-١٩٤٧) لەگوندی بەیانلوو نیشتەجێ بووە و بەرۆژ خۆی بەخوێندنەوەوە خەریک کردووە و ئەم بابەتانەیشی لەورۆژانەدا نوسیوە ((مێژووی ئەدیبە کوردەکانی وڵاتی کەرکوک، هەنگ، کەڵکی کەلەپور بەشکەری (زانینی میراث)، چاک خوێندنی قورئان، زانستی فەرمایشت، مێژووی تیرەی ڕۆژبەیانی)) و شەوانیش شوان و گاوانی گوندەکەی کۆکردۆتەوە و فێری خوێندنەوەی کردوون.

- لەساڵی ١٩٤٧دا وتارێکی بـەعـەرەبـی لـەبـارەی نـەورۆزەوە نوسیوە بەناونیشانی ((عيد نوروز لايتنافى والدين الإسلامي)) و لەڕۆژنامەی ((صوت الأحرار))دا بڵاوی کردۆتەوە.



**مەلا جەمیل لەمەراسیمی بەخاک سپاردنی تۆفیق وەهبیدا**

- لەساڵی ١٩٤٨دا جارێکی دیکە بەهۆی ڕاپەڕینی کانونی دووەمی (١٩٤٨) ناسراو بە(وثبة) دەستگیر کراوە و لەکەرکوکەوە بەشەمەندەفەر براوە بۆ بەغداد و لەوێشەوە بۆ نوگرە سەلمان و دواتریش بۆ ناسریە و هەتا ساڵی (١٩٥٠) ماوەتەوە و لەو ماوەیەشدا دوو کتێبی (پوشکێن) و (شۆڕشەکانی کورد و کوردستان)ی لەتورکیەوە وەرگێڕاوەتە سەر زمانی عەرەبی.

- ساڵی (١٩٥٢) لەلایەن حەسەن فەهمی جافەوە کراوە بەپێش نوێژ و وتارخوێنی مزگەوتی مەحمود پاشای جاف لە(قزڕەبات ـ خالص) و سێ ساڵ لەوێ ماوەتەوە و لەو ماوەیەدا کتێبی (دەروێشی لەکوردستانا)ی نوسیوە.

- لەکۆتاییەکانی ساڵی (١٩٥٠)دا لـەداقوق کراوە بەوتارخوێن و پێش نوێژ و لەو ماوەیەشدا کتێبێکی بەناوی (داقوق في التأريخ) نوسیوە، هەمان ساڵ گوێزراوەتەوە بۆ کوت و لەوێش کتێبی (أصل اللغة الكردية ومنشأها)ی کردووە بەکوردی.

- هـەر لـەوسـاڵانـەدا گەلێک وتـاری بۆ ڕۆژنـامـەی (الأهـالـي) نوسیوە، بەناوبانگترینیان وتارێک بووە بەناونیشانی (التتريك لايزيد الشعب الكردي إلا تمسكا بقوميته وحقدا على المستعمر) کە بەهۆیەوە ڕۆژنامەکە ڕاگیراوە و سەرنوسەرەکەشی (عەباس حەسەن جومعە) زیندانی کراوە، بەڵام ناودارانی کورد لەو سەردەمەدا هەوڵەکانیان خستۆتە گڕ و بە(سزا ـ غرامة)ی (٥٠٠) دینار ئازادیان کردووە، بەڵام لەوتارخوێنی دووریان خستۆتەوە و ڕێگەشیان نەداوە بگەڕێتەوە بۆ کەرکوک.

- ساڵی (١٩٥٥) جارێکی دیکە دامـەزراوەتـەوە بەڵام لەبەسرا دانراوە و لەوکاتەدا کتێبی (دين الكورد القديم) ی توفیق وەهبی کردووە بەعەرەبی و هەر لەبەسرا هەردوو کتێبی ((عێلی گۆران)) و ((بەهرام گور))ی کردووە بەعەرەبی.

- ساڵی (١٩٥٧) گوێزراوەتەوە بۆ مەندەلی و دوو ساڵیش لەوێ ماوەتەوە و کتێبی ((بندنيجين ـ مندلي)) نوسیوە و دوو بەرگ لەکتێبی ((یاداشت))ی ڕەفیق حلمی کردووە بەعەرەبی بەناوی ((مذكرات)) و دانەیەکیان چاپ کراوە.

- لـــەدوای شـۆڕشـی ١٤ی تـەمـوزی ١٩٥٨ لەگەڵ وەفدێکدا نێردراوە بۆ یەکێتی سۆڤێت بەڵام لەوێ لەگەڵ هاوسەفەرەکانی لەسەر مەسەلەی نەتەوایەتی تێکدەچێت و وەفدەکە دەچنە چین و ئەو دەگەڕێتەوە، هۆکاری تێکچونەکەیشی ئەو پرسیارە بووە کە ئاراستەی سەرۆکی یەکێتی سۆڤێت خرۆشۆفی کردووە لەبارەی چارەنوسی کوردەوە.

- هەر لەساڵی (١٩٥٩)دا لەسەرداوای خۆی دەگوێزرێتەوە بۆ کەرکوک و دەبێتە پێش نوێژ و وتار خوێنی مزگەوتی نائیب، لـــەدوای ڕووداوەکـــانـــی ئـەو ساڵەی کەرکوک وتارێک بەناوی (سيدي حسبتك ساهرا فنمت) دەنوسێت و لەڕۆژنامەی (صوت الاحرار)دا بڵاو دەکاتەوە، بەهۆی ئەو وتارەوە خاوەنی ڕۆژنامەکە (عومەر حەویزی) دەستگیر دەکرێت.

- لەساڵی (١٩٦٣)دا پەیوەندی بەشۆڕشی ئەیلولەوە دەکات و لەناکۆکیەکانی شۆڕشدا دەکەوێتە بەرەی مەکتەبی سیاسیەوە و دەچێتە هەمەدان، لەوەزارەتی ئیتلاعات دەبێتە وەرگێڕی زمانی کوردی و بەهۆی وەرگێڕانی وتارێکی شای ئێرانەوە خەڵات دەکرێت و لەڕادیۆی کوردی تاران دەبێت بەوەرگێڕ.

- یەکێک بووە لەدامەزرێنەرانی حزبی هیوا، بەڵام لەگەڵ دامەزرێنەرانی ئەو حزبەدا ناگونجێت و لێی دەکشێتەوە، لەساڵی (١٩٤٨)یشدا دەبێتە ئەندامی (حزب الوطني الديمقراطي) و واز لەوەش دەهێنێت بەهۆی مەسەلەی کوردەوە.



مەلاجەمیل ڕۆژبەیانی

ـ لە٣١ ـ ٣ ـ ١٩٩٤ خەڵاتی نیشانی زێڕینی (إتحاد أدباء العرب)ی وەرگرتووە.

ـ مەلا جەمیل زمانەکانی تورکی و فارسی و عەرەبی بەباشی زانیوە و نوسینی لەڕۆژنامە و گۆڤارەکانی: (ڕوناکی، گەلاوێژ، دەنگی گێتی تازە، هەولێر، هەتاو، ژین، هیوا، شەفەق، ڕزگاری، بڵێسە، نەورۆز، الحوادث، صوت الاکراد، صوت الاحرار، کرکوک، الاهالي، الاستقلال، الثورة، خەبات، ڕۆشنبیری نوێ، ڕۆژی نوێ، بەیان، کاروان، هاوکاری، گۆڤاری کۆڕی زانیاری کورد، نوروز العراق، ڕەنگین، هەزارمێرد، کوردستانی نوێ، الاتحاد) دا بڵاو کردۆتەوە، وتارەکانی (الاتحاد)ی بەناوی مؤرخ کوردیەوە بڵاو دەکردەوە.

ـ بەداخەوە لەشەوی ٢٧/٢٨ی ئازاری ساڵی ٢٠٠١ لەماڵەکەی خۆیدا لەبەغدا لەلایەن کەسانێکی نەناسراوەوە شەهید دەکرێت و گومانی گەورە لەسەر ڕژێمی بەعس بوو کە تیرۆریان کردبێت، چونکە بەعسیەکان دەیانزانی مەلاجەمیل هەوڵەکانی بەردەوامە بۆ ساغ کردنەوەی باری نەتەوەیی شارە تەعریب کراوەکانی کوردستان، لەگۆڕستانی شۆرجەی کەرکوک بەخاک سپێردراوە.



# ڕق و ڕقی پیرۆز



هێمن مەولود

زۆر جار پێویستیەکانی سەردەم وادەکات وشە و زاراوەکان و لێکدانەوە و دارشتنەوەیان، زاراوەی نوێیان لێ بێتە ئاراوە و ببێتە پێویستیەک کە بەر لەداهێنانیان هێندە پێویست نەبووبن. بۆ بەرچاو ڕوونی زیاتریش، لەڕێزمانی کوردیدا وشەکان سێ جۆرن (سادە، داڕێژراو، لێکدراو) وشەی سادە; بریتییە لەتەنها وشەیەک، بەڵام وشەی داڕێژراو; بریتییە لەوشەیەک و پاشگرێک، یان پێشگرێکی دەخرێتە پێش، هەرچی وشەی لێکدراویشە; لەدوو وشەی سادەی واتادار پێک دێت هەریەکەیان بەجوداش مانا و مەبەستی خۆی هەیە، ئەم بابەتە کاری ڕێزمانە زانەکانە و خۆی بەتەنها بابەتێکە و زۆرتر هەڵدەگرێت و بنچینەی ئەم دێڕانەی ئێستامان نییە.

یەکێ لەو زاراوە نوێیانەی، لەدوای شکستی سیاسی ساڵی ١٩٧٥ی باشووری کوردستان و چۆڵکردنی گۆڕەپانی بزووتنەوە بەناو نەتەوەییەکەی، زۆر بەخێرایی هاتە ناو ئەدەبیاتی سیاسی و بەرگری نەتەوەییەوە دەستەواژەی (ڕقی پیرۆز) بوو.

ئەو نوێگەرییەش زۆرجار سەرنجی بەڕادەیەک ڕاکێشاوم کە تەواو لەسەری بوەستم، چونکە زاراوەکە دوو وشەی سادەی دژ و پێچەوانەی کۆکردۆتەوە، ڕێک واقیعەکە چۆنە وای بەرجەستە کردووە، بەڵام پێویستی بەتیشک خستنە سەرە، لێرەدا پێویستە نەختێ لەسەر خودی وشە و زاراوەی (ڕق) بوەستین، واتە ڕق کە جۆرێکە لەکینەو دڕدۆنگی، بەهەست و کردەوەش لەئەنجامی ڕووشاندن و شکاندنی مرۆڤەکانەوە دەردەبڕێ و هاتۆتە ناو دنیای وشەسازی

ڕق و ڕقی پیرۆز



پیرۆزاندنی ڕق لەئەنجامی ئەو ستەمە چینایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانیانەوە هاتۆتە ئاراوە کە مرۆڤەکان بەکۆمەڵ گیرۆدەی دەبن، لەوپەڕی ناهەقی و بێدادیەوە لای کەسەکان دەخەملێ، واتە ڕقی پیرۆز، لای کورد و لەزمان و ئەدەبیاتی کورد و کوردایەتیەوە بەرامبەر بەو ستەم و چەوسانەوانە دروست بووە و دەبێت کە دوژمنانی کورد و کوردستان سەپاندویانە بەسەرماندا

و زمانی کوردیشەوە، لەوەتەی مرۆڤ هەیە بەجۆرێک لەجۆرەکان ڕقیش هەبووە و هەیە، دەستەواژەی (ڕقی پیرۆز) بەپێی ئەو کەلتووره زۆرەی زمان و ئەدەبی کوردی بۆمان ماوەتەوە، نوێیە و هەڵە نەبم زۆرتر لەزاراوەی ناو ئەدەبیاتی سیاسیەوە خزاوەتە ناو زمانی کوردییەوە، واتە داهێنراوە و پیرۆزاندنەکەشی، هێندەی پەیوەستە بەستەم و چەوسانەوەی نەتەوەیی و نیشتیمانی کوردەوە، هیچ ئەرکێکی دیکەی ئەوتۆی نییە بەڕقی تاکە کەسیەوە.

**ڕقی پیرۆز بۆچی و چ واتایەک دەگەیەنێت؟**

وەکو پێشتر ئاماژەیەکی کورتم پێدا، پیرۆزاندنی ڕق لەئەنجامی ئەو ستەمە چینایەتی و نەتەوەیی و نیشتیمانیانەوە هاتۆتە ئاراوە کە مرۆڤەکان بەکۆمەڵ گیرۆدەی دەبن، لەوپەڕی ناهەقی و بێدادیەوە لای کەسەکان دەخەملێ، واتە ڕقی پیرۆز، لای کورد و لەزمان و ئەدەبیاتی کورد و کوردایەتیەوە بەرامبەر بەو ستەم و چەوسانەوانە دروست بووە و دەبێت کە دوژمنانی کورد و کوردستان سەپاندویانە بەسەرماندا و کوردەواریش بەکۆمەڵ گیرۆدەی بوونە، پیرۆزییەکەش لەوەوە سەرچاوە دەگرێ; مافی بەرگری و داکۆکی لەخاک و نەتەوە و لەخۆکردن پیرۆز دەکات، وەکو ئامانجێکی سیاسی نەتەوەیی و نیشتیمانی خۆی دەسەپێنێت.

کاتێک ڕقی پیرۆز لەئەدەبیاتی سیاسی کوردایەتیدا خۆی ناساند، وەکو دەربڕینێکی ڕاستگۆیانەی پەرچەکرداریش کەوتۆتە سەرزار و ئێمەش پێی ئاشنابووین، شەرعیەتی دروستی لەهاودژەکانەوە وەرگرتووە، لەهەردوو وشەی (ڕق و پیرۆز)ەوە.

ئەگەر پیرۆزاندنی ڕق لەلای ئەو نەتەوە و گەلانەی دووچاری ستەمەکان نەبوونەتەوە نەشاز و نەگونجاو بێت، ئەوا تایبەمەندێتی مێژوویەکی دوور و درێژی ستەم و داگیرکارییەکانی کورد و خاکەکەی، بەتەواوی ڕەوایەتیان پێی داوە.

ڕقی پیرۆز; لای کورد و لەکوردەواریدا، لەوەدا لەڕقی ئاسایی جیا دەکرێتەوە; پێش هەموو شتێک ڕووبەڕووی کۆمەڵی کوردەواری بۆتەوە. واتە هەستێکی بەکۆمەڵە بەرامبەر بەستەم و کار و کردەوەیەکی نادادپەروەرانەی بەکۆمەڵ دەکرێ، پیرۆزیەکەشی هەر لەو کۆمەڵبەندییەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمە چەند بۆ کورد و دۆز و ئەدەبیاتەکەی ڕاست و دروستە، هێندەش بۆ وڵاتانی داگیرکراو و نەتەوە چەوساوە و ژێردەستەکان و ستەمی چینایەتی مرۆڤیش، ڕاست و دروستە و شایستەی پیرۆزاندن و ڕەوایەتی پێدانە.

بەهیوام لەم تیشکە سەرپێییەدا، توانیبێتم چەمکی ئاوێتەکردنی هەردوو وشەی (ڕق و پیرۆز)م پێکەوە ، گەیاندبێ.

هەواڵنامەی کتێب